ڕۆمان

# تابووتی پەیمانی خودا

سەڵاح جەلال

چاپی دووەم ٢٠٢٥

تابووتی پەیمانی خودا
نوسینی: سەڵاح جەلال
بابەت: ڕۆمان
نەخشەسازی ناوەوە: سەرکەوت پێنجوێنی
نەخشەسازی بەرگ: محەمەد کامەران
نرخ: ٥٠٠٠ دینار
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپی: دووەم ٢٠٢٥
چاپخانە: چاپخانەی نەجات
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(١٣٦٢)ساڵی (٢٠٢٥)ی پێدڕاوە.

(پەریزاد خانی موورادی) ژنە کوردی ڕۆژهەڵات لە کەنەداوە سێهەم کتێبی بۆ چاپ کردم و پارەی چاپی ئەم ڕۆمانەشی دا. هیچ وشەیەک نابێتە بەهای سوپاسگوزاری ئەو.

زۆر سوپاسی هاوڕێی ئازیزم مامۆستا(زانا عبدالكريم) و کاک (ئەردەڵان ئەحمەد هەردی) و کاک (عەتا ئەحمەد) دەکەم لە کاتی نوسین و چاپی ڕۆمانەکەدا چەند جارێک هاوکاریان کردوم.

تاقی کردنەوەی دەق بەئاستی خوێنەری وریا
کەسی پڕۆژە قورسەکان
پڕۆفیسۆر. دڵشاد مستەفا

# ١

ئەوان هەر پێنجیان لە ناو تەنە فەزاییەکەدا بوون، لە سەر هەسارەکەوە لە چاوی کامێراکانەوە، سەرنج و ڕوانینیان خستبووە سەر دیمەنەکانی سەر زەوی. ژیریی دەستکرد لە سەر وێنەکانی ئێستا و ڕابردوو ڕۆمانی تابووتی پەیمانی خودای مۆنتاژ دەکرد. کامێراکەش لە هەسارەی خۆرهەڵاتدا بەشێوەیەکی هونەری و زانستی دانرابوو.
لەو ساتەشدا زوومەکە تیشکی خستبووە سەر جەستەیەکی ئەفسانەیی، چەند جار بە هێدفۆن پەیوەندی پێوە کرا، بە زمانی هەسارەکە ئاماژەی بۆ دەهات:
-جۆرج.. جۆرج.
ئەویش شپرزە ببوو، پێستە سوورەکەی دەم و چاوی لە بەر تەقینەوەی گزنگی هەتاوەکەدا بەچەند رەنگێکەوە رەنگاڵە ببوو، وەک گڕی بورکانێکی ناو شەوەزەنگ کڵپەی دەکرد و بەباڵا بەرزەکەیەوە ببووە درەختێک لە ئاگر، وێنەی تابلۆیەکی جوڵاویان دەدایەوە، تیشکی چاوە شینەکانی لە ژێر شەبقە سەوزەکەی سەر سەریەوە بەسێبەری قژە خورماییە ئاڵۆزکاوەکەیەوە، دەشاردرایەوە، وەک چەرداخیش هەردوو مەمکە هەڵتۆقیوەکانی دەخستە ژێر سێبەری چەند حەز و ئارەزوویەکی شێتانەوە. جەستەی شێوە حەزێکی گەردوونی گرتبوو، کراسێکی کاوبۆی شینی لە بەر کردبوو، بەسێ خەتی پانی فیزیاییەوە سپی و سوور، سەوز، وەک سۆپەرمان لە بەر گڤەی بایەکی گەردوونییەوە جەستەی کەوتبووە سەر

لە رزی مەرگ. بەکلیل و قفڵێکەوە سەمای رۆحی لە گەڵ وێنەو شەپۆلی ئاوسی باکەدا دەکرد، هەر پێنج هەستەکەی بەو دیمەن و چیرۆکە نادیارانەی پێشهاتی بوونەوە مۆمیا ببوون، وەک بوکەڵەیەکی ئەتۆمی لە چرکەی پێشهاتی ساتەوەختدا وێنەی تەقینەوەی فۆتۆناتی دەدایەوە، وشەکانی سەر لێوی، بە لە رینەوەی موزیکی دۆژەیی رەوی بیابانەوە. بەلێوی وشکیەوە دەبوون بەسەمفۆنیای جەنگێکی فەزایی، هەتا بەتیشکێکی بێ دەنگ کۆتایی بەبوون بهێنێت.
لە بەر تەوژمی بایەکەشدا ڕوخساری زیاتر دەشێوا و پانۆرامای دیمەنی فەزا ئاڵۆزەکەی دەدایەوە، لە بەر تەوژمی بایەکی ئەزەلییەوە رەنگ و شێوە و ڕوانین و هەست و نەستی بەشیر و فۆتۆناتەوە ئاوێتە ببوون، وەک فەزا بە وزەی ئەلیکترۆنی و فیزیاییەوە وشک بووبێتەوە، وێنەی جەنگێکی گەردونی بکێشێت و فۆتۆنەکان تینووی شیری دەڵە سەگێکی تەریو بووبێتن و بوون و نەبوون لە قومە شیرێکدا تێکەڵاو بکەن.
لە تەلیسمی ئاڵۆزی بایەکەشەوە نوزەیەک دەردەهات، وەک جیهان بەتینوێتی شیری دێڵە سەگێکەوە وێنا ببێت.
جۆرج بەو شەپۆلە وە سیمای بەفەزاکەدا پەرش دەبووەوە و دەیویست بەو تینووێتیەیەوە گەردوون قوت بدات، بەو هیوایەشەوە یاری بەو کلیل و قفڵە دەکرد بەدەستیەوە بوو، وەک کامێرای بوون بێت و ڕووداوەکان بگێڕێتەوە، زمانی ڕابردو ئێستاو داهاتو بێت.
بورکانێکی گەردونی تەقیەوە، فەزا بەتاریکییەکی نادیار داپۆشرا، گەردوون بەمۆسیقایەکی تەزو بەخشەوە وەک

بێشکەیەکی کۆچەری زەوی ڕادەژەند.
ئەو دیمانانە فەزای ناوچەکەیان گرتبوو. وەک بە ئۆپێرایەکی ئێریک ساتی فەڕەنسییەوە مۆسیقای کۆتایی بوون لێبدەن.
ئەو وێنەیەش لە هەموو شتێکەوە دەردەکەوت، فەزا و هەوا و ڕوانین و سروشت وێنەی ئەو دیمەنانەیان نیشان دەدا.
جۆرجیش بەئامار و ژمارە و ناوە نهێنی و ڕەمزەکانی جادووەوە، ئەوانەی لە لا ڕوون بوون. بەو مۆسیقا شاراوانەشەوە لە بەر تەزوی جوولەی ئەلیکترۆنیەوە یاری بەکلیل و قفڵەکەیەوە دەکرد، ڕەنگ و ڕووی نیشانەی داخرانی مێژوویان هەڵگرتبوو، چاوەڕیی تەنی فەزایی هەسارەی ڕۆژهەڵات بوو دابەزێت.
بیر و حەز و ئارەزووەکانی جۆرج ئەوانە بوون، بە خەیاڵ دەیخستنە ناو ڕوانینیەوە، هەتا لە گەڵ خێزانە هەمیشەییەکەیدا تێکەڵاو ببێتەوە. بێزووی بە شیری دەڵە جۆرجەوە دەکرد، قروسکەیەکی بۆ بکات و وەک جاران لە سەرلا پاڵ بکەوێت، دەمی بکاتەوە و زمانی دەربهێنێت، وەک بەئاماژە پێی بڵێت:
-جۆرج.. جۆرجەکەم، وەرە.. وەرە.. گوانەکانم بمژە.
ئەویش بەو تامەزرۆییەوە وەک جاران لە بەردەمیدا پاڵ بکەوێت و بە تاسوقەوە گوانی بمژێت.
ئەو تۆڕە نەبینانە فیلمێکی بێکۆتایی ناوەختەیان لە ڕوانینیدا تۆمار دەکرد، وەک بروسکە لە تاریکخانەی بیرەوەری فانۆسی جادوی فەزاوە تێکەڵاو دەبوون و نیشانەی کۆتایان دەکێشا، وەک ئەوەی گەردوون بەرەو تواندنەوە بڕوات، مێژووی مێژووەکان سفر ببێت و فەزایەک پانۆرامای هەموو

زەمەنـەکان بکـات، قفڵ بـوونی زەمـەنیش لەو سـاتە ناکاتـەدا دەربکەوێت.
لە ڕوانینی فەزاکەشـەوە ئـەو وێنەیـە دەردەکـەوت، لـە ئاماژەی هـەوا و رەنـگ و دەنگیـەوە ئـەوە دەخوێندرایـەوە، ئەوەشـی گوندەکەی بەناوبانگ کردبوو، ئەو سروشتە ئەفسانەیەی بوو، ببوو بەناسنامەی بـوونی و وەک هـەڵم فەزاکـەی گرتبـووەوە، خـەڵک دەمـاودەم چیرۆکـی ترسـناکیان لـە سـەر دەگێڕایـەوە. هەریەکـە بـەپێی مەزنـدەی خۆی پێشبینیەکی لـە سـەر دەکـرد، زانـا فیزیاییـەکان بەفەزایـەکی کـراوەی ئەفسـانەییان دادەنـا، لـە ڕوانـین داخڕاوبێـت و لـە بیرکردنـەوەدا کۆتـایی لـە خـۆی هـەڵ نـەگرتبێت، بەوێنـەی تورەکەیـەکی گـەردوونیان دەزانـی. فەیلـە سـوفەکانیش بەتاریکخانـەی زمـانی وێنـەیی و تیشـکی تیشـکدانەوەی گرمۆڵـەبوون بـەراوردیان دەکـرد. شـاعیرو ڕۆمـان نووسـەکانیش بـەو مـادە خامـەیان دادەنـا. داسـتان و ڕۆمـان و چیرۆکـی ڕووداوە سڕدڕاوەکانی پشتە بـوونی تیـادا بنووسرێتەوە.
ئەوان لـە سـەر هەسارەکەوە ئەوانـەیان دەزانـی، پسپۆڕەکانیان کۆببوونـەوە، لـە شاشـەکانەوە پشـکنینی فـەزاییان دەکـرد و جێگـەی نیشـتنەوەیان بـۆ تەنـە فەزاییەکـەیان دادەنـا، وێنـەی زەویـش پـەخش دەکـرا، بوونـەوەرێکی فـەزایی لـە چـاوی بیردۆزەکەیەوە چاودێری دەکرد.
زەویش وەک هەرەسی بـەفری سیبریا بەکردەیـەکی فیزیاییـەوە داڕمانێکی ناوەختـە دەیگرتـەوە. لـە راچـەنینی هـەڵهاتنی ڕۆژدا وەک کۆرپەیـەکی سـەر لانکـە گڕوگـاڵی بـۆ مەمـەی گزنـگ دەکرد.

***

چاوەکانی کامێراکە لە ناو تەنە فەزاییەکەدا لە چەند لایەکەوە چەسپ کرابوون، ئەوان هەر پێنجیان لە سەر چاوی کامێراکانەوە تیشکیان خستبووە سەر ئەو جیگایانەی لە سەر زەوی بەئامانجیان گرتبوو، لە پەیوەندیشدا بوون لە گەڵ پرۆفیسۆر ئۆڕاپلاند لە بەشی تەکنەلۆژی هەسارەکەوە. ئەویش نەخشە و پلانی دادەنا، بەوێنەکانی ناو کامێراکەوە سەرقاڵ ببوو. بەوردی توێژینەوەی لە سەر دەکرد، ژیریی دەستکردیش ڕۆمانی تابووتی پەیمانی خودای تۆمار دەکرد.

لەو ساتەشدا ئەوەی ڕووداوی گرنگ بوو، بەردەوام دەهاتە ناو زوومەکەوە، ئەو دوو سوپا ڕۆبۆتیە بوون لە ناوچەی ئۆمیاگۆن و گوندی دۆلفیندا دامەزرابوون و خرابوونە ژێر چاودێریەوە. خاڵی گرنگیش بۆ هەسارەی خۆرهەڵات، بوونی ئەو شارە ئەلیکترۆنیە بوو لە بەری ڕۆژئاوای گوندی دۆلفیندا دروست ببوو، تەنی فەزایی هەسارەی ڕۆژئاواش لە هەمان جێگەدا نیشتبووەوە.

ئەوان لە کاتی نزیک بوونەوەی ئەو تەنە فەزاییەوە چاودێریان دەکرد، کاتێکیش گەیشتە سەر زەوی لە گوندەکەدا نیشتەوە. ئەوە هەموو پەیوەندیەکانی سەرقاڵ کرد و بوو بەمایەی پرسیاری ناوەختە.

زوومی کامێراکە وێنەی ئەو تەنە فەزاییە و شارە ئەلیکترۆنیەی دەگرت. زەویش وەک تیشکی ناو گۆماوێک لە ناو زوومەکەیدا ڕەنگی دەدایەوە و ئاڵۆزیەکی فەزایی دروست کردبوو، هەسارەکانیش لە باوەشی یەکگرتنەوەدابوون و بەتەوژمێکی کەتیرەیی و هێزێکی

موگناتیسـیەوە تێکـەڵاو دەبـوون، وێنـەی نزیـک بوونـەوەی
بوونـەوەرەکانیان دەدایـەوە، وەک ڕەنگاڵـەی یەکگرتنـەوەی
شکاندنی ئێسقان، یان دوو سەگ بـەرەو ڕووی یـەکتری بچن،
کشـانێکی خـۆکرد گـەردوونی کردبـوو بەبێشـکە، بوونـەوەری
بـوون کەوتبوونـە سـەر جووڵەیـەکی خـۆکردەوە، سـەد ملێـون
هەسـارەکەی کافرۆشـی چاوشـارکێی فیزیاییـان دەکـرد،
هەسارەیەک سەرنجی ڕاکێشابوون، ئـەو تەنـە فەزاییـە بـوو لـە
کەناڵ و پێگەی ئەلیکترۆنیەوە نمایش دەکرا بۆ گەشـت کردنـی
بۆ سەر زەوی.
ئەوە ببووە هەواڵێکی نوێ و بۆ زۆربـەی هەسـارەکان لـە ڕێـی
ئەلیکترۆنیـەوە دەنگدانـەوەی هـەبوو. هـەموویان لـە گـەڕانی
بەردەوامدا بـوون بـۆ دۆزینـەوەی یـەکتری، دزەی ئـەلیکترۆنی
هەسارەکانی خستبووە سەر جووڵەیەکی تۆقینەر.

***

ئەم هەسارەیە دەکەوتە بـەرەی کافرۆشیەوە، لای هەسـارەکانی
بـەرەی ڕۆژئـاوا و بـەرەی خۆرهـەڵاتی کۆمەڵـەی ڕۆژ
لـە کتێب و نەخشـەی جوگرافیـادا بەهەسارەی خۆرهـەڵات نـاو
نرابـوو. نـەوەت پلـە لـە خـۆرەوە دوور و هەڵکەوتەیـەکی
فیزیکـی هـەبوو، لـە نێوان هەسـارەکاندا، ستراژیترین هەسـارە
بوو لە نزیکی زەوی و کۆمەڵەی ئەستێرە ڕەشـەوە، بەنـەخوێن
و کلیـل و دەروازەی هەسـارەکانی گـەردوون و خـاڵی پێکـەوە
بەستنەوەی فەزایی هەسارەکانی لێدەردەکەوت.
ئـەم تەنـە فەزاییـەش لـە فڕۆکەخانـەی تەنـە فەزاییەکانـدا
لـە پایتـەختی هەسـارەکەدا دانرابوو، جگـە لـە وە زۆر جـۆری
مـۆدێلی سـەدەکانی تێـدابوو، ئـەم تەنـە فەزاییـەش نـوێترین

ئامێریان بوو، بەجۆری ئەی توو شەش ناونرابوو(گەردوون بڕ)، بۆ جاری یەکەم بوو دەهاتە سەر زەوی، زانای هەسارەکە بەپێی تەکنەلۆژیا و تیشکی ڕۆژ و ئاو و سروشتی سەر زەوی دروستیان کردبوو، شەوانەش لە تاریکیدا دەشاردرایەوە و ڕاداری پێشکەوتووی کەشتی جەنگی و چاودێری توانای دۆزینەوەیان نەبوو، هەموو جووڵە و دەنگێک بەدووری و نزیکی لە ئامێرەکانەوە دەردەکەوتن و ڕێڕەوی زۆریان دەگۆڕدران، یان تەنە فەزاییەکە جێگۆڕکێ و بەرزبوونەوە و نزم بوونەوەی ئۆتۆماتیکی دەکرد.
لەو کاتەشدا هەسارەکە بە تەزووی ئەلیکترۆنیەوە دەلەرزی، وەک هێزی بوومەلەرزەیەکی نەبینی گرتبێت، کیشوەر و وڵاتەکانی گرتبووەوە، لە میدیاکانەوە وێنەی ئەو شارە ئەلیکترۆنیە بڵاو دەبووەوە و روکەشی سەر زەویش بە تەڵخی تیایدا دەبینرا، زوومەکە زیاتر دەچووە سەر تەنێکی تری فەزایی و ڕاداری شارە ئەلیکترۆنیەکەش لە رە لە ری دەکرد، کۆمپیوتەرەکانی نیشانەی ترسناکیان دەکێشا، لە بوونی هێرشێک بۆ سەر شارەکەیان.
***

ئەوان هەر پێنجیان لە سەر هەسارەکەوە سەرنج و ڕوانینیان لە سەر جۆرج و هەردوو شارە ئەلیکترۆنیەکەو تەنی فەزایی هەسارەی ڕۆژ ئاوا بوو، جۆرجیش کەوتبووە ناو ئاڵۆزیەکی زۆرەوە، بەهیدفۆنەکەی دوا هەواڵی ناوچەکەی پێ وتن:
-هەتا ئێستا هیچ پارچە کردارێک ڕووی نەداوە، ئەم تەنە فەزاییەش دابەزیوە مۆدیلێکی زۆر کۆنە و سەرنشینەکانیشی هەر رۆبۆتن و هیچ وڵاتێک و تەنانەت شارە

ئەلیکترۆنیەکەش پێیان نەزانیون. هەرچەندە دووری نێوانیان پێنج کیلۆمەترێک زیاتر نیە، گردۆڵکەیەک کەوتۆتە نێوانیانەوە.
پرۆفیسۆر ئۆراپلاندیش لە سەر نەخشەکە چاودێری شارێکی تری دەکرد، بەبیرکردنەوە لەو جوگرافیایەوە پەنجەی بەرز کردەوە:
-ئەم شارە ئەلیکترۆنیەی دوورگەی ئۆمیاگۆن، لە سنوری ڕووسیایە و هی ئیسرائیلە ، دەیانەوێت کۆتایی بە سیستەمی ئەتۆمی ڕووسیا بهێنن. ئەم دوورگەیە پلە ی گەرمی لە سەدا پەنجا و هەشتی ژێر سفرە و ساردترین ناوچەی نیشتەجێ بوونی سەر گۆی زەویە، بەستەڵۆکە و تەنها پێنج سەد کەس تیایدا دەژین.
زاناکان بەسەر سوڕماویەوە گوێیان بۆ راگرتبوو، ئەویش پەنجەی هەڵبڕیەوە:
- ئێستا ئەوان مەترسین بۆ دابەزینی تەنی فەزایی ئێمە. ئەم دوورگەیە جێگەی تاقی کردنەوەی ئەتۆمی ڕووسیا بووە، بێگومان چاودێری ئەلیکترۆنی لە سەر هەیە. دەبێت لە یەک ساتدا هەردوو شارە ئەلیکترۆنیەکە و ئەو تەنە فەزاییە بتەقێنینەوە، هەتا گومان لە ئێمە نەکەن و بەکردەوەی یەکتری بزانن.
بەو قسەیەوە نەخشەیەکی کردەوە و پەنجەی خستەسەر:
- زۆر دوورگە و جێگای تر هەن دابڕاون، دەکەونە جێگە بەستەڵۆکەکاندا، لە زەریای هێمن و زۆر ناوچەی تریشدا هەن، دەبێت بخرێنە ژێر چاودێریەوە، وڵاتانی سەر زەوی بۆ رکابەری ئەتۆمی خۆیان دەیانکەنە بنکەی موشەکی دوور

هــاوێژ و شــاری ئــەلیکترۆنی و رۆبۆتیــان تیــادا نیشــتەجێ دەکەن.
ئاماژەی بەدو تەنی فەزایی جەنگی کرد لـە ئامادەباشیدابن، بۆ دابەزینیان بۆ سەر زەوی:
-پێویستە دوای تەقاندنـەوەی هـەر سێ پێگەکـە تـەنی فـەزایی هەسارەکەمان دابەزێت.
تەنی فـەزایی هەسـارەکەش لـە دابەزینـدا بـوو، لـە نـاو زەریـاوە بەرەو زەوی بچێت و لەو گوندەدا بنیشێتەوە.
لەو کاتەشــدا ئــەو دو شــارە ئەلیکترۆنیــە کێشــەیان دروســت کردبــوو، پرۆفیســۆر ئۆڕاپلانــدیش دەیویســت چارەســەرێک بدۆزێتــەوە، هــەتا لــە ســەر زەوی کێشــە بــۆ تەنــە فەزاییەکــە دروست نەبێت. لە بەر مەترسی ڕاداری کەشتیە جەنگیـەکانی ناو زەریا.
ئـەوان هۆشـیاری ئـەو بروسـکە نهێنیانـەی ژەنڕاڵـەکانی هێـزی دەریــایی ئــەمریکا بــوون، هەمیشــە تیشــکی بــەهێزی تەنــە فەزاییەکــەیان دەدۆزیــەوە. ئــەو تەنــە فەزاییــەش بەشـێوەیەک دروست کرابوو رۆڵی پاپۆڕی دەبینـی و دوایـی دەهاتـەوە سـەر زەوی.
دانیشتووانی هەسارەکەش سەیری تیڤیـەکانیان دەکرد، لـە سـەر نەخشـەی گونـدی دۆلفین تـەنێکی تـری فـەزایی بوونـەوەران و شارێکی ئەلیکترۆنیشی تیادا دامەزرابوو.
لە گەڵ هاتنی ئەو شارە ئەلیکترۆنیەشدا پەیوەندی ئـەلیکترۆنی فـەزای گرتبـووەوە، ترسـناکی بـۆ هـەردوو هەسـارەکەو زلـە ێزەکانی سەر زەوی دروست کردبوو.
کـاتێکیش تـەنی فـەزایی هەسـارەی ڕۆژئـاوا نیشـتەوە، ڕاداری

شارە ئەلیکترۆنیەکە کەوتە ئاماژە پێکردن و هیچ وێنەیەکیان لێوە دەرنەدەکەوت. پەیوەندیان بەپێگەی ئەلیکترۆنی چینەوە کرد، بەهۆی تەلە سکۆب و مانگی دەستکردەوە هەوڵیان دا هیچیان نەبینیەوە.
جۆرج لەو سروشتە ئاڵۆزەوە، لە پاشماوەی گوندێکی نغرۆ کراوەوە، ماوەی چوار مانگ بوو بە کارەساتێکی گەردوونیەوە توابووەوە، بەبێ ترس تیایدا دەگەڕا، وەک هیچ شتێک نەبووبێت، بەگومانی تەکنەلۆژیاوە چاوی هەتەر دەدا و چاوەڕێی تەنی فەزایی هەسارەکەی دەکرد.
ئەو لە عەسری ڕۆژی پێشووەوە لە شارۆچکەکە دەرچووبوو، پاش ئەوەی بۆ دوا جار ویستی بەئاوی سەر زەوی خۆی بشوات، چووە گەرماوەکەوە، پاک بە لفکە و شامپۆ خۆی شت، دوایی هاتەبەر ئاوێنەکە بەشانە قژی داهێنا و دەستی لە مەمکۆڵە ژاکاوەکانی دا، ئەو جلە تازانەی ئەمدیواو دیو کرد لە سەر مێزی ژێر ئاوێنەکە دانابوون.
سەرەتا شۆرتەکەی هەڵگرت، یەکەم جاری بوو شۆرتی ڕەش بکرێت، سەیرێکی کرد و لە پێی کرد، پاشان ژێر کراسە سەوزەکەی کردە بەری، دوایی بلوزێکی سپی بەسەردا کرد و کراسێکی کاوبۆی شینی لە بەر کرد، سێ خەتی باریکی تێدابوو، ڕەنگیان سەوز و سوور و سپی بوو، تراکسودێکی نیلی لە پێ کرد، پانتۆڵێکی کاوبۆی شینی بەسەردا هەڵکێشا و قەمسەڵەیەکی خاکی لە نایلۆنەکەی دەرهێنا، زنجیرەکەی کردەوە و هەردوو قۆڵی پیا کرد و زنجیرەکەی بۆ سەرەوە راکێشا، لە بەر ئاوێنەکەدا کەمێک سەیری خۆی کرد، پاشان چوو لە چێشتخانەکە دوا ماسی

لە ناو بەفر گرەکەدا دەرهێنا و سووری کردەوە و خواردی و ئەو مریشکەیشی سوور کردەوە کڕیبووی بۆ تویشووی گەشتەکەی، دوای ئەوە بە هەردوو ژووری ماڵەکەیدا گەڕا، ناسنامە و شتی پێویستی پێچایەوە و ئەو پێنج مسقاڵ ئاڵتوونەی بەپارەکانی کڕیبووی هەمووی خستنە کۆڵەپشتێکەوە. دوای ئەوەی ویستی بێتە دەرەوە، گڵۆپ و خەتی کارەبایی هەموو ماڵەکەی کوژاندەوە و دەرگاکانی داخست و لە ماڵ هاتە دەر، ماتۆرسکلێکی بەکرێ گرت هەتا نزیکی گوندی دۆلفین هێنای.
کاتێک لە ماتۆر سکیلە کەدا دابەزی بەشاخەکەدا هەڵگەڕا و چووە ناو ئەو ئەشکەوتە بچووکەوە جێگەی پلاپیتۆ بوو، هەتا بەیانی تیایدا مایەوە، لە پێش شەفەقەوە هاتە خوارەوە و لە دووری گوندەکەوە وەستا و لەو جیگەیەدا چاوەڕوانی دەکرد.
لەو ساتەشدا بەو تەوژمە بەهێزە ناوەختانەوە لە گەڵ فەزاکەدا یاری رۆحی دەکرد، موروەکانی بەدەسرۆکەکەی سنگیەوە نوساندبوو، تەزویان دەخستە جەستەیەوە، دەیویست بەجادوویەکی سەرسوڕهێنەر کۆتایی بەو جەنگە گەردوونیە بهێنێت و تەنە فەزاییەکە بنیشێتەوە و گوانی دەڵە سەگەکە بمژێت.
زوومی کامێراکەش لە سەر جۆرج جێگیرببوو، ئەو وێنە ئەزەلیە شێوازی دۆژەیی ئەو چرکە ساتەی لە زمانی سروشتەوە کێشا و لە ڕوانینی گومانای ئەودا تێکەڵاو دەبوون.
ئەو ڕووداوانە لە کامێراکەدا تۆمار دەبوونەوە، ژیریی

دەستکردیش لە گەڕاندابوو، هەتا لە ڕەگەوە مێژووی ئاڵۆز و ئەفسووناوی گوندەکە بدۆزێتەوە، ئەویش هیچ زانیاریەک دەربارەی نەبوو، جگە لەو مێژووەی دەگەڕایەوە بۆ شەست و چوار ساڵ لە وەوبەر، بەگوندی مەرگ، یان گوندی کۆتایی جیهان ناوی دەرکردبوو، ئەوانیش هەر پێنجیان بەدوای ئەو مێژووەدا دەگەڕان.

## ٢

ئێمــه هــەر پێنجمــان لــە ســەر هەســارەکەوە لــە نــاو تەنــە فەزاییەکـەدا بـووین، سـەرەتای کارەکانمـان دەسـت پێـدەکرد و ژیریــی دەســتکردیش گەڕایــەوە بــۆ مێــژووی ئــەو گونــدە، لــە بەشــی ئامــاری کامێراکــەوە وێنــەی شەســت و چــوار ســاڵ لە وەوبەری هێنایـەوە، وەک فیلمێکـی سینەمایی دیکۆمێنتـەری کتــوپڕ وێنــەی ســەرەتای کۆمــەڵێکی ئەفســانەیی ڕەش پێســتی گرتـەوە، لـە ڕەشـاییەکانی بوونـەوە هـاتن و چارەنوسیان دایـە دەسـت ڕەشـەباو لـە کۆتـایی جیهانـدا گیرسـانەوە و گونـدێکیان تیادا کردەوە.

لـە بـەهاری هـەزار و نۆسـەد و شەسـتدا، چەنـد بنەماڵەیـەکی ڕەش پێستی ڕەشـۆکی، لـە گونـدی ئـاپۆلۆی وڵاتـی ئـەمریکاوە ئــاوارەبوون، بــەهۆی کــوژرانی دیمتــری بەدەســتی جۆرجــە ڕەش .

دیمتــری پیــاوێکی خــوێن مــژ و چەوســێنەربوو، خــاوەنی مــوڵکێکی زۆری چەنــد گونــدێکی دەوروبەر بــوو، بــاج و سـەرانەی خستبووە سـەر جووتیارەکـان و هـەموویان بـە نانـە ســکی دەژیــان. هــەرچی ســەرپێچی بکردایــە بــەپیاوەکانی بەدوای ئەسپدا رایدەکێشا. چەند کەسێکیشی لێ کوشتبوون.

بـەو هۆکـارەی ئـەوان ڕەش پێسـت بـوون، لـە دادگـا و بنکـەی پۆلیس هـیچ وەڵامێکیـان نەدەدرایـەوە. ناچـار بـوون ملکـەچی بکەن.

جۆرجـە ڕەش ژنێکـی لێهـاتوو بـوو، خـەڵکی شـاری پلستۆری

سەر بەواشینتۆن بوو، لە قوتابخانە فێری وەرزش ببوو، هەر بەمنداڵی چوبووە تیپی کۆنفۆ و مەشقی کردبوو، هەتا پشتێنی ڕەشی بەدەست هێنابوو. بەر لە وەی ئامادەیی تەواو بکات، شوی کرد بەپیاوێکی ڕەش پێست، دوای ساڵێک کوڕێکی بو ناوی نا رانج، دوای دو ساڵی ترش کچێکی بو ناوی نا یۆنان.

ئەوان ڕەش پێست بوون و لە شارەکەدا زۆر چەوسێنرابوونەوە، گاڵتە و لاقرتێیان پێ کردبوون، مێردەکەی لە کارخانەیەکی بەرگ درووو کاری دەکرد، بە پیلانێکی ڕەش لە سەر کارەکەی بە لێدان کوشتیان و وتیان:

-پلاما مەکینەیەک بەسەریدا کەوتووە.

لیژنەی پزیشکیش هیچیان پشت راست نەکردەوە. جۆرجە ڕەش بەهەژاری و بێ کەسی ناشتی و زانی لەو شارەدا ژیانی نابێت و برسێتی ڕوو دەکاتە ناو منداڵەکانی بەهۆی خزمەکانیەوە گوندی ئاپۆلۆی هەڵبژارد.

سێ ساڵ بوو هاتبووە ناو ئەو گوندەوە، لە ناو کارەساتەکانیدا ڕاهاتبوو، بە جووتیاری و کارکردنی زۆر توانی منداڵەکانی بژێنێت، ژنێکی لێزان و خوێندەواربوو، بەتواناو ئازابوو، هەتا ئەو کاتە چەند دڕندەی کێوی لە دەورو بەری گوندەکەدا کوشتبوو. ڕەش پێستەکانی گوند وەک گەورە و ڕاوێژکاری خۆیان سەیریان دەکرد، لە ناو خۆیاندا شانەیەکی نهێنیان دروست کردبوو، باسیان لە تاوانەکانی دیمتری و هەوڵدان بۆ ڕزگار بوون دەکرد لێی. ئەوەیش زۆر قورس بوو، دیمتری پێگەی بەهێزی لە ناو میریدا هەبوو، پەیوەندی بەسەرکردە و

کاربەدەستانەوە بەهێز بوو، زۆر کەسی بەقامچی کوشتبوو، زۆریشی کەم ئەندام کردبوو. خاوەنی چەند ئۆتۆمۆبێلێکی جۆراو جۆر و پاسەوان و پیاوی کرێ گرتەبوو.
ئەوانەیش دەستی جۆرجیان بەستبووەوە، ئەو مەرگی لە سەر شۆڕی بەلاوە باشتر بوو، بەناچاری بەرامبەر بەستەمەکانی ئەو دانی بەخۆیدا دەگرت، هەمیشەیش لە ناخی خۆیدا خۆی دەخواردەوە. هەتا دیمتری بەبەرچاوی هەموویانەوە ژنێکی هەژاری بە کۆڵە دار و چیلکەوە گرت و بەقامچی جەستەی خەڵتانی خوێن کرد، شەو هەتا بەیانی لەماڵەکەی خۆیدا بەندی کرد.
ئەو ژنە هیچ تاوانێکی نەبوو، بەمشارێکەوە لە گوند چوبووە دەرەوە دار ببڕێت، بۆ ئەوەی لەو زستانە سەختەدا خۆی و کچەکەی بێ ئاگر نەبن.
لەو کاتەدا دیمتری لە پشیەوە ڕۆیشتبوو، پیاوەکانی لە دوایەوە دەهاتن و ویستیان ئەو ڕقەی لە ناو دڵیاندا کۆبۆتەوە پێی برێژن. دەمێک بو نیازیان هەبوو داوێکی بۆ بنێنەوە، هەر لەو کاتەی مێردەکەی مردبوو ئەوان هەوڵیان دەدا دەست درێژی بکەنە سەری، ئەویش بەرگری لە خۆی دەکردو تفی دەکردە ناوچاوانیان، ئەوانیش بڕیاریان دا تۆڵەی لێ بکەنەوە، لەو ساتەشدا ئەو هەلە یان بۆ رێکەوت و بوختانیان بۆ دروست کرد، دیمتریان هان دا هەتا بیکوژێت و داخی دڵی خۆیانی پێ بڕێژن. بەو نەخشەیەشەوە هەردووکیان قسەکانیان رێکخستبوو، وەک یەک پێیان دەوتەوە:
-گەورەمان ئێمە لە دوورەوە چاودێری پلاریمان دەکرد، دەیویست لە دواوە بەو مشارە ملت لێ بکاتەوە.

خەڵکەکە دەیانزانی دیمتری پلاری دەکوژێت، شەو هەر پێنج ماڵە ڕەش پێستەکان کۆبوونەوە و پلانیان دانا، کەل و پەلی پێویستیان پێچایەوە، هەتا لە کاتی کوژرانی ئەودا، ئەوانیش دیمتری و پیاوەکانی بکوژنەوە و گوندەکە بەجێ بهێڵن و بچن بۆ وڵاتێکی تر.

پیاوەکان بەدو کوڕی تازە باڵغەوە حەوت کەس بوون، پێنج ژن و چەند منداڵێکی بچووک، هەموویان لە چەکیان دەزانی، جۆرجە ڕەش دووانیانی هەڵبژارد، کیلنتۆن و ئۆلیفۆن، هەردووکیان ئازا و بەدەست بوون، هەتا لەو کاتەی ئەو دیمتری دەکوژێت، ئەوانیش هەردوو پاسەوانەکەی چەک بکەن و بیان کوژنەوە.

***

بەیانی لە گەڵ خۆرهەڵاتندا لە ناوەڕاستی گوندەکەدا پلاریان هێنا و لە سەر زەویە رەقەکە پاڵیان خست. دیمتری بەهەموو هێزی قامچی پیادا دەکێشا.

خەڵکەکە هەموویان بەداخێکی زۆرەوە وەستابوون. دیمیتری لە گەڵ وەشاندنی قامچیەکانیدا هەڕەشەی دەکرد:

-ئەوە چارەنوسی هەرکەسێکە سەرپێچی بکات.

ئەوەی وت فیشەکێکی دەمانچەی بەسەری پلاریەوە نا، کتوپڕ گیانی دەرچوو و مرد.

خەڵکەکە کاتێک ئەویان بە کوژڕاوی بینی، قژە لولە کەی وەک خوریەکی ناو خومخانە سوور ببوو. خوێن بەسەر کراسە سپیەکەیەوە مەمکدانەکەی کردبوو بەدوو گونکە هەویری خوێناوی و تەنورە ڕەشەکەشی لە خوێن هەڵکێشابوو، وەک ئەوەی ببێتە تابلۆی تاوانەکانی جیهان.

لـه گـەڵ کەوتنیشـیدا تـەنها بـەهاوارێکی خەفـەوە سـەیری کچـە هەتیوەکـەی خـۆی دەکـرد، ئـەوەی لـە گـوڵ کـە کاریگـەرتر بـو لـە سـەری، هـەتیو کـەوتنی ئـەوبوو، دوای خـۆی کـێ بتوانێـت لە خۆی بگرێت.

ئەو دیمەنـە هێنده کاریگـەر بـو کـەس نـەیتوانی بێدەنـگ ببێـت، هــەموویان دەگریــان ژن و پیــاو منــداڵ، ســپی پێســتەکانیش لـە گـەڵ بینینـی ئـەو جەسـتە لـە خـوێن هەڵکێشـاوەدا دڵیـان پـڕ ببوو، گریەی کچەکەشی وەک گەردەلول فەزاکەی دەشڵەقاند:

-دایکە گیان، دایکە.. بەتەنیایی بەجێت هێشتم.

ئـەو گریـەو کڕوزانەوەیـە وەک مارشـێکی سـەربازی دەهـات، گوێی هـەموو خەڵکەکـەی گرتـەوە. جۆرجـە ڕەش ئـاگری تۆڵـە جەسـتەی گرتـەوە، بـەو رۆحـەوە هـات و لـە دیمتـری نزیـک بـووەوە، ئـەویش لولـە ی دەمانچەکـەی بـەرەو خـوار کردبـوو. جۆرجە ڕەش کتوپڕ بەقاچی چەپ یەتەیـەکی لـە ناوچـەوانی دا و خستیە سـەر زەویەکـە، بەتونـدی یـەک پـێ لـە قـەی بـەهێزی بەســەریدا کێشــا و گــورج دەمانچەکــەی لــە ســەر زەویەکــە هـەڵگرت و زامنەکـەی ترازانـد و فیشـەکێکی بەناوچەوانیـەوە نـا و کوشـتی. خەڵکەکـەی تـرش پـەلاماری ئـەو دو پیاوەیـان دا لــــە گەڵیــــدابوون، کیلنتــــۆن و ئۆلیفــــۆن گرتیــــانن و کلاشینکۆفەکانیان لێ سەندن و هەردووکیانیان کوشتنەوە.

سـپی پێسـتەکان ڕایـان کـرد بـۆ ماڵـەوە. جۆرجـە ڕەش داوای لــە ڕەش پێســتەکان کــرد بچــن بــۆ مــاڵی دیمتــری، دەســتی کچەکەی پلاریشی گرت:

-هیندسـتان بـڕۆ لـە گـەڵ خێزانەکانـدا تێکـەڵ ببـە بـا بـەجێ نەمێنیت

لە گەڵ کوژرانی دیمتریدا تەلیسمێکی ڕەش لە بەر چاوی خەڵکەکەدا توایەوە، ڕەش پێستەکان گورج هاتن و ماڵی دیمتریان گرت، کلاشینکۆفێک و تاپڕێکیان دۆزیەوە، بڕاون کلاشینکۆفەکەی هەڵگرت و گرینیش تاپڕەکەو هەرچی پارەشی هەبوو لە گەڵ خۆیاندا هێنایان و ئاگریان لە جێیەکەی بەرداو سوتاندیان.
بەر لە وەی توشی شەڕێکی خوێناوی ببن و سوپا و پۆلیس بێن بۆ سەرکوت کردنیان، دەیانزانی ناتوانن بەرگری بکەن، ئاگریان لە ماڵەکانی خۆیان بەردا و گوندەکەیان بەجێ هێشت، زۆر بەوریاییەوە بەپشتی شاخی ئۆسکاردا ئەو دیو کەوتن و لە سنوری ئەمریکادا دوور کەوتنەوە و گەیشتنە ڕۆخی زەریا.
جۆرجە ڕەش نەخشەی وڵاتەکانی کڕی بوو، دۆستایەتی لە گەڵ قاچاخچیەکی ڕەش پێستی زەریاشدا دروست کردبوو، ئەو پارەیەی دیمتری زۆربوو، نیوەیان دا بەو قاچاخچیەی مامەڵەیان لە گەڵدا کردبوو، ئەویش کەشتیەکی بچووکی بۆ گرتن. لە باکووری زەریای ئەتڵەسیەوە هاتن و هەتا تۆریبا و ئاپالا، هەتا زەریای هێمن و دەریای کێوبارا، کارۆ موغناتیسی زەوی، سەڕووی وڵاتی ئۆپێرا و ڕشانەوە و کەنەدا، دوایی ئەرجەنتین، دوورگەی ویلستۆن دوورگەی بچووک تر لە باشووری زەریای هێمنەوە هاتن و هەتا هێنانیە وشکانی لە دوورگەیەکی بێ ناونیشانی دوور لە ئەمریکاوە دایبەزاندن.
بارو بنەیان ئەو شتانە بوون لە سەر پشتی کەر و ئەسپ و گاو مانگا باریان کردبوون. بریتی بوون لە نان و گۆشتی

قاورمـه و پـەنیری پێستەو قـاوە و خـۆراکی تـری خۆمـاڵی و چەند کەرەسەیەکی تری جووتیاری وەک تـەور و داس و پـاچ و خاکەناز و مشار و تەوراس و شتی تری گوندنشینی و تۆڕ و داوی ڕاوە ماسـی و ئـاژەڵان و چـەقۆ و مقەست و کتـری و کوپی قاوە و جل و بەرگ و پێخەفی خەوتن.

کاتێـک بەدەشـتاییەکانی پشـتی زەریـاوە هـاتن و بـەزنجیرە چیاکـەدا سـەرکەوتن، زۆر بەزەحمـەت و کولـە مـەرگی لـە ڕۆخـی زەریـاوە بـەرەو کوێسـتانەکان بـەبناری چیـای هاتۆتۆدا بەلێزانیانەوە لە کـەش و نهێنـی شـاخ و کێوەوە، هـاتن و بنـار بـەبناریان بڕی. دوای دو ڕۆژ ڕێـگە بڕینـی سـەخت و دژوار گەیشتنە ئەو دیوی سنورەکانی زەریـاو لـە ناوچەیـەکی شاخاوی سنوری وڵاتێکی تردا گیرسـانەوە. بـەهۆی هیلاکـی و کـەش گـۆڕینی وشـکانی و زەریـا و دەشـت و شـاخەوە توشـی نەخۆشـی و شـەکەتیەکی زۆر ببـوون، بـەناچاری هـەموویان لـە ویـادا بەکەنـەفتی وەسـتان و بـارو بنـەیان کـردەوە، هـەتا پشویەک بدەن.

سـەرمایەکی بـەهێز هـەڵی کردبـوو، هـەموویان جەسـتەیان تەزی بوو، ورد و درشت بڵاوبوونەوە، لق و چیلکەو چەوێڵ و کۆتـەرەو گـەڵایان کۆکردەوە، لـە ماوەیـەکی کەمدا لـە چەنـد لایەکـەوە ئاگریـان کـردەوە، خۆیـان گـەرم کـردەوەو نەخۆشەکانیان لە پاڵ ئاگرێکیاندا دانا.

پیاوەکـان پێکـەوە خیوەتێکیـان هەڵـدا، ژنـانیش مەنجـەڵ و کتریـان خسـتە سـەر ئاگرەکـە و سـوبێکی خۆشـیان بەگۆشـتی قاورمـە و پەتاتـە لێنـا، کاتێـک پێگەیشـت لـە نـاو خێمەکـەدا سفرەیان ڕاخست و هەرکەسە بەهەڵقوڕاندنی قاپێک سوبەوە

کەوتبووە سەر ژیانەوە و بەتام و چێژەوە دەیانخوارد. کاتێک ژنان قاپەکانیان کۆکردەوە، دوایی بەشاڵ و تایت شتیانن و هاتنەوە قاوەیان خستە ناو کتریەکەوە، کەمێک وەستان هەتا ئاوەکە کوڵا، ئەوسا هەریەکی کوپێکیان لە کتریەکە تێ کرد، خواردیاننەوەو هەموویان لە شەکەتیدا چونە ژێر بەتانەکانیانەوەو خەوتن.

کاتێک خەبەریان بووەوە ڕۆژ هەڵهاتبوو. هەموویان هێزێکیان بەبەردا هاتبووەوە، نەخۆشەکان بەخۆڕاگری خۆیان باش ببوونەوە، ئەوان چارەسەری پزیشکی و پێداویستی ژیانیان تەنها بەهێزی خۆیان دەکرا، لە توانا و خۆڕاگریاندا کۆیان دەکردەوە.

دوای ئەوەی لە گەڵ پشووی ئەو شەوەیاندا هەستیان کرد بەرەو باشی هاتوون، جۆرجە ڕەش نەخشەکەی کردەوە، هەموویان بەوردی سەیریان کرد، ئەویش پەنجەی خستە سەر ئەو جێگایەو سەری ڕاوەشاند:

-ئەم جێگەیە نزیکە لە سنوری زەریایی ئەمریکاوە، لێرەدا بمێنینەوە دەماندۆزنەوە، پێویستە کت و پڕ بارو بنە بپێچینەوەو ئێرە بەجێ بهێڵین و بەرەو ژوورتر بڕۆین، هەتا نزیکی سێ گۆشەی بەرمۆدا و کۆتایی جیهان دەبینەوە.

ئەو دەیزانی لە کۆتایی جیهاندا هیچ حکومەتێک دەستی پێیان ناگات و هیچ هێزێکی سەربازیش ناتوانێت لێیان نزیک بکەوێتەوە .

دوای ئەوە بارەکانیان لە وڵاخەکان بار کردەوە، بڕاون و ئۆلیفۆن و گرین شارەزای وڵاخداری بوون، دەیانزانی چۆن بەڕێکی وڵاخەکان بار بکەن، ئەوانەشی توانای ڕۆیشتنیان

نەبوو، پلاتۆ بوو، تەمەنی گەیشتبووە پەنجا ساڵ، نەخۆشی تەنگە نەفەسی هەبوو، ئەو سواری ئەسپێکی بەکار دەکرا، ئۆرلاندی کوڕە گەنجەکەی سواری دەکرد و ڕەشمەکەی بۆ ڕادەکێشا، یۆنانی کچە بچکۆلە کەی جۆرج و هیندستانیش نەیاندەتوانی ڕێگە بکەن، هەردووکیانیان لە ناو کۆڵی باری وڵاخێکەوە سوار دەکردن و بەگوریس دەیانبەستنەوەو رانجی کوڕی جۆرجە ڕەش ڕەشمەکەی بۆ رادەکێشان و هەموویان پارێزگاریان لێ دەکردن، وڵاخەکانی ترش بەنۆرە سواریان دەبوون.

ڕۆژێک بێ پشوو بەشەکەتیەوە ڕێگەیان بڕی، بەدەم رێ ڕۆیشتنەوە بابۆڵە و نانە وردەیان دەخوارد، هەتا گەیشتنە بەرزایەکانی چیای کۆتایی، جۆرجە ڕەش سەیری ناوچەکەی کرد و نەخشەکەی کردەوەو مژدەی نزیک بوونەوەی پێ دان:

-لە گوندی کۆتایی نزیک بووینەتەوە، ئەمشەو لێرە دەحەوێینەوە و پشویەکی درێژ دەدەین، دەبێت بەیانیەکەی زو بکەوینە رێ. هەتا دەگەینە ئەوێ.

بەو قسەیەوە بارو بنەیان کردەوە، پیاوان خێمەکەیان هەڵدا و ژنانیش ئاگرێکی گەورەیان کردەوەو کتری و مەنجەڵێکی گەورەیان خستە سەر و شۆربایەکی نیسکیان لێ نا، بەرلە وەی شۆرباکە پێ بگات سەرو کوپ قاوەیان خواردەوە، کەمێک هاتنەوە سەر خۆیان، پاش ئەوەی نانیان خوارد هەموویان لە شەکەتیدا خەوتن.

خامۆشی ناو خێمەکەی گرتبووەوە، هەموویان لە خەوێکی قوڵدابوون، ئەوەی لە ناویاندا خەو نەچووە چاوی، کلینتۆن

بوو، سۆپۆلۆی ژنی هەستاند و بردیە دەرەوەی خێمەکە، لە بن دارێکدا وەک دڕندەیەکی برسی لە سەر بەردێک دانیشت و زنجیری پانتۆڵەکەی خۆی ترازاند و دەرپێکەی ئەویشی داکەند و خستیە سەرکۆشی.
بایەکی ساردی بەهێز درەختەکانی دەلە راندەوەو لقەکانیان بەیەکدا دەدران، ئەوانیش وەک دو دەستاڕ لە خۆشیدا یەکیان دەهاڕی، یەکیان ڕادەموساند بەدەم سروشتێکی نەزانڕاو چارەنوسێکی ڕەشەوە باوەشیان بەیەکدا کردبوو.
دوای ئەوەی لێک جیا بوونەوە، هەردووکیان دەرپێ و پانتۆڵەکانیان هەڵکێشایەوەو خۆیان گورج کردەوە و بەئەسپایی چونەوە ناو خێمەکەوە، لە جێگەکەی خۆیاندا خەوتنەوە.
بەیانیەکەی هەموو کەوتنە سەر ڕێ. ڕێگەی سەختی چڕی دارستان و تاشەبەردی شاخەکانیان بڕی. بەچیای ئۆسۆسۆدا هاتن.
چیاکە پڕبوو لە گیای بەهارە. کاتێک لە چیاکە هاتنە خوارەوەو گەیشتنە گوندی مەرگ. جۆرجە ڕەش نەخشەکەی کردەوە.
گوندەکە کەتبووە نێوان دو زنجیرە شاخەوە، شێوەکان کردبوویان بەچەند بەشێکەوە، لە کۆتایی چیای ئۆسۆسۆوە ئاوی زەریایەکی نەزانڕاو بوو، پڕ بو لە شێ و تەم و هەڵم و تەوژم، هەتا سەرەتای چیای پرادۆ. ئەو بۆشاییە پڕ لە تەلیسم بوو، نەدەزاندرا ئاوە یان هەڵمە.
لە بەشی پشتەوەی دەشت و گردۆڵکە بوو، هەتا شارۆچکەی بەتریق، لە بەری باکوور و باشووریەوە ئەو دوو زنجیرە

چیا سەختە بوون و نێوانیان تەم و مژێکی دۆزەخی پڕ لە بوخار بوو. لە ڕۆژهەڵاتیشیەوە هەر شاخ و دۆڵ بوو، دوورگەیەک بو دوور لە نەخشەی هەرسێ وڵاتی دڕاوسێیەوە و کەوتبووە پشتی زەریاوە و پێشی کۆتایی جیهان بوو، هیچ دەوڵەتێک نەیدەتوانی سنوور ببەزێنێت و بیانگرێت. ئەوەشی گرنگ بو جێگەی ڕاوی ئاژەڵان و ماسی و نەهەنگی دەریابوو، ئەوانیش بەو پیشانە ڕاهاتبوون. جگە لە وەیش ناوچەیەکی سارد و سەخت بوو، بەهۆی باران و بەفری زۆری چیاکانەوە پڕ لە کانیاو و ئاوی چۆم و ڕوبار بوو، شارۆچکەیەک دەکەوتە دوایەوە، لە نەخشەکەدا بە بەتریق نوسرابوو، ئەو وڵاتە لە سنوری ئاوی و وشکانیەوە، زۆر دوور بوو لەو جێگەیەی خۆیانەوە لێی هەڵهاتبوون.

جۆرجە ڕەش لە گەڵ پیاوەکاندا نەخشەی گوندەکەی دانا، ئەو پارەیەی لە وی دیمتری مابووەوە بەیەکسانی بەسەریاندا دابەشی کرد، بەشێکی دا بەهیندستانی کچی پلاری. لە ناو خۆیاشیاندا نەخشەیەکیان کێشا و زەویەکانیان دابەش کرد، چۆن دەست بە خانوو دروست کردن بکەن. هەر خێزانە بەجیا بارو بنەیان لە سەر بەشە دیاری کراوەکەی خۆیان کردەوە و بەبەرد و قوڕی شێلڕاو کەوتنە دروست کردنی خانوو. لە گەڵ ئەوەشدا دەستیان کرد بەهاتوچۆ بۆ شاخ و چیاکان، بۆ دۆزینەوەی هەنگوین و ڕاوکردنی ئاژەڵی کێوی.

ژنان لە گوندەکەی خۆیانەوە فێری دروستکردنی تەندووری نان و کەندووی دانەوێڵە و گۆزە و دێزە ببوون، لە قوڕە سووری شێلڕاو دروستیان دەکردن. ئۆلێسی ژنی ئۆلیفۆن ژنەکانی فێر دەکرد، چۆن لە توڵ و شوڵی درەخت نانەشانە و

قەتاڵـە و شـتی تـر دروسـت بکـەن و فێـری گـۆرەوی و کـڵاو چنینشی کردن.
ئەو ژنێکی کارامە و دەست ڕەنگین بوو، هەرچەندە تەمـەنی بیسـت سـاڵ بـوو، لـە گـەڵ ئەوەشـدا زۆر زیـرەک و گـورج وگۆڵ بـوو، لـە دایکیـەوە زۆر شـتی گرنگـی گوندنشـینی فێـر ببوو، بەدەسـت و پەنجـە وردیلـە کـانی شـوڵەکانی تێکهـەڵکێش دەکرد. بەجوانی و قسە خۆشەکانیەوە کـارێکی دەکـرد هـەرچی بکردایە ئەوان لاسایی بکەنەوە و لێوەی فێر ببن.
خانووەکـــان تـــەواو بـــوون، ئـــاژەڵی زۆر ڕاو کـــران و گۆشـــتەکانیان دەبرژانـــدن و ئـــەوی تریـــان هەڵدەکڕوزانـــد و دەیانکردن بەقاورمە و لە دیزەکاندا هەڵیان دەگرتن.
جـووڵە و هـاتووچۆیش لـــە شـارۆچکەکەوە دروسـت ببـوو، لە گوندەکە نزیک دەکەوتنەوە، دەزاندرا ئاوەدان کراوەتەوە.
ڕۆژێـــک چەنـــد کەســـێک بـــەجێبێکی ســـەر بـــەتاڵ لـە شـارۆچکەکەوە هـاتن، موختـار و دو فەرمانبـەری پـۆلیس بـوون. جۆرجـە ڕەش قسـەی لـە گەڵـدا کـردن و چیرۆکـی خۆیانی بۆ گێڕانـەوە، ئـەوانیش یـەک یـەک ناونووسیان کـردن و ڕێکـەوتن لـە سـەر ئـەوەی هـاتووچۆ لـە نێوانیانـدا هـەبێت و وەک هاوڵاتی ئەو وڵاتە دابندرێن.
ڕۆژی دوایی بۆ یەکەم جار جۆرجە ڕەش و کلینتۆن چون بۆ شـارۆچکەی بـەتریق. بـاری دوو وڵاخ پێستـەی ئـاژەڵی کێـوی هاوگونـدیانی لــە گــەڵ خۆیانـدا بـرد، سـەردانی پۆلیسـخانە و بەڕێوەبـــەرێتی رەگەزنامـــە و موختـــار و پیـــاو مـــاقووڵانی شـــارۆچکەکەیان کـرد. دوای ئـەوەی لـە هـەموو بارەیەکـەوە قسـەیان کـرد، رێکـەوتن لـە سـەر دروسـت بـوونی هـاتوچۆو

پەیوەندی شت کڕین و ئاڵوگۆڕ لە نێوانیاندا و تۆمار کردنیان وەک گوندێکی سەر بەشارۆچکەکە. پێستەکانیشیان بەنرخێکی گران لێ کڕین و بەپارەکەی شەکر و چاو برنج و خوێ و ئارد و سەموون و پێداویستی تریان کڕی.
جۆرجە ڕەش لە دووکانێکدا گەڕا وەک یەک بوکەڵە و شتی وردەی یاری بۆ هیندستان و یۆنان و چەند منداڵێکی تری گوندەکە کڕی و پاشان جێبێکی سەربەتاڵیان بەکرێ گرت و هاتنەوە بۆ گوندەکە.
کاتێک گەیشتنەوە ناوماڵەکان خۆشی کەوتە ناو خەڵکەکە، بۆنی سەمونی شار و سێو و پرتەقاڵ هەموو لوتێکی گرتەوە. ئەوانیش هەموو شتەکانیان بەیەکسانی بەسەر ماڵەکاندا دابەش کرد.
گوندەکە ساڵی یەکەم زۆر پێشکەوت. موختاری شارۆچکەکە و نوێنەری رەگەزنامە هاتن، ناوی یەک بەیەکیان تۆمار کردن و وێنەیان گرتن هەتا ناسنامەیان بۆ دەربکەن.
دوای ئەوە هاتووچۆی بازرگانیش لە نێوانیاندا دروست بوو. خەڵک بۆ پێستە و ئاڵوگۆڕکردن دەهاتن و ئەوانیش دەچوون بۆ شارۆچکەکە بۆ شت کڕین.
بەو جۆرە ڕۆژ بەڕۆژ گوندەکە دەکرایەوە و ڕوویەکی جوانی هەڵگرت. پێستەی ئاژەڵان زۆر بووبوون. زۆریان زۆر بەنرخ بوون هی ئاژەڵە دڕندەکان بوون. هەتا ئەوکاتەش خواردنیان گژوگیا و ماسی و هەنگوین و گۆشتی ئاژەڵان بوو.
ئەو ساڵە چەند منداڵێک لە دایک بوون. پلاتۆش بەهۆی نەخۆشیەوە مرد، لە سەر گردیک ناشتیان بو بەیەکەم گۆڕ

لە گوندەکەدا.
بەو شێوەیە گوندەکە دەکرایەوە.ساڵی دواتر زیاتر گەشەی کرد و چەند ماڵێکی تریش لەو ڕاکردووانەی گوندەکانی دەوروبەری گوندی ئاپۆلۆ، جێ پێی ئەوانیان هەڵگرت و هاتن. ئەوانیش باوەشیان بۆ کردنەوەو خانوویان لە گەڵدا دروست کردن.
دوای دو ساڵ پێنج ماڵی تریش لەو ڕەش پێستانە هەڵهاتن و گەیشتنە ناو گوندەکە، ئەوانیش دەستیان بە خانوو دروست کردن کرد، بەو پێیەیش ژمارەی ماڵەکان بەهۆی ژن و ژن خوازی و کۆچ کردن بۆ ناویەوە، بوون بەبیست و پێنج ماڵ.
ماڵەکان بەجوانی دروستکرابوون، دیوی دەرەوەیان هەمووی بەقوڕ سیواخ درابوون. لە دوورەوە وەک سەربازگایەکی نهێنی دیاریان دەدا، ژن و پیاو بەردەوام خەریکی کارکردن بوون تیایاندا. بەجۆرێک جوان دەردەکەوتن لە دوورەوە بریسکەیان دەدایەوە، ژنان بە گۆزە و تەنەکە ئاو تەشتە جلی شۆردراوەوە لە دەریاچەکە دەهاتنەوە، دڵیان بەو دیمەنە دەکرایەوە و وەک مۆسیقایەکی خەفە ببیستن لە بەر خۆیانەوە گۆرانیان دەوت.
دەریاچەکە ئاوێکی پاک و ڕوونی هەبوو، قەراغەکەی پڕ بو لە سەوزە گیاو بەردی تەنکی ساف و گەورە. ژنان جلە کانیان لە سەر دەشت و کاتی قاپ و قاچاغ شتنیش لە سەریان دادەنیشتن.
لە پڕ جەنگێکی ناوخۆیی دروست بوو، سوپای سووری بەرەی نارازی دەوڵەت شکان و هاتن لە گوندی مەرگەوە بەرەو شاخ و چیاکان بڕۆن، رانجی کوڕی جۆرجە ڕەش و

گەنجێکی تر بەناوی سۆپەرمان لە ڕاوبوون، چەکدارانی سوپای سوور ئەوەندە داخ لە دڵی شار و ئەو کوشتارە بوون لێیان کرابوو. تەقەیان لێ کردبوون، ئەوانیش ڕایان کردبوو، هەردووکیانیان کوشت بوون.

جۆرجە ڕەش بەکۆستی کوژرانی کوڕەکەیەوە پشتی شکا، ساڵێک لە وەوبەریش کچە بچووکەکەی بەنەخۆشی مردبوو. خۆی و هیندستانی کچی پلاری مابوونەوە.

ساڵی حەوتەم گوندەکە زۆر پێشکەوت، زۆر لە پیاوانیان دەچوون بۆ شارۆچکەکە تێکەڵاوی خەڵکیان دەکرد و چاوکراوە بووبوون. خانووەکانیشیان گۆڕی، چیمەنتۆ و بلۆک و لمیان لە شارۆچکەکە دەهێناو خانووی باشیان تیادا دروست دەکرد.

بەو جۆرە بو بەگوندێکی ئاوەدانی پێشکەوتوو، بەگوندی کۆتایی جیهان ناوبانگی دەرکرد.

لە سەرەتای زستانی دەهەمین ساڵدا. تۆفانێکی گەردوونی هەڵی کرد و لە ماوەی چەند چرکەیەکدا وەک بەفر بەو تۆفانەوە توانەوە و هیچ شوێنەوارێکیان لە دوای خۆیانەوە بەجێ نەهێشت.

ئێمە لە سەر هەسارەکەوە لە ناو تەنە فەزاییەکەدا بووین، ئەو مێژووەمان بەراورد دەکرد، ژیریی دەستکرد دوا وێنەی قوڕو لیتە و پاشماوەی گوندەکەی شتەوە و کردی بەدیمەنێکی دیکۆمێنتاری مێژوویی، کامێراکەش بەردەوام وێنەکانی دەهێنایەوە.

ئەوان لە سەر هەسارەکەوە لە ناو تەنە فەزاییەکەدا بەوردی چاودێری زەویان دەکرد. ژیریی دەستکردیش وێنەی ڕووداوەکانی دەهێنا و لە گەڵ جیاکردنەوە و ڕێکخستنەوەی بەشەکانیدا ڕۆمانەکەی ڕێک دەخست. پڕۆفیسۆر ئۆڕاپلاندیش توێژینەوەی لە سەر دابەزینی تەنە فەزاییەکە دەکرد و بڕیاری دا هەر لە گوندی دۆلفیندا لە جێگەیەکی دوور تر لە جێگەی جارانیان بنیشێتەوە. گرنگی ئەو دۆزینەوەی نهێنی کۆتایی جیهان بوو، لە مێژەوە چاودێری ئەو جێگەیەی دەکرد. ئەو گوندە لە پلانی ئەودا نهێنیەکانی جیهانی تیادا گرێ درابوو، تایبەت نزیکی لە سێ گۆشەی بەرمۆداوە، لە م گەشتەشدا ئامانجی سەرەکی ئەوە بوو، نەخشەو پلانی هەسارەکەی تیادا جێبەجێ بکرێت. ئەو هۆکارانەش خستبوویانە سەر ئەو ڕایەی بەخاڵی گرنگی ئەفسانە و سروشتی جیهانی دەزانی، زۆر جار جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە:

- سێ گۆشەی بەرمۆدا ناوکی جیهانە.

بەو مەبەستەشەوە دەیویست ئەو گرێ کوێرانە بکاتەوە، هاتبووە سەر ئەو باوەڕەی کۆتایی جیهان شێیە، زانایانی هەسارەکە مشتومڕیان لە سەر دەکرد، ئەویش ئەوەی سەلماند:

- پڕۆفیسۆری فیزیاییم ئۆڕاپلاند بۆبۆتۆ، لە ڕێی توێژینەوەکانمەوە ئەوەم بۆ سەلماوە گەردوون شێیە.

شیکردنەوەی گوندی دۆلفینیش کارەکانی بەرجەستە دەکرد،

کەوتبووە قوڵ بوونەوە لە سەر تیۆرەکەی، لە ڕێی دابەزینی تەنی فەزایی هەسارەی ڕۆژئاوایشەوە بۆ سەر زەوی گەیشتە سەر ئەو ڕایەی بەرزی و پانی نیە و گەردوون هێلکەییە، کۆمپیوتەرە کۆڕا بەرزەکەی بەڕوونی نهێنی وێنە و تیشکی کامێراکەی دەکردەوە، توانای زاڵ بوونی بەسەر هێڵی پەیوەندی بەسەر هەسارەکانەوە هەبوو.
لەو کاتەشدا لە سەر گوندی دۆلفین شی کردنەوەی دەکرد، کامێراکە چەند گرتەیەکی نیشان دا، هەواڵێکی وێنەیی ئەو فڕۆکە بێ فرۆکەوانانە بوون، بنکەی ئەتۆمی وڵاتێکیان خاپور کرد، ئەوە لە پەخشی تیڤیەکانی سەر زەویەوە نمایش دەکران، لە پڕ پەیوەندییەکان بە تەنە فەزاییەکەیانەوە پچڕان و کلیل و قفڵەکە دەهاتە سەر شاشەی کۆمپیوتەرەکەی پڕۆفیسۆر ئۆڕاپلاند.
ئەو دەیویست لە ڕێی نهێنی ئەو گوندەوە گەشە بەتیۆرەکەی بدات و مێژووەکەی بزانێت. ژیریی دەستکردیش گەڕایەوە بۆ پاشماوەو مێژووی گوندەکە.
***
گوندی دۆلفین هیچ ناونیشانێکی لە جوگرافیادا نەبوو، ئەوەی پاشماوەی دەخوێندەوە، لە ئاماری کامێراکەدا، مێژووی کۆتایی بوونی گوندێک بوو، مرۆڤی تیادا نەدەژیا.
هەڵکەوتەی جوگرافیشی ببووە مایەی بایەخ و چاو تێبڕینی هەسارەکان و سەر زەوی، هەموویان توێژینەوەیان لە سەر دەکرد. بۆ نیشتەجێ بوونیش ببووە هێڵی سوور، هیچ ئاوەدانیەکی تیادا نەبوو، چوار مانگ لە وەو بەر بۆ دووەم جار نغرۆ بووەوە، بەو هۆکارەشەوە بە دەریا لوش و

مەرگــەمووش و گێــژاو و کۆتــایی زەوی و خومخانــەی ون بــوون و فۆتــۆی ســڕینەوە ناســرابوو، ئــەوەی بــوو بــەهۆی ئــاوەدان کردنــەوەی بــەهۆی زەمــەن و جــەنگ و برســێتی و نەخۆشیەوە بوو، ئەوانیش لە چەند بنەماڵەیەک پێکهاتبوون.
کامێراکــەش گەڕایــەوە بــۆ دواوە، وێنــەکانی ڕابــردووی دەهێنایــەوە پــێش چــاو. وەک ئــەو ســاتەی یەکــەم خێــزان ئاوەدانیـان کـردەوە. بـەبێ بـوونی هیچ زانیاریـەک لـە سـەری، ئـەویش بنەماڵـەی بـافلۆف بـوون، لـە دوورگەکـانی شـالیرەوە هــاتبوون، بــەهۆی کارەســاتی جــەنگ و بڵاوبوونــەوەی نەخۆشــی ڕشــانەوە و تاعوونــەوە، خەڵکەکــەی ناوچەکــەیان چــۆڵ کــرد و هەریەکــەیان بەلایەکــدا ڕۆیشــتن، پــافلۆف و ژنەکەی و دوو کوڕ و کچێکی هاتن و تیایدا نیشـەجێ بوون و پێکەوە کەوتنە کار کردنی بەکۆمەڵی تیایدا.
بـافلۆف شـارەزایی لـە کـەوڵی ئاژەڵانـدا هـەبوو، بەتایبـەت شێر و پڵنـگ و ئاسـک، ئەوانـەش لـە هـەموو شتێک زیـاتر پارەیـان دەکـرد، ئــەو گونــدەش بــۆ ئــەو زۆر گرنــگ بــوو، بــەفر و بەستەڵۆک بـوو، ژیـان و بژێـوی تیـادا نـەبوو. ئـەوەی هـەبوو لــە نــاو زەریاکــەدا، بــەتریق و دۆلفــین و نەهــەنگ و ســەگی دەریایی بوون، لە سنووری گوندەکـەش دڕنـدە و ئـاژەڵان پەیـدا دەبـــوون. ئـــەویش بەئاســـانی ڕاوی ئاژەڵـــەکانی دەکـــرد. منداڵەکانیشی فێـر ببـوون بـە کۆمـەڵی دەچوونـە دەرەوە و چەند ئاژەڵێکیـان ڕاو دەکـرد، بـافلۆف کـەوڵی دەکـردن و بەلاشــەی دڕنـدەکان ئـاژەڵی تـری ڕاو دەکـرد، ئـەوانی تریشـی دادەنـا بـۆ خواردن، یان دەیـانکردن بەقاورمـە و هـەڵیان دەپڕۆسـکاندن و دەیـانکردنـە نـاو دیـزەو کەنـدوی تایبەتیـەوە و بـۆ ڕۆژانــی تـر

هەڵیان دەگرتن. زۆربەی خواردنیان گۆشت بوو، جەستەیان پتەو و قەڵەو بوون. بافلۆف لە شارۆچکەی بەتریق بە بافلۆفە قەڵەو ناوبانگی دەرکردبوو، کاتێک پێستەکانی دەبرد بۆ فرۆشتن، کڕیار لێی کۆدەبوونەوە، دەیانزانی پێستەی چاک و گران بەها دەهێنێت، یەکسەر دەیفرۆشتن و بەپارەکەی کەل و پەل و پێویستی دەکڕی و دەگەڕایەوە بۆ گوندەکە.

پێستەکانی بافلۆف ناوبانگیان دەرکردبوو، پارەیەکی زۆریان دەکرد و وردە وردە پێیان دەوڵەمەند بوو، ماتۆڕسکلێکی کڕی بۆ شت بردن بۆ شارۆچکەکە و دو ئەسپیشی بەڕاو کردن گرتبوو، بۆ کارکردنی شاخ و ناو گوندەکە.

زۆر جاریش کوڕەکانی دەبرد لە گەڵ خۆیدا، بەهۆی هاتو چۆو مامەڵەوە دوای ماوەیەک سیناتۆری کوڕی حەزی لە ماریای کچی شەهرزادی بازرگانی پێستە کرد و هێنای، خانوویەکی تریان دروست کرد. یەلسنی گەنم فرۆشیش لە شارۆچکەی بەتریق هەموو پارەکانی لە دەست داو توشی شەڕ و ئاژاوە هات لە گەڵ خاوەن قەرزەکانیدا، ئەویش بەخۆی و منداڵەکانیەوە هات بۆ گوندەکە و بوون بەسێ ماڵ.

بافلۆف زۆری پێخۆش بوو گوندەکە ئاوەدان ببێتەوە، خۆی و منداڵەکانی هاوکاریان دەکردن و خانوویان لە گەڵدا دروست دەکردن، سەرەتا لە گەڵ خۆی بردی بۆ ڕاو، هەتا چەند بزن و مەڕێکیان گرت و ئەوانەی پێ بەخشی، جگە لە وەش کەوتە کشتوکاڵ کردن و پەتاتە چاندن و خزمەت کردنی دار مۆز، بەتەوراس لق و پۆپی خراپی لێدەکردنەوە، باڵندەیەکی زۆریشی گرت لە قاز و مراوی و مریشک و کەڵەشیر، توانیان بەفرۆشتنی هێلکە و ماست و مۆز و هەنگوین و

بەروبوومی تر خۆیان بژێنن.
یەلسن دوای زاو و زێی ئاژەڵەکان ژیانی زۆر باش بوو، گۆرگی کوڕیشی فێری ڕاوبوو، زۆر جار لە گەڵ کوڕەکانی بافلۆف دەچوون بۆ ڕاو، ئاژەڵێکیان دەدایە بۆ خواردن، ئەوانیش لە میوە و بەرهاتی خۆیان بەشیان دەدان، هەتا وایان لێهات وەک دو برا ڕەفتاریان دەکرد، دوای ماوەیەکیش گۆرگی کوڕی حەزی لە سەنگامی کچی بافلۆف کرد و گواستیەوە و بوون بەژن و مێرد.
شاییەکانیان زۆر خۆش بوون، هەتا ئەو کاتەش خەڵکی بەتریق نەیاندەوێرا بێن بۆ ئاهەنگەکانیان، ئەوانیش چەند ڕۆژێک بەر لە وە دەچوون لە شارۆچکەکە جل و بەرگ و خۆراکی شاییەکەیان دەکڕی و ڕۆژی ئاهەنگەکەش خۆیان سەمفۆنیایەکیان دەژەند و دەکەوتنە سەما کردن و چێشت و گۆشتیان لێ دەناو میوەیان دەخوارد. بەو شێوەیە بەردەوام دەبوون هەتا ئێوارە. دوای ئەوە بوک و زاوا دەچوونە ژوورەکەی خۆیانەوە.
جگە لە وە زاوزێش دەستی پێکرد، دوای حەفتەیەک دیماریای ژنی یەلسن کچێکی بوو، ناویان نا دەریا.
جەنگ قورسایی زۆری خستبووە سەر ئەو وڵاتە، بەهەزارەها کوژرا و و بریندار و دیلیان هەبوو، کارتێکەری ئابوری وڵات کاری کردبووە سەریان، هەژاری و نەخۆشی بڵاوببووەوە، کۆچ بۆ وڵاتان و جێگەی تر دەستی پێکردبوو، ئەو ناوچەیەش دوورە دەست و جێی بایەخ نەبوو، هەژاران لە تاوی نەبوونی لە شارۆچکەی بەتریق دەڕۆیشتن و چەند ماڵێکیشیان هاتن بۆ گوندی مەرگ.

یەکـــەم مـــاڵ کۆگـــان خـــۆی و ســـیناریۆ و مـــۆزیکی کچـــی و هۆتـۆی ژنـــی هـــاتن، ســـەرەتا خێوەتێکیـــان هەڵـــدا، بـــافلۆف و یەلسن خۆیـان و منداڵـەکانیان هاوکاریـان دەکـردن و خانوویـان لە گەڵیاندا دروست دەکردن.
چەنـد ڕۆژێـک داوی ئـەوانیش مەکسـیم خـۆی و ژنەکـەی و کـرس پـوری کـوڕی و کچـە بچووکەکـەی و چەنـد مـاڵێکی تـریش بـەهۆی کارەسـاتی جـەنگ و گرانـی و نەخۆشـیەوە هـەژار کـەوتبوون و خانووەکانیـان فرۆشـتبوو، ئـەوانیش هـاتن و لـە کۆتـایی جیهانـدا خانوویـان کـردەوە، کەوتنـە ڕاو کـردن و هێنانی نەهەنگ و فرۆشتنی ئاژەڵان.
هەتا ئەو کاتە هیچ پێشکەوتنێکی شارستانیان نـەبوو، جگـە لەو چەنـد خـانووەی زۆریـان بەپەلـە بـەقوڕ و بـەرد دروسـتیان کردبـوون. لـە گـەڵ زاو و زێ و خێـزان دروسـت کردنیشـدا پێویسـتیان بە خـانووی نـوێ هـەبوو، بـەهۆی هـاتووچۆی شـارۆچکەی بەتریقـەوە گـەچ و چیمـەنتۆیان دەهێنـا و خـەڵکی شـارۆچکەکەش ترسیان نـەمابوو، لـە هـاتن بـۆ نـاو گوندەکـە، وەسـتا و کرێکـار دەهـاتن و خانوویـان بـۆ دروسـت دەکـردن، کاشی و بۆیاخ و دەرگا و پەنجەرەی نوێیان بۆ دەهێنان.
بـەو شێوەیە هـەتا دەهـات خـانووی گـەورەتر و جوانتری تیـادا دەکرایـــەوە، هـــەتا لـــە دام و دەزگـــای میریـــەوە بڕیـــار درا بایـەخیان پـێ بـدرێت و زۆر لـە پسـپۆڕان بنێرنـە نـاوی بـۆ پشکنین و تاقی کردنەوەی زانستی.
دوای سـاڵێک گوندەکـە بـو بـەپانزە مـاڵ، سـێ بنەماڵـەی تـرش شـاروخ و کـاروخ و شـاولۆ لـە گونـدی تاعوونـە مەرگـەوە، بـەهۆکاری ئـەوەی نەخۆشـیەکی کوشـندە تیایدا بڵاوببـووەوە و

خەڵکەکەی بەکۆمەڵی دەمردن، بەناچاری بەجێیان هێشت و بەزنجیرە چیای ئۆسۆسۆدا هاتن و لێرەدا بارو بنەیان کردەوە.
وەرزی بەهاربوو، سەوزایی شاخەکەی داپۆشی بوو، ئەوانیش بەهۆی خواردنی گژو گیاوە ئەو نەخۆشیەیان پەڕاندبوو، ئەوەشی زیاتر بەسوود بوو بۆیان سیری تەڕبوو، بەخواردنی رشانەوە و هێڵنجیان پێی کەم بووەوە. بەهۆی ئەو رێگە ڕۆیشتن و ماندوێتیەیانەوە شاخەکەیان بڕی و نەخۆشیان بیر چوبووەوە، کاتێکیش گەیشتنە ناو گوندەکە بەجێگەیەکی گونجاویان زانی بەهۆی دووری تۆفان و وشکە سەرماوە دووربوو لە ئاوەدانی و بوونی ئاوی بەستەڵۆکەکەش نیمچە دەریاچەیەکی لێ دروست کردبوو، دەتواندرا ڕاوی ئاژەڵ بکەن و خواردن و خواردنەوەیان دەست بکەوێت. چەندە بیریان کردەوە لەو جێگەیە باشتریان دەست نەدەکەوت، بەناچاری کۆڵ و باریان تیادا خست و کردیانە جێگەی نیشتەجێ بوونیان.
کاروخ و شاروخ و شاولۆ لە گەڵ بافلۆفدا ریککەوتن و نەخشەی ناوچەکەیان کێشا و بەجێگەیەکی شیاویان زانی بۆ ژیانیان، دوو خەتیان لێدا و جێگە بەپیتەکانیان بەشکرد و خێمەیان تیادا هەڵدا.
ئەو خواردنانەشی پێیان بو لە گۆشتی ئاژەڵان، قاورمەو خواردنی تر، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لێیان خوارد، لە بەری ڕۆژهەڵاتیشەوە کەوتنە خانوو دروستکردن، بۆ بژێوی ژیانیشیان جارجار دەچوون بۆ ڕاو و هەوڵی بوژاندنەوەی درەخت و کشتوکاڵشیان دەدا. توانیان لە ماوەیەکدا ناوبانگ

بەگوندەکە دەربکەن. ئەوەی جێگەی داخ بوو لـە لایـان بـەهۆی مامەڵــەکردنی بــازاڕەوە زۆر چیرۆکــی ســەیریان دەربــارەی گونــدی مــەرگ زانــی، کەوتبوونــە مەترسـیـەوە، خیــزان و منداڵشیان دەیانزانی هەر ڕۆژ و ساتێک بێت تیایدا دەمرن و خۆیـان دابـووە دەسـت قـەدەر، بـەو هۆیانـەوە گوندەکـە زۆر چاودێری لە سەربوو، لە زەوی و فەزاوە ترسناکی بۆ هەموو لایەک لێدەردەکەوت.
کۆتـایی گوندەکـە ترسـناکیەکی ئەفسـانەیی هەبوو، وەکـو دەریـا لووشـێکی فیزیـایی هـەموو شـتێکی هەڵدەلووشـی، لـە فـەزاوە تەوژمی خول خلۆکەیی لێ دەردەکـەوت، هـەروەکو فـەزا وئـاو و هـەوا و خـاک و خـۆڵی گوندەکـە بووبێتنـە یـەک پێکهاتـە بۆ هەڵلووشـینی جیهــان. زۆر فڕۆکــە و مرۆڤــی پیــادە بــەرەو کۆتایەکـەی ڕۆیشـتبوون و نەگەڕابوونـەوە. جارێـک کـاروخ لە گەڵ پۆتینی کوڕی لە تاریکی کۆتـایی نزیـک کەوتبوونـەوە، بــەر لــە وە ســەری گوریسـێکیان بەدارێکــەوە بەســتبووەوە، کاروخ ئەوی تری لە پشت و بن باڵی بەستبوو، پۆتینیش توند گرتبـووی، هـەتا ئەگـەر کـێش کـرا بتوانێـت بیگێڕێتــەوە بـۆ دواوە، لەو کاتــەدا هێزێکــی سروشـتی بــەهێز رایکێشــابوو، کتـوپڕ بـەهاوارەوە گـەڕابووەوە بۆ دواوە و پـۆتین بەڕاکێشـان ڕزگـاری کردبـوو. خـەڵکی تـریش زۆر نزیـک ببوونــەوە و کـێش کرابـوون، زۆریـش هــەر نەگەڕابوونــەوە، چیرۆکــی خەڵکانی بزر لـە شـارۆچکەی بـەتریق زۆر بوون، هەموویان لـە سـەر زمـان و لاپـەڕە دەگێڕدرانـەوە، گونـدی مـەرگ ببـووە پەند بۆیان و لێی نزیـک نەدەکەوتنەوە.
خەڵکـە تازەکـەش ئـەوەیان بیسـتبوو، وەک ئەفسـانە سـەیریان

دەکـرد، لــە گــەڵ بارودۆخەکەشـیدا ڕاهـاتبوون، دەیانویسـت گوندەکە پەرە پێبدەن.
سـەرەتا سـودیان لەو ئاژەڵانــە وەرگـرت پێیـان بـوو، بەوانـە ئاژەڵــداریان دەکـــرد و بـــەردەوامیش خۆیـــان و نـــەوەیان بەچیاکاندا دەگەڕان و ئەو ئاژەڵە کێویانەشی دەهاتنـە خـوارەوە بۆ ئاو خواردنـەوە دەیـانگرتن. زۆر شـارەزای نانـەوەی تەڵـە و فاقــەو بەشــەوارە خسـتنیان بـوون لــە ڕۆژ و شــەودا، پــاش ماوەیەکی کەم ژمارەی ئاژەڵـەکانیان زۆر بوون و کەوتنـە زاو و زێ. بوژاندنــەوەی ئــەو درەختانەشـی تیایـدابوو، سـوودمەند بـوون بۆیــان، بـۆ پێویسـتیەکانی قــاوە و شــەکر و بـرنج و شـتەکانی ڕۆژانــەش لێیـان دەبـردن بـۆ شـارۆچکەی بـەتریق دەیانفرۆشـتن. دوای ماوەیـەک جێبـی سـەر بـەتاڵ و پیکـاب دەهــاتن و مامەڵــە و ئــاڵ و گـۆڕ و کـڕین و فرۆشـتنیانیان دەکرد.
کـاروخ و شـاروخ دو مامۆسـتای شـارەزابوون لـە بازرگانیـدا، توانیان زۆربەی کڕین و فرۆشتنی بەروبوومـەکان بخەنـە ژێر دەسـتی خۆیانــەوە و دەوڵەمەنـد بـبن. دوو ئۆتۆمـۆبیلی جێبـی لاندرۆڤەریشـیان کـڕی، بـەردەوام هۆڕینی خۆڕاییـان لێـدەدا و بەکۆڵانەکانــدا دەســوڕانەوە، ســەیری ئاوێنــەیان دەکـــرد و ئیسـتۆپی کتوپڕیـــان دەگـــرت، تونـــد پێیـــان دەخســتە ســـەر ســکلێتەری بەنزینەکــە، ژن و پیــاویش ســەیریان دەکــردن و منداڵانیش دوایان دەکەوتن.
ماوەی چەند هەفتەیەک گوندەکە سەرقاڵی ئەو دو جێپە بوون، زۆرجـار دەچـوون بـۆ شـارۆچکەکە و دەگەڕانـەوە، سـەموونی شاریان دەهێنا و بەسەر گوندەکەدا دابەشیان دەکرد.

خەڵکیش لە زۆر ناوچەوە بۆ گەشتیاری بۆی دەهاتن، دو گازینۆشی تیادا کرانەوە، نێرگیلە و مەیان تیادا دەفرۆشت، بۆ میوانانی بیانی گرنگ بوون بەردەوام سەردانیان دەکرد، هەتا وای لێهات وەک جێگەیەکی گەشتیاری سەیر دەکرا، کەس نەبوو تیایدا بێکار بێت، لە دام و دەزگای میریشەوە بڕیار درا بایەخیان پێ بدرێت و زۆر لە پسپۆڕان بنێرنە ناوی بۆ پشکنین و تاقی کردنەوەی زانستی.

دۆلفینی سەرۆکی شارەوانی بەتریق بەمەبەستی سەردانیان هات و بەچکە ئاسکێکیان پێ بەخشی، ئەویش پەیمانی پێدان هاوکاریان بکات، هەر بەگەڕانەوەی لیژنەی ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و ڕێگەو بانی ناردە گوندەکە، لە ماوەیەکی کەمدا نەخشەی ئەندازیاریان بۆ کێشا و بۆ دروست کردنی شەقام و ڕووبەری خانووەکان. دوایی ئاو و کارەباشیان بۆ راکێشان، منداڵ و ژن و پیاو و پیر ناوی دۆلفینیان لە سەر زمان بوو، بەناوی ئەوەوە گوندەکەیان ناونا دۆلفین.

گوندی دۆلفین بو بەمایەی چاو تێبڕین و هاتووچۆی ناوچەکە، شارۆچکەی بەتریق بۆ شت کڕین و فرۆشتن دەهاتنە ناوی، باری کشتوکاڵیشیان گەشەی کرد، دار مۆز و مەرەزەی برنج و پەتاتە و پیاز و تەماتە هاتنەبەر و شیرەمەنی ئاژەڵەکانیش بۆ شارۆچکەی بەتریق دەبران، زاوزێیش لە ناو خێزانەکاندا پەرەی دەسەند.

هابیل کورە گەورەی شاروخ هیمالایای کچی کاروخی هێنا، هەردووکیان تەمەنیان پانزە ساڵان بوو، لە ڕۆژێکی هەور و هەتاودا لە ژێر پریشکی شێداری ڕۆژەوە زەماوەندیان کرد، هیمالایا دەسماڵێکی حەریری پرتەقاڵی بەسەر کراسە

هیندیەکەیدا پۆشی بوو، جادووی هەموو زەمەنەکانی بەرەنگە ئاڵتوونیە گەنم رەنگیەکەیەوە زیندوو دەکردەوە، وەک کافرۆشی فەزایی بەشێیەکی نەبینەوە فەزای پۆشی بوو، کچان حەزیان لە شوو دەکرد، کوڕانیش بۆ ژن هێنان سوێیان دەبووەوە، زۆریان دەست و پەنجەی یەکتریان دەگوشی، یان بەکلە ی چاو لە یەکتریان دەڕوانی. زۆریش لە مەیخانەکە شەرابیان دەخواردەوە و سەرمەستانە عیشقیان دەکرد و دەست و مەمکی یەکتریان دەگوشی.

دوانیش بەسەر مەستی چوبوونە کەلاوەی ئەودیوی مەیخانەکەوە و بەسەر یەکتریدا تلیسابوونەوە، ئەوانیش رایس و ئەندێرا بوون.

لە وساتەشدا بەجۆرێک بەیەکەوە تێکەڵ ببوون، وەک یەک جەستەیان دەنواند، دوا جار لە یەک ترازان و جیابوونەوە، کچەکەش سەر و قژی رێک کردەوە، لە وکاتەی دەستی یەکیان گرت، هەتا بگەڕێنەوە رایس بەپەشۆکاویەوە نیەتی خۆی بۆ دەربڕی:

- ئەندێرا دەمەوێت ببینە هاوسەر.

ئەندێرا هیچی نەوت، ئەویش سەیری کردەوە:

- ها وتت چی؟! حەزت لە هاوسەرگیری نیە؟.

- زۆر حەزم لە هاوسەرگیرییە، دڵنیام تۆ بەراستت نیە.

رایس بەو قسەیەوە بیرێکی کردەوە:

- ئەندێرا خەڵکی هەمووی داوێن پیسیان کردووە، هەموومان گوناهمان هەیە، تۆیش کچە هەژاریت، فێری ئەم مەیخانەیە بوویت، نامەوێت لە مەودوا لە گەڵ کەسدا بخۆیتەوە. کێ هەیە لە م گوندەدا گوناهی نەکردبێت؟ بەڵام تۆ مەیکە کچێکی

بێ باوکیت.
بەو قسانەوە هاتنەوە بۆ ناو شاییەکە، دایکی ئەندێرا هات بەرەو ڕوویان، هەردووکیانی ماچ کرد، ئەندێرا وتی:
- دایکە، شادڵ گیان، لە گەڵ رایس زەماوەند دەکەین.
رایس بەباوەڕ بەخۆبوونەوە ئەندێرای ماچ کرد:
- ئەندێرا بڕیاری داوە دەبێت بە هاوسەری من، چوونی بۆ مەیخانە کۆتایی هات.
ئەندێرا ماچی کردەوە:
- کۆتایی هات و تەواوبوو.
شادڵ زۆر بەختیار بوو، ئەو کاتەی مێردەکەی مرد، دوا راسپاردەی ئەندێرا بوو، بەر لە گیان دەرچوونیشی پەنجەی بۆ راکێشاو بەدڵی پڕەوە گیانی دا.
شادڵ لە دوای پرسەکەی ویستی راسپاردەی مێردەکەی بەجێ بهێنێت و کچەکەی گەورە بکات و بیداتە کەسێکی باش، ئەوەی لە دوای ئەو بۆی بەجێ مابوو ئەو دوو ژوورە بوو تیایدا دەژیان، لە گەڵ بڕە پارەیەکی کەمدا، بەشی چەند ڕۆژێکی کرد، ناچار بوو کەوتە کارکردن لە ناو کێڵگەکاندا.
لە پڕ تووشی نەخۆشییەکی ترسناک هات، ماوەیەکی زۆر لە ژێر جێگەدا کەوت، خەریک بوو بمرێت، ئەندێرا بردی بۆ نەخۆشخانەی شارۆچکەکە و سێ ڕۆژ خەوێندرا، ئەوکاتە هاتەوە سەرخۆی و چارەسەریان وەرگرت و گەڕانەوە بۆ گوندەکە.
دوای ئەو نەخۆشیە شادڵ توانای کاری نەما و بێ پارە بوون، ئەندێرا دەهاتە دەرەوە و فێری مەیخانەکە ببوو، یەکەم جاریش لە گەڵ کوڕێکی شارۆچکەکە ڕوویان بوو بەڕووی

یەکتریەوە، کوڕەکە خۆی پێناساند:
- من ناوم کارسۆیە، لە خەستەخانەی شارۆچکەکە تۆم دیوە و عاشقت بووم، کاتێک لە گەڵ دایکت دەگەڕانەوە هەتا لای گەراژەکە دواتان کەوتم، ناویشت ئەندێرایە.
بەو قسەیەوە لێی هاتە پێشەوە، ئەویش خۆی لێ نزیک کردەوە، کارسۆ زۆر بەتاسووقەوە سەرنجی دەدا، قژە لوولە کەی، چاوە ڕەشە بچووکەکانی، پێستە گەنم ڕەنگە ئاڵتوونیەکەی، ڕوخسارە پڕە گەشەدارەکەی بەسەر باڵایەکی مام ناوەنجی بەخۆدا دەیڕوانی، وەک نەزمی مۆسیقایەکی بلێسە دار گڕی لە دەروون بەردەدا.
ساتێک بەو حەز و عیشقەوە لێی ڕوانی، ئەویش تیشکی چاوەکانی تێ بڕیبوو، ئەسمەرێکی ئاڵتوونی قژ پڕ، دەم و چاو کراوە، ددانی سپی و وردیلە ، لە گەڵ زەردەخەنەکانیدا وەک سەدەف دەردەکەوتن، بە باڵا کورتەکەیەوە وەک پەیکەرێکی جووڵەدار دیاریان دەدا.
لەو ساتەشدا بەشێوەیەک لە یەکیان دەڕوانی هەناسەیان دەچووە ناو دەمی یەکتریەوە، کارسۆ خۆی پێ ڕانەگیرا بەدەم زەردەخەنەیەکەوە ماچێکی خەیاڵی ڕووبەڕووی کرد، وەک ئەژدیهایەک بەچکەیەک قوت بدات، ئەویش ڕۆحی بۆ کردەوە. لە پڕ کارسۆ دەستی گرت و دەمی خستە ناو دەمیەوە، تێر مژی، مژینێک ئەندێرا لە خۆشیدا هەردوو دەستی خستە ناو قژی ئەوەوە.
ساتێک یەکتریان ڕاموسناند، ناو دەمی یەکتریان هەڵمژی، پاشان دەستیان بەسەر و قژیاندا هێنا و جلە کانیان ڕێکخستەوە، دوایی چون بۆ مەیخانەکە و دانیشتن.

چەند جارێکی تریش لە گەڵ گەنج و پیردا دادەنیشت، بڕە پارەیەکی وەردەگرت و دەیبردەوە بۆ دایکی، ئەویش دەیزانی چۆنی پەیدا دەکات قسەی نەدەکرد، لە دڵەوە بڕیاری دابوو هەر کاتێک چاک ببێتەوە ئەو گوندە بەجێ بهێڵن و بچێتەوە بۆ جێگەی باب و باپیری و لە وێ کچەکەی بەشو بدات.

***

ئەوان لە سەر هەسارەکەوە، لە ناو تەنە فەزاییەکەدا لە چاوەکانی کامێراکەوە ئەو مێژووەیان دەهێنایەوەو ژێریی دەستکردیش تۆماری دەکرد. بۆ مێژووی رەچەڵەکی ئەو بنەماڵەیە گەڕایەوە بۆ دواوە و راپۆرتەکانی لە ئەرشیفەوە هێنایەوە.

ئەوان یەکێک بوون لەو بنەماڵانەی لە گوندی تاعوونەوە هاتبوون، لەو کاتەی شادڵ لە گەڵ رۆجێر هاوسەرگیریان کرد، تەنها پێنج ساڵ لەو گوندەدا ژیان، ئەوەیش کارەساتێکی گەورە بوو، بۆ کەس و کاری شادڵ، هیچ کەسێک نەیدەوێرا بەڕاڕەویش بەلای ئەو گوندەدا بڕوات، نەک کچ تیایدا بەشو بدات. بەهۆی ئەوەی نەخۆشیەکی کوشندە تیایدا بڵاوببووەوە.

کێشەی شادڵ عیشقێکی مەزن بوو، هیچ چارەسەرێکی بۆ نەبوو، بۆ یەکەم جار، کوڕێکی لادێی قۆز، چاو و برۆ ڕەش، ئەسمەرێکی گەش، باڵا بەرز و ڕێک ئەندام، ددانی وردیلەو سپی، لە گەڵ گەشانەوەی لێویدا وەکو تیشکی سەدەفی ناو ئاو تیشکیان بەسەر تەپو تۆزی نیشتووی سەر پێستە گەنم رەنگیەکەی و جلە کۆنەکانیدا دەدایەوە، بەو شەکەتیەش هاتە ناو حەوشەی قوتابخانەی ئامادەیی شالیر.

شادڵ بۆ یەکەم جار بەبینینی کوڕێکی جل شێواو چڵکن

عاشق بوو، کتوپڕ بەبینینی تەزویەک بەجەستەیدا هات، لە پشوی دووەمدا خۆی لێ نزیک کردەوە و لە گەڵیدا کەوتە قسە، وەک بروسکە خرۆشیان بەخوێنی یەکتریدا دەهێنا و بناغەی عیشقێکی مەزنیان پێکەوە نا.
رۆجێر کوڕی پیاوێکی هەژار بوو، پارەی ڕۆژانەی پێ نەبوو، باوکی تانجیەکی باشی بۆ فرۆشت هەتا پاسکیلێکی بۆ کڕی، ڕۆژانە پێی دەهات و پێی دەگەڕایەوە بۆ گوندەکە.
شادڵیش کچی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بوو، ڕۆژانە پارەی زۆری دەبرد و لە فەو پسکیت و بیبسی بۆ دەکڕی، زۆر جار کاڵا و بەرگی بۆ دەهێنا، هەتا دوای ماوەیەک لە کارگەی چنینی باوکی کاری بۆ دۆزیەوە، دوای قوتابخانە دەچوو کاری دەکرد، زۆربەی شەوانیش لە گەڵیدا دەهاتە دەرەوە، لە ژێر تیشکی گڵۆپی عامودی سەر شەقامەکانەوە دادەنیشتن و لە عیشقی یەکتریدا دەتوانەوە و یاری ڕۆحیان دەکرد.
ئەو عیشقە هەردووکیانی توشی گیانفیدایی کردبوو بۆ یەکتری، پێکەوە هەوڵیان دەدا، هەتا رۆجێر پارەیەکی باشی پێکەوە نا، باوکیشی لە گوندەکە دووکانێکی بچووکی کردەوە و وازی لە ڕاو هێنا، هەر شەش تانجی و ئەسپەکەی و هەموو کەل و پەلێکی ڕاوی فرۆشت و کردنی بەدەستمایە و کەوتە کاسبی کردن پێیانەوە.
دوای دوو ساڵ بەهۆی جەنگی ناوخۆوە قوتابخانە داخرا، بۆش گەڕایەوە بۆ گوندەکەی و داوای شادڵی کرد. پاش هەوڵێکی زۆر کەس و کاری بەناچاری لە سەر پێداگری شادڵ رازی بوون.
پێنج ساڵ لەو دۆزەخەدا پێکەوە بە عیشق بەهەشتێکیان

سازاندبوو، هەتا جەنگی ناوخۆ پەرەی سەند، ئەو گوندەش بوو بە گۆڕەپانی شەڕ و خەڵکێکی زۆر بوون بەقوربانی، دایک و باوک و خوشکێکی رۆجێر بەتەقینەوەی گوللە تۆپێک کوژران. ئەوانیش خۆیان پێچایەوە هەتا گوندەکە بەجێ بهێڵن. رێگەی شارۆچکەی شالیر بەهۆی جەنگەوە داخرابوو، بەناچاری بەرەو گوندی مەرگ هاتن.
لەو کاتەشدا شادڵ بیری لە وە دەکردەوە بچێتەوە لای باوک و براکانی، هەتا ئەندێراش بەدڵی خۆی بەشوو بدات. کاتێکیش لە گەڵ رایس ئەو بڕیارەیان دا پێی وت:
- رایس من بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندم هەیە، لە شارۆچکەی شالیر دەمەوێت بچمەوە بۆ ئەوێ، ئەگەر بڕیار دەدەیت لە گەڵمان بێیت زۆر باشە، رازیم ئەندێرا شوو بەتۆ بکات.
رایس کوڕی شاولۆ بوو، یەکێک بوون لەو بنەماڵانەی لە ناو گوندی مەرگدا دەژیان و بژێویان لە سەر ڕاو و شکار بوو، پیشەی شاولۆ ڕاوی ئاژەڵان بوو، کچێکیشی هەبوو لە گەڵ خۆی فێری ڕاوی کردبوو، وەک ئاسک بەسەر بەفردا دەڕۆیشت، ئەوەندە دوور دەکەوتەوە شاولۆ بانگی دەکرد:
- وەرە نەیزەک نەوەک گورگ و بەراز بتخۆن.
ئەو هەر دوور دەکەوتەوە، ترس لە ناو چاویدا نەبوو، لە گەڵ تانجیەکانیشدا هاوڕێیەتی خۆش بوو، چاودێریان دەکرد، ئەویش خلێسکێنەکەی لە قاچدا بوو، توشی مەترسی ببوایە خۆی دەگەیاندەوە باوکی، رایسیش هیچ حەزێکی بەڕاو نەبوو، لاوێکی خوێن گەرم بوو، حەزی بەدڵداری بوو، هەمیشە لە گەڵ کچاندا تێکەڵاوی دەکرد.
لەو ماوەیەشدا شاولۆ لە پیریدا توانای ڕاوی نەمابوو، بەو

هۆیەوە هەرچیان هەبوو ڕۆژانە دەیانخوارد و هەژار کەوتبوون، دایکیشی خەریکی دێبەرە تەماتە و بیبەر و ئەو سەوزەواتانە بوو لە کێڵگەیەکی تەنیشتماڵی خۆیاندا بەرهەمی دەهێنان، لە گەڵ نەیزەکی کچە بچووکەکەیدا بەیانی هەتا ئێوارە کاریان تیادا دەکرد، هەتا بژێوی ژیانیان دابین بکەن، رایسیش جار جارە کریکاری لە ناو کێڵگەکاندا دەکرد پارەکەی بەشی مەیخانەو جگەرە و پێداویستی خۆی نەدەکرد، ئەوەشی دەزانی ئەندێرا ماڵە باپیری دەوڵەمەندە و دەیویست لە گەڵی بچێتەوە بۆ شارۆچکەی شالیر، دایک و باوک و خوشکەکەشی لەو مەرگە ڕزگار بکات.
هەر سێکیان بەو قسانەوە سەر قاڵ ببوون، کاتێکیش شاییەکە تەواو بو پێکەوە. چونەوە بۆ ماڵەوە، بڕیاریان دا، بڕۆنەوە بۆ شارۆچکەی شالیر لە وێ رایس و ئەندێرا زەماوەند بکەن.
ئەوان لە سەر هەسارەکەوە لە ناو تەنە فەزاییەکەدابوون، لە چاوەکانی کامێراکەوە ئەو میژوەیان تۆمار دەکرد و ژیریی دەست کردیش دەیخستە سەر بەشی ڕۆمانەکە.

ئـەوان لــە نــاو تەنــە فەزاییەکــەوە لــە ســەر هەســارەکەوە لــە چاوەکــانی کامێراکــەوە ســەرنجیان دەدا و توێژینــەوەیان لــە ســەر گوندەکــە دەکــرد. ژیریــی دەســتکردیش وێنــەکانی لـە بەشـی ڕۆمانەکـەدا پـاش و پـێش دەکـرد و دەگەڕایـەوە بـۆ مێـژووی گوندەکـە، تیشـکی سـەرنجیان لـە سـەر جـۆرج بـوو، ئــەویش فــوی بەموروووەکانــدا دەکــردەوە، هــەموو پێگــە ئەلیکترۆنیــەکان و کۆمپیوتــەرەکانی هــەردوو هەســارەکەی وەستاند، تەنـە فەزاییـەکان وەک بـۆق لـە نـاو قـەوزەی خۆیانـدا خۆیــان دەخــواردەوە، هــەموو پەیوەندیــە تەلــە فۆنیەکانیشــی پچڕاند.
لەو ساتەدا وزەیەکی ناکاتەی فیزیایی دروست بـوو، بوونـەوەر و مــرۆڤ هــەموویان ترســی کۆتــایی بــوون گرتبوونیــەوەو گــەردوونیش بــەبای ئەزەلیــەوە دەلــە رزی، وەک چارەنوســی گیـان لـە بـەران بەتەلیسـمێکی ئەفسوناویەوە لـە سـەر مێـژووی گوندێکدا وەستابێتەوە.
ئـەوان ئـەو چیرۆکـەیان بـەراورد دەکـرد، لـە مێـژووی دووەم جاری ئاوەدان کردنـەوەی گونـدی کۆتاییدا، سـی و چـوار سـاڵ لـە وەوبـەر، پـاش خامۆشـیەکی زۆر لـە چیـاو گردۆڵکـەو شـیو دۆڵیدا، بۆ یەکەم جار جووڵەی مرۆڤـی تـێ کـەوتبووەوەو سـەر لە نوی ژیان تیایدا دەستی پێ کردبووەوە.
ئـەوە نیشـانەی بـەردەوامی ژیـان بـوو، ئـەو گونـدەی شوناسـی مەرگ و کۆتایی بوونـی هـەڵگرتبوو، جـارێکی تـریش ئـاوەدان کرایــــەوە، بــــەو هۆیەشــــەوە کەوتــــەوە ژێــــر چــــاودێری

لە ناوچەکەدا.
گوندەکەش بەردەوام بەڕوی ناوچەکەدا دەکرایەوەو ئەو کۆمەڵەی تیایدا دەژیان وەک مێرولە کاریان تیادا دەکرد و گەشەیان پێ دەدا، دوای ئەو پێشکەوتن و ڕەوینەوەی ترس و گومانانە. لەو چەند ساڵەدا منداڵانیش بۆ خوێندن دەچوون بۆ شارۆچکەکە، ڕێگەی وشکانی بۆیان زەحمەت بوو، ئەو بەلەمە شکاوەیان چاک کردەوە، کەس نەیدەزانی لە چی زەمەنێکەوە ماوەتەوەو شوێنەواری کێیە؟ لە ڕێی ئاوەوە دەگەیشتنە نزیکی قوتابخانەکەو دوایش پێی دەهاتنەوە بۆ گوندەکە.
هەر لە شارۆچکەکەش دەر دەچوون، وا ڕاهاتبوون بەنۆرە سەولیان لێ دەدا و لە ناو ئاوەکەدا گۆرانیان دەوت، سەمایەکیان دەکرد لە گەڵ شێی دەریاچەکەدا دەگونجا، وەک لە سروشتەوە دروست بوبێت. کاتێکیش دەگەیشتنەوە ناو گوندەکە باوک و دایکیان لە قەراغ ئاوەکەوە چاوەڕوانیان دەکردن و لە باوەشیان دەگرتن و ماچیان دەکردن .
ئەو بەلەمە وەک چەرخ و فەلەکێکی شاری یاری بو بۆ گوندەکە، هەتا ڕۆژێک بو بە تابووت و کچێک لە سەری کەوتە خوارەوە و خنکا، هەرچی سەرنشینەکانی بوون خوێندکارە منداڵەکان بوون و هیچیان مەلە وانیان نەدەزانی هەتا ڕزگاری بکەن.
بەر لە وەی بگەنەوە ناو گوندەکە، هەموویان بەیەک دەنگ هاواریان دەکرد:
- سیناریۆ خنکا فریای بکەون.
بەو هەواڵەوە پیاوەکان بەپەلە رایان کرد، کاتێک دۆزیانەوەو

دەریانهێنایەوە، گیانی دەرچووبوو، جەستەی بەئاو ئاوسابوو. کەسیان هیچیان بۆ نەکرا، جگە لە وەی گریانێکی بەکوڵ هەموویانی گرتەوە.
دوای ئەوە خوێندکارەکان هەموو سوێندیان خوارد، دوای مردنی سیناریۆ کەسیان سواری ئەو بەلەمە نەبێتەوە، پیاوانیش بەلەمەکەیان شکاند.
دوای چەند ساڵێک بو بەگوندێکی گەورە، مەترسیشی لە سەر رەوییبووەوەو لە هەموو کارەساتێکی جەنگیشەوە دووربوو. لەو کاتەی ئاوەدان کرابووەوە هیچ ڕووداوێکی سروشتی تیایدا ڕووی نەدابووەوە، ئەوەی گومانی خستبووە ناویانەوە دیار نەمان و گەڕانەوەی چەند جارەی جۆرج و ژیانە ئەفسانەییەکەی بوون، ئەو بەوە ناسرابو پیشبینی ڕووداوەکان دەکات.
لەو ساتەشدا بەتەواوی ترسی خستبووە ناو دڵی خەڵکەکەوە، بەشێوەیەکی ترسناک ڕێگەی دەبڕی و لە بەر خۆیەوە دەدوا، خەڵک دەیانزانی قسە لە گەڵ نابینادا دەکات. کاتێک مور و موستیلە کانیشی هەڵڕشت، بەهەر نرخێک بوایە دەیفرۆشتن، وەک سوور لێی ڕوون بێت ژیان کۆتایی پێ دێت.
بەو شێوەیەش مامەڵەی دەکرد، لە موستیلە یەک ورد دەبووەوە، رەگێکی ڕەشی ئاوی هەبوو، دو ئەستێرەی زەرد و سپی تێدابوو، شمشێرێکی بچووک بەسەریاندا هاتبووەوە، وەک مانگی چواردە دولە تی کردبوون، ئەویش بەدیقەت سەیری ئەو نیشانانەی دەکرد، زۆر رەمڵی لە سەر دەگرتنەوە.
***

ئاکـــاری جـۆرج وا هەڵکــەوتبوو، هەمیشـــە لـــە لای خـــەڵک جیگـەی گومـان بـوو، هـەر کاتێـک لـە مـاڵ بهاتایەتـە دەرەوە، بەقفڵ دەرگاکەی دادەخست و دەهات بۆ نـاو چـەقی گوندەکـە، موسـتیلە کـانی دەهێنـا و دەیفرۆشـتن، کـوڕ و کـاڵ و پیـاو لێـی کۆدەبوونـەوە، زۆریش لـە ناوچـەکانی دەور و بـەرەوە دەهـاتن بۆ کڕینیان.
ئەو جارانەشی دەچوو بۆ شارۆچکەکە، بۆ کڕینـی موسـتیلە ی نـوێ، دوکانـدارەکان بـەوردی سـەرنجیان لـێ دەدا و مەترسـیان لێی هەبوو، دەیـانزانی هـەر مستیلە یـەکی ئاسـایی پـێ بفرۆشـن لای ئەو دەبێتە شتێکی ئەفسانەیی.
ئەوە ئەزمونی دوکاندارەکان بو لـە سـەری، زۆر جـار سـەیری ئەو مستیلە یەیان دەکردەوە بەویان فرۆشتبوو، لـە بـەر چاویـان دەگۆڕدرا.
لەو ساتەشدا جۆرج توشی سەرسامیەک هاتبوو، بـەوردی لەو موسـتیلە یـەی دەڕوانــی و لــە بــەر خۆیــەوە دەدوا و پیشــبینی لە سەر دەکرد:
- ئـەم موسـتیلە یـە زۆر نیشـانەی ترسـناکی تێدایـە، ئـەلیازەی جادوبـاز بـەخۆڕایی پێـی نەبەخشـیوم، جـادوی نـەزانڕاوی تـێ کــــردووە. نیشــــانەی نزیــــک بۆنــــەوەی کۆتــــایی بوونــــەوەر دەبەخشن.
لـە نـاخی خۆیـەوە ئـەوەی وت و بەپەشـۆکاویەوە ڕووی کـردە خەڵکەکە:
- ئـەم موسـتیلە یـە لـە ئێسـکی نەهـەنگی ئەفسـانەیی و ژەهـری ئـەژدیها دروسـت کـراوە، خڕاوەتــە نــاو قــوڕگی شـێرێکەوە نەیتوانیوە قوتی بدات، ناچار لە نـاو قوڕگیدا دەریهێناوەتـەوە و

فرێــی داوەتــەوە دەرەوە، لــە گــەڵ ئەوەشــدا کتــوپڕ گیــانی دەرچــووە، ئــەوەش هۆکــاری ئــەو جادووەیــە خڕاوەتــە نــاو موروووەکەوە.
ئــــەوەی وت، بەســــەمایەکی جادوبازیــــەوە موروووەکــــانی رادەوەشاند و موستیلە کەی نیشان دان:
- ئەمـە موسـتیلە ی مەرگـە، نقێمەکـەی مـوڕووی ئەفسـانەییە هەمیشــە مــەرگ و نغرۆبــوونی ناوچەیــەکی لــە خۆیــدا هەڵگرتووە.
خەڵک بەدیاریەوە دۆش دامابوون، لـە ترسـی مـەرگی شێرەکە کەس نەیدەوێرا لێی بکرێت، ئـەویش بـەرەمز پێشـهاتی مـەرگی خەڵکەکـەو گونـدی دۆلفینـی دەکێشـا، کـەس لێـی تێنەدەگەیشـت، هەرچۆن بو بەدەم لە رزەوە قسەکانی واژۆ کردەوە:
- ئـەم موستیلە یـە هـی بەختـە و سـەرفرازی، ئـەو شـێرە هـات بەو موستیلە یەوە خۆی بکـات بـەقوربانی هـەتا خواوەندەکـەیان نەمربێت.
بـەو قسـەیەیەوە خەڵکەکـە کـەمێک هـێمن بوونـەوەو کەوتنـە سەودا لـە گەڵیدا و ئـەویش بەکلـە ی چاوێکی ترسناک لـە وان و لـە جیهـانی دەڕوانـی، فـەزای گونـد و نـاوچەکـەی بەشـێواوی دەبینیەوە، گەواڵەی پەڵە هەورەکان لە هـەموو لایەکـەوە بـەرەو یەکگرتنــەوە دەهــاتن، ئــەویش هەســتی کــرد لەو کاتــەدا لـە نەبینیـەوە کەسێک وەستاوەو ئاماژەی نغرۆ بوونەکـەی بـۆ دەکێشا.
جۆرج لەو تارماییە نەبینەی بەرامبەریـەوە ئـەوەی لـە لا ڕوون بوو، لەو کاتەی دوای مردنی پۆپۆلۆ لـە هەسـارەکە گەڕایـەوە، ئــەو هەمیشــە وەک تارمــایی خــۆی نیشــان دەدا و پارێزگــاری

لێـدەکرد و بــەئاماژەوە پێشــهاتەکانی پــێ دەوتــەوە. کــاتێکیش دوای دو ســاڵ خـۆی پـێ ناسـاند، ڕۆژانـە دەهـات بـۆ لای و پێکەوە قسـەیان دەکرد، زۆر جـار لـە نـاو گوندەکـەدا لـە گەڵیدا دەگــەڕاو بــەدەم ڕێگــا ڕۆیشــتنەوە هــەر ورتــەیان دەهــات، بەجۆریک خەڵک زانیبویان جۆرج زۆر جار لـە بـەر خۆیـەوە قسە دەکات بەبێ ئەوەی کەسی تری لە گەڵدا بێت.
ئـەو کەسـە پلاپیتـۆ بـوو، لـە گەڵیـدا دەهـات، هـیچ کەسـێک نەیـدەبینی، هەمیشـە ڕووداوی نـاو گوندەکـەو گۆڕانکاریـەکانی پێ دەوتەوە، زۆر جار دەچوو بۆ ماڵەوە بۆ لای.
ئـەو ڕۆژەش تـەواو دڵنیـا بـو لـە وەی ئـەو گونـدە کۆتـایی پـێ دیت، بەپەلە چو بۆ لای، هەرچەندە جۆرج سـەرقاڵی مشت و مڕی فرۆشتنی مستیلە کانی بوو، بـەڵام ئـەو گـوێی بەوانـە نـەدا و چووە لایەوە و بەگوێچکەیدا چپاند:
- جۆرج خـۆت ئامـادە بکـە، ئـەوەی لـە کەشناسـی و زانینـی خۆمانەوە پێم وتراوە ئـەم گونـدە سبەینێ بەهەرەسێکی ئـەزەلی کۆتایی پـێ دێت، ئـەوەش نیشـانەی ئەوەیـە تـەنها چـوار مانـگ مـاوە بـۆ تـەواو بـوونی سـەد سـاڵی ژیانـەوەی پەیکـەری شـا شلْماشـی، هـەموو ژمـارەو مێـژوو پێشـبینیەکان وەک یـەکن، بەیانی دەبێت تۆ بفڕێنم و لەو کارەساتە دەربازت بکـەم، بڕۆ خۆت ئامادە بکە.
جـۆرج بـەبێ دوودڵـی جـەختی لـە سـەر قسـەکانی کـردەوەو بـاوەڕی پێکـرد، کـاتی خـۆی ئـەلیازە ئـەو قسـەو راسـپاردەی ئۆتۆشۆی پێ وتبوو.
لەو ساتەشـــدا ســـوور دەیزانـــی گوندەکـــەو جیهـــان گســـکی لێدەدرێت و کاول دەبێت.

بـەو کەشــە ئەفسانەیەشــەوە، چــاوێکی جــادویی بەخەڵکەکــەدا گێـڕا، وەک ئـەوەی بەراسـتی لـە دڵـی گـەڕابێت جـارێکی تـر کەسـیان نابینێتــەوە. بــەو سروشەشــەوە هــەموو مــورو و موسـتیلە کـانی فرۆشـت، جگـە لـە موسـتیلە ڕەشـەکە نـەبێت، ئـەوەی خستە پەنجەیـەوە، دەیزانـی کـاتی نغرۆبـوونی گوندەکـە دەبێت پێی بێت.

لــە وکاتەشــدا کــاروخ و شــاروخ بەجێیەکانیانــەوە هــاتن و لـە بەردەمیـدا وەسـتان، دو ئیسـتۆپی تونـدیان گـرت. خەڵکەکـە هەموویان داچڵەکین، ئـەوانیش خۆیـان تێـک نـەدا و دابـەزین و بەدوگمـەی مۆبایلـە کانیانـەوە خۆیـان سـەرقاڵ کردبـوو. بـەو سەرقاڵیەوە لێی هاتنە پێشەوە:

- جۆرج مستیلە ی بەخت چیت پێیە؟

جــۆرج بەغەمناکیــەوە پەنجــەی بــۆ کوڕێــک راکێشــا لە تەنیشتیەوە دانیشتبو:

- هەر ئەو موستیلە پاشگرە بو بەکرس بورم فرۆشت.

کــاروخ ســەیری کــرد و نیشــانی شــاروخی دا، هــەردووکیان بەقوڵی سەیریان کرد:

- جوانە کرس بور مەیفەوتێنە.

کـرس بـور کـوڕی مەکسیمی کورتـان دروو بـوو، ناڵبـەندیشـی دەکرد، ناچار بو لە گوندی دۆلفین خـەریکی ڕاو و ئاژەڵداری و پێسـتە فرۆشـتن بێـت. مۆسـکۆی ژنیشـی لــە کارەکانیـدا هاوکـاری دەکـرد و دەسـت ڕەنگین بـوو، پیشـەکانی ئـەو فێـر ببوو، گورج و گۆڵ بـوو، قـاچی وڵاخـەکانی بـەرز دەکـردەوەو بــەگاز بزمارەکــانی رادەکێشــان و ناڵــەکانیانی فــڕێ دەداو بەچەقۆ تیژەکە زیادەی دەست و قاچیانی دەبڕی و نـاڵی تـازەی

بۆ دادەنـان و بزمـاری پیـادا دادەکوتینـەوە. لـە کورتـان دروشـدا لە مەکسیم جوانتری دەدووری.
لــە گونــدی دۆلفینــیش تــەواو فێــری ڕاو و کــەوڵ کردنــی گیانداران ببوو، هاوشـانی مێردەکـەی کـاری دەکـرد، کـاتێکیش بەساوسـالۆوە سـکی بـوو، هـەر خـۆی مانـدو دەکـرد، دوای لە دایک بوونیشی تەنیا دە ڕۆژ لـە ماڵـەوە مایـەوە، دوای ئـەوە ساوسـالۆی کـۆڵ دەکـرد و بەچارەکەیـەک تونـد لـە پشـتیەوە دەیهێنایـەوەو لـە سـەر نـاوکی گرێـی دەدا. پاشـان بەشـاخەکەدا سـەردەکەوت و لـە گـەڵ مێردەکەیـدا ڕاوی دەکـرد. کـرس پوریش گـەنجێکی لـوت بـەرز و کـاڵ فـام بـوو، هیچ کـارێکی نـەدەکرد و حـەزی لـە پەیوەنـدی بـو لـە گـەڵ کچانـدا، مستیلەو زنجیر و جلی جوانی دەکڕی.
ئـەوانیش بنەماڵەیـەکی هـاتوی تاعونـە مـەرگ بـوون، لـە وێ ژیـانێکی باشـیان هـەبوو، بـاوکی نـاڵ بەنـدی وڵاخداری دەکـرد لـە تاعونـە مەرگـەوە بـاری پێستەو بنیشـت و گـەڵای کوکـەی دەبرد بۆ وڵاتی سکچون. کاتێکیش کۆچیان کرد بۆ ئـەو گونـدە کەوتــە ڕاو و ئاژەڵــداری، لــە کۆتــایی گوندەکەشــدا لــە خانوویەکی خراپدا دەژیان.
لەو ساتەشـدا ئـەو مـورووە سـەرنجی راکێشـا و لـە جـۆرجی کڕی، هـەر لێـی ورد دەبـووەوە. جـۆرجیش دەیناسـی و نیـوەی نرخەکەشــی بــۆ گێڕایــەوە، ئــەویش بەســەرنجێکی رۆحیــەوە سوپاسی کرد.
جۆرج دوای ئـەوە بەخەڵکەکـەی وت، وەرن بـا گوندەکـە چـۆڵ بکـەین. هـەموویان گـوێی خۆیـان لـێ کـەڕ دەکـرد. ئـەویش بەداخەوە چووەوە بۆ ماڵەوە، شەو هەتا بـەیانی بیری کردەوەو

ترس سەر دڵ و جەستەی گرتبووەوە، دەیزانی شتێکی ترسناک رو دەدات، لە خەیاڵی لافاو و نغرۆبووندا بوو، بەو سەرسامی و راڕاییەوە شتە گرنگەکانی کۆکردەوە و خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد.
لە نیوە شەودا پلاپیتۆ هاتە ژوورەوەو سڵاوی لێ کرد و سەیری ژوورەکەی کرد، بینی جۆرج شتەکانی کۆکردۆتەوە، دەسماڵێکی سپی دایەو نهێنیەکەی پێ وت:
- ئەو دەسماڵە بوومی تۆفانی جندۆکەیە، بەیانی لە سەری بکە، هەتا لە تۆفانەکە دەردەچین.
ئەوەی وت و ڕۆیشت، ئەویش شەو بەترسەوە خەوت و بەیانی زو لە خەو هەستا، دەم و چاوی شت و هیچی نەخوارد، هەستا و چاوێکی بەژوورەکەیدا گێڕا، دەسماڵە سپیەکەی دا بەسەر شانیدا و هەردوو قۆلی کرد بە کۆڵەپشتەکەی دا، لە کۆڵی کرد و لە ماڵ هاتە دەر.
کاتێک گەیشتە بەر دەرگاکە، زرنگەیەک گوێچکەی گرتەوە، زانی گوندەکە کاول دەبێت، کلیلی دەرگاکەی بادا و کردیەوە، داینەخست،. بەو شێواویەوە هاتە سەر ڕێگاکەو سەیری کرد پلاپیتۆ چاوەڕوانی دەکات، پاش ئەوەی بەیانی باشیان لە یەکتری کرد، پلاپیتۆ گورج دەستی گرت و یەکسەر ڕۆیشتن و لە ماڵەکان دەرچوون. لە ساتێکدا ئاسمان شێوا، بارینی تەرزەو بەفری تێکەڵاو وەک قرچە قرچ و کڵپەیەکی بورکاناوی هاتە گوێیان زانیان گوندەکە دەتوێتەوە.
شاڵاوەکە زۆر بەهێزبوو، پلاپیتۆ جۆرجی کۆڵ کرد و بەفڕین لە سنوری تۆفان و گوندەکە دەرچوون.
جۆرج بەکۆڵی ئەوەوە بەخەیاڵ لە دواوەی دەڕوانی، سەیری

هــاو گوندیــەکانی دەکــردو دەگریــا، لەو ساتەشــدا گــوێی لـە قریشـکەو هـاواری خەڵکەکـە بـوو، بـەرزبووەوە، بـافلۆف هاواری دەکرد:
- خەڵکینە تۆفان هات.
خەڵـک بەچاوی خەواڵوییەوە دەهاتنـە دەرەوەو فریا نەدەکـەوتن بەتڵیاسانەوەی خانووەکانیانەوە نوقم دەبوون.
بافلۆف لە گەڵ هاوارەکەیدا شاڵاوەکە بردی و دەنگی خنکاند.
کـاروخ و شـاروخ بەخـەوتویی لــە خانووەکانیانـدا ون بـوون.
مەکسـیم و مۆسـکۆ و کـرس بـور، هــەموویان لــە ســاتێکدا بەشەپۆلە وە لە ناو چون.
جـۆرج لــە گــەڵ شــەپۆلە نەزانـدڕاوەکانی فـەزا و سروشـتدا قسەکەی ئەلیازەی بیر دەهاتەوە:
- هــەرکاتێک کەوتیتــە سـەر لــە رزی مــەرگ ئـەو مـورووە ڕەشــە بکــە بەموســتیلەو بیخــەرە پەنجەتــەوە، پاشــگرەکەی بفرۆشــە بەکەســێک بیناســیت، دوای ئــەوە لەو کارەســاتە گەردوونیە ڕزگارت دەبێت.
ئەفسـانەو یادەوەریـەکانی ئـەلیازە زۆر بـوون، ماوەیـەک بـەر لـە نغرۆبـوونی گوندەکـە. هـاتبو بـۆ ئـەوەی کەشـی ئەفسـوناوی پێ ببەخشێت. بـەردەوام چرپـەی لـە گەڵدا دەکـرد و تفـی خۆی دەخستە ناو دەمیەوە:
دەمـەوێت رۆحـی جادوییـت پـێ ببەخشـم، هـەرچیت لـە گەڵـدا دەکەم بۆ تۆیە، دوای مـن تـۆ دەبیتـە ئەفسـانە نـاس، ئیتر تـەواو تـۆ بویـت بەبوونـەوەرە جادوییەکـە، ئـەوە مـوڕووی ئـاوداری ئۆتۆشـۆت پێیــەو نهێنیــەکانی پــێ دەدۆزیتــەوە، هــەرکاتێک ویسـتت فـوی پێـدا بکـە، جندۆکـەی پێشـبینی کـەر دێنـە دیـوی

هێڵــــی کۆتـــایی جیهـــان. هـــەموو نهێنیـــەکیان لـــە لایـــەو لـە کارەسـاتەکانی ناوچەکە ئاگـادارت دەکەنـەوە. لـە دوا جـاردا دوا نهێنی پێ وتەوە:
- ئـەم گونـدە کۆتـایی جیهانــە، هەمیشـە ڕووداوی سروشـتی تیایدا رو دەدات دەبێت ئاگات لە پێشبینیەکان بێت.
جۆرج بەبیستنی ئـەو قسـەیەوە جەستەی کەوتـە سـەر لـە رز و هەست و نەستی تێکەڵاوبوون، وەک کارەبا گرتبێتی.
لەو ساتەیشـدا بیـری لــە کاریگەریــەکانی ئــەلیازە دەکــردەوە، ئەویش لێی ڕوون بو گوندەکە کۆتایی پێ دێت.
هــاتنی ئــەو جــارەی ئــەلیازە بــۆ ئــەوە بــوو، هــەتا بــەهۆی سەردانیەوە ئەو پێشبینیانەی پـێ بڵێت، ئـەویش بـەوردی گـوێی بۆ راگرتبوو.
ئـەلیازە تەمـەنی گەیشـتبووە شەسـت سـاڵ، هـەتا ئـەو سـاتەش لە جوانی خۆیدا دەتوایـەوە، سەرگوزشتەی ژیانیشـی پڕ بـوون لــە ڕووداوی ئەفســانەیی گــەورەو جگــە لــە جــۆرج بــۆ هــیچ کەسێکی تری باس نـەکردبوو، دوا شـەو جۆرج داوای لێکرد ژیـانی خۆی بۆ بـاس بکـات، ئـەویش بـەدەم هەڵدانـەوەی قژی خۆیــەوە سەرگوزەشـتەکەی سـاپۆلۆی بیـر هاتــەوە، لــە ســەر هەســارەکە لـــە شـــوێنە گشـــتیەکاندا نوســـرابووەوەو لـــە زۆر لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکرابووەوە.
ئــەوان لـــە نـــاو تەنـــە فەزاییەکـــەوە لـــە هـــەموو چاوەکانـــەوە چاودێریان دەکرد، کامێراکەش لە سـەر هەسارەکەوە وێنـەکانی ڕێکدەخســـتەوە، ژێریـــی دەســـتکردیش گەڕایـــەوە بـــۆ دواوە سەرگوزەشـتەی سـاپۆلۆی هێنایــەوە هــەتا ڕۆمانەکــە تــەواو بـکات.

## ٥

ئێمە لە سەر هەسارەکەوە دیقەتمان لە سەر چاوەکانی کامێراکە بوو، ژیریی دەستکردیش لە چاوی کامێراکەوە گەڕایەوە بۆ دواوە، سەرگوزەشتەی ساپۆلۆی هێنایەوەو بۆ سەر سکرێنی کامێراکە:

(لە گەشتێکی فەزایی هەسارەکەماندا بۆ سەر زەوی، بەهۆی هەڵەی جوگرافی لە نیوەشەوێکی ئەنگوستە چاودا، تەنە فەزاییەکەمان لە ناو بەرەیەکی جەنگدا نیشتەوە، دو سەربازی پاسەوان هەستیان بەتیشکی تەنە فەزاییەکەمان کرد و هاتنە پێشەوە لێمان، ویستیان بەتفەنگ تەقەمان لێ بکەن، خۆم کرد بەقوربانی و ڕۆیشتم لە پێشتیانەوە پەلاماری هەردووکیانم دا و بوراندمنەوە.

دوای ئەوە تەقەیەکی زۆر دەستی پێ کرد، بەناچاری تەنە فەزاییەکەمان بەرز بووەوە، منیش تەنیا مامەوەو لە ناو سەربازەکاندا خۆم شاردەوە، بەجووڵە پێیان زانیم، ناچار فێڵم لێ کردن و چومە پشتی تەقەکەرەکانەوەو خۆم دەرباز کرد.

کاتێک ڕزگارم بو هەرچیم کرد نەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ جێگەکەی خۆم زانیم تەنە فەزاییەکەمان لە وێ نەماوەو ڕۆیشتووەو دوور کەوتۆتەوە، دوای ماوەیەک بەهیدفۆن پێیان وتم:

- ساپۆلۆ ئێمە زۆر بەرز بووینەتەوە، ناتوانین بگەڕێینەوەو دەچین بۆ وڵاتێکی تر، خۆت بپارێزە هەتا پەیوەندیت پێوە دەکەینەوە.

ئەو ناوچەیە ڕووبەرێکی زۆر فراوانی سەنگەر و سوپا و

جـەنگ بـوو، بـەپێی ڕێنمـایی هەسـارەکەو ئـەو مەشـقانەی کردبـووم، بـەرەو گونـدێکی نزیـک لـە پـاڵ گـردە لمێکـی ساراکەدا ڕۆیشـتم و لـە پەنایەکـدا دانیشـتم، بـە دووربینەکـەم سـەیری ماڵـەکانم دەکـرد، تـەنیا ماڵێکیـان بچـووک و تاقـە چرایەکی تێدابوو، لە سوچی پێشـەوە دانرابوو، کزکز دەسوتا، بەتەواوی سەرنجم خستە سەر، ناو ژوورەکـەم هێنایـە پێشـەوە، زانـیم هـیچ جووڵـەیـەکی تـر لەو ماڵـەدا نیـەو بەتـەنیا کەسێک تیایدا دەژی.
زۆر بـە وریاییـەوە نـاو ماڵـەکانم بـڕی و چومـە بـەردەمی پەنجەرەکـە، بینـیم تـەنیا ژنێکـی تێدایـە، لـە سـوچی سـەڕووی ژوورەکـەدا بەتانیەکـەی هـەتا سـەر سـنگی هێنـابوو، هـەردوو ئـەژنۆی بـەرز کردبـووەو دەسـتی لـە نـاو گەڵیـدا دەجـوڵا، سەیری دەرگاکـەم کـرد کلیل درابوو، خێرا کلیلـە جۆکەرەکـەم لـە کۆڵـە پشـتەکەمدا دەرهێنـا و زۆر بەئەسـپایی دەرگاکـەم کـردەوە، زۆر بـەهێمنی و لـە سـەرخۆ و بەپێکەنینـەوە خـۆمم نیشـان دا، بـەبێ ئـەوەی بهێڵم تـرس بچێتـە دڵیـەوە، بەپەنجـەی دەستم ئاماژەم بۆ کرد هاوار نەکات، بـەگیانێکی پڕ لـە بـەزەیی و خۆشەویستی لە ناخەوە بەهێما و ئاماژە قسەم لـە گەڵدا کـرد.
ئەویش بەشڵەژاویەوە لـە ژێر بەتانیەکەیـەوە دەستی دەجوڵاند، هەسـتم کـرد دەرپێکـەی لـە پـێ دەکـردەوە، دیـاربو زۆر شـت بەبیریدا گوزەری دەکرد، ئاخۆ مێردەکـەی بێت هاتبێتـەوە، یـان شـتیکی تـر، ئـەویش دەگەڕایـەوە بـۆ ئـەوەی ژنێکـی تـەنیا و لێقەوما و و دڵ بریندار بوو.
بـەو پێشـهاتە کتوپڕیەشـەوە زۆر ئـازا و بەخشـندە بـوو، زانـی پیاو خراپ نیم ئامـاژەی ڕێـگەی پێدانی بـۆ کـردم و بەکـەمێک

ترسـەوە گـورج بەتانیەکـەی لـە سـەر خـۆی لاداو خسـتیە ئـەو لاوە. بـەردەوامیش جەسـتەی دەلـە رزی، هـیچ هاوارێکیشـی نـەکرد، منـیش بـەڕووی خۆشـەوە ئامـاژەم بـۆ دەکـردەوە هـەتا نەترسـێت، بـەو شـێوەیە کـەمێک هاتـەوە سـەر خـۆی و فـەرمووی لـێ کـردم هـەتا دابنیشـم. و چوم لـە سـەر دۆشـەکەکە چیچکەم کرد.
کاتێـک دانیشـتم، بـەئاماژە قسـەم لـە گەڵـدا کـرد و وەک مرۆڤێکـی لـێ قـەوماوی جـەنگ خـۆم پـێ ناسـاند، ئـەویش دڵـی پێم سوتا و ئازارەکانی خۆی بەئاماژە بۆ دەرخستم:
سەرەتا دەستی بۆ نـاو دەمـی برد، تێگەیشتم مەبەستی ئەوەیـە نـانم بـۆ بهێنێـت، منـیش سـەرم لـە قانـد، زۆرم برسـی بـوو، ئـەویش هەسـتاو چـووە نـاو چێشـتخانەکەوە، بـە دەنکـە شقارتەیەک تەباخەکەی داگیرساند، تاوەیـەکی خستە سـەر، دو کەوچـک رۆنـی تێکرد و پیازێـک و دو تەماتـەی بەچەقۆیـەک جنی، دوایی کردنیـە نـاو تاوەیەکـەوە و بەکەوچکەکـەی دەستی تێکـی دەدان هـەتا سوور بوونـەوە. پاشـان سـێ هێلکـەی هێنـا، یەک یـەک شـکاندنی و خستنیە نـاو قاپێکـەوە و کردی بەسـەر پیاز و تەماتەکەدا و دوایی کەمێک خوێی لە قـاپێکی شووشـەدا دەرکـرد و بـەناو تاوەکـەدا بـڵاوی کـردەوە. جـار جـاریش بەکلـە ی چـاوی سـەرنجی دەدام، دوای کـەمێک تاوەکـەی داگرت و سفرەیەکی راخست و چوو مووچەیـەک نـانی هێنـاو پێکەوە دەستمان بەنان خواردن کرد.
دوای ئەوەی نانمان خوارد، هاتینـەوە بـۆ ژوورەکـە و دەستمان بەقسـە کـردەوە، ئـەو تامـەزرۆی باسـکردنی هۆکـاری تەنیاییەکـەی بـوو، سـەرەتاش وێنـەی مێردەکـەی داگـرت،

چاکەت و پانتۆڵێکی لە بەردا بوو، باڵا بەرزێکی ئەسمەری دەم و چاو پان، قژێکی ڕەشی پڕی بەسەر دەم و چاویدا هاتبووەوەو خاڵێک لە سەر رومەتی بوو، ددانی سپی و پڕ، لە سەر ڕوخساریەوە وەک سێبەرێکی هاوینە دیاریان دەدا.
دوایی وێنەیەکی تری هێنا بەبەرگی سەربازییەوە گرتبووی، هەیبەتی نەبەردی تیادا دەردەکەوت. ئەویش بەدڵی پڕەوە ئاماژەی بۆ قۆزیەکەی دەکرد و بەپەنجەکانی نیشانەی دوانزە مانگی گرتەوە لە سەربازی نەهاتبووەوە.
بەو ئاماژەیەوە هەستا، لە سەر تاقێکی قوڕین بەدیوارەکەوە سندوقێکی لە سەر دانرابوو، چەند نامە و بەڵگەنامەیەکی دەرهێنا، یەکەم بەڵگەیانی کردەوە و بەپەنجەی ئاماژەی بۆ کرد:
- ئەوە نامەی ئەوە، هی مێردەکەمە.
پەنجەی خستە سەر ناونیشانی سەربازخانەکەی:
- بەو ناونیشانە لە گەڵ کوڕەکەمدا چوین و دۆزیمانەوە.
وێنەی کوڕە سێ ساڵانەکەی داگرت، وەک باوکی بەمنداڵی نیشان بدرێتەوە، بەجەرگ سوتاویەوە سەیری دەکرد، لە پڕ دڵی گەرم بوو، خۆی پێ رانەگیرا و دەستی کرد بەگریان. ساتێک هەر گریا، دوایی بەلە چکەکەی فرمێسکەکانی سڕی و بەپەنجەی نیشانەی بۆ کەسێک گرتەوە، پەنجەی خستە سەر شانی و نیشانەی ئەستێرەیەکی کێشا، مانای ئەفسەری یەک ئەستێرەی دەگەیاند، هەر بەپەنجەو ئاماژە لێوی دەجولاند، تێگەیشتم دەڵێت: (ئەم ئەفسەرە بێ بەزەییە لە سەربازخانەکە بردینی بۆ سەر چاڵێکی زۆر فراوان، دیاربوو گۆڕستانێکی بەکۆمەڵ بوو، بەپەنجەی نیشانەی بۆ

گۆڕی مێردەکەم کرد و وتی، مێردەکەت لێرەدا گوللە باران کراوە، لە سەر ئەوەی لە جەنگدا رایکردووە.
کاتێک ئەو قسانەی دەکرد، وەک فیلمێک بەوێنە و ڕووداوی راستی پێکەوە نیشان بدات، فرمێسکیش دەم و چاویان تەڕ کردبوو، لە پڕ بەکوڵ گریا، بەپەنجەکانی نیشانەیەکی گرتەوە، چۆن بەو ژانەوە گەڕاونەتەوە و کوڕەکەشی دوای سێ ڕۆژ بەو داخەوە مردووە.
بەو ڕووداوە ئازارێکی گەورەم چەشت، ئەویش بەردەوام بو لە گێڕانەوەی نەگبەتیەکانی خۆی و درێژەشی پێدەدا.
ساتێک هەردووکمان بێدەنگ لە یەکتریمان دەڕوانی، لە پر ئەو وەک شتێکی بیر کەوتبێتەوە، لە پڕ یەک پەنجەی بەرز کردەوە، نیشانەی چوار مانگی خۆی کێشا، بەتەنیایی لەو دۆزەخەدا ماوەتەوە. منیش هەتا ئەو کاتە هەر گویم بۆ ڕاگرتبوو، لەو ساتەشدا بەپەنجەم ئاماژەی دڵنیاییم بۆ کرد:
- لە مەولا تەنیا نابیت و من لە گەڵتدا دەبم.
بەو قسەیەوە دەستم خستە ناو قژیەوە، ئەویش هەردوو دەستی خستە ملمەوەو توند بەخۆیەوە گوشیمی، دواتر بەسەر یەکدا تلێساینەوەو پێکەوە جوت بووین.
پاش ئەوەی لێک جیابووینەوە، دەستم خستە ملیەوە و ئەویش سەری خستە سەر سنگم. هەتا نزیکەی دەمەو بەیانی بەئاماژە قسەمان کرد، وردە وردە عاشقی یەکتری بووین، دوای دوو ڕۆژ بڕیاری هاوسەرگیریمان دا، ئەویش رازی بوو. منیش هەموو راستیەکم پێ وت:
- سامابۆ من بوونەوەری فەزاییم و خەڵکی هەسارەیەکی ترم، بەهۆی جەنگەوە کەوتوومەتە ئێرە، هیچ شتێکم نەماوە.

بەئاماژەی پەنجەو چاو و ڕوانین ژیانی خۆم بۆ گێڕایەوە، هیچ کاریگەریەکی ناخۆشی لە سەر دروست نەکرد، کاتی جوت بوونمان چێژێکی زۆرمان لە یەک وەرگرتبوو، بۆ ئەوەی توشی کێشە نەبین بڕیارمان دا ئەو گوندە چۆڵ بکەین و بڕۆین.
سامابۆ زۆر ژیرانە کەل و پەلی ماڵەکەی فرۆشت، لە نیوە شەوێکی درەنگدا پێکەوە ڕۆیشتین و پاش دوو ڕۆژ گەیشتینە وڵاتی کۆراڤا، لە گوندی سەرە مەرگدا، جێگەی ماڵە باوانی سامابۆدا نیشتەجێ بووین. لای خەڵکی گوندەکە وتی، ئەمە مێردمەو دوای کوژرانی مێردەکەم شوم پێکردووە. منیش ناچاربووم هەمیشە چاویلکەیەک لە چاو بکەم و شەبقەیەک بکەمە سەرم هەتا چاوە داقڵشاو سەرە سافەکەم دەرنەکەوێت، بەناچاری لەو گوندەدا دەستمان کرد بە جووتیاری، دوای ساڵێک کچێکمان بو بەناوی ئەلیازە. پاش دوو ساڵ تەنی فەزایی هەسارەکە هاتەوە سەر زەوی، لە ڕێی هیدفۆنەوە پەیوەندیان پێوە کردم و دۆزیمیانەوە.
دوای ئەوەی یەکمان گرتەوە، هەر سێکمان لە گەڵیاندا هاتینەوە بۆ سەر هەسارەکە. ئەوەی لە م گەشتەمدا توانیم جێ بەجێی بکەم، ئەو پڕۆژەیە بو زانایانی هەسارەکە بەئێمەیان سپاردبوو، هەتا هەوڵبدەین کۆکردنەوەی وێنەی ڤیدۆیی و هەواڵی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم بکەین.
***
یانزە ساڵ بو جەنگی جیهانی دووەم کۆتایی پێ هاتبوو، بەهۆکاری نەبوونی وەرگێڕان مێژوو هۆکاری هەردوو جەنگەکەمان نەدەزانی، پرۆفیسۆر ئۆڕاپلاند بەپیتی ئینگلیزی

لـه گـەڵ پیتـی ئـەلیکترۆنی لـە گـۆگڵی هەسـارەکەدا بـەکاڵ و کرچی بابەتەکانی وەردەگێڕان.
من فێری زمانی وڵاتی کۆراڤا بووم، بەهاوکاری سامابۆ ژێر نوسـی ڕووداوەکـانی ئـەو دوو جەنگـەمان لـە فیلمێکـەوە وەرگێڕا.
سـەرەتا فیلمەکـە بەزینـدانی کردنـی شانشینی سـربیا لـە لایـەن ئیمپڕاتـۆڕی نەمسـا- مەجـەڕ، لـە حـوزەیرانی ١٩١٤دا دەسـتی پـێ کـرد، (فرانـز فردینانـد) پاشـای نەمسـاش لـە گـەڵ هاوسەرەکەی لە سـەرایڤۆ تیرۆر کران، ئـەوە ئـاگری جـەنگی جیهانی یەکەمی هەڵگیرساند.
دوای ئـەوە گرتـەی کۆبوونـەوەی هاوپـەیمانێتی فەڕەنسـا و ئینگلتەڕاو هاوپەیمانێتی ئـەڵمانیا و ئیتاڵیا و ئیمپڕاتـۆڕی نەمسـا و مەجـەڕی نیشـاندا.. دوایـی دەوڵـەتی عوسـمانی لـە جێگـەی ئیتاڵیا، بو بەهاوپەیمان لە گەڵ ئەڵمانیادا.
ئـەڵمانیا کەشـتیەکانی پـێش دەخسـتن. بـەریتانیاش هەسـتا بـەدەرکردنی کەشـتی جـەنگی "HMS Dreadnought".
فەرەنسـا و ئـەڵمانیا لـە سـەر ناوچـەکانی ئـەلزاس و لـۆرین نـاکۆک بـوون. دوواجـار فەرەنسـا وازی لـە بەشـێکی زۆری کۆنگۆ هێنـا بـۆ ئـەڵمانیا، لـە بەرامبـەر دەسـت گرتنـی بەسـەر مەغریبدا.
گرتـە چـووە سـەر جـەنگی ئـەڵمانیا لـە دژی ڕوسـیا و داگیرکردنی فەرەنسا و بەلجیکا و نوقم بوونی کەشتیەکی ژێر دەریایی بەریتانیشی نیشاندا لە گەڕووی دەردەنیلدا.
جەنگەکـە لـە تیشرینی دووەمـی ١٩١٨لـە ئـەوروپا و ئـەفریقا، ئۆقیانوسـی پاسـیفیک، ئۆقیانوسـی ئاتلانیـک، ئۆقیانوسـی

هیندی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پەرەی سەند.
گرتە چووە سەر فڕۆکەی جەنگی بەچەکی کیمیایی بۆردوومانی خەڵکی مەدەنیان دەکرد، بەشێوەیەک مێژوو ئەو قوربانیانەی بەخۆیەوە نەیبینی بوو، بەوەش نەخشەی سیاسی ئەوروپا گۆڕا، بەکۆتایی هاتنی ئەرستۆکراتی و شانشینە ئەوروپیەکان و شۆڕشی خوێناوی(بەلشەفی)یەکان لە ڕووسیا و ئەو گۆڕانکاریانەشی لە چین و کوبادا ڕوویاندا و کردنەوەی ڕێگەی جەنگی ساردیش لە نێوان ولاتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤێتدا.
فیلمەکە چووە سەر تێک شکاندنی ئەڵمانیا و قوربانی خەڵکی مەدنی بەهۆی هاتنە ناوەوەی تەکنەلۆژیاوە، شارەکانیش بوون بەگۆڕەپانی جەنگ و زیانە گیانەکانی جەنگ بەبیست و یەک ملیۆن کەس خەملێندرا. جگە لە دوو ئەوەندەیش بریندار و زیان کەوتن بەکێڵگەی کشتوکاڵی و ئاژەڵی و سەدان هەزار ماڵی وێران و هەزاران کارگەو سکەی ئاسن و کانی خەڵوز و زیانی تر.
فیلمەکەش گەڕایەوە بۆ هەڵگیرساندنی جەنگی جیهانی دووەم. لە حەوتی تەموزی هەزار و نۆ سەد و سی و حەوت بەهێرشی ئەڵمانیا بۆ سەر ولاتی پۆڵەندا و سلۆڤاکیا، فەڕەنسا و بەریتانیا و ژێر دەستەکانیشیان لە دژی کەوتنە جەنگەوە.
ئەڵمانیا توانی دەست بگرێت بەسەر زۆربەی بەشەکانی ئەوروپادا. لە حوزەیرانی هەزار و نۆسەد و چل و یەک ولاتەکانی تەوەر هەستان بەهێرش کردن بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت. ژاپۆنیش هێرشی کردە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. جەنگەکە بەبەشداری حەفتا

دەوڵـەت، لـە جـەنگی ئاسمانی و دەریـایی و وشـكانیدا فرِاوان بوو.
گەورەترین كوشتاریش لە جەنگی ستالینگراددا كرا، لـە بیست و سـێی ئـابی هــەزار و نۆسـەد و چـل و دوو ئابلۆقـە درا، ئــەڵمانیای نــازی و هاوپەیمانــەكانی (رِۆمانیــا - ئیتالیــا - هەنگاریا - كرِواتیا) بوون.
ســتالینگراد یــەكێك لــە شــارە پیشەســازیە ســەرەكیەكانی سۆڤیەتە، دەكەوێتە نزیك رِۆخـی رِوبـاری ڤۆڵگا. گرتنـی ئـەم شـارە دەبـووە هـۆی پچرِانـدنی هێڵـی گواسـتنەوەی سـۆڤیەت لە باشووری رِووسیا لە رِێگەی رِوباری ڤۆڵگاوە.
فرِۆكـەكانی ئـەڵمانیا ئـاگری بۆمبایـان بەسـەر شـارەكەدا باراند. زۆربـەی باڵەخانـە و ئاپارتمـان و دروسـتكرِاوە چێوەییـەكانیان كــرد بەخۆڵــەمێش. دوای نــۆ رِۆژ لــە بــاڵی بــاكووری رِۆژهەڵاتـەوەو هێـزی شەشەمیشـیان بـەتانكی زۆرەوەو سـی و سێ هەزار كەس لە كارامـەترین چەكدارەكانی سوپا هێرشـیان كــردە ســەر شــارەكە، تیپــی شەســت و دووی ســۆڤیەت، خۆرِاگرانە لە جـەنگی شـەقام و ماڵـە و ماڵدا بـوون. ئابلۆقـەش خرایـە سـەر شـارەكە، هیچ خواردەمەنیـەكی تیـادا نـەما، قفڵـی دووكانـەكان شـكێندران. خەڵكەكـە لـە بـەر برسێتی كەوتبوونـە خواردنی گۆشتی مردوو، تێكـەڵاوبوونی تەبەقـە خـوێنی مـەیو و وشـك و تـازە رەنگێكـی سـوورِاویان دروسـت كردبـوو. لـە ٣١ی كانونـی یەكەمی هـەزار و نـۆ سـەد و چل و سێ سوپای ئاڵمانیـا بـەهۆی سـەرما و نـەبوونی ئازوقـەوە لـە رِوسـیادا تێكشــكان و خۆیــان بەدەســتەوەدا، كــوژرانی نزیكــەی دوو ملیۆن كەس لە سەرباز و هاوڵاتیانی لێ كەوتەوە .

فیلمەکە چووە سەر جەنگی ژاپۆن، لە ساڵی هەزار و نۆ سەد و چل و دوو لـە دوای شکستی هێزەکـانی تـەوەری ئـەورووپی لە بـاکووری ئـەفریقا و ستالینگراد و ئـەورووپای ڕۆژهـەڵات و ڕامــاڵینی وڵاتــەکانی هاوپــەیمانی بــۆ ئیتاڵیــا و ســەرکەوتنی ئــەمریکا لــە ئۆقیانوســی هێمنــدا. بۆمبــارانی چــڕی ســوپای بــەریتانیاش بــۆ ســەر شــار و گونــدەکان زیــانێکی مــەدەنی گەورەیان لێ کەوتەوە.

گرتـەی فیلمەکـە ئـەو کوشـتارگایانەی سـوپای ژاپـۆنی نیشـاندا بەرامبەر میللە تی چینی و کۆری کردیان.

لــە ســاڵی هــەزار و نــۆ ســەد و چــل و چــوار هاوپەیمانــەکان گەیشــتنە فەڕەنســا و جــەنگ لــە ئــەورووپادا کۆتــایی هــات، بەخۆبەدەســتەوەدانی ئــەڵمانیا لــە هەشــتی ئایــاری هــەزار و نۆســەد و چــل و پێنجــدا، بەقوربانیــەکی زۆرەوە، کــوژڕاوی سەربازی زیاتر لـە شـانزە ملیۆن و مـەدەنیش زیـاتر لـە چل و پێنج ملیۆن کەس بوون.

ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکایش دەریاییـە ژاپۆنیـەکانیان تێـک شـکاند. بۆ یەکـەم جـار لـە مێـژوودا بـەبۆمبی نـەوەوی بەچەنـد فڕۆکەیـەک هێرۆشـیما و ناکازاکیـان خـاپور کـرد و ملوێنان مرۆڤی تیادا بوون بەقوربانی).

سەرگوزەشتەکە لـە فـەزایی هەسـارەکەدا بڵاوبـووەوە، بـەدووا شــــەپۆلی ئــــەو مەرگەســــاتانەوە پەخشــــەکەی وەســــتا، بوونـەوەرەکان بـەدووا قیژەی منداڵێکی هێرۆشیماوە مێشـکیان کاس ببوو.

ئەلیازە بەوێنەی ئەو سەرگوزەشتەیەوە لـە جۆرجی روانیـەوەو چیرۆکەکەی خۆی تەواو کرد:

(پاش پێنج ساڵ لە گەڕانەوەمان بۆ سەر هەسارەکە، دوای لە دایک بوونی شیلۆلۆی خوشکم، ساپۆلۆی باوکم بەنەخۆشی تواندنەوەی ئێسک مرد، پزیشکی هەسارەکە وتیان:
- هۆکاری نەخۆشیەکەی ئەوەیە ئەو چەند ساڵە لە هەسارەی سەر زەوی ژیاوە.
دوو ساڵیش دوای ئەو سامابۆی دایکیشم مرد، ئەویش بەهۆی ژیانی دوو هەسارەییەوە توشی هەمان نەخۆشی ببوو. سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانە مایەوەو گیانی لە دەستدا.
من و شیلۆلۆی خوشکم ماینەوە، هەردووکمان منداڵ بووین، ناردیانینە دایەنگا، دوای سێ ساڵ شیلۆلۆ مرد، منیش تەمەنم گەیشتبووە سیانزە ساڵ و توشی نەخۆشی سەر سینگ و تەنگە نەفەسی بووم. پڕۆفیسۆر ئۆڕاپلاند زۆر ترسا لە وەی منیش بمرم، بەچاکی زانی بمنێرێتەوە بۆ سەر زەوی، هەتا لێرە کاریان بۆ بکەم. لە گەڵ تەنێکی فەزاییدا ناردمیە خوارەوەو لە گوندی سەرە مەرگدا لە خانووە کۆنەکەی خۆماندا نیشتەجێ بوومەوە).
ئەوەی وت و تەنگە نەفەسی گرتیەوە، هەناسەیەکی هەڵمژی، جۆرجیش بەبێدەنگی گوێی بۆ راگرتبوو، ئەویش پاش پشویەکی کورت دەستی پێکردەوە:
(پاش شەش مانگ خێڵە قەرەجێک هاتن بۆ گوندەکەمان، خێمەو باریان هەڵدا، موستیلەو مور و کاڵا و جل و بەرگیان دەفرۆشت، ددانی ئاڵتوون و زیویان دروست دەکرد و ئەفسانەی جۆرا و جۆریان دەکرد، پیاوێکیان لە گەڵ بو ناوی ئۆناتۆ بوو، قۆز و باڵا بەرز بوو، وەک دەیانوت، دوو مانگ بو ژنەکەی بەسەر منداڵەوە مردبوو.

چوم بۆ لایان شتیان لـێ بکڕم، ئۆنـاتۆ بـەختی بۆ گرتمـەوە، کوپێک قاوەی ڕاوەشاند و بـەدەم جوولـەی دەستیەوە سـەرنجی دەدام، منیش هـەروا عاشقی ببووم، دووا جـار کوپەکـەی دانـا، خــەتێکی کــەفاوی کردبــوو، وەک نیشــانەیەک ڕووی تــێ کردبووم، سەیری کردم و دەستی بەیەکدا دا:
- خۆت باش دەزانیت بەختت لە گەل پیاوێکی قەرەجە.
- هـەرگیز ئـەوەم نـەزانیووەو پێم بڵـێ ئـەو پیـاوە کێیـەو کـەی دێت و تۆ چۆن ئەوە دەزانیت؟
ئۆناتۆ سەری سوڕما و هیچ خۆی تێـک نـەدا، بەرەواندنـەوەی گومانەکانیەوە کلە ی چاوی تێبڕیم:
- بەخت خۆی قسە ناکات، پێشبینیت دەداتـێ، دەبێت بچیت بۆ لای.
- لە م پێشبینیە تێناگەم؟
- بەزەردە خەنەیەکی جوانەوە بیرەکەی بۆ خەملاندم.
- ئەوەتا بەخت بەرامبەرتە قسەت لە گەڵدا دەکات.
بـەو قسـەیەوە دڵـم داخورپـا، ئـەویش ئەفسونـی هـەردوو چـاوی تێبڕیم و وەک گـوڵە شیشـەی هەسـت و نەستمی پێکـا و رازی بووم. لە وەودووا لە گەڵ خێڵە قەرەجەکـەدا خـۆم تێکـەڵ کـرد، بەگوند و شـارەکانەوە دەگـەڕام، ئـەوە سـاڵێکە ئۆنـاتۆ مـردووەو منـیش تـەنیام و هـاتم بـۆ لای تـۆ، هـەتا وریـای خـۆت بیـت لە ڕۆژی کاول بوونی گوندەکەدا).
ئــەوە چەنــد ســاڵێک لــە وەو بــەر بــوو، ئــەلیازە پێشــبینی نغرۆبـوونی ئـەو گونـدەی کـرد و بـەتۆفانێکیش کـاول بـو هـیچ کەسێک نهێنیەکەی نـەدەزانی. گرێ کوێرەیـەک بو بەعـەقڵ و زانســت نەدەکرایــەوە. خەڵکەکــەی لــە شــەپۆلێکی ئەزەلیــدا

خنکان و هیچ شوێنەوارێکیان نەمایەوە.

جۆرج بەکۆڵی پلاپیتۆوە لە گوندەکە دوورکەوتەوە، دوای ئەوەی ئەویان برد بۆ شارۆچکەکە، ئەویش گەڕایەوە بۆ شاخەکە. جۆرجیش بەو شەپۆلە تۆفاناویەوە بەئازارێکی زۆرەوە بەتفی وشک هەڵهاتوی ناو دەمیەوە چەند وشەیەک لە دەمی دەرپەڕی.

......

هەر ئەو وشە رەمزیانە بوون، ئیتر زمانی شکاو بەلە رزەوە، بەشێوەیەکی ئەفسانەییەوە لەو کارەساتەی دەڕوانی، وەک زەمەنی کۆتایی گەردوون لەو فەزایەوە ببینێتەوە. هەستی کرد گەردوون کەوتۆتە سەر پشوی مەرگ.

ئێمە لە ناو تەنە فەزاییەکەوە لە هەموو چاوەکانەوە لە گوندی کۆتاییەوە چاودێری جیهانمان دەکرد. ژیریی دەسکردیش لە کامێرای سەر هەسارەکەوە ئەو دیمەنەی دەگرتەوە.

# ٦

ئـەوان لـە نـاو تەنـە فەزاييەكـەوە لـە سـەر هەسـارەكەوە لـە جوگرافيـاى گونـدى دۆلفينيـان دەڕوانـى، لـە تـۆڕى ئـەليكترۆنى وێنـەى گوندەكـەوە ئـەو پشـكنينانەيان بينيـەوە، گوندەكـە بۆتـە جێـى بايـەخى هەسـارەكانى تـر و زلـە ێزەكـانى سـەر زەوى، جـارى يەكەميشـيان بـەو مەبەسـتەوە لـە هـەمان جێگەدا نيشتبوونەوەو گوندەكەيان دى بوو.

پێگـەى فـەزايى هەسـارەى ڕۆژئـاوايش، بـۆ يەكـەم جاريـان بەهەوالّى بڵاوبوونـەوەى دابـەزينى تەنـە فەزاييـە نوێيەكەيانـەوە لەو گونـدەدا گـرێ درابـوو، پڕۆفيسـۆر گريلانـد سـەرقالّى توێژينـەوەى فـەزاى كۆتـايى جيهـان بـوو، لابتۆپەكـەى ريسـتارتى دەكـرد. هێلّـى ئينتـەرنێتى پـى دى هەسـارەكەيان وەسـتابوو، كليـل و قفلّێـك دەهاتـە سـەرى و بەرنامـەكانى دەوەسـتاند، پڕۆفيسـۆر ئۆڕاپلانـديش هـەمان چەشـن لابتۆپـە كۆڕا پێشكەوتووەكەى وەستا.

جۆرج سـەيرى شـارۆچكەكەى دەكـرد، لـە كۆتـايى گوندەكـەوە وەسـتابوو، شـەبقەيەكى ئەفسـوناوى خسـتبووە سـەر سـەرى، پەنجەى رادەكێشا، وەك ئـەوەى فـالّ بـۆ گـەردوون بگرێتـەوە، بەخـەيالّ رۆحـى لـە گـەلّ جوولّەو هێـزى ئەفسـانەيى ئۆتۆشـۆدا بەرجەسـتە كردبـوو، وەك خـۆى وێنـەى كـاول بـوونى گونـدى دۆلفينى دەهاتـەوە پێش چاو. وەك ساتى نغرۆبـوونى گوندەكـە كليل و قفلّەكەى لە دەرگاى خانووەكەيدا بـەكڕاوەيى دەبينيـەوە. هێزێكـى موگناتيسـى تێكەلّـە لـە فيزيـا و راكێشـانى زەوى تێكـەلاّو دەبـوون و وێنـەى گوندەكـەيان وەك جـاران لـە بـەر

چاویدا دەکێشایەوە.
لــە م ساتەشــدا هــەمان ئەفســانە لــە لای دووبــارە دەبــووەوە. زانایــانی هەســارەکەش توێژینــەوەیان دەکــرد، زانیــان ئــەو فەزایــەی ئــەوان روبــەڕووی بوونەتــەوە، لــە ســەر زەوی کۆتاییەکەیــەتی. بــەو جــۆڕەش هــەر لــە ســەرەتاوە کەوتنــە توێژینــەوەی قــوڵ و هێڵــە ئەلیکترۆنیــەکانی زەویــان کــۆنترۆڵ کرد.
ئــەوان لــە نــاو تەنــە فەزاییەکــەدابوون و کامێراکــە لــە ســەر هەســارەکەوە وێنــەکانی ڕێــک دەخســتەوەو. ئــەوانیش هــەموو شــتێکیان کــۆنترۆڵ کردبــوو، ســەرنجیان خســتەوە ســەر پرۆفیسۆر ئۆڕاپلاند، بەو تەکنەلۆژیا دوور مەوداو کامێرا بێ سنورەی پەنجا ئەوەندەی کامێرای جیمس وێب بەهێزتر بوو، بــەلابتۆپێکی پێشــکەوتووەوە هۆشیاری هــەموو جوڵانەوەیــەک بوو، تەنها نەیتوانی نهێنی کلیل و قفڵەکە بدۆزێتەوە، لە سەر کۆتایی جیهان ریستارتی دەکرد. ئەمە گومانێکی گەورەی بۆ دروســت کــرد، ئــەوەش نهێنیــەک بــو بــەرۆحی جۆرجــەوە بەسترابووەوە.
ئــەوە ئەفســانەی ئۆتۆشــۆ بــوو، ئــەو فێــری ئــەو ژمــارە نهێنیەیانەی کرد.
ئەو کاتانە بو وانەکانی جادوویی پێ دەوتەوە، ئەوسا ناردیەوە بۆ سەر زەوی، هاتنی خێڵە قەرەجەکەو نهێنی پلاپیتۆشی پێ وتبوو. ئەوەش سێبەرێک بو دەمێک بو هەستی پێکردبوو، لــە دوورەوە خــۆی نیشــان دەدا و جــار جــاریش لێــی نزیــک دەکەوتەوەو بەچرپەوە قسەی بۆ دەکرد، یان بەئاماژەوە شتی پێ دەوت، هەرچی کرد نەیزانی چیەو کێیە؟

جندۆکەیە یان شەیاتینی و جادووبازە؟ بەخەیاڵی خۆی وایدەزانی بوونەوەرەکانە.
خێڵە قەرەجەکەش بەو شێوەو وەسفەوە هاتن، دوو ئەسپ و ماینێکان پێ بوو، کاتێک گەیشتنە ناو دێ خەڵک لێیان کۆبوونەوە، دوو پیاو و ژنێکی قەیرەو ژنێکی گەنج و کچ و کوڕێکی مێرد منداڵ بوون، ئەسپەکان کەلوپەلیان لێ بار کرابوو، ژنە قەیرەکەش سواری ماینەکە ببوو، لە دوورەوە وەک بەلە می دەنواند، باڵا بەرزێکی چاو و برۆ ڕەش، قژی بۆ سەرەوە هەڵدرابووەوە، شنەی با شەپۆلی پێدەدا. ددانەکانی ورد و سپی و ڕەنگ گەنمیەکی ئاڵتوونی، ڕەشمەی ماینەکەی بەخاوی بەدەستیەوە گرتبوو، هەتا باڵا دەستی بنوێنێت. جلی کورتی قەرەجانەی لە بەر کردبوو، پشتێنێکی پەڕۆی لە سەر ناوکی بەستبوو، چەقۆیەکی تیادا حەشار دابوو. دوو پیاوەکەش بەپێ دەهاتن و گورج و گۆڵ و کارامە دەردەکەوتن، لە بەر پشتێنەکەیاندا دەمانچەیان هەڵگرتبوو، باڵا بەرز و بەخۆ بوون. جۆرج تیشکێکی دەبینی، وەک تیشکی ناو سێبەر لە گەڵیاندا دەهات، کتوپڕ زانی ئەوە ئەلیازەی نیوە مرۆ و نیوە بوونەوەرە، لەو وێنەیەوە بوونەوەرێک دڵی دەگرتەوە، کەفی لە رۆحی هەڵدەکفاند، وەک دوو تەلیسمی عیشق، یان دوو ئێسقانی شکاو یەک بگرنەوە. کاتێکیش وڵاخەکان وەستان، کتوپڕ بەبەهێزی بارەکانیان کردەوەو خێمەیان هەڵدا.
تیشکەکە بۆ لای جۆرج هات و ناسیەوە، ئەلیازە بو نامەی پۆپۆلۆی پێ بوو، یەکیان ماچ کردوو باوەشیان بەیەکدا کرد، جۆرج بەجۆرێک گەشایەوە خەریک بو شاگەشکە ببێت:

- دەمێکە چاودێریت دەکەم تیشکەکەتم بینی، ئەوەش بزانە زۆر دەترسم و توشی گومان هاتوم، دەبێت لێرەدا زۆر پرسیارم لێ نەکەیت خەڵک بزانن دەربارەی عاشقەکەم قسەت لە گەڵدا دەکەم توشی کێشە دەبم، چەند جار ون بووم و دیار نەماوم، هەموو گوندەکە دەزانن لای بوونەوەران بووم.
کەمێک پێکەوە وەستان و لە یەکتریان روانی، پاشان چونە پەنایەکەوەو دوای ئەوە دانیشتن و کەوتنە قسە، ئەو دەربارەی پۆپۆلۆ قسەی کردوو ویستی ئەو ترسەی ناو دڵی ئەو بڕەوێنێتەوە:
- زەحمەتێکی زۆرم بینی هەتا تۆم دۆزیەوە، تەنی فەزایی بوونەوەران ئەمجارە لە وڵاتی کۆراڤا نزیک لە گوندی سەرە مەرگ نیشتەوە. بەناچاری منیان راسپارد، هەتا نامەکەی پۆپۆلۆت بۆ بهێنم.
جۆرج نامەکەی لێ وەرگرت، لە سەیر کردنی پیت و وشەو ڕستەکانیدا دەخرۆشا، مۆسیقای عیشقی ئەو ساتانەی ڕابردوو خوێنەکەی دەگرتەوە. پۆپۆلۆش بەجۆرێک وشەکانی نوسیبوو، وەک بیەوێت گیای نەمری عیشق بڕوێنێتەوە، ئەو کاتانەی بیر دەهێنایەوە، لە لای ئۆتۆشۆ پێکەوە بوون، شەوانە هەتا بەیانی سۆزی خۆشەویستیان بەسەر یەکتریدا دەباراند :
(جۆرج شەوانە هەتا بەیانی لە باوەشی یەکتریدابووین، تۆ پێت دەوتم: پەپولەو منیش پێم دەوتیت جۆرجی، من هەرگیز بەبێ تۆ نەدەژیام، کاتێک لێم دوورکەوتیتەوە هەستم کرد رۆحم لە جستەمدا دەرهاتووە، ژیانم لێ ببوو بەئاگر. بەجۆرێک گڕ هەناومی گرتبووەوە عیشقی تۆ لە رەنگ و

ڕوخسارمدا دەبینرا، شاعیرو ڕۆمان نوس و فیلم سازان دوو ڕۆمان و چەند شیعر و فیلمێکی دیکۆمینتەری و دەیەها بەرهەمیان لە سەر عیشقی ئێمە بەرهەم هێنا. پڕۆفیسۆر ئۆڕاپلاند بڕیاری داوە من دەنێرێت بۆ لات، دەبێت من و تۆ ببینە ژن و مێرد و منداڵمان ببێت، چاوەڕێم هەتا تەنە فەزاییەکە دێتەوە سەر زەوی و لە ناوچەی گوندی مەرگ بنیشێتەوە، پاشان پێکەوە دێینەوە بۆ هەسارەکە.
پەپولە کەم هەموو ئەو کاتانەی پێکەوە بووین. بووە بە مێژوویەکی ئەفسانەیی، ئێستا بووینەتە پاڵەوانی عیشقی هەسارەکە، عیشقی من دەنگی دایەوە. چەندین چاوپێکەوتنم لە گەڵ تیڤیەکاندا کرد، کاتێک بێیتەوە بۆ ئێرە، دەبێت ماوەیەک خەریکی خوێندنەوەو بینینی ئەو بەرهەمە ئەدەبی و هونەریانە بیت لە سەر عیشقی من و تۆ نوسراون. وەک دیاریش ڕۆمانی جۆرج و پۆپۆلۆت بۆ دەنێرم، نوسینی تیوتۆرای ڕۆماننوسە، چەندین خەڵاتی بردەوەو هەسارەکەی هەژاند. ئەو ڕۆمانە پێشکەشی خۆشەویستەکەی ژیانمە).
جۆرج لە خوێندنەوەی نامەکەدا تەواو گەشابووەوە، چاوەڕوانی ئەو هەموو شتە سەرسوڕهێنەرە نەبوو، بەخۆشیەوە هەناسەیەکی هەڵمژی و بە توندی بەرەو ڕووی ئەلیازە دەریکردەوە:
- زۆر چاکت کردووە ڕۆمانەکەت بۆ هێناوم، دەبێت بەزوترین کات بیخوێنمەوە هەتا پۆپۆلۆ دێت.
ئەلیازە لە تورەکەکەیدا ڕۆمانەکەو کلیل و قفڵێکی دەرهێنا و هەردووکیانی دایە دەست، ئەویش کتێبەکەی ماچ کرد و دووجار بەکلیلە کە قفڵەکەی کردەوەو دایخستەوە:

- ئەو قفڵە هی ئۆتۆشۆیە بۆی ناردووم. خۆم دەزانم چۆن ئیشی پێدەکەم و موورووە ئاودارەکەشم پێیە.
ئەوەی وت بەدەم خوێندنەوەی ڕۆمانەکەوە لە خۆشیدا پێکەنی، ئەلیازەش هەر سەیری دەکرد، سەرەتای ڕۆمانەکەش بەچەند رستەیەکی ئاگڕاوی دەستی پێ دەکرد:
(لەو کاتەی تۆ لە هەسارەکە هاتیتە خوارەوە ئاگرم گرت، هیچ کەسێک نەیتوانی ژێرم بکاتەوە، چومەوە بۆ ژوورەکەت لە لای ئۆتۆشۆ، هەمیشە بۆنی تۆم تیایدا هەڵدەمژیەوە. ئۆتۆشۆ بوکەڵەیەکی ئەفسانەیی بۆ دروست کردم لە شێوەی تۆدا، زۆر جار شەوانە هەتا بەیانی لە باوەشم دەگرت، دەچوومەوە لە ناو هێلانەی مریشکە ئەفسانەییەکاندا دەخەوتم، بۆنم بەپەڕ و ریقنەوە دەکرد، هەتا پاشماوەی بۆنی تۆ هەڵبمژمەوە. زۆربەی شەوان بەخەیاڵ لە ژووری شوقەکەدا لە گەڵتدا ڕۆژم دەکردەوە، چەرچەف و بەتانی و پەردەی ژوورەکەتم نەشت، هەتا بۆنی تۆیان لێ نەڕوات، شوقەکان نۆژەن کرانەوە، نەمهێشت بێنە ناو ئەو ژوورەوە.
پەپولە کەم دۆزینەوەی تۆ ساتێکە، ساتێکی شێرپەنجەییە، چۆنت بۆ باس بکەم، دەمویست هێزێکی ئەفسانەیی و فیزیایی وا بسازێنم ڕابردوو بهێنمەوە یان ئایندەیەک رابکێشم تۆی تیابێت. عیشقی منداڵی لە گەڵ ماسولکەو خوێن و ئاوەز و گەشەی جەستەدا دەبێتە شێر پەنجە، ئەو وشەو رستانە فێر دەبێت عیشق چنیویانە، ئەوە زمانی عیشقە، وەک زمانی مەرگ سڕینەوەی بۆ نیە. لەو ڕۆمانەشدا گەڕانی منە بۆ دۆزینەوەی عیشقێک لە هەسارەیەکی تردایە).
جۆرج بەخوێندنەوەی ئەو ڕستانەوە توشی گرێکی نەبین

بوو، لە ناخەوە ئاگری تێ بەردەدا، بەئازارێکی گڕاویەوە دەستی بەناو چاوانیەوە گرت و ئاهێکی ترسناکی هەڵکێشا، تەزوی عیشقێک گرتیەوە چارەسەری بۆ نەبوو. بەو بێ ئارامیەوە کەوتەوە خوێندنەوەی نامەکە:
(دیارە پەپولە کەم دوای تۆ هەسارەکەم بەعیشق دەسوتاند).
ئەلیازە هەناسەیەکی توندی هەڵکێشاو ئەو راستیەی بۆ سەلماند:
- کاتێک سەرنشینەکە نامەکەی دامێ وتی پۆپۆلۆم دیوە بەگریانەوە ئەو نامەیەو کتێبەکەی داومەتێ، کاتێک ناوی جۆرجی هێنا هەناسەیەکی ئاگڕاوی هەڵکێشا و ناخی خۆی بەو فیلمە کتوپڕیانەوە دەسوتاند، وەک هەور مێشکیان گرتبووەوە، ئەو وەک شێر پەنجە گرتبێتی، بەو نەخۆشیەوە ئالودەی عیشقی ئەو بووە.
ئەلیازە بەو قسانەوە هیلاک بوو، کەمێک پشوی داو وتەکانی داباراندەوە:
- پۆپۆڵۆ وتویەتی، عیشقی منداڵی ناسڕدرێتەوە.
***
- عیشقی منداڵی شێرپەنجەیە لە ڕۆحدا تۆون چەن دەبێت و لە جەستەدا سەوز دەبێتەوە.
پۆپۆلۆ لە گەڵ دابەزینی لە تەنی فەزایی بوونەوەراندا، کاتێک جۆرجی بینیەوە، بەخۆشیەکی ئەفسانەییەوە ئەوەی وت و باوەشی پێدا کرد. ئەملاو لای ماچ کرد، هەستی کرد هەمان بۆن و جوانی جارانی تێدا ماوەتەوە. کاتێک دەستی بەقژیدا هێناو لێی وردبووەوە خۆشی گرتیەوە.
جۆرج سەرەڕای شۆخی و جوانیەکەی لە سەر زەوی

بەدەست لێوەشاوەی خێو و جندۆکەیان دەزانی، هەرچەندە تەمەنی سیانزە ساڵان بوو، بەهۆکاری دیار نەمانی لە لای خەڵک ببووە جێگای گومان.
لە گەڵ ئەوەشدا خەڵک زۆر چاویان تێ دەبڕی. ساڵێک بەر لە وەش گەنجێکی شارۆچکەی بەتریق عاشقی بوو، بەماتۆڕسکیلێک دەهات بۆ گوندەکە، بەگراند ناسرابوو، بەهۆی شت کڕینەوە لە یەکتریان دەڕوانی. هەتا جارێک لەو کاتەی زەرفێک سەمونی پێ فرۆشت، دەستیان بەر دەستی یەکتری کەوت و تەزویەک بەخوێنیدا هات و عاشقی بوو، دوای چەند ڕۆژێک چەند ژنێکی ناردە داوای، دایکی رازی بوو، جۆرج ئاگری عیشقی پۆپۆلۆ لە دڵیدا بو شوی پێ نەکرد. ئەویش هەر چاوەڕوانی دەکرد، بەردەوامیش چاودێری دەکرد، هەتا دوای شەش مانگ دایکی مرد. ئەویش هەر دەچوو بۆ لای هەتا رازی بکات و شوی پێ بکات. جۆرج تەواو وەڕس ببوو. چاوەڕوانی هاتنی پۆپۆلۆ بوو، ئەویش لە نیوە شەودا لە گەڵ تەنە فەزاییەکەدا هاتبوو، لە گەڵ جۆرج هاتنەوە بۆ ماڵەکەی ئەو، هەتا شتی پێویست بپێچنەوەو بیبەن بۆ ناو تەنە فەزاییەکە، ئەویش نهێنی گراندی بۆ باس کرد:
- ئەگەر بێم بۆ هەسارەکە تاقە مەترسیم گراندە، ئەو چاودێریم دەکات و بەدووامدا دەگەڕێت، هەموو خەڵکیم لێ تێدەگەیەنیت.
پۆپۆلۆ زۆر بیری کردەوە هەتا چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوەو کۆتایی پێ بهێنێت.
گراند ببووە رێگری و بەهۆی کاسبیەکەی و عیشقی ئەوەوە

خـۆی و دایکـــی هاتنـــە گوندەکـــەو بەرامبـــەر مـــاڵی ئـــەوان خانوویەکیان کردەوەو بوون بەدڕاوسێ.
پۆپۆلـۆ دوای ئــەوەی پشــویەکی دا، تــەواو بیــری کــردەوەو بڕیـاری دا بیکوژێـت. گرانـد لـە ژوورەکـەی خۆیـدا خـەوتبوو، پۆپۆلۆ بەدووربینەکەی سەیری کرد بینی خـەوتووە، نیوە شـەو بــەدزی جۆرجــەوە لــە مــاڵ هاتــە دەرەوەو بەدیوارەکەیانــدا هەڵگـەڕا، بەکلیلـە جۆکەرەکـەی دەرگاکـەی کـردەوەو چـووە ژوورەوە. گرانـد بەتانیـەکی بەخۆیـدا دابـوو، لـە تـاوی هیلاکـی لە خـەوێکی قوڵدا بـوو، ئـەویش چووە ژوور سـەریەوە، یـەک چـەپۆکی بـەهێزی بەسـەریدا کێشـا و مێشـکی پژانـد، یەکسـەر گیانی دەرچوو و مرد.
بۆ بـەیانی دایکـی چووە ژوورەوە هـەتا لـە خـەو هەڵیبستێنێت، چەنــدە بــانگی کــرد، وەڵامــی نــەبوو، کاتێــک چــووە ژوور سـەریەوەو بەهێواشـی بەتانیەکـەی لـە سـەر لادا، سـەیری کـرد مــردووە، هــاواری کــرد و خــەڵک لێــی کۆبوونــەوە، هــیچ کەسـێک نــەیزانی هۆکــاری مردنەکــەی چــی بــووە؟ جگــە لــە جـۆرج نــەبێت، کاتێــک پێیــان وت، گرانـد بەوەسـتاندنی مێشک مردووە، زانی پۆپۆلۆ کوشتویەتی، لـە دڵـەوە خۆشـحاڵ بـوو، عیشـقی پۆپۆلـۆ وەک شـیرپەنجە ڕۆح و دڵ و هـەناوی گرتبــووەوە، بــەردەوام بیــری لێــدەکردەوە، باوەشــی بــەبادا دەکـرد، لـە فـەزای دەڕوانـی هـەتا بەخـەیاڵ بیگرێتـە بـاوەش، وێنـەی عیشـقی منـداڵی لـە دڵیدا بروسـکەی ناکاتـەی هـەوری ئـەزەلی بـوون کۆتاییـان پـێ نـەدەهات. وەک ئـەو گڕوگاڵانـەی لـە سـەر مـەمکی دایـک دروسـت دەبـن، بەمەرەکـەبی شـیرەوە دەنوسرێنەوە.

ئەو هەمیشە بەو سروشەوە دەژیا، لە وکاتانەشی دەخەوت هەموو پیاوێکی دەکرد بەپۆپۆلۆ، هەرکاتێک بەخەیاڵ ئەوەی نەکردایە رەحەت نەدەبوو، هەرخەیاڵێکی بکردایە لە خۆشەویستیدا پێی دەوت پۆپۆلۆ.
رەگی ئەو عیشقە مێژوویەکی قوڵی هەبوو، دەگەڕایەوە بۆ ئەوکاتانەی لە خانووەکەی ئۆتۆشۆدا ئەو کەشە ئەفسانەییە دروست بوو، عیشقێکی ئەفسانەیی و واقیعی و رۆحی بوو، دوو مانگ لە ناو تۆڕی ئەفسانەی زەمەنی تێکەڵاودا پێکەوە توانەوە. کاتێکیش ئۆتۆشۆ جۆرجی گەڕاندەوە بۆ لای پرۆفیسۆر ئۆڕاپلاند، پۆپۆلۆشی لە گەڵدا ناردەوە، پرۆفیسۆر کاتێک نامەکەی ئۆتۆشۆی خوێندەوە زانی پێویستە پێکەوەبن.
ئەو عیشقەی جۆرج لە ناخیدا سەوز ببوو، گرێک بو سڕینەوەی بۆ نەبوو، هەمیشە بیری لێ دەکردەوە. ئەوانەش هۆکاری ئەوە بوون ڕوخسارو شێوەی پیاو لە بیرو ڕوانینیدا سڕدرابووەوە.گراندیش ببووە بەڵایەک بۆی و وازی لێ نەدەهێنا، ئەویش ناچار بو حەز بەمردنی بکات. کاتێک پۆپۆلۆ بۆ شەوی دووەم لە ناو تەنە فەزاییەکەوە هاتەوە بۆ لای، ئەویش بەو بیرەوە باسی مردنی گراندی بۆ کرد:
- گوناح بوو، کەسێکی هەژار بو حەزی لە من کردبوو گوناهێکی تری نەبوو، منیش لە بەر عیشقی تۆ نەمدەتوانی شوی پێ بکەم.
بەو قسەیەوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو درێژەی بەقسەکەی دایەوە:
- دەبو وازی بهێنایە. کوشتت خودا لێی خۆش ببێت.
پۆپۆلۆ، بەئازارێکی سەختەوە ئەو کارەی سەروبن کرد:

- حـەزم بەکوشـتن نیـە، بـەس گرانـد چـاودێری تـۆی دەکـرد، بەدڵنیاییـەوە دەبـوو بەبەڵایـەک بـۆ بوونـەوەران، ناچـار بـووم کوشتم.
ئـەوەی وت لـە جـۆرجی روانـی، ئـەویش لـە وی روانیـەوە، بـەبینینی یـەکتری هیوایـان بـۆ زینـدوو ببـووەوە، پـاش ئـەوەی پێشـویان دا جێگـەیان راخسـت، پۆپۆلـۆ دەسـتی بەسـەرە سافەکەیدا هێنا، کراسەکەی داکەند:
- تۆ دەزانیـت عیشـقی منـداڵی بورکانـە، هـیچ شـتێک ناتوانێـت دایبمرکێنێتەوە.
جـۆرج سـەری لـە قانـد، بەزەردەخەنەیـەکی ورد، پشـتگیری قسـەکەی کـرد، سـاتێک بەسۆزەوە لێـی ورد بـووەوە، لاوێکـی قـۆزی هەسـارەکە بـوو، دوو چـاوی وەک بوونـەوەرانی تـر بەقوڵایدا رۆچووبـوون، دەم و چاویشـی سـفت و لـوس و هـیچ مویـەکی پێـوە نـەبوو، سنـگ و لـە شـی وەک ئاوێنـە پریشـکی ڕووناکیـان دەدا، باڵاشـی لـە جـۆرج نزمتـر بـوو، کاتێـک راکشـان پۆپۆلـۆ دەسـتی خسـتە ژێـر ملیـەوە، ئـەویش باوەشـی پیاکرد، لە ساتێکدا پێکەوە جوت بوون.
ژوورەکـە بەهـەڵمی دەم و هەناسـەوە گـەرم دادەهـات، لـە گـەڵ بـۆنی سروشـت و ئـەو تەوژمـە ساردەی لـە فەزاکـەدا دروسـت بووبوو، وەک بۆنێکی تازە لە بووندا بڵاو دەبووەوە.
بـەیانی بـەر لـە خۆرهـەڵاتن جـۆرج هەسـتایەوەو نـاو گـەڵی بەپەرۆیـەک سـڕی و چـو بـۆ چێشـتخانەکە بەشـقارتەیەک تەباخەکـەی داگیرسـاند و شـیر و هێلکـەی کوڵانـد، پۆپۆلـۆش لە خەو هەستا و خۆی لە بـەر کـردەوە، سـەیری جۆرجی کـرد و ئـەو هەسـت و چێژە خۆشـەی بۆ دەرخسـت ئـەو شـەوە لێـی

دیبوو:
- ساپۆلۆ لە بیرەوەریەکانیدا نوسیبوی تامی سێکسی ژنی مرۆڤ لە تامی ژنانی بوونەوەران خۆشترە، منیش ئەمشەو خۆشیەکم دیوە، لاڵ بووم.
بەو قسەیەوە لێی نزیک کەوتەوە، دەستی خستە سەر شانی و ماچی کرد.
جۆرجیش لە بەدیهاتنی ئەو هەموو خەیاڵ و هیوا و چاوەڕوانیە زۆرەی چەند ساڵ بو پێوەی دەتلایەوە، زۆر بەختەوەر ببوو، حەپەسابو نەیدەزانی چۆن وەڵامی بداتەوە، ئەویش توشی دوودڵی ببوو.
- جۆرج شتێک بووە؟ بۆچی شڵەژاویت؟
جۆرج سەری بادا، بەجوڵاندنی لچی تێی گەیاند هیچ نەبووە، پۆپۆلۆ خۆی لە بەر کردبووەوە. پاش ماوەیەک زەوقی هەستایەوەو باوەشی پێداکردەوە، روتی کردەوە، دەمی خستە ناو دەمیەوە، بەدرێژایی ماوەی دووری هەسارەکان هەڵیمژی، جارێکی تریش پێکەوە جوت بوونەوە.
کاتێک دەستیان بەنان خواردن کرد جۆرج مێشکی وروژابوو، بەدەم پێکەنینی خۆشیەوە پرسیاری گەڕانەوەی بۆ هەسارەکە لێ کرد:
- دەبێت بەزویی بچینەوە بۆ هەسارەکە، نەک لێرە پێم بزاندرێت دەبمە مایەی نەنگی و سوک دەبم، لە ناو ئەم گوندەدا داوێن پیسی تاوانە.
- دەچینەوە بۆ هەسارەکەو دەبێت منداڵی بوونەوەرمان ببێت و ببنە کەسێک لە ئێمە، بزانە تۆیش نیوە بوونەوەریت، هەتا تەمەنیشت وەک ئێمە درێژ ببێت، ئەو پێکهاتانەی جەستەی

ئێمــەی لــێ پێکهــاتووە تەمــەنمان درێــژ دەکــات و ئێــوەش تەمـــەنتان کورتـــە. منـــداڵی تـــۆیش بوونـــەوەر دەبێـــت، لە هەسارەکەدا لە دایک دەبێت.
- کێ دەڵێت نیوە مرۆڤ و نیوە بوونەوەر نابێت؟
- ئەمـەش بـۆ ئـەو تـاقی کردنەوەیەیـە، پسـپۆڕان لایـان وایـە بوونـــەوەر دەبێــت. ســاپۆلۆی قارەمــان دوو کچـــی بـــووەو ئەلیازەی لە سەر زەوی لە دایک بووە، نیوە بوونـەوەر و نیوە مـرۆڤ بـووە. ئـەوی تریشـیان لـە سـەر هەسـارەکە لـە دایـک بـووەو بوونــەوەر بـووە. کێشــەش نابێـت. مـن و تـۆ توشـی عیشـقی گـەردوونی هـاتوین، نـاتوانین لێـی ڕزگـار ببـین، ئیتـر منداڵمان هەرچی بن گرنگ ئەوەیە هی هەردووکمانن.
ئەوەی وت جۆرج بەئەفسونی عیشقەوە پرسیارێکی لێ کرد:
- یانی لە دوای من هیچ کچێـک لـە سـەر هەسـارەکە سـەرنجی ڕانەکێشاویت؟
پۆپۆڵـۆ بـەو قسـەیەوە حەپەسـا و دەسـتی خسـتە نـاو قژیـەوە، ساتێک بیری کردەوە، ئەوسا ناخی خۆی بۆ کردەوە:
- دەزانیــت چــاوم جــوانی هــیچ کچێکــی تــری نـــەدیوە لەو هەسارەیەدا، هەر بەچاوەڕوانی تۆوە ژیاوم.
بـەو قسـەیەوە هەناسـەیەکی هەڵکێشـا و بیـری ئـەو سـاتانەی کـردەوە لـە شـاری چـواردە بەسـەری دەبـرد، کچێکـی هـاوڕێی بەتاسوق و چاوی پڕ لـە گریانـەوە چیرۆکـی عیشـقی خـۆی بـۆ دەگێڕایەوە، فرمێسکەکانی بەر لە وشەکانی دادەبارین.
(کاتێـک لـە کـۆلیژی ئەنـدازیاری وەرگیـرام، بـۆ یەکـەم جـار کـوڕێکم ناسـی نـاوی تۆتۆلـۆ بـوو، زۆر سـەرنجی ڕاکێشـام و عاشقی بووم. پاش چەند هەفتەیەک کاتێک لە تـاقی کردنـەوەی

بەشی فەزایی هاتینە دەرەوەو چوین بۆ کافتریای کۆلێژ، دوو قاوەمان خواردەوەو بەدەم قسەکردن و یەکتری ناسینەوە لە زانکۆکە چوینە دەرەوە، تۆتۆلۆ باسی عیشقی خۆی بۆ دەکردم، بەو قسانەوە واقمان وڕمابوو، کاتێک ویستمان جیاببینەوە ئەو پەلی گرتم:

- مەڕۆ حەزدەکەم پێکەوە خوانێک بخۆین.

ئەوە ختورەیەکی ترسناکی خستە ناو دڵمەوە، ویستم پێی بڵێم نایەم، ئەو توند پەنجەکانمی گوشی و دڵنیای کردمەوە:

- دڵنیابە وەک دوو هاوڕێ دەبین.

پەنجەکانم هەر لە ناو پەنجەکانیدابوو، تەزوی پیادا دەهات، ئەویش هەر جەختی دەکردەوە، هەتا بۆ یەکەم جار پێکەوە خوانێک بخۆین و دابنیشین و قسە لە سەر چارەنوسمان بکەین.

بەو قسانەوە سەرقاڵی کردبووم و نەمتوانی رەتی بکەمەوە، ئەویش بەردەوام ئەو وشانەی دەوتەوە عیشقیان لە تەزوی رۆحدا دروست دەکرد، منیش وەک ئەو ئاگری عیشقم دەگرت، ئەویش چاوەڕوانی وەڵام نەبوو، سات بەسات زیاتر ئاگری لە رۆحمدا دەکردەوە، بەوشەی ئاڵتوونی وەسفی لە ش و لار و جوانیمی دەکرد:

- پێستت ئەسمەرێکی ئاڵتوونیەو جەستەیەکی مام ناوەند و لاوازت هەیەو بەسەر سنگ و مەمکە ساف و لوسەکەتدا هەڵکەوتەیەکی بچووکیان دروست کردووە، وەک گردێک لە گەوهەر سیمایەکی رێکیان هەیە.

بەو قسانەوە دەستی راکێشام، زۆر پێچ و پەناو ئەملاو لای پێکردم، بەقسەیشەوە سەرمەستی کردبووم، لە بری ئەوەی

بچین بۆ کافتریاکە بەلایەکی تردا ڕۆیشتین و بردمی بۆ شوقەکەی خۆی. بەدەم ڕێگاوە قۆڵمان لە قۆڵی یەکتریدا بوو، هەتا دەهات زیاتر حەزمان بۆ یەکتری دەجولا، کاتێکیش لە دەرگای شوقەکە چوینە ژوورەوە بەشێوەیەک چاوەڕوانی ئەو ماوە درێژەی ڕێگامان لە چرکەیەکدا کورت کردەوە، وەک ئەوەی دوو فەزای دوور بەتەزویەک یەک بگرنەوە، یەکسەر دەممان خستە ناو دەمی یەکتریەوە.
ئەو بەوێنەو عیشقێکی مەزنەوە ماچی دەکردم و بەقولایی هەناسەی ناو دەممی هەڵدەمژی، بەزمان جەستەمی دەلستەوە، پاشان هەردوو قاچمی بەرز دەکردەوەو لە گەڵمدا جوت دەبوو.
ماوەی تەواو بوونی کۆلیژەکەمان ڕۆژانە بەو جۆرە جوت دەبووین و چێژمان لە یەکتری وەردەگرت. دوای ماوەیەک نامەیەکی ساردی بۆ بەجێ هێشتم، زۆر بەبێ وەفایەوە داوای لێ بوردنی لێ کردم لە وەی ناتوانێت جارێکی تر بمبینێتەوە).
پۆپۆلۆ هەتا ئەو ساتە گوێی بۆ راگرتبوو، ئەویش بەدەم گێڕانەوەی چیرۆکەکەیەوە زیاتر خۆی بەوەوە دەنوساند، ئەویش خۆی لێ دوور دەخستەوە. هەتا دووا جار دەستیان خستە ناو دەستی یەکتریەوە هەتا جیاببنەوە، سانانۆ چاوی بڕیە ناو چاوی و ئەویش بیری لەو ئازارانەی ئەو دەکردەوە، دەستی گوشی و نیەتی خۆی بۆ دەربری:
- سانۆنۆ دڵنیابە نامەوێت عیشق لە گەڵ هیچ کەسێکدا بکەم جگە لە جۆرج.
سانۆنۆ دڵنیای کردەوە وەک دوو هاوڕێ پێکەوە دەبین، نەک

دوو عاشق.
بەو قسەیەوە هەڵوێستەیەکی کرد:
- ئاخر ناکرێت تۆ بەو هەموو خەمەوە ببەسترێیتەوە بە عیشقی کەسێکەوە لە سەر هەسارەیەکی ترە، خودا دەیزانێت چۆنی دەبینیتەوە؟
ئەو قسەیە ناخی پۆپۆلۆی وروژاند:
- عیشقی ئێمە وەک شیری دایکە، لە منداڵیەوە دروست بووە. ئایا دیوتە شیری دایک بسڕدرێتەوە.
سانۆنۆ بەبێ بیرکردنەوە وەڵامی دایەوە:
- مەرگیش نایسڕێتەوە، دەزانم ئەوەندە عیشقی جۆرج دڵ و رۆح و ناختی گرتووە جێگەی دەرزیەکیان تیادا نەهێشتۆتەوە.
لەو ساتەشدا بەو بیرو تامەزرۆیەوە چێژی عیشقی جۆرجی وێنا دەکردەوە، ئەوە یەکەم جاری بو بەڕاستی لە گەڵیدا جوت ببێت، ئازار و ژان و چاوەڕوانی ئەو ماوەیەی بیر بردبووەوە. بەو حەسرەتەشەوە ناو دەمی هەڵمژی، تلاندیەوە، هەردووکیان رەگی هارێتیان گرتبوو، پڕ بەهەناسەیان یەکتریان هەڵدەمژی، دوواجار بەسەر یەکدا جوت بوون. وەک لاولاو لە یەکتری ئاڵان و بۆن و فیشکەی هەناسەیان دەهات، لە پڕ خامۆش بوون، لە یەکتری جیابوونەوە، جۆرج ناو گەڵی سڕی و جلە کانی لە بەر کردەوە.
پۆپۆلۆ گێژ بوو، هەموو شتێکی بیر چووەوە، بەهیدفۆنەکەی پەیوەندی کرد بەسەرنشینانی تەنە فەزاییەکەوەو ئاگاداری کردنەوە شەو لە گەڵ جۆرجدا دەگەڕێنەوە.
هیدفۆنەکەی داخستەوەو تەلیسمی ئەو خۆشیە گرتیەوە.

له ساتێکدا هەردووکیان وەک دوو کەسی مۆمیا بویان لێهات، بەو شاڵاوەشەوە مات بوون. بۆنێکیش ژوورەکەی گرتبووەوە، وەک بۆنی بنێشت و شەهوەت و شەرابێکی کۆنە تێکەڵاو کرابێت. لە بۆنی هەزارەی حەکیمانی گەردوونی، خرابێتە ناو دۆشاوە شەرابی بۆنی گوڵەکانەوە، بەنەسیمی مۆسیقای رەوی ئیتاڵیەوە بەفەزای گوند و جیهاندا بڵاو دەبووەوە، وێنەی سێکسێکیان دەکێشا، تۆوێکی دوو رەگی هەڵگرتبێت، گەردوون بەو وێنەو مۆسیقایەوە دەلە رزی.
ئەوە چواردە ساڵ بو جۆرج هاتبووەوە ناو گوندی دۆلفین، بەردەوام لە پەیوەندیدا بو لە گەڵ هەسارەکەدا، رەگی نەخۆشی دەروونیش لە جەستەیدا تۆو چەن ببوو، هەمیشە بیری لێدەکردەوە.
ئەوان لە سەر هەسارەکەوە، لە ناو تەنە فەزاییەکەدا هەموو وێنەکانیان دەگرت و ژیریی دەستکردیش مۆنتاژی دەکردنەوە.

ئەوان لە ناو تەنە فەزاییەکەدا بوون، لە سەر هەسارەکەوە بەچاودێری بنکە ئەتۆمیەکانەوە خەریک بوون، زوومی کامێرایان خستبووە سەر دووگمەکان و جانتا ئەتۆمیەکانەوە، تایبەت هی ئەمریکا و ڕووسیا و فەرەنسا و کۆریای باکوور و چین و ئەڵمانیا و بەریتانیا و پاکستان و ئێران و ئۆکرانیا. جگە لە وە توێژینەوەی بەراوردکاریان دەکرد لە نێوانیاندا، لە سیستەمی تەنە فەزاییەکەدا جێگیر کرابوو کاری لە سەر دەکرا، هەتا ئەگەر ویستیان لە کاتژمێری سفردا هەموویان پووچەڵ بکەنەوە.

فەزایی هەسارەکە بەجەنگی ئەلیکترۆنی تەنە فەزاییەکانەوە پەخش دەبووەوە. پرۆفیسۆر ئۆراپلاند تەکنەلۆژیای گەردوونی شی دەکردەوە، پەیوەندی بەسەرنشینانی تەنە فەزاییەکەوە کردەوە، هەتا چاودێریەکی چڕ بکەن و بزانێت هۆکاری ئەو کلیل و قفڵە چیە. ئەو زانیاریەی لە لای هەسارەی ڕۆژئاوا و سەر زەوی نەدەبینیەوەو دەیزانی تەکنەلۆژیای هەسارەی خۆرهەڵات پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیایە لە گەردووندا.

دوای ئەوە سەرنشینەکان پەیوەندیان پێوە کرد. جانتا ئەتۆمیەکانی سەر زەوی لە ژێر کۆنتڕۆڵدان. پرۆفیسۆر پێشنیازی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیا و هاتنی تەنی فەزایی هەسارەکانی تری بۆ کردن. زۆر گرنگ بو لە لای لەو شەش ملیار هەسارەیەی تر جێگەی ژیانیان تیادابوو.

ئەوانیش بێنە سەر زەوی. هەتا باڵا دەستی خۆیان ببینێتەوە. هەرچی تۆڕی دی جی تاڵی ئینتەرنێتی هەسارکە بو زۆر بەهێزبوو، کۆڕای لابتۆپەکەشی دووا پێشکەوتن بوو، نیشانەی تریان لە سەر بوو، کلیل و قفڵەکەش ببووە گومانێکی گەورە دەبو بیدۆزێتەوە.
ئەو سوور دەیزانی ئەوە نیشانەی هەسارەیەکی پێشکەوتووە، یان لە بەرەی کۆمەڵەی ڕۆژە، یان لە هەردوو بەشی کونە ڕەشەدایە. هیچ گومانێکی بۆ ئەوە نەدەچوو ئەو کێشەیە لە قفڵەکەی جۆرجدا بێت، نەخشەی گەردوونی شیکردەوەو کەوتە گەڕان.
کامێراکەش تیشکی خستبووە سەر جۆرج. ئەویش لەو ساتەدا توشی ئالودەیەکی بێ وێنە ببووەوە. بەرلە وەی ئەوان هەواڵی دابەزینیانی بدەنێ، چاوی بڕیبووە شارۆچکەی بەتریق، دەیویست گوێی لە وەڕینی دەڵە سەگێک بێت و بووەڕێت، هەتا بەخەیاڵ گوانەکانی بمژێت.
جۆرج بەبێ ئەو شیرە نەدەژیا، لەو ساتەشدا ژەنەڕاڵ هاپامۆ پەیوەندی پێوە کرد و هۆشداری دایە، چاوەڕوانی بکات لە گوندەکەدا، تەنی فەزایی هەسارەکە لە ساتی دابەزیندایەو دێڵە جۆرجیشیان لە گەڵدایە.
جۆرج بەبیستنی ناوی دێڵە جۆرج ژیایەوە، بەخەیاڵ ئەملاو لای ماچ کرد، دەمی خستە ناو دەمیەوەو پاڵیخست و تێر گوانەکانی مژی، بەتاسوقەوە یەک یەک مەمەکانی مژی، هەتا ئەوەندە تێربو کەوتە سەر هێڵنج.
کامێراکە لە ناو تەنە فەزاییەکەوە زەوی وێنا دەکردەوەو بەشی ڕۆمانەکەی تەواو دەکرد، لەو ساتەشدا ژیانی جۆرج

زووم و شاشـەکانی گرتـەوە. ڕۆمانەکـە ناکامـڵ دەبـو تیشـک نەخرێتـە سـەر دایکـی و ژیـان نامـەی نەنوسـرێتەوە، کامێراکـە بەر لـە وەی ئـەو وێنانـە بهێنێتـەوە لـە ڕۆژو زەمـەنی لـە دایـک بوونیـدا ڕۆژ و هۆکـاری سـک پڕبـوونی بەجۆرجـەوە وێنـا دەکردەوە، وەک ئەو ساتە لە ئەرشیفەوە وەک خۆی وێنـەکانی هێنایەوە.

***

هۆتۆ کچێکی شۆخی حەڤدە ساڵان بوو، کەوتـە نـاو دۆزەخـی جەنگـەوە، کـاتی بۆمبـارانی فڕۆکـەی جـەنگی و تـۆپ بـارانی سـوپای دووژمـن لـە ناوچەکـەدا بەشـێوەیـەک زەوی بـەئاگرو ئاسنی تـواوە دەکـولا، دوای کـوژرانی دایـک و بـاوک و بـڕاو خوشـکەکەی بەتـەنیا لـە خانووەکەیانـدا دەژیـا، لـە شـەوێک لـە شـەوە ترسـناکەکاندا ئـاگر لـە ناوچەکـەدا بـەرز دەبـووەوە، لـە هێرشـی زەمینـی دووژمـن بـۆ سـەر شـارۆچکەکە، خـەڵکی بەلێشـاو رایـان دەکـرد و ماڵـەکانیان چـۆڵ دەکـرد، ئـەویش بـەترس و لـە رزی مەرگـەوە بەتانیـەکی لـە خـۆی ئاڵانـدبوو، کۆڵەپشتێکی پێچابووەوە، لـە شتی گرنـگ لـە ناسنامەو جل و بەرگ و ئەو کەمە خواردنەی هەیبوو، ئـەویش چوار هێلکـەی کـولاو و پێـنج نـان و چەنـد سـەلکێک پـەنیر و پیـازو کـەمێک مرەبـای هـەنجیر و مشـتێک خـوێی کردبـووە نـاو نایلۆنێـک و مەتارەیەک ئاو هیچی تر.
ئەوانەی خستبووە نـاو کۆڵەپشتەکەیەوەو خۆی ئامـادە کردبوو بـۆ ڕاکـردن، کاتێـک تەقـەو تەقینـەوە نزیـک بـووەوە، دڕاوسێکانی بانگیان کرد:
- هۆتـۆ خـۆت بپێچـەرەوە سـوپای نیشـتمانی تێـک شـکاون و

سوپای دووژمن خەریکن دەگەنە ناو شار.
هۆتۆ ئارامی نەمابوو، لە بەیانییەوە چاوەڕوانی دەکرد و دەگریا، چۆن بەتەنیا بڕوات؟ بێ کەس و خۆشەویستەکەشی لە دەست دابوو، نەیدەتوانی وەک جاران بیبینێت و پێکەوە بڕۆن. دەمەو عەسر چو بۆ باخچەی دڵداران وەک غەمی ڕۆژانی ڕابردوو بەبادا بکات، زۆر گەنج لە سەر کورسیەکان دانیشتبوون، ئەویش دەیویست وەک جاران ئەو ببینێت و چۆن ڕۆژانی تر چاوەڕوانی دەکرد، کاتێک دەیبینی دەگەشایەوەو بەخۆشیەوە لە سەر کورسیەکەی هەڵدەستا:
- هۆتۆلە گیان خەمی تۆم بوو، نەهاتیتایە ناچار دەبووم بێم بۆ ماڵەوە بۆ لات.
ئەوەی دەوت هۆتۆش هەمیشە زیاتر عیشق و دڵنیایی بۆ دەردەخست:
- فاران گیان من بێ کەسم تەنها تۆ وخودام هەیە، تۆ دەزانیت لە ئێستادا تەنها تۆم هەیت .
- من هەرگیز تۆ بەجێ ناهێڵم، مەرگ و ژیانم لە گەڵ تۆدایە.
کتوپڕ فاران بەبێ وتنی وشەیەک بەجێی هێشت. هیچ پەیوەندیەکیشی پێوە نەکردەوە.
ئەویش بۆ دووا جار بەدوودڵیەوە چو بۆ ناو باخچەکە بۆلای، تەواو هەستی پێ کردبوو لە گەڵ کوڕێکدا هاوسەرگیری کردووەو بەتەواوی تێکەڵاوی رۆحی بووە، لەو کاتەشدا لە گەڵیدا دانیشتبوو. ئەویش بەئازارێکی زۆرەوە ڕووی تێکرد و گریی خۆی بۆ کردەوە:
- فاران من هیچت پێ ناڵێم تۆ منت پشت گوێ خست بۆ

کوڕێــــک؟ هیـــوادارم ژیـــانێکی بەختـــەوەرتان هـــەبێت و خێزانێکی گەورەتان لە پاش بەجێ بمێنێت و نەوەکانتان باش بن.
فـاران هەسـتی بەشـەرمەزاریەکی زۆر کـرد و سـەرخۆی نـەهێنا، کوڕەکـەش دەستی خستبووە ملیەوە. ئـەویش بێدەنگ بـوو، وشـەیەکی نەوت.ئـەویش بـەچاوێکی پـڕ لـە گومانـەوە سەیرێکی کردن و بەداخەوە بەجێی هێشتن.
لەو ساتەشدا ماوەیەک بەدوو دڵیەوە بەباخچەکەدا گەڕا، وەک ئەوەی کێشەیەکی دەروونی خۆی چارەسەر بکات، چەندەش وردبووەوە چاوی پێی نەکەوت، بەنائومێدیەوە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە.
لەو ساتەشدا بـەو بانگـە بانگـەوە شـڵەژا، گـورج راپـەڕی و کۆڵەپشـتەکەی دا بەکۆڵیداو لایتەکـەی بەدەسـتیەوە گـرت و دەرگاکانی کلیل داو لە ماڵ هاتەدەر.
کۆڵانـەکان تاریـک بـوون، دەنگێکـی تۆقێنـەری کـپ لـە نـاو شـارەکەوە دەهـات، ئـەویش ساتێک لـە بـەر دەرگاکـەدا وەستا، سـەیری کـرد دراوسـێکانی بـەجێیان دەهێشـت، ئـەویش وەسـتا هـەتا دووا کەسـیان ڕۆیشـتن. ئـەویش بەدوایانـدا ملـی ڕێـگەی گرتە بەر. کاتێک بەکۆڵانـە باریکەکانـدا بـەرەو باکوور کەوتـە ڕێ، لە ڕێگاکەدا بـەدوای کـاروانی رەوکەرانـەوە توشـی تـرس و دڵـە ڕاوکـە ببـوو، مانـدوو شـەکەت ببـوو، لـە تـاوی تـرس لایتەکەی هەڵکردبوو، بەدەستیەوە گرتبوو.
کاتێــک لـــە شـــارۆچکەکە دوور کەوتـــەوە، لای وێســـتگەی کارەباکـە وەسـتا، لــە تـاوی مانـدوێتی لـە سـەر بـەردێک دانیشت. گەنجێک لـە دووری دە مـەترەوە هـات و لێی نزیـک

بووەوە، کاتێک سەیری کرد کچێکی تەنیایە لێی هاتە پێشەوە:
- سڵاو بۆچی لایتەکەت ناکوژێنیتەوە؟
بەو قسەیەوە داچڵەکی و ترسێک لە دڵی گەڕا، ئەویش بەبەرگە خاکیەکەی و جەستەیەکی لاوازی درێژکۆلەی ئەفسانەییەوە وەک سەربازێکی لە جەنگ هەڵهاتوی دەنواند، بەو شێوەیەش هاتە بەردەمی و بەنەرمیەکی لێبوردەیەوە ئەو ترسەی شکاند:
- مەترسە منیش خەڵکی ئەم شارۆچکەیەم، هەمووومان سەرمان لێ شێواوەو هەرکەسەمان بەلایەکدا دەڕوات، سوپاکەمان لە لایەن سوپای دووژمنەوە تێک شکا، تازە وڵاتمان بو بەئاگر.
هۆتۆ بەو قسەیەوە کەمێک ترسەکەی شکاو ئەویش بەهێواشی هاتە لایەوەو دانیشت، دوو پاکەت پسکیت و دوو سەمونی سەربازی لە کۆڵەپشتەکەی دەرکرد:
- ڕەنگە برسیت بێت، با ئەو سەمون و پسکیتە بخۆین؟
هۆتۆ لایتەکەی کوژاندەوە، پاکەتێک پسکیت و سەمونێکی هەڵگرت، بەدەم خواردنیانەوە سەیری دەکرد، سات بەسات دڵنیایی زیاتریشی وەردەگرت، ئەویش دوای ئەوەی زانی کچێکی تەنیایە نیازی خۆی بۆ دەربڕی:
- من وەک هاوڕێ و خەڵکی شارەکە لە گەڵت دەبم و بۆ مردن دەستت لێ بەرنادەم.
بەو قسەیەوە مەتارەی ئاوەکەی لە کیفەکەی قەدی کردەوەو لە بەردەمیدا داینا، لە وکاتەی ئەو دەمی بەمەتارە ئاوەکەوە نا، ئەویش چاوی بڕیە ناوچاوی. ئەو ڕوانینە لە ناخی هەردووکیاندا بو بەئاگرێکی کێوی، گڕی گڕکانێک جەستەو

ڕۆح بتوێنێتەوە٠
***
هۆتۆ مەتارەکەی دانایەوەو دووا لە تی پسکیتەکەی خوارد:
- زۆر ترسام، تەنیام بووم و دڕاوسێکانم بەجێیان هێشتم و کچێکی بێ دایک و باوک و خوشک و برام، بەتەنیا چیم بکردایە؟ ئەم کۆچە بو بەسەد بەڵا بۆمن.
- منیش وەک تۆ باوک و دایک و بڕاو خوشکم لە دەست داوە، ناوم گۆگانە، هیچ خەم مەخۆ پێکەوە دەڕۆین، هەتا لە وڵاتێک دەگیرسێینەوە ئیتر بۆ مەرگ و ژیان پێکەوە دەبین.
هۆتۆ بێجگە لە سەر لە قاندنێک هیچی تری نەکرد و قسەیەکیشی نەوت، ئەویش بەنیگایەک دڵنیای کردەوە، پێویستی بەهیچ وشەیەکی تر نەبوو.
دوای ئەوە خۆیان کۆکردەوەو پێکەوە هەستان و کەوتنەڕێ، پاش ماوەیەکی زۆری ڕێ کردن ماندوو بوون، لە ناو دەوەنێکدا وەستان، هۆتۆ گرێی بەتانیەکەی لە سەر سنگی ترازاند و پێکەوە چونە ژێریەوەوەو راکشان، لە گەڵ جووڵەو دەنگی سروشت و ناڵەی تەقینەوەی دووردا زیاتر تێک دەئاڵان، دەمەو بەیانی بەخشەی مارو مێرووەوە جووڵەیان زیاتری کرد، وەک دوو دار خرابێتە سەر یەک، بەو شێوەیە جوت ببوون و یەکتریان لە کورت و درێژیدا دەپێوا.
ئەو گەشتە چیرۆکێکی ئەفسانەیی نوێ بوو، بوونی لە نەبووندا دروست دەکردەوە، لە شەوێکی خوێناویدا عیشقی ژیان لە بۆسۆی ڕۆحی تەریوەوە دەژیایەوە.
هۆتۆ کاتێک هەستایەوە هەستی کرد سکی پێچ دەخوات و

لینجاییەک بێخی ددانی گرتبوو، بەو هەستە تۆقێنەرەوە ئاماژەیەکی بۆ گۆگان دەرخست، ئەویش تێگەیشت مەبەستی چیە، بەڕویەکی خۆشەوە لەو گومانە ڕزگاری کرد:

- من و تۆ لە بێ کەسی و ئاوارەیدا بووین بەکەسی یەکتر، تازە تامردن پێکەوە دەبین، دەبێت منداڵیشمان ببێت، هەر چیەک بێت، کچ بێت یان کوڕ، ئەوە منداڵی هەردووکمانە تۆ دایکیت و منیش باوکیم.

بەو قسەیەوە دەستی گوشی و پێکەوە کەوتنەڕێ، وەک بەرەو قوڵایی جیهان بچن. لە پێشیانەوە ئاگرە یان دۆزەخە یان بەهەشت و گیای نەمریە، هەموو شتێکیان بیر چوبووەوە، پروشەی ئاوریشمی عیشق لەو شەوە دۆزەخاویەدا بەسەریاندا باری بوو. ڕێگاو فەزاو ڕوانین و بیرو هۆشیان بەو شیشەیەوە داپۆشرابوو.

بەو ڕوانینەشەوە بەرەو ڕۆخی زەریا پەلکێش دەبوون، هەتا شەپۆلی ئاوی زەریا عیشقی گەردوونی لە کەفەکانیەوە بهێنێتەوەو هەردوو عاشقی هەسارە و زەوی بخاتە خێوەتی نەمریەوە.

بەو تەوژمەیشەوە ئازاری ژیان و خەمیان دەڕەویەوە، بەجێ هێشتنی نیشتمان و ماڵ و ژینگە دەبوون بە دروست بوونی نیشتمانێکی نوێ لە عیشق.

هۆتۆ کاتێک چاوی بەئاسۆ کەوت دەستی گۆگانی بەردا:

- نیشتمان دڵە.. دیوارە نەبینەکانی ڕۆحە، لە ناکاو داگیر کرا، پێویست بو بڕۆین.

کۆگان ویستی دڵی بداتەوە و لە بیری تەنیایی ڕزگاری بکات، توند دەستی گوشی، وەک هەرگیز پەنجەی لە پەنجەی

ئەو جیا نەبێتەوە، بەو ڕۆحەوە ناخی خۆی بۆ کردەوە:
- پێویستە نیشتمانێک لە عیشق دروست بکەین، هەتا کاتێک گەڕاینەوە شوناسێک بۆ خۆمان دروست بکەین.
هۆتۆ سەری ڕاوەشاندوو بەدڵ قسەکەی پەسند کرد، ئەویش توند دەستی گوشی، بەدەم سەیرکردنی ڕۆخی زەریاکەوە، دەستەکەی تری ڕاکێشا بۆ بن دەوەنێک و پێکەوە لە سەر بەردێکی درێژ دانیشتن.
هۆتۆ قژی گۆگانی هەڵدایەوە:
- برسیمە، زۆرم برسیە، با دابنیشین و نانێک بخۆین.
- منیش برسیمە لە بەر عیشق برسێتی و هیلاکیمان بیرچۆتەوە.
- ڕاستە توشی عیشقێکی ناکاتە هاتین.
- ئەو عیشقەش پیرۆزەو دەمێنیتەوە.
بەو قسانەوە دانیشتن، کۆگان کۆڵە پشتەکەی کردەوە:
- من لە سەربازخانەکە زانیم سوپا تێک دەشکێت و دەبێت ڕابکەین، چوار سەمونم لە فڕنەکە وەرگرت و هێنام، نەختێک پسکیتیشم پێیە. ئەی تۆ چیت پێیە زۆر برسیمە؟
هۆتۆش کۆڵەپشتەکەی کردەوەو هێلکەو نانەکەی دەرهێنا:
- بەڵێ توێشوی سەفەرم هێنا، ئەو خواردنانەی هەمبو پێچامنەوە.
سەرەتا نانەکەی دەرهێناو گرێی بوخچەکەی کردەوە، دوواتر هێلکەکان و پاشان سەلکە پیازەکان و چەقۆکەی خستنیە سەر لکی بوخچە نانەکە.
ئەوانە دووا بەشە خواردنی من بوون هێناومن.
هەریەکی هێلکەیەکیان پاک کرد و پێکەوە کەوتنە

خواردنیـان. پـاش ئـەوەی تێریـان خـوارد ئـەوەی مـابووەوە پێچایانـەوە، هۆتـۆ خسـتیەوە نـاو کۆڵەپشـتەکەیەوەو بـەرەو ڕۆخـی زەریاکـە کەوتنـەڕێ. لـە گەڵ هەنگاونانـدا چاویـان بـۆ شەپۆلە کان هەتەر دەدا، جووڵەی کەشتیەکانیان دەبینـی، وەک فەزای نەمریان بۆ بکرێتەوە، بەوشێوەیە لێیان دەڕوانی.
بـەو هەستەشـەوە خۆیـان گـورج کـردەوەو هـەنگاوەکانیان خێراتـر کـرد، بەتـەوژمی بـای کـەنار زەریاشـەوە خێراتـر دەبوون وەک گەردوون هەڵیان بگرێت بۆ کۆشکێکی نەبین.
کاتێـک گەیشـتنە کـەنار زەریـا هـیچ کەشـتیەکی لـێ نـەبوو، سـەدەها خێـزان و خـەڵکی تـری تـەنیای تـریش هـاتبوون، دەیانویست لە زەریاوە بڕۆن و بۆ وڵاتانی تر.
هـەتا دەمـەو نیـوەڕۆ هـەموویان لەو جیگەیـەدا وەسـتان، هـیچ کەشـتیەک دیـار نـەبوو، چـاوەڕوانی و برسـێتی و مانـدوویێتی خەڵکەکـەی گرتبـووەوە، لـە پـڕ لـە بـەری ڕۆژهەڵاتـەوە کەشتیەکی جـەنگی لـە ژێـر زەریـاوە سـەری دەرکـرد، کاتێـک نزیـک بووەوە خەڵکەکە بەبێ هۆشی بەرەو ڕوی ڕایـان کـرد، کەشـتیەکەش بەدۆشـکە کەوتـە دەسـتڕێژو بـەگوللە داییبێـژان، بەبڵند گۆ هاواریان دەکرد، ڕامەکەن با نەکوژرێن.
خەڵکەکـەش هـەموویان هـەڵاتن، فڕکـان فڕکـانێکی گـەردەلولی دروست بوو، گۆگـان دەستی بەدەستی هۆتۆوە بو ڕایدەکێشـا، بەرلـە وەی بکەونـە نـەدیوی گـردە لەمەکـەوە گـوللە یـەک بـەر دەستی کـەوت، هۆتـۆ ڕایکێشـا خسـتیە نەدیویەکـەوە، ئـەویش لـە جێگـەی خۆیـدا تلیسـایەوە، هۆتـۆ بەقریشـکەوە دانەویـەوە سەری:
- کۆگان گیان..کۆگان.

کۆگان خوێنی زۆر لێ دەڕۆیشت، پیاوێک گەڕایەوەو هات بەدەمیانەوە، گورج بەپەڕۆیەک دەستی بەست و دڵنیای کردەوە:
- براکەم هێز بەرە بەر خۆت، هەستە بابڕۆین، بانەکەونە بەردەستی دڕندەکان.
هۆتۆ توشی خەمۆکیەکی گەورە ببوو، کۆڵەپشتەکەشی لە شانی کەوتبووە سەر زەویەکە. پیاوەکە هەڵی گرتەوەو کردیە شانی و دەستی کۆگانی گرت، بەدوای خۆیدا ڕایکشا.
کامێراکە لە ویدا وەستا، بەدەم شەپۆلی زەریاکەوە مۆنتاژی راگیرابوو.
***
- ئەم تاشەبەردانە زۆر لوسن گۆگان وریابە نەکەویت.
گۆگان قۆڵی لە قۆڵی هۆتۆدا توند کردبوو، دەستە بریندارەکەی بەسنگیەوە نوساند بوو، کاتێک لە گردە لمەکە هاتنە خوارەوە پیاوەکە، پارچەیەک پەڕۆی سوتاند و خستیە سەر برینەکەی و بەپارچە پەڕۆیەکی تر توند بۆی بەست، پاشان پارچە پەڕۆیەکی تری هێنا و سێ جار دایدڕی، یەک یەک بەیەکەوە گرێی دان و خستیە ژێر دەستی و لە ملیەوە توند بەستی.
دوای ئەوە کەوتنەڕێ، ڕێگاکە سەخت بوو، تاریکە شەوێکی نوتەک بوو، بەبۆنی شەپۆل و هەواو کەشی زەریاکەشەوە بەبۆن کەوتبوون.
کاتێک دەشتێکی کورتیان بڕی و بەو شاخەدا هەڵگەڕان، هەتا گەیشتنە ئەو تاشە بەردە لوسانە، زۆر بەزەحمەت دەیانتوانی بێنە خوارەوە، گۆگان ئازارێکی زۆری هەبوو،

پیاوەکە حەبی ئازار شکێنی دایەو دڵنیایی کردەوە:
- پڵێتەم خستۆتە سەر برینەکەت، گوللە کەش لە هەردوو لاوە دەرچووە، هیچ مەترسیەکی خوێن بەربوونت نەبێت، ئێستا دەبێت بگەینە شارۆچکەی بەتریق، لە وێ بۆت تیمار دەکەن و چاک دەبێتەوە.
هۆتۆ بەناوی بەتریق شێواو سەیری پیاوەکەی کرد، ریش و سمێڵی سپی ببوون و چرچ دەم و چاوە پانەکەیان گرتبووەوە، وەک دێیەری تەماتە دیاریان دەدا، بەباڵایەکی بەرزی باریکەوە وەستابوو، دنیا دیدەو بەئەزمون دەردەکەوت، پاڵتۆیەکی ڕەشی لۆکەی لە بەر کردبوو، هەموو قۆپچەکانی داخست بوو، جوتێک پوتی قاوەیی لە پێدا بوو، قەیتانەکانی توند بەستبوو، گورج و گۆڵ و وریا دەردەکەوت، وەک ئەفسەرێکی پیر لە سوپادا مابێتەوە.
هۆتۆ ساتێک وەک وێنەگر بەوردی لێی روانی، ئەوسا ئەو گرێیەی ناخی خۆی بۆ کردەوە:
- خاڵە گیان تۆ زۆرت چاکە لە گەڵ کردین، نازانم چۆن سوپاست بکەین، بەس ئێمە سەرمان لێ شێواوە، تۆ وتت شارۆچکەی بەتریق، ئایا ئێمە چارەنوسمان چی دەبێت و چی بکەین؟
پیاوەکە پاش ئەوەی ئەو پارچە نانەی ناو دەمی قوتدا، پەنجەی بۆ ڕووناکایی و تیشکی گڵۆپەکانی شارۆچکەکە راکێشا:
- ئەوە شارۆچکەی بەتریقە، خاکی وڵاتی کەهرۆ موگناتیسە لە وێ خۆتان بەپەناهێندە بدەنە قەڵەم و تیایدا بژین، هەتا لە وڵاتی خۆتاندا شەڕ کۆتایی پێ دێت.

پیاوەکە ئەوەی وت، گۆگان سەری لە قاند:
- کەواتە تۆ خەڵکی وڵاتی ئێمە نیت، ئەی ڕێگەیەکی تر شک نابەیت ئێمە بۆی بچین ؟
- من خەڵکی ئەم وڵاتەم لە شاری پلاگارد نیشتەجێم، بۆ بازرگانی هاتبوومە وڵاتی ئێوەوە، ناچاربووم وەک ئێوە رابکەم. ئێوەیش بۆ کوێ بچن؟ ئەو سنورە زەریاییە هەبوو، بەچاوی خۆتان بینیتان دەیانمان لێ کوژڕاو، گیرا، وشکانیش هەر بڕۆن و بڕۆن بۆ کوێ بڕۆن؟ لێرە بمێنینەوە باشترین جێگەیە، زمانمان یەکەو نزیکن لە وڵاتی خۆتانەوە، هەر کات بارودۆخ باش ببێت دەگەڕێینەوە.
گۆگان بێدەنگ بوو، هۆتۆش سەری لە قاند و بەو بێ دەنگیەوە کەوتنەڕێ.
بەسەیر کردنی تیشکی گڵۆپەکانی شارۆچکەی بەتریقەوە بەماندوویی و شەکەتیەوە ڕێگەیان دەبڕی. هەر ماوە ماوە لە جێگەیەکدا دادەنیشتن و پشویەکیان دەدا، وردە نان و لە تە پسکیتیان لە کۆڵە پشتەکانیان دەردەهێناو دەیانخوارد، هەتا هیچ خواردنێکیان پێ نەما.
بەو شەکەتیەوە رێیان دەبڕی هەتا لە دەمەو بەیانیدا گەیشتنە شارۆچکەکە.
گڵۆپەکانی ناو شار لە گەڵ شەفەقدا تیشکێکی زیوینیان دەبەخشی، وەک هێزێک ئەو ماندووێتیەیانی نەدەهێشت. هەر لە یەکەم جووڵەو ڕوانینەوە، بینیان گڵۆپ و دەنگە دەنگی ئەو چێشتخانەیە بو بەو بەیانیە کرابووەوە، بۆنی رۆنی قرچاو چێشت و هەڵم تێکەڵا ببوون، تامێکی خۆشیان دەبەخشی، پیاوەکە فەرموی لێ کردن:

- وەرن میوانی منن نان دەخۆین و دوایی لە گەڵتان دێم بۆ بنکەی پۆلیس.
هەرسێکیان پێکەوە چونە ناو چێشتخانەکەوە، شاگردێک بەدلە یەکی سپی لە بەردا بوو، گەنجێکی باڵا بەرزی چاو برۆ ڕەشی ئەسمەر، هاتە بەردەمیان پەڕۆیەکی بەمێزەکەدا هێنا و پاکی کردەوە:
- بەخێربێن فەرمون تەنها شۆربامان پێگەشتووە بۆتان بهێنم؟
پیاوەکە، بەپێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:
- نازانیت لە ڕێگای دوورەوە هاتوین و زۆر برسیمانە، خێرا سێ شۆربامان بۆ بهێنە.
شاگردەکە بەدەنگی بەرز داوای سێ شۆربای کرد و ڕۆیشت، سێ نانی گەرمی لە نانەواخانەکەی ناو چێشتخانەکەدا هێنا و لە ناو سەبەتەی سەر مێزەکەدا داینا، دوایی چو سووراحیەک ئاویشی هێنا. بەخێرایی گەڕایەوە سێ شۆرباکەشی لە سەر سینیەک هەڵگرتبوو، هەر کەسە قاپی خۆی خستە بەردەمیان، ئەوانیش کەوچکیان لە سەبەتەی سەر مێزەکە هەڵگرت و دەستیان بەنان خواردن کرد.
کاتێک خواردنەکەیان خوارد، پیاوەکە داوای سێ قاوەی کرد، گەنجێکی تازە باڵغ قاوەکانی بۆ هێنان، ئەوانیش بەخیرایی خواردیانەوە. پیاوەکە هەستا پارەی خواردنی هەرسێکیانی دا و پێشیان کەوت، هەتا چونە ناو پۆلیسخانەکەوە.
پۆلیسێکی کورتە باڵای ڕەش تاڵە، لە بەر دەرگاکە پاسەوان بوو، پاڵتۆیەکی درێژی پۆلیسی لە بەردا بوو، هاتبووە خوار ئەژنۆیەوە. پیاوەکە بەوردی تێی گەیاند ئەوان ئاوارەن.

ئـــەویش لێیـــان هاتـــە پێشـــەوە، بەدەســـتە کورتـــەکانی هـــەر دووکیانی پشکنی. پیاوەکەش تەوقەی لە گەڵ گۆگاندا کرد:
- ئیتـر مـن دەڕۆم، ئێـوە بڕۆن خۆتـان نـاونوس بکـەن و ببنـە پەنابەر.
ئەوەی وت سـەری دانەوانـد و ڕۆیشـت، ئـەوانیش دەسـتیان بـۆ بـــەرزکردەوەو بـــەدڵی پـــڕەوە خـــوا حافیزیـــان لـــێ کـــرد، پۆلیسەکەیش بردنیە ژوورەوە.
فەرمانبەری ئێشکگر پۆلیسێکی سێ خـەت بـوو، نـاوی نوسـین و زانیـاری لـێ وەرگـرتن، ئـەوانیش بـەژن و مێـرد خۆیـان نـــاونوس کـــرد، ئـــەویش بەڵگـــەی مانـــەوەی بـــۆ کـــردن و کارمەنـدێکی لـە گـەڵ نـاردن بـۆ نەخۆشـخانە، هـەتا برینەکـەی گۆگان تیمار بکەن و دوایی بیانبات بۆ بەشی ئاوارەکان.
نەخۆشـخانەکە نزیـک بـو لـە بنکـەی پۆلیسـەوە، کاتێـک چـون پزیشـکێکی گـەنجی لـێ بـوو، پـەڕۆکانی لـە سـەر برینەکـەی لابـرد و پارچەیـەک لۆکـەی خسـتە نـاو هـەردوو دەمـی ئـەو مقەســـتەی بەدەســـتیەوە بـــوو، لـــە شووشـــەیەک تیـــانترۆکی هەڵکێشـا، پاشـان برینەکـەی پـاک کـردەوە. دوایـی دووریـەوەو بەلە فافێک بۆی بەست و ڕێنمایی پێدا:
- دەبێت لە بەیانیەوە ڕۆژانە سەردانمان بکەیتەوە.
دوای ئـەوە کارمەندەکـە لـە گەڵیانـدا چـو، بردنـی بـۆ جێگـەی نیشتەجێ بوونـی ئاوارەکـان. ناویـان نوسـین و بڕێـک پارەیـان دانـــێ بـــۆ خـــەرجی و بردیـــانن لـــە باڵاخانەیـــەکی تایبـــەت بەئاوارەکان، دەرگای شوقەیەکیان بۆ کردنەوە.
شـــوقەکە پێکهـــاتبو لـــە دوو ژووری بچـــووک و گـــەرماو و ئاودەسـتخانەیەکی تێکـەڵ، کەلوپـەلی ناومـاڵیش، کـەنتۆرێک و

تەباخێکی غازی بچووک و بەفرگرێکی کورت و دوو چرپاو و دوو بەتانی و دوو دۆشەک و کۆمەڵێک کەل و پەلی ناو ماڵی تێدابوو، ئەوە بو بەجێگەی نیشتەجێ بوونیان.
کاتیک چونە ناوەوە هەردووکیان کۆڵەپشتەکانیان کردەوەو خستیانە ناو کەنتۆرەکەوە، هەرچی پارەیەکشیان پێ بوو، لە ناو گیرفانیان و کۆڵەپشتەکانیاندا دەریانهێناو لە گەڵ ئەو پارەیەی وەریان گرتبوو تیکەڵیان کردن، بەبێ ئەوەی هیچیان پارەکانیان بژمێرن.
دوو ساڵ لەو جێگەیەدا مانەوە، مانگانە پارەیەکی کەمیان وەردەگرت و گۆگان زۆر ڕۆژ دەچوو بۆ کرێکاری. دوای ساڵێک کچێکیان بو ناویان نا سیناریۆ، ساڵی دووەمیش کچێکی تریان بو ناویان نا موزیک.
بەو شێوەیە ژیانێکی کولە مەرگیان بەسەر دەبرد. دوای ئەو ماوەیە باڵاخانەکە روخا، هیچ جێگەیەکیان بۆ نەمایەوە تیایدا بژین، گۆگان بەهۆی قسەی ناو خەڵکەوە بیستبوی گوندێک لە کۆتایی مەرگدا ئاوەدان کراوەتەوە، بەباشترین بژاردەی زانی بۆ خۆیان، ئەو کەلوپەلانەی بۆیان دەرچووبو لە ڕوخاندنی باڵاخانەکە خستیانە جێبێکی سەر بەتاڵ و بەرەو گوندەکە ڕۆیشتن. بەدرێژایی ماوەی نێوان گوندوو شارۆچکەکە بیر و خەیاڵیان کردەوە، لە ناو ڕوناکی گڵۆپەوە کەوتنە ناو تاریکی گوندێکی ئەفسانەییەوە.
ئەوان لە ناو تەنە فەزاییەکەدا بوون لە سەر هەسارەکەوە، وێنەکانیان تۆمار دەکرد و ژیریی دەستکردیش بۆ بەشی ڕۆمانەکە مۆنتاژی دەکردنەوە.

## ٨

ئێمـه لـه سـەر هەسـارەکەوە، لـە چـاوی کامێراکـەوە بـەچڕی چـاودێری جۆرجمـان دەکـرد، پـاش ئـەوەی لـە گـەڵ پلاپیتـۆدا هـەتا قـەراغی شـارۆچکەکە ڕۆیشـت، ئـەو گەڕایـەوە بـۆ ئەشکەوتەکەی گوندی دۆلفین و ئـەمیش لـە نـاو شـارۆچکەکەدا دەگـەڕا، دەیویسـت ئـەو پارەیـەی پێیـەتی بیـدات بـە ئـاڵتوون بەدیاری بیباتەوە بۆ کچ و کوڕەکەی. پلاپیتۆ پێی وتبـو تـەنها دوو ڕۆژ مـان مـاوە بۆ ئـەوەی کۆدەکـانی کتێبەکـەی دارامـای پێشـبینی کـەری جندۆکـەکان تـەواو ببێـت. ئێمـەش بەهیـدفۆن ئاگادارمان کردەوە.

ئـەوە مـاوەی چـوار مانـگ بـو گونـدی دۆلفـین کۆتـایی پـێ هـاتبوو، ئـەویش توشـی بـاری دەڕوونـی هـاتبوو، ئـەو ڕۆژەش وەک شـێتی لـێ هـاتبوو، ماوەیـەک بـۆ ئـەم دووکـان و ئـەو دووکـانی دەکـرد، لـە هـەر جێگەیـەک شتێکی دەکـڕی، جـل و بەرگی نوێ و دیاری بۆ کچ و کوڕەکەی.

پـاش ئـەوەی لـە گـەڕان هیلاک بـوو، خـۆی بەچێشـتخانەیەکدا کـردوو لـە سـەر مێزێـک بەتـەنیا دانیشـت. شـاگردەکە هـات و بـەخیرهاتنی کـرد و لیسـتی خواردنـەکانی خسـتە بـەردەمی، ئـەویش چـاوێکی پیـادا گێـڕاو داوای ژەمێـک ماسـی بـرژاوی کرد.

شـاگردەکە ڕۆیشـت و پـاش ماوەیـەک بەسـینیەکەوە هاتـەوە. قاپێک سوبی بۆ دانـاو دوو نـانی کردە سەبەتەیەکەوەو قاپێـک زەڵاتەو ماسیەکەش لە قاپێکی بەلـە میدا بـوو، هـەمووی خستە سەر مێزەکەو ڕۆیشت.

جۆرج دەمێک بو ماسی نەخواردبوو، بۆ بیرەوەری ڕۆژانی ڕابردووی گوندەکە، زۆر بەتام و چێژەوە دەیخوارد. جار جار کەوچکێک سوبیشی بەسەردا دەکرد. هەر لە بیری گوندەکە و مردنی بەکۆمەڵی خەڵکەکەشدا بوو، هەتا خواردنەکەی تەواو کرد، چەند جارێک دڵی پڕ بو لە گریان.
کاتێک هەستا پسوڵەی خواردنەکەی هەڵگرت. چو لە دەست شۆرەکە دەستی شت و پارەکەی دا بەژمێریارەکە، بەوێنەیەکی خەیاڵی و بەداخەوە لە چێشتخانەکە هاتە دەرەوە.
ئەو ڕۆژە شارۆچکەکە زۆر قەرەباڵغ بوو، خەڵکێکی زۆر لە گوندەکانەوە هاتبوون بۆ شت کرین و مامەڵە، ئەویش بەجۆرێک بەشەقامەکاندا دەگەڕا، وەک ماخۆلانی گرتبێت. پاش ماوەیەک لە تاوی وەڕسی خۆی کرد بەسینەمایەکدا بلیتی بڕی و چووە ژوورەوەو لە سەر کورسیەک دانیشت.
فیلمەکە بەڕۆژێکی هاوین دەستی پێکرد، ژنێک بەناوی ئۆرتیا لە ناو قیتارێکدا دەچوو بۆ شاری ئۆسکارد، بەڕێکەوت ژنێک بو بەهاوڕێی ناوی فاری بوو، بەدەم ڕێگاوە باسی هاوڕێیەتی بۆ دەکرد، زمان لوس و دەم بەپێکەنین بوو، تەواو سەرنجی ئۆرتیای بەلای خۆیدا راکێشابوو، بەجۆرێک ئۆرتیای تەواو خۆشحاڵ کردبوو، هەردووکیان دەستیان کردبووە ملی یەکتریەوە، لە نیوەی ڕێگا فاری چو دوو قاپ بەستەنی هێنا، بەدەم ڕێگاوە فرسەتی هێناو ئەو هۆڕمۆنەی خستبویە ناو کاغەزێکی لول کراوەوە، کردیە ناو قاپەکەی ئەوەوە. دوایی بەکەوچکەکە تێکەڵاوی کرد و بەپێکەنینەوە هاتەوە.
قیتارەکە بەناو شاخێکدا رێی دەکرد، پێچاو پێچ و سەخت

بوو، فاریش قاپەکەی دا بە ئۆرتیا و شانی خستبووە ژێر شانی ئەوەوەو خۆی کردبوو بەڕاگر بۆی، هەتا بەستەنیەکەیان خوارد.
ئۆرتیا هیلاک بو خەوی دەهات، ئەویش دەستی خستە ملیەوە، بەدەست لێدان و هەناسە هەڵمژین و خۆشەویستیەکی بێ سنورەوە ئالودەی کردبوو. جار جاریش ماچی دەکرد و دەستی بەسنگ و مەمکیدا دەهێنا.
کاتێک گەیشتنە ناو شار شەو بوو، فاری داوای لێکرد میوانی ئەو بێت، ئەویش وەک ئەو بەتەنیا دەژیا، بەوە رازی بو هەتا پێکەوە لە شوقەکەی ئەودا بمیننەوە.
کاتێک لە قیتارەکەدا دابەزین فاری دەستی لە تاکسیەک راگرت، هەردووکیان سواربوون و چون بۆ شوقەکەی فاری. هەر لە دەرگای شوقەکە چونە ژوورەوە، فاری باوەشی بەئۆرتیادا کرد و ناو دەمی لستەوە، لە گەڵ هەڵمژینی ناو دەمی یەکتریدا لە سەر چرپایەکە پاڵی خست و بەدەم ماچ و موچەوە جلە کانیان داکەند. ماوەیەک بەماچ و دەست خشاندنەوە خەریک بوون. دوایی جەستەی یەکتریان دەلستەوە، دوایی راست و چەپ بوون و ناوگەڵی یەکتریان مژی، هەتا هەردووکیان تەواوبوون.
شەوەکە هەمووی لە باوەشی یەکتریدا دەخەوتن، ناو دەم و سنگ و مەمکی یەکتریان دەمژی. لە دووا جاردا بەدەست یەک تریان تەواو دەکرد.
بەو جۆرە هەموو هەفتەیەک بۆ لای یەکتری دەچوون، بوون بەهاوڕێی گیانی بەگیانی.
گرتەی فیلمەکە چووەوە سەر شەوێکی دۆزەخی ئۆرتیا

بەتەنیاییەکی پڕ لە ئازارەوە، لە یەکێک لە شوقەکانی ئاپارتمانی وایت سرۆتدا دەژیا، ئەو شوقەیەی بەکرێی گرتبوو، فاری شەوەکەی تێلی بۆ کرد، ئەویش لە وپەڕی نائومێدی و تەنیاییدا بوو، کاتێک زەنگی تەلە فۆنەکە هات، هەڵی گرت و زانی فاریە، تەواو گەشایەوەو هیوایەکی بۆ گەڕایەوە، ئەویش سەرەتای قسەکانی بەوە دەست پێ کرد:

- سبەینێ دێم بۆ لات بۆماڵەوە، تۆ داوەتی منیت، لە بەیانیەکەیەوە دێم و هەموو شتێک لە گەڵ خۆمدا دەهێنم. دەمەوێت ئەمشەو چێژێکی خۆش ببینین. شتی زۆر دانسقەم پێیە دەبێت بەشەوێکی ئاڵتوونی.

ئۆرتیا سەری سوڕمابوو، لە وەی فاری پارەی لە کوێ دەستکەوتبێت هەتا داوەتێکی وا شایستەی بۆ دەکات، هیچ شتێکی سیکسیش نەمابووپێکەوە نەیکەن، کەواتە ئەم چێژە خۆشە چی بێت؟ بەو ڕاڕاییەوە لێی پرسی:

- خۆشحاڵم، منیش زۆر بێ تاقەتم و بیرم دەکردیت، بەس چی شتێکی تازەت پێیە وا دەبێتە شەوێکی ئاڵتوونی؟

گرتەکە چووەوە سەر فاری، هەردوو هەڕەمە لاستیکەکەی بەدەستەوە بوو، وەک تامێک هەڵبمژێتەوە، بەخاویەوە دڵنیای کردەوە:

- کەهاتم بۆ لات دەیبینیت، ئەو بابەتە لێرەدا باس ناکرێت، هەر کاتێک یەکمان بینی دەیکەم بە دیاریەکی کتوپری بۆت.

گرتە دەچێتەوە سەر فاری، بەیانی زو لە دوای خۆرهەڵهاتنەوە خۆی گۆڕی، چەند شڵپێک ئاوی بەدەم و چاویدا کرد و بەفلچە ددانەکانی شت. دوایی چووە ناو چێشتخانەکەوە، دوو هێلکەو کەمێک کارگ و دوو تەماتەو

سەمونێکی لە بەفرگرەکەدا دەرهێنا و سەلکێک پیازیشی لە سەبەتەیەکدا هێناو تاوەیەکی خستە سەر تەباخەکەو بەشقارتەیەک دایگیرساند. دوایی کەوچکێک ڕۆنی خستە ناو تاوەکەوە، پاشان بەچەقۆیەک پیازەکەی پاک کرد و ورد ورد هەموویانی جنی و خستنیە ناو تاوەکەوە.

رۆنەکە زۆر قرچابوو، قرچەو گڕێکیش لە ناو تاوەکەوە دەهات. ئەویش بەکەوچکێک ئەمدیواو دیوی دەکردن، هەتا سوور بوونەوە، ئەوسا هەردوو هێلکەکەشی شکاند و کردی بەسەریاندا و بەکەوچکەکە تێکی دەدان. پاشان سفرەیەکی لە سەر مێزەکە راخست و کەوتە خواردنی.

دوای ئەوەی نانەکەی خوارد، دەست و دەمی لە دەست شۆرەکەدا شت. دوایی قۆریەکەی خستە سەر ئاگرەکەو دوو کەوچک قاوەی تێ کرد، بەچاوەڕوانی کوڵانی ئاوەکەوە هەر بیری لای ئۆرتیا بوو، هەتا ئاوەکە کوڵا، بەدەم ئەو خەیاڵەوە کوپێکی تێ کرد و خواردیەوە.

کوپەکەی خستەوە سەر مێزەکە، دوای ئەوە چو بۆ ژووری نوستن. ئەو جلە تازانەی دەرهێنا ڕۆژی پێشوتر کڕیبوونی، تەنورەیەکی نیلی و کراسێکی سپی تۆخ بوون، ساتێک لە بەر ئاوێنەکەدا لە خۆی روانی، دووچاوی شینی پیرۆزەیی، جوتە برۆیەکی ڕەشی کاڵ، لوتێکی بچووکی رێک، ڕوخسارێکی پڕ و ورد و گەشاوە، لە ژێر سێبەری قژێکی خورمایی درێژدا رەنگێکی ئاڵتونیان دەدایەوە، بەهەڵتۆقینی جوتە مەمکەکانیەوە وەک دوو پرتەقاڵ بەلقی درەختەوە سیمایان دەردەکەوت، وێنەی درەختێکی سروشتی تاقانەیان دەدایەوە.

کاتێـک مەمکدانەکـەی بەسـت، کراسەکەشـی بەسـەریدا لـە بـەر کـرد، پاشـان قۆپچـەکانی داخسـت، مەمکۆڵـەکانی وەک پشـو وەربگـرن لـە جوولـە کـەوتبوون. ئـەوە کـەمێک خـەمی خستە نـاو دڵیـەوە، ئـەو هەمشـە حـەزی بـەجووڵەی مەمکۆڵـەکانی دەکرد، سـاتێک بـەو شـێوەیە لـە خـۆی ڕوانـی، پاشـان پانتۆڵـە کاوبۆکـەی لـە پـێ کـرد. کاتێـک تەرەقـەکانی دەبەست، ئـاوڕی بۆ دوواوە دەدایەوە، تەسک بـوون و هـەردوو سمتی دەرپـۆقی بـوون، وەک دوو تـۆپی بچـووکی بالــە دەردەکــەوتن. ئــەوە دڵخۆشــی کـرد، ئــەو حــەزی بــەو کــن دەرپەڕاندنــە بــوو، بـەپانتۆڵی تەسـکەوە. بـەو خۆشیەشـەوە قژی داهێنـا و لـە مـاڵ هاتە دەرەوە.
کاتێـک گەشـتە نـاو کۆڵانـەکان، بەلـە نجـەو لارەوە هـەنگاوی هەڵدەهێنایــەوە، تەســکی پانتۆڵەکــەو جیــڕەی پــێڵاوە پاژنــە بــەرزەکانی مۆسـیقایەکی خۆشـیان دەخسـتە نـاو دڵیـەوە. بـەو ئاوازەشــەوە چــووە نــاو ســۆپەرمارکێتێکەوە، دوو شووشــە شـەرابی ئـەڵمانی و شووشـەیەک سـرکەو دوو ماسـی و چەنـد جۆرێـک سـەوزەو کـەمێک مۆز و خـەیار و شیلکی هـەڵگرت و پارەکـەی دا بەسندووقی سۆپەرمارکێتەکە. کاتێـک هاتـەدەر سـەیری کاتژمێرەکـەی کـرد، هەسـتی کـرد درەنـگ بـووە بـۆ ژوانەکەی، تاکسیەکی گرت و چو بۆ ماڵی ئۆرتیا.
گرتە دەچێتە سەر ئۆرتیا، ئەو دەمێک بو لە خـەو هەستا بـوو، پاش ئەوەی دەم و چاوی شت، ددانیشی بەفڵچـە شـت و هاتـەوە بۆ چێشتخانەکە، کەمێک ئاو و دوو کەوچک قـاوەی کـردە نـاو قۆریەکەو خستیە سەر تەباخەکەو دایگیرساند.
بـە بیرکردنـەوە لـە قسـەکانی فاریـەوە توشـی دوودڵـی ببـوو،

ئاوەکــە لــە نــاو قۆریەکــەدا قــوڵپی دەدا، ئــەویش حەپەســابوو، هەتا چەند قوڵپێکی دا، بەو ڕاڕاییــەوە پــەرداخێکی لــێ پڕ کــرد و پارچەیــەک کێکــی هێنــا و بەقاوەکــەوە خــواردی. دوایــی ســەیری کاتژمێرەکــەی کــرد، زۆری مــابووبۆ هــاتنی فــاری، بیری لــە وە دەکردەوە، بــەر لــە هــاتنی ئــەو خۆی بشوات. چو لــە کەنتۆرەکــەدا خــاولی و لفکــەو جلــی دەرهێنــا و چــووە نــاو گەرماوەکــەوەو خــۆی شــت. کاتێــک هاتــەدەر فریــا نەکــەوت سەری وشک بکاتەوە فاری لە دەرگای دا.
گرتــەی کامێراکــە دەچێتــە ســەر هــەردووکیان لــە شــوقەکەی ئۆرتیا.
ئۆرتیــا کاتێــک دەرگاکــەی لــێ کــردەوە حەپەســا، فــاری دوو عەلاگــەی پــڕ پــری لــە خواردەمــەنی هێنــابوو، لــە گــەڵ هاتنــە ژوورەوەیدا خۆی نەگرت و ئەو پرسیارەی لێ کرد:
- فــاری گیــان تــۆ زەحمــەتت کێشــاوە، ئــەم هــەموو خــواردن و شتەت بۆچی هێناوە، دەبێت پارەت دەستکەوتبێت؟
فــاری بــەدەم زەردەخەنــەوە، هەناســەیەکی خۆشــی هەڵکێشــا، پاش کەمێک بێدەنگی ئەوگرێیەی بۆ کردەوە:
- زۆر ڕێکــەوتێکی ســەیر بــوو، پیــاوێکی دەوڵەمەنــدم ناســی، لە باڕێکی قەراغ شار، هەر سەیری دەکردم، هــەردوو چاوی بڕیبووە ناو چاوم، لە پڕ هاتە سەر مێزەکەم.
کاتێـــک دانیشـــت بەقســـەوە ســـەرنجی ڕاکێشـــام. پیاوەکـــە هاوڕەگــەزخواز بــوو. یەکــەم جــار پێــی وتــم: وەک دوو کــوڕ هاوڕەگەز خوازی دەکەین، وتم باشە
باڕمەنەکــەی بانــگ کــرد، داوای شــەرابی بــۆ هــەردووکمان کرد. زۆرمان شەراب خواردەوە، دوایــی هــەموو پارەکــەی داو

چوین بۆ شوقەکەی خۆی.
فیلمەکە دەگەڕێتەوە بۆ دوواوە، لە شوقەیەکدا فاری و پیاوەکە نیشان دەدات.
پیاوەکە، باڵابەرزیکی مام ناوەندی گەنم رەنگە، چرچ نەکەوتۆتە ناوچاوانیەوە، دەستێک چاکەت و پانتۆڵی شینی ئوتوکڕاوی لە بەردایە، وەک کەسایەتیەکی دەوڵەمەندی ناوازە دەردەکەوێت.
هەردووکیان جەستەی یەکتری دەلێسنەوە، پیاوەکە هەڕەمێکی لاستیکی دەهێنێت، لە نێوان هەردوو رانی فاریدا لە سەر هێلکەدانەکەی چەسپی دەکات، دەکەوێتە مژینی هەڕەمە لاستیکەکەی فاری، دوایی راست و چەپ دەبوون، فاری هەڕەمی ئەو دەمژێت و ئەویش هەڕەمە لاستیکەکەی فاری دەمژێت.
پیاوەکە لە سەر سک پاڵ دەکەوێت، بەدەستی خۆی هەڕەمە لاستیکەکەی ئەو دەخاتە ناو کۆمیەوە، ئەویش دەکەوێتە جووڵە لە سەری.
پیاوەکە هەر هاوار و ئاخ و ئۆف دەکات، ئەویش هەر دەجوڵێت.
ماوەیەکی زۆر بەو جۆرە بوون. ئەوسا پیاوەکە هەڵدەستێتەوە، لە سەر پشت فاری پاڵ دەخات و هەڕەمەکەی خۆی دەخاتە ناوی و دەجوڵێت، دوایی دەیخاتە سەر سک و دوایی لە سەر لا، هەتا تەواو دەبێت.
گرتەکە چووەوە سەر فاری و ئۆرتیا.
فاری هەناسەیەکی هەڵکێشا، وەک تامێک لە بێخی دانیدا بجوێتەوە، تفێکی قوت دایەوەو دەستی پێ کردەوە:

- زۆر بارێکی ئاڵۆز و سەخت بوو، هەرگیز بیرم لە وە نەکردبووەوە منی ژن سێکس لە گەڵ پیاوێکدا بکەم، نەهەڕەمم سیس دەبوو، نەهیلاکیش دەبووم، هیچ خۆشیەکیشم نەدەدی.
فاری دەستی خستە ملی ئۆرتیاوە، ئەویش بەتامەوە گوێی بۆ راگرتبوو، ئەویش کەوتە دەرهێنانی شتەکان، یەکەم شتیش هەردوو هەڕەمە لاستیکەکەی دەرهێنا.
- یەکیان بۆ تۆ و یەکێکیان بۆ من، لە مەو دووا پێکەوە بەو شێوەیە سێکس دەکەین، بۆ ژن و ژن خۆشە، بەس بۆ پیاوێک و ژنێک ناخۆشە، ئەو چێژ دەبینێت و تۆ هەر هیلاک دەبێت.
فاری شتەکانی خستە سەر مێزەکە، یەکی چەقۆیەکیان هەڵگرت، کەوتنە ورد کردنی سنگی گۆشتی مریشک و قارچک و گیزەر و کەرەوز و بیبەر. ورد هەموویان جنی و کردیاننە ناو مەنجەڵێکەوەو خستیانە سەر تەباخەکەو بەشقارتەیەک دایانگیرساند، دوایی خەیار و کاهویان جنی و جاجک و زەڵاتەیان دروست کرد، زەرفێک بستەو بادامیشیان خستە ناو قاپێکی شووشەوەو لە سەر مێزەکە دایان نا، دوو پەرداخیان پڕ کرد لە شەراب.
کاتێک سوبەکەیان داگرت، یەکی قاپێکیان لێ تێ کرد و پێکەکانیان هەڵدا.
ساتێک خەریکی خواردنی مەزەکان بوون، فاری لە ئۆرتیا نزیک کەوتەوە، دەستی خستە ملیەوەو ماچێکی کرد و کەوتەوە باسی پیاوەکە:
- ئەو پیاوە وتی من هاوڕەگەزخواز نەبووم، لە هۆڵێکی

لـە ش جوانیـدا فێربـووم، ڕۆژانــە بــەخۆکردی ئـارەزووم بـۆ هاوڕەگــەزخوازی زۆر دەبــوو، هــەتا ڕۆژێــک یــەکێک لـە یاریزانـەکان لـە ژوورێکـی چۆڵی نـاو هۆڵەکـەدا گرتمـی و باوەشی پیادا کـردم و دەمـی خستە نـاو دەممـەوە، منیش حـەزم لێـی بـوو، دەمـم خسـتە نـاو دەمیـەوەو پێکـەوە جـوت بـووین، دوای ئـەوە لـە گـەڵ ئـەو کـورە بـووین بـەهاوڕێ، زۆربـەی کاتەکان دەچووین بۆ شوقەی یەکتری.

فـاری پێکەکـەی پڕ کـردەوە، ئۆرتیـاش شووشـەکەی لـە دەسـت وەرگــرت و پەرداخەکــەی خــۆی لــێ پــڕ کــرد، پێکــەوە پێکـەکانیان لێکـدا و دەمیـان بەپەرداخەکانیانــەوە نـا، فــاری پەرداخەکــەی خسـتەوە سـەر مێزەکـەو باوەشــی بــەئۆرتیادا کردەوەو دەستی بەقسەکانی کردەوە:

- هاوڕەگـەزخوازیم لـە گـەڵ پیاوانـدا بـۆ دروسـت بـوو، هـیچ چێژێکم لێ نەبینی.

ئۆرتیـاش بـەو قسـانەوە سڕ ببـوو، هـەتا ئـەو کاتـە بەخۆشیەوە گوێی لێ گرتبوو، ئەویش هەستی پێ دەکـرد، و مـاچێکی تـری کـــردەوە، هــەڕەمێکی لاســتیکی دا بـــەو و زۆر بەنـــەرمی وشەکانی لە لێویەوە دەردەپەڕاند:

- ئـەوە هـەڕەمی لاسـتیکە، هـەرکاتێک بەتـەنیابم ئـەوە بـەکار دەهێـنم، ئەگـەر هـاوڕەگەزێکی وەکـو تۆیشـم لابێـت، ئەوکاتـە هەردووکمان پێکەوە بەوە کڵپەی خۆمان دادەمرکێنینەوە.

ئۆرتیـا سەرسـام مــابوو لەو قسـانەو هـەتا ئـەو سـاتە ئـەوەی نەبیستبو بەو گومانەوە ڕووی تێکرد:

- هـەتا ئێسـتا نەمبیسـتووە ژن و ژن بەهـەڕمی لاسـتیک ببنـە هاوڕەگــەز خــوازی یــەکتری و ســیکس بکــەن. جیگــەی

سەرسامیە.
فـاری سەرسـینگی روت کـردەوەو نیشـانی دا، بەپەنجـەکانی گۆی مـەمکی خۆی هەڵـدەگلۆفی، بـەو تـام و زەوقـەوە دەمـی خسـتە نـاو دەمیـەوە. دوایـی هەرامەکـەی خـۆی لـە سـەر هێلکەدانەکەی خۆی چەسپ کرد. ئـەویش وەک ئـەوی کـرد، ساتێک بەحەزێکی زۆرەوە لە یەکتریان روانـی دوایـی پێکـەوە لە سەر چرپایەکە جوت بوون.
فیلمەکـە تـەواو بـوو، جـۆرج مێشـکی تێـک ئـاڵابوو، کاتێـک لـە سینەماکەدا هاتـە دەر، بیـر و خـەیاڵی جـۆراو جـۆر گـرت بویەوە، لە پر ژنێک هاتە تەنیشتیەوە، لـە بـەر خۆیـەوە کەوتـە قسە، هەتا سەرنجی رابکێشێت:
- فیلمەکە زۆر چێژ بەخشیش بو ناخۆشیش بوو.
جۆرج مێشـکی شـەپۆلی دەدا، نـەیزانی چۆن وەڵامـی بداتـەوە، ئەویش دووبارەی کردەوە:
- شـتێکی نـوێ بـوو، هـەموومان پێویستیمان بەسیکس هەیـە، بـەڵام هاورەگـەزخوازی ترسناکە. تەکنـەلۆژیا پیش کـەوتووە، هەموو هۆکارێک دروست دەکات.
جۆرج سەری لە قاند، وەک ئەوەی نەزانێت چۆن قسـە بکـات. ئـەویش بەبزەیەکـەوە ورد لـە نـاو چـاوانی ئـەو ورد بـووەوەو لە سەر قسەکەی رۆیشتەوە:
- پیـاوان کارێکیـان کـردووە ناچـارین ئـەوە بەباشـتر بـزانین لە وەی بچینە ناو تیاترۆخانەکانـەوەو بمـانکوژن، یـان بکەوینـە بەردەمی پیاوی درندەوە.
بەو قسەیەوە دەستی جۆرجی گرت و توند گوشی:
- دیـارە تـۆ زۆر خـەمت هەیـە، دەزانـم تـۆیش وەکـو مـن بـێ

مێردیت، وەرە بابچین بۆ ئەو بارە دوو پێک شەراب فڕ بکەین و خەمێک بەبا بدەین.
ئەوەی وت دەستی جۆرجی راکێشاو چونە ناو بارەکەوە، لە سەر مێزێک دانیشتن، ژنەکە خۆشحاڵی دەربڕی و خۆی پێ ناساند:
- ناوم ئۆپرایە، خەڵکی ئەم شارۆچکەیەم و دەرچووی کۆلیژی پەروەردەم، ساڵێک لە مەوبەر لە گەڵ هاوسەرەکەم لە یەکتری جیا بووینەتەوە، ئێستا بەتەنیایی لە شوقەیەکدا دەژیم.
ئەوەی وت، دەستی راکێشا، بارمەنەکەی بانگ کرد، کوڕێکی گەنجی قۆزبوو. ئەویش هات و سڵاوی لێ کردن، ئۆپرا داوای پێکێک شەرابی ئیتاڵی و شەربەتێکی پرتەقاڵی کرد و جۆرجیش داوای شەربەتێکی شیلکی کرد، کاتێک بارمەنەکە هاتەوە پێکەکەو دوو پەرداخە شەربەتەکەی لە سەر مێزەکە دانا. لەو کاتەدا جۆرج سوپاسی ئۆپرای کرد و داوای لێ کرد هۆکاری جیابوونەوەی لە گەڵ مێردەکەیدا بۆ باس بکات. ئەویش قومێکی لە پێکەکەی داو سەری هەڵبڕی:
- بەخۆشەویستی هاوسەرگیریمان کرد، شەش مانگ ژیانمان زۆر خۆش بوو، دوایی گۆڕاین. هاوسەرەکەم لە هۆڵێکی لە ش جوانی یاری دەکرد، لە پڕ کەوتە ناو باسی هاورەگەزخوازیەوە، کاتێکم زانی لە گەڵ پیاوێکی دەوڵەمەنددا هاوسەر گیری کرد، ئەو رازی نەدەبوو، خێزانی هەبێت، هەرچیم لە گەڵ وت چاری نەبوو، وتی: ئەو گرنگترە لە لام و بەجێی هێشتم.

جۆرج هەتا ئەو کاتە گوێی بۆ راگرتبوو، داخێکی زۆری لێدەخوارد، ژنێکی زۆر جوان و وردیلە ، دوو چاوی کاڵی قاوەیی لە گەڵ پێستە سوور و سپیەکەیدا وەک تیشکی ئەستێرە دەدرەوشانەوە. بەباڵایەکی مام ناوەنجی و قژە بژەکەیەوە لە سەر کورسیەکەوە بەرامبەری وەک وێنەی گزنگێکی دەم بەیان دیاری دەدا، بەو شێوەیەش بێ وەژن بکەوێت، ئەویش بەبێدەنگی لە وی دەڕوانی.

ماوەیەک هەردووکیان بەبێدەنگی مانەوە، ئەو پێکە شەرابەکەی هەڵگرت و دەمی پێوە نا و دوایی لە سەر میزەکە دایانایەوە.جۆرجیش پەرداخە شەربەتەکەی هەڵگرت و نیوەی خواردەوەو پەرداخەکەی خستەوە سەر مێزەکە.

ئۆپرا داوای پێکێکی تری کرد. جۆرجیش بیری لە قسەکانی ئەو دەکردەوە، پاشان ئەو گرێیەی بۆ کردەوە:

- من لە گونددا ژیاوم، ماوەیەکە هاتومەتە ناو شارەوە، ئەم شتانەم نەزانیوە، بەڵام توشی گومانی زۆر هاتوم، بیر لە چارەنوسی مرۆڤایەتی دەکەمەوە.

بارمەنەکە پێکە شەرابەکەی تری هێناو لە سەر مێزەکە داینا، هەردووکیان پەرداخەکانیان بەرز کردەوەو یەکی قومێکیان لێدا. ئۆپرا بەوردی گوێی لێ راگرتبوو، قسەکانی لێکدایەوەو پشتگیری ئەوی کرد:

- چارەنوس تەنها توانەوەیە، ئەم رەوتە هەڕەشەیە بۆ کۆتایی هێنان بەزاوزێ و نەمانی دایک.

جۆرج قومێکی تری لە شەربەتەکە داو بەدەم بیرکردنەوە لە قسەکانی ئەوەوە، بیرو رای خۆی بۆ دەربڕی:

- بەڵێ ژیان و بوون و سروشت لە سەر بنەمای نێر و مێ

دروست بوون، ئەو هاوکێشەیە نەمێنێت هەموو شتێک کۆتایی پێ دێت، سارد و گەرم تێکەڵاو دەبن.
ئۆپرا پێکە شەرابەکەی نا بەدەمیەوەو چۆڕبڕی کرد، سەیرێکی ناوچاوانی ئەوی کرد و ئەو هاوکێشەیەی خەملاند:
- ڕاستە ئەگەر هاوسەرگیری لە نێوان ژن و پیاودا نەمێنێت، منداڵ لە دایک نابێت، ئەو کاتە پاش چەند دەیەیەک وەچە نامێنێت، تایبەت مێینە کۆتایی پێ دێت و مانای مرۆڤایەتی تەواو دەبێت.
جۆرج لەو کاتەدا بیری قسەکانی پرۆفیسۆر ئۆڕاپلاندی کەوتەوە، نەیویرا ناوی بهێنێت، بەشێوەیەکی رەمزی دەری بڕی:
- کتێبی فەیلە سوفێکم خوێندەوە دەڵێت: مرۆڤ ئەگەر خودا دروستی کردبێت وەک ئەهلی ئاینەکان دەڵێن، یاخود سروشت دروستی کردبێت وەک مارکس و ئەهلی مادی و عیلمانیەکان دەڵێن، هەردووکیان نێرو مێیان دروست کردووە، ئەگەر وانەبووایە مێیان دروست نەدەکرد و هەر نێریان دروست دەکرد.
- ڕاستە ئەگەر هەر نێر دروست ببووایە، تەنها دووکەسی سەرەتایی دەژیان و هیچ وەچەیەکیان لە دووا بەجێ نەدەما.
- من ئەم بریارەی دۆناڵد ترامپی سەرۆکی ئەمریکام پێ خۆش بوو، دەربارەی گۆڕینی رەگەز دەری کرد. وتی بەیانی دەڕوات بۆ خوێندن کوڕەو ئێوارە دێتەوە کچە.بەڕاستی چاکی کرد رەگەز گۆڕینی قەدەغە کرد.
- زۆر ڕاستە، ئەگەر سەرۆکەکانی تریش دوو بریاری وایان دەربکردایە ریشەیەکی باش بۆ کۆمەڵگاکان دەگەڕایەوە.

جـــۆرج توشــــی سەرســــامیەکی زۆر ببــــوو، پەرداخــــە شــەربەتەکەی هــەڵگرت و بــەئازارەوە یــەک بــین هــەمووی هەڵقوڕانـد. دوای ئـەوە بـەدڵێکی پـڕ لـە سۆزەوە لـە ئـۆپرای ڕوانیــەوە. بــەبیرێکی قوڵــەوە ئــەو گرێیــەی بـۆ کــردەوە، لەو کاتەوە خەمی پێوە دەخوارد:
- زۆر بەداخــەوەم بۆ تـۆ، توشـی هاوسـەرێکی وابویت، پـاش عیشــقێکی مــەزن، ئــەو جیاببێتــەوەو ببێــت بەهاوڕەگــەزی پیاوێــک، بەراسـتی کارەســاتێکی گەورەیــە، ڕووی کردۆتــە مرۆڤایەتی.
ئۆپرا هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا:
- هــەردووکمان ســەرمان ســوڕمابوو، چــۆن لــە عیشــقێکی مەزنــەوە، لــە سـوتاندنی رۆحــەوە بـۆ یــەکتری جیابووینــەوە؟ بـۆچی هاوسـەرەکەم بـو بەهاوڕەگـەزخواز، لـە کاتێکـدا ئـەو بـاوەڕی بـەئینجیل و کتێبـی پیـرۆز هـەبوو، ئـەوانیش نـەفرەتی لێدەکەن.
هەناسەیەکی هەڵکێشاو قسەکەی تەواو کرد:
- ڕۆژێــک چــوم بــۆلای قەشــەیەک، چیرۆکــی خــۆمم بــۆ گێڕایەوە، ئەویش راشکاوانە ئەو گرێیەی بۆ کردمەوە:
- رۆڵـە تـۆ خـۆت پیـرۆز بکـەرەوە، ئـەوە دەسـتی ئـەو گروپـە ئایینیانەیــە باوەڕیــان بەهاتنــەوەی پــەیام نێرەکانیــان هەیــە لـە ڕۆژی کۆتایـدا، ئـەو ڕۆژەش کاتێـک دێـت دەبێـت سـەر زەوی پڕ ببێت لە تاوان، لـە فەسـاد و لـە بەدڕەوشتی، ئەوکاتـە ئەوان دەگەڕێنەوە.
قەشەکە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و دەستی پێکردەوە:
- ئــەو گروپانــە دەچــن هۆرمۆنــات دەخەنــە نــاو خواردنــەوەو

حـەزی هاوڕەگـەزخوازی زیـاد دەکـەن. مـادەی هۆشـبەر و خواردنـەوەی مـەی و شتی خراپـە بـڵاو دەکەنـەوە، هـەتا سـەر زەوی پڕ ببێت لە تاوان.
ئۆپرا وێنەی قەشەکەی خستەوە بەرچاوی، دووا قسەی ئـەوی وتەوە:
- هەرچەنـدە زۆر کـەس لای مـن خۆیـان پیـرۆز کـردووەو بریاریـان داوە وازی لـێ بهێنن، بـەڵام نـەیانتوانیوە، هـاوڕەگەز خوازی حەزێکە فێری ببیت دەبێت بەردەوام بیت لە سەری.
ئۆپرا بەحەسرەتەوە ئەوانەی وت، جۆرجیش بێدەنگ بوو.
زەنگی تەلـە فۆنەکـەی ئۆپرا لێیدا، داوای یارمـەتی لـە جۆرج کـرد و پەنجـەی بەدووگمـەی ئۆکەیەکـەدا نـا و دەنگەکـەی دا بەدەرەوە، هەتا ئەویش گوێی لێ بێت:
- هەلاو سوورپیاڵ، هاوڕێم باشیت؟
سوورپیاڵ بەپێکەنینەوە سڵاوی لێ کرد:
- ئۆپرا ئەمڕۆ فیلمەکەی سینەما تۆبۆرۆت بینی؟
ئۆپرا قاقای کێشا:
- بـەڵێ بینیم زۆر گرنـگ بوو، چۆن دەهێڵم ئـەوەم لـە دەسـت بچێت. بەڵام لە گەڵ ئەو بارودۆخەدا نیم.
- راستە ئەوە بۆ پیاوان زۆر ترسناکەو زۆر هەڵەیە، بـەڵام بـۆ ژنـانی چەوسـاوەی ژێـر دەسـتی پیـاوان گرنگـە، ئێمـە هـیچ چارەیەکمان نیە، ئەی چۆن خۆمان دابمرکێنینەوە؟
- زۆر راستە.
- باشــە وەرە ســەردانێکم بکــە، وەرە شــەو پێکــەوە فیلمەکــە دووبارە دەکەینەوە.
ئۆپرا بەراڕایەوە وەڵامی دایەوە:

- زۆر باشــە مــن دێــم، ئێســتا هاوڕیەکیشــم گرتــووە، نــاوی جۆرجە، بزانم ئەویش ناهێنم لە گەڵ خۆمدا.
- زۆر باشە خۆشحاڵم چاوەڕێتانم زو وەرن.
- زۆر باشە چاوەڕوان بە، ئەگەر ئەویش نەهات نیو کاژێری تر لە لاتم، بای.
- بای.
ئۆپرا مۆبایلە کەی داخستەوەو ڕووی کردەوە جۆرج:
- ســوورپیاڵ ژنێکــی زۆر دەوڵەمەنــدەو بەدەســت و دڵــەو خۆشەویستە حەز دەکەم تۆش بێیت لە گەڵماندا .
جۆرج ســەیری کاتژمێرەکــەی کــرد و بەزەردەخەنەیــەکی پــڕ لە ڕارایەوە سوپاسی کرد:
- زۆر سوپاســت دەکــەم، دەبێــت بمبــورن، مــن بڕیــارم داوە هەرگیز سێکس لـە گـەڵ هیچ کەسێکدا ناکـەم، نـەپیاو، نـەژن، نەهاوڕەگەز خوازی.
بەو قسەیەوە هەردووکیان هەستان، ئۆپرا پسوڵەی حسابەکەی هــەڵگرت و پارەکــەی دا بەژمێریارەکــە. پاشــان پێکــەوە هاتنەدەر.
کاتێک هاتنە سەر شەقامەکە ناونیشانیان لـە یـەکتری وەرگرت و جیا بوونـەوە.
ئۆپرا بەلای چەپدا ڕۆیشت، تاکسیەکی راگرت و سوار بوو، کاتێـک تاکسیەکە جـوڵا دەسـتی بـەرز کـردەوە، ئـەویش بـۆی سەندەوە.
تاکسیەکە کەوتە ڕۆیشتن، لە ساتێکدا لە چـاو ون بـوو، ئـەویش چووە نـاو سۆپەرمارکێتێکەوە، سنگێکی مریشـک و کـەمیک سـەوزەو میوەو بەسـتەیەک نـانی کـڕی. پاشـان هاتـە دەرەوەو

بەشەقامەکەدا بەرەو ماڵەوە ملی ڕێگەی گرت.
ئێمـە هـەر پێنجمـان لـە سـەر هەسـارەکەوە تیشـکی ڕوانینمـان خسـتبووە سـەر جـۆرج، هـەموو گرتـەکانمان وەک خـۆی گرتبوو، ژیریی دەستکردیش دەیخستنە سەر بەشی ڕۆمانەکە.

٩

ئـەوان هـەر پێنجیـان لـە نـاو تەنـە فەزاییەکـەوە لـە سـەر هەسـارەکەوە، سـەرنجیان خسـتبووە سـەر تـەنها کەسـێک، ئـەویش جـۆرج بـوو، بـەهۆی هیدفۆنەکەیـەوە لـە چـەقی ڕووداوەکانـدا لـە گونـدی مەرگـەوە ئاگـاداری جـوولەی هەسارەکەو سەر زەوی بوو، شەبقەیەکی کردبووە سەری و موررووەکانی دەرهێنـابو فـوی پیادا دەکـردن، جار جـاریش یـاری بـەکلیل و قفڵەکـەی دەکـرد و سـەیری جێگـەی تەنـە فەزاییەکەی هەسارەی ڕۆژئاوا و شارە رۆبۆتیەکەی دەکرد.
پڕۆفیسۆر ئۆڕاپلاندیش توشی شۆکێکی گەورە هاتبوو، ئەو نهێنیەی بۆ نەدەدۆزرایەوە، لە کاتی کاول بوونی گوندی دۆلفینەوە سەری هەڵدابوو. لە ناو کۆمپیوتەرەکەیدا سێرجی دەکرد، بەدوای مێژووی گوندەکەدا گەڕایەوە.
ژیریی دەستکرد لە ناو کامێراکەوە وێنەکانی وەک خۆی لە ناو ڕۆمانەکەیدا رێک دەخستەوە. کامێراکەش وێنەکانی دەگواستەوە، پەخشی هەسارەکەی نیشان دەداو دیمەنی سەر زەوی دەکردەوە. لەو ساتەشدا تیشکی خستبووە سەر گوندی مەرگ و ژیانی جۆرج.
ئـەم زانیاریانـەش لـە ئەرشـیفی ئەوانـدا لـە هەسـارەی ڕۆژهەڵاتـدا ڕوون بـوون، وێنـەکانیان مابوونـەوەو لـە ڕۆمانەکـەدا دانرابوونـەوە، زۆرجـار بـەتۆفانی گـەردوونی کۆتاییـان پـێ هـاتبوو، ئـەوەش بەگونـدی کۆتـایی جیهانیـان ناسـاندبوو، گونـدێک لـە نێـوان چەنـد دەیەیەکـدا شـەپۆلێکی ئـەزەلی بـەقوڕو لیتـە دایدەپۆشـێت، هـیچ زینـدەوەرێکی تیـادا نامێنێتـەوە، ئەوەشـی بـو بـەهۆی ئـەوەی زۆر نهێنـی ئاشـکرا

ببێت، بکەوێتە ژێر چاودێریـەوە لـە ناوچەکـەدا. لـە م ماوەیـەدا بـوونی مـرۆڤ بـو تیایـدا، زیـاتر دەتوانـدرا بـەهۆی ئەوانــەوە جوولەو شـەپۆلە کـانی فـەزا تیایدا دەربکـەوێت. بـەهۆی هـاتنی دوو بنەماڵـەوە ئـاوەدان کرایـەوەو جـوولەی تێکـەوت. لـە زۆر رووەوە پێشــکەوت و دوور بــوون لــە هــەموو کارەســاتێکی جــەنگ، ئــەوەی گومــانی خســتە ناویــان دیــار نــەمان و گەڕانەوەی چەند جارەی موزیک بوو.
موزیـک سـاوایەکی شـیرە خـۆرەی دوو سـاڵانە بـوو، لـە سـەر دۆشـەکڵەیەک پـاڵ خرابـوو، پەتۆیـەکی پیادا درابـوو، دایـک و بـاوکی چوبوونـە دەرەوەی گوندەکـەو ئـەویان لای خوشـکەکەی بـەجێ هێشـتبوو. ئـەویش سـاڵێک لەو گـەورەتر بـوو، دایکـی چەند جارێک لیێ دووبارە کردەوە:
- سیناریۆ ئاگات لـە موزیـک بێت و بـەجێی نـەهێڵێت، ئـەوەش شووشە شیرەکەیەتی کەبرسی بو بیدەرێ.
ئـەویش دڵنیـای کـردەوە، هـەر لـە لای بـوو، یـاری و گڕوگـاڵی لـە گەڵـدا دەکـرد، دوایـی شـیرەکەی دایـەو بەهـەردوو دەسـتی شووشەکەی گرتبوو، شیرەکەی بەدەمیـەوە دەکـرد، دوای ئـەوە بەپارچـە پەڕۆیـەک یـاری و گڕوگـاڵی لـە گەڵـدا دەکـرد، چەنـد جارێـک دەسـتی دەگـرت و دارە دارەی پـێ دەکـرد، زۆر جـار دەسـتی لــێ بـەردەدا، ئـەویش هـەنگاوی دەنـاو پـاش تۆزێـک دەکـەوت. دوواجـار لـە سـەر دۆشـکڵەکە پـاڵی خسـتەوەو لایـە لایەی بۆ دەکرد هەتا بیخەوێنێت.
لەو کاتــەدا تەنــە فەزاییەکــە بــەهۆی هەڵــەی نەخشــەوە لە قەراغی گوندەکەدا نیشتنەوە، خەڵکەکە هەموویان ترسـان و رایـان کـرد، ئـەو هـەرچی کـرد نـەیتوانی خوشـکەکەی بـاوەش

بکـــات و وەک خەڵکەکـــە بەگریانـــەوە رای کـــرد، دایـــک و باوکیشـــی دوور بـــوون لـــە ماڵـــەوەو نـــەیانتوانی بگەڕێنـــەوە سـەری، دوای ماوەیـەک گەڕانـەوە بـۆ نـاو گوندەکـە موزیـک بەدۆشەکڵەکەیەوە برابوو.

لەو کاتـەدا سەرنیشـینەکان توشـی بـارێکی دەروونـی سـەخت هـاتن، سـاوایەک لـە گونـدێکی چۆڵی ترسـناکدا بـەجێ مـابوو، مەترسیان هەبوو لە وەی دڕندە بیخوات، یان کارەساتێکی لـێ بەسـەردا بێـت، بـەناچاری باوەیشـیان پیـادا کـردوو لـە گـەڵ خۆیاندا بردیان.

ئەو تەنە فەزاییە جۆری ئـەی تـو پێنج بـوو، توانـای نیشتنەوەو بەرزبوونەوەی هـەبوو، لەو جێگەیـەوە هەستایەوە، موزیکیش بـەگریان ترسـێکی گـەورەی بـۆ دروسـت کردبـوون، شـیڕە شیڕی گوێی کاس دەکرد.

کاتێـک تەنـە فەزاییەکـە جـوڵا، موزیـک هـەر دەگریـا، یـەکێک لـە سـەر نیشـینەکان باوەشـی کردبـوو، ئـەویش هـەر دەگریـا، ئـەوانیش بـۆ دوورگەیـەکی تـر چـون و دوور کەوتنـەوە. لـە جێگەیـــەکی زۆر دوورتـــر لـــە گونـــدی مەرگـــدا نیشـــتنەوەو دابەزین.

موزیک گریانی زۆر زیـاتر بـوو، مەترسـی بۆ سەرنیشینەکان زیـاتر کـرد، دەنگـی زۆر دەردەهـات. ئـەوانیش بیریـان لـە وە کردەوە بەو دەڵە سەگەی پێیان بـوو، ژیریـی بکەنـەوە، ئـەویش هـەر لـە سـەرەتاوە بـەزمان دەسـتی دەلستەوە، هـەتا ئەوسـاتە خۆشەویستیەکی لـە گەڵدا دروسـت کردبـوو، بـەو رۆحـەیشـەوە بەچەمۆڵـەکانی یـاری لـە گەڵـدا دەکـرد. سەرنیشـینەکان بیریـان لە وە کردەوە دەمی بنێن بـەگوانی ئـەوەوە، هـەتا شیری بداتی،

کاتێک دەمیان خستە سەر مەمکی برسی بوو، وەک مەمکی دایکی دەیمژی، هەر بەو دەڵە سەگەش شیریان دەدایە، زۆرتریش لە گەڵ ئەو ڕاهاتبو لە باوەشیدا دەخەوت، دوایش بەناوی ئەوەوە ناویان نا جۆرج.
دوای چوار مانگ لە ون بوونی سەرنشینەکان گەڕاندیانەوە بۆ جێگەکەی خۆی، نزیک ماڵی خۆیان کردەوە، دەڵە جۆرج دووا ماچی کرد و بەجێی هێشت.
کاتێکیش گەیشتەوە بۆ ماڵەوە، خۆشی هەموویانی گرتەوەو باوەشیان پیادا کردوو ماچیان کرد، هەرچیەکیان لە گەڵدا وت، نەیدەزانی هیچ ڕاستیەک بڵێت. ئەو تازە زمانی پژابو تەواو پێیی گرتبوو، جۆرج و پلین و زرینی لە سەر دەم بوو، مۆو می، ئەوان ئەو وشانەیان پێدەوتەوە، کاتێک بەجۆرج بانگیان بکردایە گوێ ڕایەڵ دەبوو. ئەوە دڵنیای کردنەوە لە وەی بوونەوەری فەزایی یان خێو جندۆکە بردبێتیان و دەستیان لێ وەشاندبێت.
ئەو دڵنیایەشیان لە بینینی تیشکی تەنە فەزاییەکەوە هەبوو. هەرچی بەموزیک بانگیان دەکرد وەڵامی نەدەدانەوە، ئەوان دەیانوت: موزیک. ئەویش بەزمانە ساواییەکەی دەیوت:
- جۆرج.. جۆر.ج.
بەو جۆرەش ناوەکەی گۆڕدرا بەجۆرج.
ئەو دیار نەمانەشی خەڵکەکەی توشی شۆک کردبوو، بەگشتی هەموویان بەچاوی خۆیان تیشکی تەنی فەزایی بوونەوەرانیان دیبوو.
ئەو ڕووداوە زۆر کاریگەری خستە سەر خەڵکەکە، ترسێکی گەورەی خستبووە ناو دڵیانەوە، هەموویان دەیانزانی

بوونـــەوەرانی فـــەزایی بردوویانـــە، گـــۆڕانی بەرگەکەشـــی بەقوماشێکی حەریری گران بـەها، ئـەو بەڵگەیـەی دەردەخست و دەزانـــدرا لای خـــەڵکانێکی دەوڵەمەنـــد بـــووەو هـــەموو گومانێکیشیان لە سەر جندۆکـە و بوونـەوەرانی فـەزایی بوون، ئەویش لەو بارەیەوە زمانی شکابوو.

***

جـــارێکی تـــریش دوای دوو ســـاڵ و هەشـــت مانـــگ تەنـــە فەزاییەکە هاتەوە سەر زەوی، زاناکـانی هەسارەکە پێشنیازیان بۆ کـردن، ئـەمجارە بیبەنـەوە بۆ لای خۆیـان، هـەتا لـە سـەر زەوی هاوکـار و پێگـەیان بێـت، زۆر لـــە لایـان گرنـگ بـو بیکەن بەکەسێک لە خۆیان. کاتێک بۆ جاری یەکـەم گەڕانـەوە چەندین وێنـەیان بـڵاو کـردەوە، کەسێک نـەبوو ئـەو وێنەیـەی نـــەدیبێت، لـــە هـــەموو مـــاڵ و دووکـــان و کارخانـــەو بەڕێوەبەرێتیەکدا لە چوار چێوە گیرابوو.

بـــەو مەبەســـتەوەو دەمـــەو ئێوارەیـــەک دەڵـــە جـــۆرج و سەرنشینێک هاتنـەوە بۆ لای گوندەکـە، جۆرج تەمـەنی پێنج سـاڵان بـوو، سـەیری ئـەو شـوێنەی دەکـرد یەکـەم جـار فڕانـــدبویان، وەک چاوەڕوانیـــان بکاتـــەوە، ســـەر نشـــینەکە باوەشـــی پێـــداکرد و بردیـــان، کاتێـــک گەیشـــتنە لای تەنـــە فەزاییەکــە ئاســایی بــوو، وەک بــاوک و دایکــی نــەبووبێت، لـە باوەشـی جۆرجـدا خـەوت، هەرچـەندە لـە شـیر بڕابـووەوە، دەمـــی خســتەوە نـــاو گـــوانی و تێـــر مـــژی، ئـــەمجارە دووان لـــە بوونـــەوەرەکان مـــێ بـــوون، جیـــاوازبوون لـــە دایکـــی وەک بوونـەوەرەکانی تـر قژیـان نـەبوو، مـەمک و ئەنـدامی مێینـەیان هـەبوو، بـەو شـێوەیەش لـە گەڵیانـدا ڕاهـات. لەو خواردنانەشـی

پێیان بوو، شتی وشکەو قوتوبوون، بەشیان دەدا، هەنگوینی زۆر دەخوارد، ئاژەڵی ناسکیان بدیایە تۆڕیان بەسەریاندا دەکرد و دەیانگرتن و سەریان دەبڕین.
ئەوان زۆر بەوردی توانای شت بردنیان هەبوو، وەک تیشکێک دەهاتنە بەرچاو، هەرچیەک بیبینینایە ترس دەکەوتە هەناویەوە، هەر چیەکیان بویستایە دەیانکرد.
ئەو کاتانەش لە سەر زەوی زۆر بمانایەتەوە ناچاربوون خواردن پەیدا بکەن، ئەو کاتەش خواردنیان زۆر دەست دەکەوت، جۆرجیش پێویستی بەخواردنی تایبەتی هەبوو، ئەوانیش زیاتر گۆشتیان بۆ دەبرژاند.
دوای هەفتەیەک مانەوەیان لە سەر زەوی لە گەڵ خۆیاندا بردیانەوە، پرۆفیسۆر ئۆڕاپلاند زۆر بایەخی پێدا، سەرەتا چەند بوونەوەرێکی بۆ دانا هەتا فێری ژیانی هەسارەکەو زمانی ئەلیکترۆنی بکەن.
هەسارەکە زمانی ناوچەیی و گەلانیان خستبووە لاوەو زمانی ئەلیکترۆنی ببووە زمانی سەرتاسەری.
جۆرج بۆ هەسارەکە گرنگ بوو، چەندین مامۆستای بەتوانایان بۆ دانا، هەتا فێری خوێندەواری بکەن، بەهۆی ئەوەی منداڵ بو بەخێرایی هەموو شتێک فێر دەبوو، لە باخچەی ساوایانیش لە گەڵ کچاندا ڕاو ڕاوێن و یاریە ئەلیکترۆنیەکانی دەکرد، ئەمانەش هۆکار بوون بۆ ئەوەی زوتر فێری زمانەکەیان ببێت، بەردەوامیش هاتوچۆی نەخۆشخانەی تایبەتیان پێدەکرد، هەتا بتوانن جەستەی شەتڵ بکەن بەنیوە بوونەوەر، پزیشکی تایبەتمەند توێژینەوەیان لە سەر دەکرد و کۆمەڵێک چارەسەریان بۆ دانا و شیکاریان

بۆ کرد، چەند شرینقەیەکی جۆرا و جۆریان لێدا و دوایی ناردیان بۆلای ئۆتۆشۆ، بەناوبانگترین جادووگەری هەسارەکە بوو.
ئۆتۆشۆ پیرەژنێکی بەناوبانگی هەسارەکە بو تەمەنی بۆ هەزار ساڵ نزیک ببووەوە، چرچ هیچ سافی و ڕووناکیەکی لە جەستەیدا نەهێشتبووەوە، بەهۆی تەمەنە زۆرەکەیەوە وەک مۆم بەسەر باڵا کورتەکەیدا دەتوایەوە، تەواو بچکۆلە ببووەوە. زمانی قسە کردنیشی زمانێکی جادوویی ئاماژەیی بوو، کچێکی قەیرە قسەکانی بۆ وەردەگێڕا، کاتێک جۆرجی بینی زانی مرۆڤە، پێویستی بەهیچ پرسیارێک نەبوو، باوەشی پێداکرد و دەمی خستە ناو دەمیەوەو زمانی لە زمان و ددان و مەڵاشوی هەڵسو، لای خۆی داینیشاند و ورتە ورتێکی ئەفسوناوی بەسەردا کرد. دوواجار خستیە ژوورێکی تاریکەوەو خێوی ناردە لای. دووا چارەسەریش بیری لە وە دەکردەوە شەوانە لە گەڵ کوڕێکی بوونەوەری هاوتەمەنی خۆیدا بیخەوێنێت، هەتا لە ڕێی چێژی عیشقەوە حەزی بوونەوەری بچێتە ناو ناخیەوە.
ئۆتۆشۆ دەیزانی تاکە شتێک عیشقە هەتا رۆح لە بەر بەجێگەیەکەوە ببەسترێتەوە، عیشقی منداڵیش کپ ناکرێتەوە، باشترین بژاردەیش بۆ ئەو مەبەستە کوڕێکی لە لا بو ناوی پۆپۆلۆ بوو، هاوتەمەنی ئەو بوو، ئەویش بێکەس بوو، دایک و باوکی بەیەکەوە، بەهۆی ڕووداوی ئۆتۆمۆبیلەوە گیانیان لە دەست دابوو. لە تەمەنی دوو ساڵیەوە لە خانەی بێ سەرپەرشتاندا بوو، هەتا گەشتە تەمەنی پێنج ساڵان، کاتێک لە تیڤیەکانەوە بانگەوازەی ئۆتۆشۆی بیست، هەر منداڵێکی

دۆزڕاوەو بێ کەس هەبێت، لە هەر جێگایەک بێت بۆی ببەن، ئەو ئەرکی بەخێو کردنیان دەگرێتە ئەستۆ. ئەویش خۆی گەیاندە لای.
بەو بیرەوە پۆپۆلۆی نارده لای جۆرج، شەوانە پێکەوە دەخەوتن، ورده ورده عیشقیان دەست پێکرد. جگە لە وەیش فێری زمان و ئاکاری هەسارەکە ببوو.
دوای مانگێگ دەرگای ئەو ژوورەی لێ کردەوە، سەیری کرد گۆڕابوو، لای خۆی هێشتیەوە، شەرابێکی بۆ گرتەوە، چەند گژوگیایەکی بەناوبانگی تێکەڵاو کرد، بەردەوام تفی خۆی تێدەکرد، مانگێکیش خستیە ناو کولانەی مریشکە ئەفسانەییەکانیەوە.
ئەم مریشکانە، بۆ کاری جادوویی،سەرە ڕمی ئۆتۆشۆ بوون. پاشان تۆوی چەند مێینەو نێرینەیەکی لە گەڵ شەربەتێکی تایبەتیدا تێکەڵاو کرد و رایوەشاند. ڕۆژانە پەرداخێکی دەرخوارد دەدا.
هەفتەیەک بەو جۆرە ئەو شەرابەی پێدەخواردەوە، هەتا تەواو بوو، ئەوسا ناردیەوە بۆ لای پرۆفیسۆر ئۆڕاپلاند، بەزمانە جادووییەکەی خۆی وەرگێڕەکەی تێگەیاند نامەیەکی بۆ بنوسێت:
- ئێمە هەموو هەوڵ و تاقی کردنەوەیەکمان لە گەڵدا ئەنجام داوە، گیانی نیوە بوونەوەریمان خستۆتە جەستەیەوە، دەبێت بگاتە قۆناغی باڵغی و منداڵێکی ببێت لە توخمی ئێمە، دووا چارەسەرە بۆ جۆرج.
بەو شێوەیە دوو ساڵ لە لای خۆیان هێشتیانەوە. لەو ماوەیەشدا هەمووی لە گەڵ پۆپۆلۆدا بوو، لە گەڵ دابەزینی

تەنێکی فەزاییدا هێنایانەوە بۆ سەر زەوی.
گەڕانـەوەی ئـەمجارەی جۆرج جیـاواز بـو لـە جـاری پێشـوی، ئـەو گومانـەی لـە سـەری دەکـرا بەتـەواوی بـو بەڕاسـتی، دوو ساڵ لـە بـەر چـاوی خەڵکدا دیـار نـەما، کـەس نـەیزانی چـی لێهاتووە؟
لـــە رەفتارشـــیدا هـــەموو ئاماژەیـــەک دەخوێندرانـــەوە، هەرچیەکیشـــیان لـــێ دەپرســـی وەک کـــەڕو لاڵ خـــۆی دەردەخسـت، هـیچ شـتێکی لەو بارەیـەوە نـەدەوت. خـەڵکیش دەیانزانی جندۆکەو نابینا بردوویانەو دەستیان لێ وەشاندووە.
ئـــەو چیرۆکانـــەش زۆر بـــوون لـــە لای خـــەڵک، جندۆکـــە هەرکەسیان بردبێت بەلاڵی هاتبووەوە.
بێدەنگی جۆرج لاڵـی نـەبوو، بـارێکی جیـاواز بـوو، ئۆتۆشـۆ توشـی ئـەو سـڕبوونەی کـرد، جـاری یەکـەم زانـی هـەموو رەگێکی لە جەستەیدا شەتڵ کردووە، هەتا ببێتە نیوە مرۆڤ و نیـــوە بوونـــەوەر. دوای ئـــەوە فویـــەکی بەدەمیـــدا کـــرد، چەپۆکێکیشی پیادا کێشا، هەتا نهێنی سەر هەسارەکەی لە بیر بچێتـەوە، کاتێـک گەڕایـەوە بـۆ سـەر زەوی لـە نـاو کـەس و کاریـدا، وابـزانن ون بـووەو دەسـت لـێ وەشـاوەی خێـو جندۆکەیە.
دیـار نـەمانی ئـەم جـارەی سەرسوڕمانێکی گـەورەی دروسـت کـرد بـوو، وەک جارەکـانی تـریش وەک کـەڕو لاڵ خـۆی دەردەخســت، تەنانــەت پرســیاری باوکیشــی نــەکرد چــی لێهاتووەو بۆچی دیار نـەماوە؟ هـەتا دایکـی خۆی ئـەو گرێیـەی بۆ کردەوە:
- دەزانیـت بـۆچی جـوانی و شـۆخیەکەی هۆتـۆ کوژاوەتـەوە؟

ڕەنگە سووربـاوەکەی دەم و چـاوم وەک کـاژی مـارێکی زەرد ئاوڵەی گرتووە، چاوە شینەکانی دایـە دەبینیت چۆن کزبـوون؟ تۆ دەزانیت باوکت بـەداخی تۆ و مـەرگی نـاوادەی سیناریۆی خوشـکتەوە مـرد؟ کچێکـی پێـنج سـاڵانی دیـار نـەما. سـاڵێک و شەش مانگ، هەموو شوێنێک بەدوای تۆدا گەڕا.

سیناریۆش لەو ئاوەدا خنکا، شـەش مانـگ بـەر لـە هاتنـەوەت باوکیشت بەو بەداخ و کەسەرانەوە سەری نایەوەو مرد.

ئەوە ئەزمونێکی زۆر گرنـگ بـو بـۆ جۆرج، هـەر لـەو کاتـەی بۆ یەکـەمجار هەستی پێکردبوو کەوتۆتـە دەستی بوونـەوەران و نابینـاوە، جەستەشـی بەبوونـەوەر شـەتڵ کـڕاوە، هەمیشـەش بیـری لەو ژیانـەی دەکـردەوە لـە نـاو قـەل و مریشـکی ئەفسـوناوی و خـەوتنی دەسـت لـە ملانـی لـە گـەڵ پۆپۆلـۆو شـەرابە ئەفسـانەییەکان و شـرینقەو دەرمـانی نەخۆشـخانە تایبەتیەکەی بایۆلۆژیدا بەسەری بردبوو.

ئەو دیارنەمانانەی ترسێکی گەورە بوو، ئـەو ترسـەش خـەڵکی گوندەکـەی بەگشـتی گرتبـووەوە. جگـە لـە وە خویـەکی ناشیرینیشـی گرتبـوو، ئـەو دەڵـە سـەگانەی بهاتنایەتـە نـاو گوندەکـە دوایـان دەکـەوت، یـاری لـە گەڵدا دەکـردن، دەیویسـت بیانباتە ناو حەوشەی ماڵەوەو گوانیان بمژێت.

چەنـدی کـرد ئـەوەی بـۆ نـەکرا، هەرچەنـدە لەو گۆشـتی ئاژەڵانـەی ڕاو دەکـران زۆر بـوون و بـەردەوام گۆشـتی بـۆ دەبـردن، بەدیاریانـەوە دادەنیشـت، دەسـتی بەسـەر و چاویانـدا دەهێنـا. هـەر کاتێـک بیویسـتایە دەسـت ببـات بـۆ گوانیـان دەوەڕیـن و چەمۆڵـەیان لێـدەدا، دوواجـار دێلێکـی کـرد بـەهاوڕێی، نـاوی نـا دۆر، لـە شـی بەسـابوون شـت، یـاری

لـە گەڵـدا دەكـرد، دەستی بەلـە شـیدا دەهێنـا، سـكی و پشـت و سـەری و گوانـەكانی رادەكێشـا، هـەتا وای لێهـات دەمـی خستە نـاو گوانەكانیـەوەو دەیمـژی. بـەوەش نـان خـواردنی كـەم بووەوە، دایكی هەستی پێكرد، چاودێری خستە سـەری. لەو كاتەی كەوتە مژینی گوانی دەڵـە سـەگەكە گرتـی، ئەوسا زانـی كـاتی ون بوونەكـەی بەشـیری سـەگ پـەروەردە كـراوە. بەناچاری چو بۆلای بافلۆف و تیایدا پاڕایەوە:

- ئەو دەڵە سەگە پیسە، جۆرج خۆشـی دەوێت، تكایـە لـە گـەڵ خۆتدا بیبە بۆ شارۆچكەكە بەرەڵای بكە.

بافلۆف دەڵە سەگەكەی خستە ناو ماتۆڕسكیلە كەیـەوە، جۆرج بـەكوڵ بـۆی گریـا و پاڕایـەوە، دایكـی هـیچ گـوێی پـێ نـەدا، زۆریشی لـە بـافلۆف كـرد هـەتا لـە گـەڵ خۆیدا بیبـات، ئـەویش بـردی بـۆ شـارۆچكەی بـەتریق، لـە وێ دای بەكەسـێك لە گوندێكی زۆر دوور بوو.

دوای ئـەوە لـە خـواردنی شـیری سـەگ دوور كەوتـەوە، هەمیشـەش هـەر بێـزوی پێـوە دەكـرد. توانـای نـەمابوو، دەڵـە سەگێكیش نەدەهاتە نـاو گوندەكـە، ئـەویش نەیدەوێرا بەئاشـكرا توخنی سەگ بكەوێت.

هـەر كاتێـك دایكیشـی بچوایـە بـۆ ڕاو، یـان پێستـەو گۆشـت و ئـاژەڵی ببردایـە بـۆ شـارۆچكەكە، لـە گـەڵ خۆیـدا دەیبـرد، ئەویش بەردەوام بێزوی بەشیری سەگەوە دەكرد.

جۆرج شیرزۆفینیایەكی جیـاوازی گرتبوو. ئـەوە نەخۆشـیەكی تاییـەتی بـو بـەو، ئـەو هـەر لـە منداڵیـەوە بـەپۆپۆلۆوە عاشـق ببوو، لە گـەڵ یەكتریدا دەخـەوتن، زۆر جـار یـەكیان لـە ئـامێز دەگرت، خۆشەویستیەكی ناوازەیـان دروست كردبوو، پێكـەوە

بەبازاڕو شوێنەکاندا دەگەڕان. ئەوکاتانەشی جۆرج دەچوو بۆ دایەنگا تایبەتیە فێرکاریەکەی خۆی، پۆپۆلۆ لە گەڵیدا دەچوو، لە ناو حەوشەکەدا سێ کاتژمێری تەواو دەوەستا.
کاتێک دوای دوو ساڵ ناردیانەوە بۆ سەر زەوی، پۆپۆلۆ شێت و هار ببوو، بەشێوەیەک ئاگری عیشقی گرتبوو لە سەرتا سەری هەسارەکەدا دەنگی دابووەوە.
جۆرجیش لەو خراپتری لێ بەسەر هاتبوو، هەمیشە بەعیشقی ئەوەوە دەژیا، دەیویست هەرچۆن بووە بچێتەوە بۆ سەر هەسارەکەو بەو شاد ببێتەوە.
ئەو خەوەی زۆربوو، هەتا پۆپۆلۆ هات بۆ سەر زەوی و پێکەوە چونەوە بۆ سەر هەسارەکە. پێنج ساڵ لە هەسارەی ڕۆژهەڵات لە گەڵیدا ژیا. ساڵی یەکەم کوڕێکیان بوو، دوای دوو ساڵیش کچێکیان بوو. دوای ئەوەی پۆپۆلۆ بەنەخۆشی گیانیدا. جۆرجیش نەخۆش کەوت. پزیشکەکان پشکنینیان بۆ کرد، مەترسی مەرگیان لێدەکرد بەمانەوەی لە سەر هەسارەکە. بەناچاری هەردوو منداڵەکەیان بەخانەی سەرپەرشتی سپارد و خۆشیان ناردەوە بۆ سەر زەوی.
دوای مردنی پۆپۆلۆ بۆ هەتایی لە یەکتری دابڕان. ئەو عیشقەیش بەشێوەیەک ڕۆح و جەستەی گرتبووەوە، هیچ شتێک جێگەی ئەوەی بۆ نەدەگرتەوە، چێژی لە هیچ کەسیکی تر نەدەبینی. هەمیشە وێنەی ئەوی لە سەر هەسارەکەوە دەبینیەوە، وەک ئەو ساتانەی پێکەوە بوون، دەستیان دەکردە ملی یەکتری. بۆ دوواجار پۆپۆلۆ قژی ڕادەکێشا، سەرە سافەکەی بەناو قژە پڕەکەیدا دەبرد و باڵای خۆی لە گەڵ باڵایدا دەپێوا. جۆرج بەهەناسە بڕکێ و

هاوارەکانی و جووڵەی سەری و ماچکردنی سەری ئەوەوە، دەریدەخست خۆی بستێک باڵای لەو بەرزترە.
ئەو چێژ و حەزە بیر چونەوەیان بۆ نەبوو، هیچ کەسێک لە بوونەوەر و مرۆڤ ئەو چێژەیان پێ نەدەبەخشی.
زۆر جار دوای مردنی ئەو و گەڕانەوەی لە هەسارکەوە بۆ سەر زەوی، توشی پیاوان دەبوو، بەڕێکەوت کەسێکی بدیایە، هەستی ئەوەی لێ بکردایە، حەزی سێکسی هەیە بۆی، نەفرەتی لێدەکرد، کتوپڕ لێی دوور دەکەوتەوە. هەرچی دەکرد، بیری دەکردەوە، هیچ خۆشیەکی نەدەبینیەوە لە پیاوان، هەمیشە بەو بیرانەوە تفی ڕۆدەکردەوە:
- هەتا مابم لە گەڵ پیاواندا تێکەڵاو نابم.
ئەوەش توشی باری دەڕوونی کردبوو، سیمای پیاوانی لە بەر چاو کەوتبوو، لە ناخەوە دەیویست ئەو پیاوانە بسوتێنێت بەچاوی سێکسی سەیریان دەکرد.
ئەوەی حەزو ئارەزووەکانی ئەوی دادەمرکاندەوە، وەکو هەموو ئەو جارانەی تری دوای تێربوونی لە شیری سەگ بچێتە پەنایەکەوەو دەست بەناو گەڵیدا بهێنێت، هەتا بەخەیاڵ لە گەڵ عاشقە مردووەکەیدا خۆی دابمرکێنێتەوە.
ئەوە حەزی کۆتایی ئەو بوو، تەنیایی بەو حەزانەوە ئالودەی کردبوو، کاتێک دەمی دەکردەوە، بەتامەزرۆیەوە وەک تینوی ناو بیابانێکی گەردەلولاوی تفی دەخستە ناو لە پی دەستیەوە، ئەوسا برینەکانی ڕۆح و هەناوی سارێژ دەبوون.
جۆرج لەو ماوە تەنیاییەیدا، هیچ بیرێکی لە سێکس نەدەکردەوە، ڕۆژێک لە سینەمایەک لە شارۆچکەکە فیلمێکی سێکسی ئاژەڵان و ژنانی بینی تەواو سەرسام بوو.

ژنێــک ســەگێکی ڕەشـــی لــە پێشــانگایەکی فرۆشــتنی ســەگدا کـڕی، لەو ســەگانەی تایبــەت راهێنایــان پێــدەکرا بـۆ سێکســی ژنان و فێری جووڵەکانی سیکس کردنیان دەکردن.
سـەگ توانـای نیـە وەک مـرۆڤ هـەردوو دەسـتی بخاتـە سـەر سنگ، دەبێت لە سەرلا بووەستێت، ژنەکـەش بەپەنجـەی خۆی هەڕەمەکـەی دەخستە نـاو لـە شـیەوەو دوایـی دەسـتی بەلـە شـی سـەگەکەدا دەهێنــا، چەنـد جـار تــەواو دەبـوو، سـەگەکە هــەر بەکار بوو. دوایی ژنەکە هەڕەمی سەگەکەی دەمژی.
سـەگەکە توشـی چێـژی سێکسـی ژنـان ببـوو، لـە نـاو بـازاڕ و لـە بـەرچاوی خەڵکیشـدا هـەرکات زەوقـی بجوڵایـە پـەلاماری ژنەکــەی دەدا، بــەهیچ چــار نــەدەکرا، لــە ماڵــەوەیش کــات و ناکــاتی بــۆ نــەبوو، ژێــر کراســەکەی بەقــەپ دەدڕانــد و رایدەکێشا.
ئەمــەش لای جـۆرج نیشــانەیەکی ترسـناکی دەبەخشـی، ئــەو چیرۆکــی سێکســی مــرۆڤ و ئــاژەڵانی بیســتبوو، فیلمەکــەش زۆر دیمــەنی تێــدابوو، ئەوەشــی کاریگــەری تــەواوی خســتە سەری، دیمەنی ژنێک بو لە گـەڵ مەیمونێکدا سێکسـی کـرد و نەخۆشی ئایدزی لێکەوتەوە. ئـەوەش ئـەنجامی بـەئاژەڵ بـوونی مرۆڤی دەردەخست لە ئایندەیەکی نزیکدا.
جگە لە وە چەندین دیمەنی تری بینـی، یـەکێک لەو دیمەنانـەش زۆر قێـزەون بـوو، ژنێــک و ســەگێک دوای تــەواو بوونیــان لێــک نەدەبوونــەوە، ژنەکــە تێلــی کــرد بــۆ نەخۆشــخانەی فریاکــەوتن، بەئــەمبولانس هــاتن و بردیــانن بۆنەخۆشــخانەو جیایـان کردنـەوە. پزیشـکەکان سـەریان سوڕمابوو، ژنـان بـەو شێوەیە عاشـقی سێکسـی ئـاژەڵان بوبـوون، بەتایبـەتی لـە گـەڵ

سەگدا.
ئەو گرتەیە جۆرجی وەڕس کرد، کاتێک لە سینەماکە هاتە دەرەوە، تفی قوت دەدایەوە، بێزوی بەشیری سەگ و دەستپەڕەوە دەکرد. لە سەیرکردنی ئاسمانیشدا فەزای بە رەنگێکی سپیەوە دەبینیەوە، وەک سروشت توشی گرانی رەنگی سپی بوبێت و بەهەر چوار رەنگە فیزیاییەکەوە تێکەڵاو بو بێتن و ساتی تەقینەوەی گەردوون بێت.
ئەو ئاکارانەی جۆرج دایکیان وەڕس کردبوو، سەری سوڕمابوولەو شتە ناشیرینانە، دڵنیاش بو لە وەی جۆرج دەربارەی بوونەوەران و نابیناکان زۆر شتی شاراوە دەزانێت، هەمیشەش داخی لێ دەخوارد و لە ناخی خۆیدا دەیشاردەوە. جۆرجیش هەرکات لێی بروانیایە بەدەم گریانەوە لە رەنگ و ڕووی دەڕوانی، قژە خورماییەکەی تەپ و تۆزی زەمانەی کەوتبووە سەری، وەکو بەقۆڕاو شۆرابێتەوە. ددانە سپیە سەدەفیەکانیشی زەرد ببوون، باڵا نەمامیەکەی چەمابووەوە.
جارێک بەو بیرەوە لێی روانی، ئەویش چاوی بڕیبووە ناوچاوی ئەوەوە، وەک دوو کامێرا وێنەی یەکتری بگرن، جۆرج بەزمانێکی شیرین لێی چووە پێشەوەو دەستی کردە ملیەوە:
- هۆتۆلە گیان حیکایەتی عیشقی خۆت و باوکم چیت لە بیر ماوە بۆم بگێڕەرەوە؟
دایکی بەو قسەیەوە وشک بوو، لە رزێک جەستەی گرتەوە برینی یەکەم ساتی عیشقی بیر کەوتەوە، کاتێک لە دارستانەکەی پشتی شارۆچکەکەوە دەستی گوشرا،

گوشـینێک خوێنەکـەی کەوتـە سـەر هـەڵکفان، دەمێـک بـو چـاوەڕوانی ژوانەکـەی بـوو، چـاوی هەتـەر دەدا، هـەتا ئـەو لە پشتەوە دەستی گوشی:

- هۆتۆلە کەم دەمێکە چاوەڕوانی دەکەیت؟

بـەو قسـەیەوە داچڵـەکی و سـەری هـەڵبڕی زانـی ئـەو بـوو، خۆشیەک کەوتە جەستەیەوە و ناخی هەژاند:

- من هۆتۆم ناوە هۆتۆلە مانای چیە؟

- هۆتۆلـە واتـای تواندنـەوەی رۆحێکە لـە رۆحێکـی تـردا، دوو جەستە لە ناو یەکدا دەتوێنەوە. تۆیش بەمن بڵێ فارۆنە.

- من هەر پێت دەڵێم فاران.

ئـەوە دوا ژوانـی بـو لـە گەڵیدا، بەکتوپڕیـەک لێـی جیـابووەوەو داخێکی گەورەی نا بەدڵیەوە.

بـەو کسـپەیەوە دەسـتی خسـتە ملـی جۆرجـەوەو مـاچی کـرد. بــەدەم گریانــەوە چیرۆکــە ئازاڕاویــەکانی خــۆی بــۆ کــورت کردەوە:

- جۆرجەکـەم چیت بۆ بـاس بکـەم، ژیـانی من و باوکت هـەر دۆزەخ بــوو، هــیچ عیشــقێکی پێشــینەمان نــەکرد، کتــوپڕ شـارەکەمان داگیـر کـرا، ئـەو شـەوەی رامـان کـرد و شـارمان بــەجێ هێشـت، ئـەوم ناسـی، لـە نـاو دەوەن و مـارو مێـرودا زەماوەنـدمان کـرد، ئاهـەنگی هاوسـەرگیریمان ڕێـگە ڕۆیشـتن بوو، ئەو گوللانە بوون کەشتیە جەنگیەکە پێوەی نـاین. باوکت بریندار بوو، دوایی لـە شـارۆچکەی بـەتریق نیشتەجێ بووین، بەکولـە مـەرگی ژیـاین، هـەتا ئـەو باڵاخانەیـەی تیایدا دەژیـاین روخــا، مــاڵ وێـران و کــاول هاتینــە دەرەوە، دوایــی لــە م دۆزەخەدا نیشتەجێ بووین.

ئــەوەی وت هــیلاک بــوو، هەناســەیەکی هەڵکێشــاو دەســتی پێکردەوە:
- لە گەڵ هەموو ئەو ژیانە ناخۆشەدا لـە گـەڵ باوکت بەعیشق بەهەشــتێکمان بــۆ خۆمــان دروســت کردبــوو، هەمیشــە بەبــەختیاری دەژیــاین. کاتێــک بــۆ دووەم جــار ون بویتــەوە، سیناریۆمان خستە بـەر خوێنـدن، وەک هـەموو منـداڵانی تـر دەچـوون بـۆ شـارۆچکەکە. بـەیانیان باوکـت بـەکۆڵ دەیبـرد، هـەتا بیخاتـە سـەر بەلـە مەکـە، دوای نیـوەڕوانیش دەڕۆیشـتین بەدوایدا و دەمانهێنایەوە.
بــەو قســەیەوە هەناســەیەکی قــوڵی هەڵکێشــا و بــەقوڕگی پــڕ لە گریانەوە دەستی پێ کردەوە:
- زۆر دڵـی بەخوێنـدن خـۆش بـوو، شـەوان قەڵـەم و دەفتـەری دەردەهێنا، هەردووکمان وانەکانمان پـێ دەوتـەوە. سـاڵی یەکـەم بەیەکــەمی پۆلــە کــە دەرچــوو. ســاڵی دووەم تــاقی کردنــەوەی نیوەی ساڵی نەکرد، کاتێک لـە قوتابخانـە هاتنـەوە ڕەشـەبایەکی بەهێز هەڵی کرد و لـە نـاو بەلـە مەکـەوە کەوتـە نـاو ئاوەکـەوە، لەو دەریاچەیەدا خنکا، ئیتر چاوە جوانەکانی کوژانەوە.
ئەوەی وت گریا، پاش کەمێک دەستی پێکردەوە:
- ئــەویش هەمیشــە هــەر بــۆت دەگریــا، موتــو موروەکــانتی هــەڵگرتبوو، بـۆنی بەجلـە کانتـەوە دەکـرد، هیـوای بینینـەوەی تۆی بردە ژێر گڵەوە.
ئــەوەی وت توانــای نــەما وشــەیەکی تــر بڵێــت و دڵــی پــڕ بــو لـە گریـان، پـاش ئـەوەی بەلـە چکەکـەی فرمێسـکەکانی چـاوی سڕی و دەستی پێکردەوە:
- تۆیش دوو ساڵت پێ چو. باوکیشـت بـەداخی هەردووکتانـەوە

توشـــی نەخۆشـــی خـــوێن بـــەربوونی مێشـــک بـــوو، کاتێـــک گەیاندمانـــە نەخۆشـــخانەی بـــەتریق، فریـــای ئـــەوە نەکـــەوت پزیشکێک ببیبنێت، بەکتوپڕی گیانی داو مرد.
ئـەوە دووا بیـرەوەری بـو لـە گـەڵ دایکیـدا و دوای دوو ڕۆژ توشـی ژانێکـی کتـوپڕی هـات و هـاواری کـرد، جۆرج کتـوپڕ چووە ژوور سـەریەوەو مـاچی کـرد، کاتێـک دەستی گوشـی و لێی روانی کسپەیەکی کوشندەی کرد:
- دایکە گیان مردیت؟ دایکە گیان بێ کەست کردم.
ئـەوەی وت، بـەکوڵ گریـا، هـاوار و کڕوزاندنـەوەی لـە نـاو گوندەکـــەدا دەنگـــی دەدایـــەوە، خـــەڵکی بەدەمیانـــەوە هـــاتن، دەستیان خستە سـەر دڵـی، ماوەیـەک بەدیاریـەوە دانیشتن، ئـەو گیانی تیادا نەمابوو.
دوای ئـەوەی ژنـان شتیان و کفنیـان کـرد، پیـاوان بردیـان لەو گۆڕستانەی چەنـد گـۆڕێکی کـۆن و نـوێی تێدا بـوو، لـە پـاڵ گۆڕی مێردوو کچەکەیدا، گۆڕێکیان بۆ هەڵکەند و ناشتیان.
دوای ئـــەوە جـــۆرج بەتـــەنیا لەو خـــانووەدا مایـــەوە، یادگـــاری ڕۆژانـــی ڕەشـــی تیـــادا دەخوێنـــدەوە. هەمیشـــەش جـــادووی بـــۆ کۆتـــایی گوندەکـــە دەگرتـــەوە، هـــەتا بـــۆ دوواجـــار پێشـــبینیەکانی بەڕاست گەڕاو گوندی دۆلفین لە لیتـەو قوڕاوێکی گەردوونیدا نوقم بوو.
ئـەوان لـە سـەر هەسـارەکەوە، لـە نـاو تەنـە فەزاییەکـەوە، ئـەو وینانـەیان دەگرتـەوەو ژێریـی دەسـتکردیش هـەمووی مۆنتـاژ دەکردنـەوە. وێنـەی جوگرافیـای گـەردوونیان دەکێشـا، وەکـو کۆی زانستەکان لەو گوندەدا شرۆڤە بکرێت.

## ١٠

ئـەوان هـەر پێنجیـان لـە سـەر هەسـارەکەوە لـە نـاو تەنـە فەزاییەکەدا بوون، لە چاوەکانی کامێراکـەوە وێنـەی کارەسـاتی گوندەکـەیان دەبینـی، ژیریـی دەستکرد وەک ئـەو سـاتە نیشـانی دەدایەوەو لە ڕۆمانەکەدا ڕێکی دەخستەوە.
کۆتـایی گونـدی دۆلفـین تـەمێکی ناوەختـەی گرتبـوو، بـەر لـە خـۆر هـەڵهاتن گێژەڵوکـەیـەک هـەڵی کـرد، زۆر تـەڕ بـوو، بۆنی قەوزەو رۆخی زەریا و نەهەنگ و ئاوی دەدایەوە.
کتـوپڕ ئاسـمان شـێوا، هـەورێکی ڕەش گرتیـەوە. شـاڵاوێکیش لە کۆتاییەوە دەهات، گێژەڵوکـەو تۆفـانێکی ئـەزەلی بـوو، وەک دەمـی ئەژدیهایـەکی گـەردوونی بێـت و بیـەوێت جیهـان قـوت بـدات. زمـانی دەوەسـتاند، جەسـتەی سـڕ دەکـرد. فـەزایش بەئەسـتێرەی کشـاوی دەڕوون و پرخـەو گریـان و نـوزەو هەناسـەی جیـاوازەوە بـەفیلمێکی ئەفسـانەیی تۆمـار دەبوونـەوە، هێما و رەمز و نیشـانەو ئامـاژەی جیـاواز بەریـەک دەکـەوتن و جەستەو رۆح و هەور بـەئاگری زمـان و بـەفرەوە بۆ ڕۆمـانی دوو عاشق کورت دەبوونەوە.
هـەموو ئـەو کـەش و وێنانـەش لـە مێـژووی گونـدێکی مەرگاویەوە وێنـەی بوونیـان دەکرد بەمۆسیقایەکی خواوەندی.
هـەتا مـەرگ سـنوری بیرکردنـەوە بپسـێنێت و گسـکێکی گەردوونی هەموو پاشماوەکانی بوون بسڕێتەوە.
ئـەو بەیانیـە بـازاڕی بـەتریق چـاوەڕوانی ماسـت و هێلکـەو مێگەلی گوندەکە بوون، تاقە کەسێکیان دیـار نـەبوون، خـەڵکی چەندە سەیریان کرد لە بەرزایی و سـەر تـەلار و لاڕێوە، هیچ

جووڵەیەکی گیان لە بەر و کەر و وڵاخ و پیادە لە دەور و بەری گوندەکەو چیاو دۆڵدا نەبوون. دەنگ و وڕەی جێب و ماتۆڕسکیلیش نەدەهاتنە بەرگوێ. ئەو ژنانەی ڕۆژانە سەبەتەی هێلکەیان دادەنا و قابلە مە ماستەکانیان ریز دەکرد، ئەو پیاوانەی ئاژەڵ و مریشک و قەل و قازیان دەهێنا. ئەمڕۆ هیچیان نەهاتبوون، بازاڕی بەتریق وەک چۆڵیەک دەبینرا. کەبابچی و نانەوا و چایچی و وردە فرۆشەکان چاوەڕێ بوون و گوێ قوتەیان بو بۆ دەرکەوتنی، دەماو دەمیش قسەیان لە سەر کارەساتەکانی ئەو گوندە دەکرد.
ئەوەشی خەڵکەکەی خستە سەر گومان وداخی خستبووە ناو دڵیانەوە بێدەنگی ئەو سێ ماتۆڕسکیلە بوون هاتبوون بۆ ناو گوندەکە، برنج و رۆن و شەکر و چاو خورما و کاڵا و کەلوپەلی تریان هێنابوو، بەفرۆشتن و گۆڕینەوە مامەڵەیان دەکرد.
خەڵکی هەوڵیان دا تێلیان بۆ بکەن، مۆبایلی ئەوانیش و کاروخ و شاروخیش داخرابوون، ئەوە خستنیە سەر گومان.
خەڵکەکە بەو مەترسیانەوە ئەو پێشبینیانەیان دەوتەوە، بەناچاری کۆمەڵێک بۆ هەواڵ پرسین بەدوو ماتۆڕسکیل کەوتنەڕێ، سەیری هەموو لایەکیان دەکرد، بەدووربین لە بن دار و بەردیان دەڕوانی، دەنگ و جووڵە لە هیچ شوێنێکەوە نەبوون، فەزای ناوچەکە خامۆش ببوو، ئەوەش مەترسی خستە دڵیانەوەو نەیان دەوێرا لە گوندەکە نزیک ببنەوە، لە دوورەوە لە سەر بەرزیەکەوە وەستان و سەیریان کرد، بینیان گوندەکە تڵیساوەتەوەو بەقوڕ و لیتە داپۆشراوە، ئەوەیان بەنیشانەی کارەساتێکی گەردوونی دەدایە قەڵەم.

ماوەیــەک بــەو جــۆرە ســەیریان کــرد، ژنێــک لــە ژێــر درەختێکەوە وەک کرمی نـاو ئـاو تلیسـابووەوە، قوڕ و بـەفر و گـەڵا جەسـتەیان شـاردبووەوە. بـەدەنگێکی نوسـاوەوە هـاواری دەکرد، لێی نزیک بوونەوە، ناسیانەوە جۆرجە.
جۆرج تەمەنی گەیشتبووە سی و چوار ساڵ، هەتا ئەو کاتـە بەجوانی مابووەوە، لـە ناوچەکەشدا بـەناوبانگ بـوو، مێژووی قــەرەجان و ناوچەکــەی لــە بــەر بــوو، کــاری ئــەو پێشــبینی ڕووداوەکــان و مســتیلەو ملوانکــە فرۆشــتن بــوو، شــارەزایی لە یاقیق و موڕووی ئەفسانەییدا هەبوو، بـەو موروانـە پێشبینی ڕووداو و کارەساتەکانی دەکرد.
لەو ساتەشـدا لــە بـن دارێکـدا دانیشـتبوو، هــەتا پشـوی ئــەو مەرگەســاتە بــدات، زمــانی لــە لێــوی هەڵدەســو، برســێتی و ســەرمایش کاریــان تێکردبــوو، نەیــدەتوانی زمــان بکاتــەوە. ئـەوانیش بـەخێرایی راسـتیان کـردەوە، ئاگرێکیـان بـۆ کـردەوە هــەتا گــەرم بــووەوە، وردە وردە پروشــە نانیــان بەدەمیــەوە دەکــرد، هــەتا هاتــەوە ســەرخۆی، لــە گــەڵ ئەوەشــدا هــەر بەبێدەنگی مایەوەو توانای قسە کردنی نەبوو.
دوای ئــەوان ژن و منــداڵی خــاوەن ســێ ماتۆڕســکیلە کــەیش هاتن، دەگریان و دەکڕوزانەوە.
جۆرج هەتا ئەو ساتە بێدەنگ بوو، تـەنها چاوەکـانی شتیان لـێ دەخوێندرایـەوە. بەپچڕپچڕیـەوە باسـی بەسـەرهاتەکەی دەکـرد، ئەوەنــــدەی دەزانــــی گێژەڵوکەیــــەک هــــەڵی کــــردووەو رای کردووە.
لـە کاتێکدا لـە گـەڵ ئەواندا دەدووا، چـاوێکی لـە لای پلاپیتـۆ بوو، ئەویش لـە وسـاتەدا دووڕاو دوور وەستابوو، لـە ڕوانینـدا

کارەساتەکانی گرمۆڵە دەکرد، ئەویش نەیدەتوانی نهێنی ئەو بدرکێنێت، بەو ئاڵۆزیەوە بەتەم و مژەوە دووا نهێنی کارەساتەکەی ئاشکرا کرد:
- نازانم چۆن و چی ڕزگاری کردم، گیانداران بەر لە بوومەلەرزەو هەرەس و تۆفان پێدەزانن، لە نابیناوە ئاگاداریان کردم بڕۆم. کارەساتێک رودەدات. ئەوەبو بینیمان هەرەسێکی ئەزەلی گوندەکەی داپۆشی، هەرچی تێدابوو لە گیاندار و بێ گیانەوە هەمووی هەڵلوشی.
خەڵکەکە تەواو سەرسام ببوون، ئەویش کتوپڕ نوزەیەکی لێوە هات و لار بووەوە، دەستیان خستە ژێر سەری بەرزی بکەنەوە، ئەو رەنگی گۆڕابوو، خەمی نغرۆبوونی هاوگوندیەکانی وەک شاڵاوی تەلیسمەکە وێنەو کسپەیەک گرتبوویەوە ڕوانینیان تێکەڵاو کردبوو.
پاش ئەوەی ئەو لەو تۆڕە ئاڵۆزە ڕزگاری بوو، خستیانە سەر ماتۆڕسکیلێک و گەڕانەوە بۆ شارۆچکەکە. پلاپیتۆش گەڕایەوە بۆ شاخەکە.
شارۆچکەکە خرۆشابوو، ورد و درشتیان بەرەو قەراغ شار هاتبوون، چاوەڕوانی بیستنی ئەو کارەساتە گەردوونیە بوون، ببووە هۆی هەڵلوشینی گوندی دۆلفین.
هەواڵی ئەم ڕووداوە ناوەختەیە هەموو مێشکێکی وەستاند، کاتێک هاتنەوە ئەو تەمە جەرگ بڕە زیاتر بەرچاوی خەڵکەکەی گرتبووەوە.
سەرۆکی شارەوانی نامەو بروسکەی بۆ بەرپرسانی باڵا نارد، وڵات لە ڕێگەی هەواڵ و تۆڕی میدیایی و دەما و دەم و ڕۆژنامەو ئێزگەو تیڤیەوە بەو کارەساتەیان زانی.

جۆرجیش لە شارۆچکەکە نیشتەجێ بوو، خانوویەکی چۆڵیان دایەو ئاوەدانی کردەوە. دوایی گەڕایەوە بۆ سەر کاری مستیلە فرۆشتن.

***

کامێراکەش لە سەر هەسارەکەوە ئەو وێنانەی تۆمار کردبوو، ژیریی دەستکردیش لە بەشی ئاماری کامێراکەوە گەڕایەوە بۆ مێژووی گوندەکە، وەک ئەو کاتە جۆرجی وێنا کردەوەو پێشبینی کارەساتەکەی دەکرد.

ڕۆژێک لە وەوبەرەوە سروشتی ئەو ئەفسانەیە لە لای دروست ببوو. لەو ساتەشدا وەک ئەوە لە لای دووبارە دەبووەوە. ئەو دەیزانی گوندەکە هەڵدەلوشرێت، بەبینینی ئەو دیمەنە فەزاییە چیرۆکی ئەلیازەی بیر دەهاتەوە، دوای ئەوەی موروەکانی فرۆشت دەمەو ئێوارە بەخەڵکەکەی وت:

- بابڕۆین، گوندەکە بەجێ بهێڵین کارەساتێک بەڕێوەیە.

کەسیان بڕوایان پێ نەکرد، ئەویش بەیانیەکەی بەر لە خۆرهەڵهاتن بەپێشبینی ئەو کارەساتەوە تەواو خۆی ئامادە کردبوو، کتوپڕ کۆڵە پێشتەکەی دابەکۆڵیاداو لە گەڵ پلاپیتۆ لە گوندەکە دەرچوون، هەموو شتێکیشی بەجێ هێشت و بەچاوی خۆی گوندەکەی بینی چۆن گسکی لێدەدرا.

لە ساتێکدا لێزمەیەک تەرزەو بەفری تێکەڵاو گوندەکەی لە ئاو و بەفر هەڵکێشا، وەک زەریا لوش هەموو شتێکی هەڵدەمژی.

کاتی خۆی بۆ یەکەم جار ئەلیازە ئەو نهێنیەی پێ وتبو: (ڕۆژێک دێت چەند ئەژدیهاو نەهەنگێک نزیک دەکەونەوە، تەمەنێکی زۆریان هەیە، ڕەنگە لە سەرەتای بوونەوە هەبن،

لـه ئۆقیانوسـەکانی کۆتـایی جیهانـدا دەژیـن و ئـەوان ئـەم گونـدە هەڵدەلوشـن. ئەوانــە خواوەنـد دروسـتی کـردوون بـۆ ئــەوەی کەس بەنهێنی دوای جیهان نـەزانێت، ئێمـە چوزانین دوای ئـەو تەمـە چیـە؟ زەویـە؟ یـان ئـاوە؟ یـان جیهـانێکی تـرە؟ کـێ دەڵێت شارستانیەتی خێو و جندۆکە نین)؟
ئــەلیازە ئــەو بەســەرهاتانەی بـۆ دەگێڕایــەوە، لەو کاتانەشــدا بــەردەوام دەسـتی لــە نــاو قـژی خۆیـدا دەگێـڕا. وەک جــادوو لە نـاو مووەکـانی سـەریدا شـاردرابێتەوە. لەو کاتەشدا درێژەی پێدا هـەتا دەمـەو بـەیانی قسـەی بۆ کـرد، دوواجـار بەچرپـەوە دووا رازی خۆی بۆ دەرخست:
(هــەرکات گوندەکــە هەڵبلوشــرێت، بــەر لــە وە دەزانیــت، جندۆکەیەک لە م گوندەدا هەیە ناوی پلاپیتۆیە، ئـەو تۆ ڕزگـار دەکات، کتوپڕ بڕۆ گوندەکە بەجێ بهێڵە).
لــە وساتەشــدا جـۆرج دەیزانــی مەتــەڵێکی ئەفســانەیی هەیــە، کاتێـک پلاپیتـۆ هاتـە لایـەوەو وەک دەنگێـک لـە نادیـارەوە پێـی بڵێت بڕوات، بـەو شێوەیە ئاگـاداری کـردەوە. ئـەویش هەسـتی کـرد جگـە لەو دەنگـی هـاوڕێ بوونـەوەرەکانیشـیەتی، یـان ئـەو هێزە ئەفسانەییەی لـە هەسـارەکە فێریـان کردبـوو. لەو کاتەشدا چرکـەی کلیـل و قفڵەکـە هاتـە بـەر گوێی، هەسـتی کـرد نیشـانە ترسناکەکان دەردەکەون، بەنهێنی پێی دەڵێن:
- رابکەو گوندەکە بەجێ بهێڵە.
ئـەوە شتێکی راستی بـو کتـوپڕ توشـی هـات، کـاتی خـۆی ئـەو شتانە فێر کرابوو، بەهۆی کـەمی تەمەنیـەوە نەیدەزانی دەچێتـە نــاو ئــەو جیهانــە ئەفسـوناویانەوە. سـەرەتای ئـەو ئەفسـانەیە لـە نـاو شـارە مێرولـە کـەوە دروسـت بـوو، کاتێـک بـەهێزێکی

نەبینەوە راکێشرا و تیایدا نوقم بوو.
ئەو تۆڕە بو توشی ئەو بارە دەڕوونیەی کردبوو. ئەویش بەهۆی گەنجێکەوە توشی هات. ئەو ماوەیەک بو لە شارۆچکەکەوە دەهات بۆ گوندەکە، تەمەنی گەیشتبووە بیست و پێنج ساڵ، هەتا ئەو کاتە ژنی نەهێنابوو، ماتۆڕ سکلێکی پێ بوو، وەستای دیوار و کاشی و زۆر کاری تر بوو، گەچ و چیمەنتۆ و کاشی و دەرگاو پەنجەرەو کەل و پەلی تری خانووبەرەی دەهێنا بۆ گوندەکە. بەپۆپۆی کاشی ناوبانگی دەرکردبوو، هەر بۆ یەکەم جاریش جۆرجی بینی عاشقی بوو، بەردەوام چاودێری دەکرد، هەتا ڕۆژێک جۆرج بۆ پەیوەندی کردن بەتەنی فەزایی هەسارەکەوە لە گوندەکە دەچووە دەر، ئەویش کاتێک بینی کتوپڕ ماتۆرسکیلە کەی لای مەکسیمی کورتان درو بەجێ هێشت و دوای کەوت.
جۆرج بەناو دارەکاندا رەت دەبوو، زۆر بەپەلە هەنگاوی هەڵدەهێنایەوە، دەیویست بچێتە پەنایەکەوەو بەهیدفۆن قسە لە گەڵ تەنی هەسارەکەدا بکات. هەتا بزانێت چەند کاتژمێری تر دادەبەزنە سەر زەوی، لە وکاتەدا ئامادە بێت.
ئەو بیری لە دەڵە سەگەگە دەکردەوە، حەزی دەکرد گوانەکانی بمژێتەوە، دەیزانی ناتوانێت جارێکی تر شیری سەگی سەر زەوی بخوات، زۆر جار بیری لە وە دەکردەوە داوا بکات دەڵە سەگێکی هەسارەکەی بۆ بنێرن هەتا بۆ هەمیشەیی گوانی بمژێت.
مژینی گوانی سەگ بۆ ئەو وەک تلیاکی لێهاتبوو، ڕۆژانە سەری گێژی دەخوارد، رەنگی تێک دەچوو، هیچ خواردنێکی سەر زەوی چێژی پێ نەدەبەخشی، بەهۆی

ژیانی دوو هەسارەشەوە بەو شیرە تیری دەخواردەوە.
لەو کاتەشداچاوەڕێی تەنی فەزایی هەسارەکە بوو، بیری پرۆفیسۆر ئۆراپلاندی دەکردەوە، بەچاویلکەو لابتۆپەکەیەوە هەسارەکەی پێ نیشان بدات.
بەو وێنەو بیرەیشەوە فەزای گەردوونی بەشیری سەگ دەبینیەوە وەک گەردوون بەفۆتۆنی شیری سەگەوە داپۆشرابێت.
ئەو لەو بیرو ئارەزوانەدا بوو، پۆپۆش حەزی سیکسی گڕی گرتبوو، بەبێ سرپە بەپەنا دارەکاندا دوای کەوتبوو.
جۆرج بەهۆی چەند جارەی دیار نەمانی و چوونی بۆ هەسارەکە لە لای خەڵک ترسناک دەبینرا، هەموو کەس نەیدەوێرا ڕووی لێ بنێت.
بەڵام پۆپۆ عاشقی ببوو، بەو هۆیەی دوو ژووری ماڵەکەی بۆ کاشی کردبوون ئەو ترسەی شکابوو. ماوەیەک بوو دەیویست بەسەیر کردن و خۆنواندن سەرنجی بەلای خۆیدا رابکێشێت. لەو کاتەیشدا دوای کەوت، جۆرج لە بن دارێکدا وەستا، ئەویش لە دوواوە پەلاماری دا و خستی. ئەویش دەستی خستە بینە قاقای. پۆپۆ بەسەریدا پاڵ کەوتبوو، ناو گەڵی رەق ببوو، ئارەزوی هەستابوو، لە سەر جلە کانەوە لە ناو گەڵی ئەوی دەخشاند.
ئەو ئاوێتە بوونەش بەجۆرێک بوو، وەک تێکەڵاو بوونی شەپۆلی ئاوو هەوا دەنگیان دەدایەوە.
جۆرج زیاتر دەستی لە ملی توندتر دەکرد و بەلنگە فرتێیش لێیدەدا، هەتا پۆپۆ خەریک بو بخنکێت، شل بووەوە، ئەویش بەهەموو هێزی پاڵی پێوەنا، پۆپۆ تەواو ئارەزوی هەستابوو،

وازی نـەهێنا و پـەلاماری دایـەوە، تونـد قـژی گـرت، جـۆرج قفڵەکـەی بەدەستی چەپیـەوە بو سـەری قفڵەکـەی بەزەویەکـەوە نوساند قفڵەکە داخرا.

***

قفڵەکــە داخــرا زەنــگ چــووە نــاو مــورووە ئاودارەکــەی ئۆتۆشۆوە لـە هەسارەی خۆرهـەڵات، جۆرج جەستەی گۆڕا بەبوونــەوەر و توایــەوە. کتــوپڕ لــە ژێــر جەســتەی پۆپــۆ هاتـەدەرەوەو چـووە نـاو چـاڵێکی قوڵـەوە، چاڵێـک بـەدوو لقـە داری مـۆز داپۆشـرابوو، دەمـی چاڵەکـە شـارە مێرولـە یـەکی لە سەر بـوو، هیچ چاوێـک نەیدەتوانی بیدۆزێتـەوە، لـە نـاوەوە شـەپۆلێکی تێـدابوو وەک دەریـالوش ئـەوەی بیویسـتایە هـەڵی دەلوشی. لەو کاتـەدا دەستێک جۆرجی راکێشـا و بـەراڕەوێکی نهێنیـدا ڕۆیشـت، تارماییـەک لـە گەڵیـدا دەهـات، ئـەو هەستی پێدەکرد و هـەرچی بیـری کـردەوەو سـەیری کـرد نـەیدەزانی چیە، هەتا ئەو لە پێچێکدا گرتی و خۆی پێ ناساند:

- مـن پلاپیتـۆی ئەفسـانەکانم، لێـرەدا چـاوەڕوانم سـەر زەوی لـە عفریتـەکان ڕزگـار بکـەین، هـەتا کـاتی خـۆی دێـت نـاتوانم لە م گوندەدا بچمە دەرەوە.

جـۆرج سـەری سـوڕمابووچۆن کەوتۆتـە نـاو ئـەم بیـرەوە؟ سـەیری پلاپیتـۆی کـرد، جەسـتەیەکی هـەبوو وەک خێـو، هـیچ شـتێکی بـەمرۆڤی نـەدەکرد. لـە شـەیاتینی دەچـوو، هـەردوو چاویشــی داقڵیشــاوبوون، لــوتی درێــژ بەســەر ڕوخســارە ڕەشەکەیدا وەک دیمەنی ڕەش پێستێک دیاریـان دەدا. پەنجـەی دەست و قاچی درێژ بـوون. دەم و دانـی درشـت و ڕێـک وەک ددانــی پشـیلە یـەکی دڕ دیاریـان دەدا، بەدلـە یـەکی یەکسـەری

له قوماشێکی ئاوریشمی کۆن له بەردابوو.
جۆرج لـه سـەیر کردنـی ئـەم دروسـتکڕاوه سـەری سوڕما و زانـی ئـەوه بەچکـەی شـەیاتینیه. پـاش ئـەوەی جـوان لێـی وردبـووەوه، زانـی ئـەوه ئـەو سێبەرەیه ماوەیـەک بـو لـه نـاو گوندەکەوه وەک تۆڕێکی ئەفسانەیی دەیگرتـەوەو وەک شـاری خێوێـک لـه سـەر جەستەی بنیشنەوه، هەمیشـه دەیبینـی و زۆر جار بەچرپه شتێکی پێ دەوت.
لـه وساتەشـدا نەیویسـت پرسیاری ئـەو کەمەنـد کێشـیەی خـۆی لێ بکات.
ئـەویش بـەزمانێکی ئـاڵۆزی پـڕ لـه هێمـا ئـەو راسـتیەی بـۆ دەرخست:
- دەتـەوێت چیرۆکـی خۆمـت بـۆ بگێڕمـەوه، وەره بـاڵێرەدا دابنیشین، له نوکەوه هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم.
بەو قسەیەوه دەستی گرت، له ناو چاڵەکەدا لـه سـەر دوو بـەرد دانیشـتن. پلاپیتـۆ هەناسـەی خـۆی هێـور کـردەوەو دەسـتی بـه گێڕانەوەی چیرۆکەکەی کرد:
- لـه سـەرەتای ئـاوەدان کردنـەوەی گونـدی مـەرگ لـه لایـەن جۆرجـه ڕەش و هاوگوندیەکانیـەوه، لـه گـەڵ شـاپاڵی هاوڕێمـدا له م گوندەدا گیرساینەوه، ئەو کاته هەموویان پێنج مـاڵ بـوون، جگه له وان کەس نەیدەوێرا بێتـه نـاو ئـەم خاکـەوه. ئـەم گونـده بەدرێژایی مێژوو بـەناوبانـگ بووه بـەوەی زو زو هەرەسێکی گـەردوونی هەڵیدەلوشـێت، ئـەو کۆچەریانـه چاریـان نـەبوو. جگـه لـه مـەرگ هیچ پەناگایـەکی تریـان بـۆ نـەمابووەوه لـه م سەر زەمینەدا. لێرەدا، لـه م گونـدەدا نیشـەجێ بوون، گونـدێک بوونـەوەر و خێـو و جندۆکـه بـۆی دەهـاتن، ئێـره گونـده،

گوندێکی بچووکەو شاری بوونەوەرانە، شاری جندۆکەکانە، شاری کارەساتەکانە. من و شاپاڵی هاوڕێم هاتین، هەتا عفریتێکی شەیاتینی بکوژین، ڕۆژێک لە م دارستانەدا، لێرەدا، لە ژوور سەری ئێمەوە، لە گەڵ شاپاڵی لە یەکتری جیاببووینەوە، منیش خۆم خلافاندبو دار مۆزەکانم دەڕنی. زۆرم چاوەڕوان کرد شاپاڵی لە هیچ جێگەیەکەوە دیار نەبوو، ڕۆژی دوایی هەر نەهاتەوە، ڕۆژی سێیەم لە دەمەو نیوەڕۆدا بەئاگرەوە هات و هاواری کرد، کتوپڕ بەدلە کەم داکەند و گڕەکەیم کوژاندەوە، ئەویش بەدەم گیانەڵای مەرگەوە بەپرتە پرتەوە بەسەر هاتەکەی کورت کردەوە:

- هەمان ڕووداوی چیرۆکەکەی کوێرە جندۆکەم لێ بەسەر هاتووە.

ئەوەی وت و وەستا، نەیتوانی وشەیەک دەربارەی بەسەرهاتەکەی بڵێت، من ئەو چیرۆکەم بیستبوو، بیرەوەریەکانی لە سەر زمانی جندۆکەکان بو:

(بەشاخیکدا دەڕۆیشتم کتوپڕ دەمی شارە مێرولە یەک لە بەردەممدا کرایەوە، عفریتێک گرتمی و بردمیە ناو چاڵێکی قوڵەوەو بەچرپەوە وتی:

- ئێرە شاری ئێمەیە، تۆ لێرە پاسەوانیت، دەبێت بەردەوام ئەو وشانە بڵێیتەوە فێرت دەکەم.

یەکەم جار لە شێوەی ئەژدیهایەکدا هات و فیشکاندی، منیش هەستم کردوو شێوەی جندۆکەیی خۆمم گۆڕی، ئەویش لە بەر چاومدا گۆڕا، وەک پێستێک فڕێ بدات لێم هاتە پێشەوە، خۆی کردەوە بەشەیاتینی و بەئاماژەو نیشانە قسەی دەکرد، دەبو لەو هێمایانە تێ بگەم. دوایی شەپازلە یەکی

توندی لێدام :
- چیم پێ وتیت تۆیش بیلێرەوە.
نەمتوانی هیچ بکەم، ناچار سەرم لە قاند، ئەویش دەستی گرت بەهەردوو چاومەوە. سەد جاری پێ وتمەوە: من خواوەندێک دروستی نەکردووم، باوەڕ بەپاشای شەیاتینی دەهێنم.
پاشان فوی بەدەممدا کرد، لە لوتمەوە دەهاتە دەرەوە، مەتارەیەکی پێ بو سەرەکەی کردەوەو نای بەدەممەوەو هەمووی پێ هەڵقوڕاندم، تامێکی زۆر قێزەونی هەبوو، نەمزانی چی بۆگەناوێکی تێکەڵ کراوە هەتا خۆی ئەو راستیەی درکاند:
- ئەوە شەرابی گیراوەی ئێمەیە، بەخوێنی مرۆڤ و جندۆکەو ئاژەڵ و باڵندەی دڕندەو ژەهری ئەژدیهاو گەڵای کوکەو قەتران و شتی تری نهێنی گیراوەتەوە.
ئەوەی وت و بەجێی هێشتم، کاتێک ڕۆیشت، تێگەیشتم چیم لێ بەسەر هاتووەو چۆن ڕزگارم دەبێت؟ لەو کاتەوە من لەو چاڵەدا بووم، بیرم لە کوشتنی دەکردەوە. لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەی لە لای مامەوە هەولْم دا، هەتا بەردێکی تیژم دۆزیەوەو خۆم ئامادە کرد، کاتێک عفریتەکە هات بەبەردەکە لە قاچیم دەدا، بەهۆی گرگنیەکەمەوە ئاشە بەتەنورەم لە گەڵدا دەکرد و بەبەردەکە لێم دەدا، هەتا گێژم کرد، یەکەم جار نوکی بەردەکەم لە سنگی چەقاند و ئەو بێ هۆش بوو، لە گەڵ کەوتنیدا گڕێک لە دەمیەوە دەردەپەڕی و جەستەم گڕی گرت. بەو گڕەوە لە چاڵەکە هاتمە دەرەوە، هەتا خۆم کرد بەگۆماوێکدا و خۆم کوژاندەوە).

ئەوەی گێڕایەوە هەناسەیەکی توندی هەڵکێشا:
- ئــەوە چیرۆکــی کــوێرە جندۆکــە بــوو، بــەو ســوتاویەوە هەفتەیــەک ژیــاوەو دوایــی بــەژانێکی قورســەوە مــردووە.
شالۆیش بەو جۆرە بوو، دووا قسەی بەپرتە پرتەوە کرد:
- هەمیشـە تارماییەکـەم لـە گەڵتدایـە، لـە هیچ شتێک مەترسـە. مـن ئـەو تارماییـەم لـە گـەڵ رۆحـە شـەڕانگێزەکاندا تێکـەڵاو کراوم و هـەر دەمێنم. تۆ چاوەڕوانی من مەکـە، پلاپیتۆ بڕۆ عفریتـەکـە بکـوژە عفریتـی گـەورەش هـەر لـە م شـاخەدایە، ئــەوەی شــا شلماشــی بەدووکەڵەکــەی بــووە بەپەیکــەر، چاوەڕوانی کـات بکـە لـە م شـاخەدا بمێنـەرەوە، هـەتا لـە لایـەن ئۆتۆشۆوە نامەت بۆ دێت.
ئــەوەی وت لــە رز جەســتەی گرتــەوەو بــەر لــە وەی گیــانی دەربچێـت، دوای لــێ کـردم جەسـتەی بسـوتێنم هــەتا دەبێتــە خۆڵەمێش.
ئـاگرێکی گـەورەم بـۆ کـردەوەو لاشـەکەیم سـوتاند و لـە گـەڵ خۆڵەمێشــی ئاگرەکــەدا تێکــەڵاو دەبــوو، بەتــەوژمی بایەکــەوە هەر سوتووەی بەلایەکدا پەرش و بڵاو دەبووەوە.
دوای ئـەوە چومـە نـاو چاڵەکـەوە، بینـیم عفریتەکـە کـەوتبوو، لـە گیانـەلای مەرگدا بـوو، بـەبینینی مـن ترسـا و خـۆی کـرد بەئــەژدیها، منــیش بــەردە تیژەکــەی شــاولۆم هــەڵگرت و بەنوکەکەی تێی کەوتم، هەتا هەلا هـەلام کـرد، ئـەویش بـووەوە بـەعفریت، توانـای نـەما خـۆی بگۆڕێتـەوە بـۆ رەگـەزێکی تـر، منـیش وازم لـێ نـەهێنا و بەبەردەکـە مێشـکیم کـرد بـەقوڕاوی گۆشـت و خـوێن. ئـاگرێکم کـردەوەو لاشـەیم خسـتە نـاوی و سوتاندم و گورج لە چاڵەکەدا هاتمە دەرەوە.

ماوەیەک وەستام، دوای ئەوەی دووکەڵەکە نەما، چومەوە بۆ ناو چاڵەکە عفریتەکە بوبو بەخۆڵەمێش.
جۆرج هەتا ئەو کاتە هەر گوێی بۆ راگرتبوو، موچڕکەیەک گرتیەوە، کەمێک لێی دوور کەوتەوەو هیدفۆنەکەی کردەوە، قسەی لە گەڵ ژەنڕاڵدا کرد:
- بەڵێ ژەنڕاڵ هاپامۆ لێرە هەموو شت باشە. کەی ویستتان دابەزنە سەر زەوی هیچ رێگریەک نیەو چاوەڕوانتانم.
ژەنـڕاڵ لـە چـاوی کامێراکـەوە بـەدەم سـەیری جوگرافیـای گوندەکـەوە هـەرچی سـەیری کـرد ئـەوی نـەبینی، ترسـێک گرتیەوە، بەدوودڵی وەڵامی دایەوە:
- جۆرج شتێک بووە تۆ دیار نیت؟
- نا هیچ نەبووە، کەمێکی تر دەردەکەوم.
- سبەینێ کاتژمێر شەش بەکاتی سەر زەوی لە هەسارەکەوە دادەبەزین.
جۆرج ئۆکەی بۆ کرد و هیدفۆنەکەی داخستەوەو دەستی بۆ پلاپیتۆ بەرزکردەوە:
- چۆن بچمە دەرەوە؟
پلاپیتـۆ دەسـتی گـرت، بەڕاڕەوەکـەدا ڕۆیشـت. هێنایـەوە بـۆ نزیکی چاڵەکە کردیەوە دەرەوە.
***
پۆپۆ لەو تەلیسمە ڕزگاری ببوو، ئەوەندەی بیر هاتەوە جۆرج ون بـووەو خۆیشـی دەسـتی سـوک بـووە. جەستەیشـی بـۆش بووە، وەک سەهۆڵێکی تواوە کەوتە سەر زەویەکە، ناوگەڵی لە بری بەر ناوگەڵی ئەو بکەوێت کەوتە سەر پوش و گەڵاو وردە چیلکە. توشی ترس و ڕاڕایەکی ترسناک بووەوە:

- جۆرج چی لێهات؟ فڕی یاخود قوت درا؟
بەو ترس و ڕاڕایەوە هەستایەوە. نەیتوانی بەپێوە بووەستێت یەکڕاست کەوتەوە سەر زەویەکە وەک جەستەیەکی بێ گیان، وەک پەیکەرێک بەبێ هۆشی لە جێی خۆیدا کەوت. دوای ئەوەی هاتەوە هۆش خۆی، بەرەو گوندەکە گەڕایەوەو گەیشتەوە لای مەکسیم، ماتۆڕسکیلە کەی لێ وەرگرتەوە، کاتێک جۆرجی بینی بۆ ناو گوندەکە دەهاتەوە، بەو ئەفسانەیەوە خۆی نەگرت و بورایەوە.
مەکسیم کتوپڕ باوەشی پێدا کرد و پەڕۆیەکی ڕەشی بەناو چاوانیەوە گرت، وای زانی فێی لێ هاتووە، سەری خستە سەر دۆشەکڵەیەک و هەستا جامێک ئاوی بۆ هێناو کردی بەسەریدا. پاش ماوەیەک چاوی کردەوە، بەترس و لە رزەوە هەستا و سواری ماتۆڕ سکیلە کەی بو بۆ شارۆچکەی بەتریق گەڕایەوەو جارێکی تر نەیوێرا بێتەوە بۆ ناو گوندەکە.
بیرەوەریەکانی پلاپیتۆ لە گۆڤاری بوونەوەراندا وەکو چیرۆکێکی دانسقە بڵاو کرایەوە، وشەکانی بەهەڵم هەڵدەمژران و تێکەڵی ئەو هەورە گەردوونیە دەبوون بۆ کۆتایی بوونی بوون ئاوس ببوو، وەک ئەوەی بەشاڵاوێک جیهان بشواتەوە، لە چاوی کامێرای هەسارەکەشەوە خرایە سەر ڕۆمانی تابووتی پەیمانی خودا.

ئـەوان هـەر پێنجیـان لـە نـاو تەنـە فەزاییەکـەدابوون، لـە سـەر هەسـارەکەوە، هــەر یەکــەیان لــە چــاوێکی کامێراکــەوە لـە جۆرجیـان دەڕوانـی. ئـەویش لـە ژێـر درەختێکـەوە سـەیری شـارە ئەلیکترۆنیکـەو تـەنی فـەزایی هەسـارەی ڕۆژئـاوای دەکـرد، بەهیدفۆنەکـەی هـەواڵی جـووڵەو سـرپەی ناوچەکـەی دەگواسـتەوە، لــە کامێراکەشــەوە وشــەو وێنــەکانی تۆمــار دەکران.

پرۆفیسۆر ئۆڕاپلاندیش چاودێری هـەردوو ناوچەکـەی دەکـرد. لـە گـەڵ بوونـەوەرەکانی تەنـە فەزاییەکـەدا قسـەی دەکـرد، ئامــاژەی بەناوچــەی ئۆمیــاگۆن دەکــرد، هــەتا لــە چــاوی کامێراکەوە بیخەنە ژێر چاودێریەوە.

دوورگەی ئۆمیـاگۆن تـەواو شـێواوبوو، دانیشـتوانی لـە سـەر چەند گردێکەوە بەتیرو کەوانەوە وەستابوون. ئامـادەیی خۆیـان دەردەبڕی، بـۆ جـەنگ و گیانفیـدایی لـە پێنـاوی ئۆمیـاگۆن دا. فڕکـە فـڕک و هـات و چـۆی بەپەلـە دڕی بـەدارو درەخـت و خاک و خۆڵ دەدا. شەپۆلێکی ناوەختـەش فەزاکـەی گرتبـووەوە خەڵکەکـە لـە نـاو ئـەو ماڵانـەی بـەلق و گـەڵای درەخـت، بەشێوەیەکی جوان و قـایم دروسـت کرابـوون دەهاتنـە دەرەوەو بـەرەو گـردوو بەرزایـەکان رایـان دەکـرد، لـە ژێـر درەخـت و پەنا بەرددا خۆیان مات دەکرد.

یەکێـک لە وان سەرکردایەتی دەکردن، پانتۆڵێکی دەڵبی لـە پێ کردبوو، لە شێوەی شەڕواڵدا لە پێستی شێر دروست کرابوو، پاڵتۆیـەکی درێژیشـی لـە پێسـتی پڵنـگ بەسـەر جلـە کـانی تـری

ژێرەوەیدا لـە بـەر کردبـوو. تیـرو کـەوانێکی بەشـانەوە بـوو، قایشێکیشی لە پشتیدا بەستبوو، لـە پێستی گـا دروسـت کرابـوو، ئەڵقەو بەستنەوەی بەو ریشاڵانە بوون لـە قایشـەکەوە بـەدرێژی بڕدرابـوون و لــە خــوار ناوکیــەوە گــرێ درابــوون. کۆمەڵــە تیرێکـی زۆریشـی پێـوە چەسـپ کردبـوو. بەباڵایـەکی بـەرز و جەســـتەیەکی پتـــەوەوە، وەک تانـکێـــک لــــە بوونــــەوەر دەردەکەوت.

بـەو سـیما ئەفسـانەییەوە هـەموویانی رێـک دەخسـت. هەریەکـە بــۆ لای دەســـتەی خـــۆی، کردبـــوونی بـــە پـــانزە دەســـتەی جیاوازەوە. هەر دەستەیەکیان لـە دە کـەس پێکهـاتبوون، تێکـەڵ لـە ژن و لــە پیـاو. خەڵکەکـەش لـە ژێـر فەرمانیـدا بـوون و بەژەنەڕاڵ ناویان دەبرد.

ئەوان لە نـاو تەنـە فەزاییەکـەدا لـە ئامـادە باشیدابوون. زوومـی کامێراکەش بەدیقەت وێنەکانی دەگرت. ئـەو پانۆرامایـەی سـەر زەوی لـــە سەرهەســـارەکەدا پـــەخش دەکرایەوە.فـــەزا وەک خومخانەیـــەکی گـــەردوونی وێنـــەی تێکـــەڵاوی دەشـــتەوە. کەشێکی ئاڵۆزیش لە بوونی تەنێکی فەزاییـەوە دروسـت ببـوو، نزیـک شـاری ئـەلیکترۆنی رۆبۆتـەکان، لـە گونـدی دۆلفـین، لە هەسارەی ڕۆژئاواوە هات و لەو جێگەیەدا نیشتەوە.

بوونـەوەرەکان بەوێنەیـەکی ئەلیکترۆنیـەوە کەوتبوونـە سـەر ڕوانینێکـی نادیـار، لــە یـەکتری ورد دەبوونــەوە. بانگەشــەی جـەنگی گــەردوونی دۆزینـەوەی بوونــەوەرانـی تـر لێـدەدرا، هـــەموو ســـەرنجێکی ئـــەلیکترۆنیش ئـــەو تەنـــە فەزاییـــەی هەسارەی ڕۆژهەڵات بوو، ئامادە کرابوو بۆ فڕین.

بوونـەوەرەکان بەرگی فەزاییان پۆشـی بـوو، بـەئامێری تایبـەتی

پێویستەوە، دەیەها زانا وەستابوون، لە تاقی کردنەوەی ئامێرەکەدا، بەتەلە سکۆبی دوور مەوداوە سەرنجیان دەدا، بۆ دۆزینەوەی جێگەی شیاو بۆ تەنە فەزاییەکە.
ئەوان هەر پێنجیان ئامادەبوون، سەرپەرشتیاری تەنە فەزاییەکە ژەنڕاڵ هاپامۆ بوو، پیاوێکی تەمەن شەست و پێنج ساڵان بوو. سی و پێنج ساڵ بو لە بەشی فەزایی دامەزابوو. دەرچووی کۆلیژی بەشی گەردوون ناسی بوو. شارەزایی تەواوی هەبوو لە دابەزین و پشکنینەکانی سەر زەوی. وەک هەموو بوونەوەرەکانی تر لە باڵاو کیشدا مام ناوەنجی بوو، هیچ مووەیەک بەجەستەیەوە نەبوو، بەرگی گەشتی هەسارەیی پۆشی بوو. کڵاوی تایبەت بۆ بەرگری لە هەموو مادەیەکی کوشندەی کیمایی و ئاو هەواو بەرگری لە گوللەو خەنجەر لە سەر کردبوو. بەبەدلە یەکی خاکیەوە گری درابوو. دووەمیان سەرتیپ ئۆتاکی بوو، تەمەنی پەنجا و سێ ساڵان بوو. بیست و پێنج ساڵ بو بەشی تەکنەلۆژی گەردوون ناسی تەواو کردبوو، بیست و هەشت ساڵ بو لەو بەشەدا کاری دەکرد. لەو کاتەوە لە گەڵ هەموو دابەزینەکاندا دەهاتە سەر زەوی. سێیەمیان خاتو سۆرتۆ بوو، ژنێکی سوورکالی تەمەن چل و پێنج ساڵانە بوو. دەرچووی بەشی تەکنەلۆژی و پەیوەندیەکان بوو، هەژدە ساڵ بو لەو بەشە دامەزرابوو. چوارەمیان خاتو ساراتۆ بوو، کچێکی تەمەن سی و پێنج ساڵان. دەرچووی بەشی پەیوەندیە گەردوونیەکان بوو، هەشت ساڵ بو لەو بەشە دامەزرابوو. پێنجەمیان کارارۆ بوو، پیاوێکی تەمەن پەنجا و حەوت ساڵان. دەرچووی بەشی پەیوەندی ئەندازیاری بوو، سی ساڵ بو لەو بەشەدا کاری

دەکرد. شەشەمیان دێڵە سەگی بەناوبانگی هەسارەکە جۆرج، سەگی تایبەتی شا پۆگۆی هەسارەکە بوو، هەموو مەشقێکی گرنگی پێ کرابوو. شا لە بەر گرنگی بەوانی بەخشی بوو، هەتا لە گەشتەکانیاندا بۆ زۆر کاری گرنگی مرۆیی و ئاژەڵان فریایان بکەوێت.

***

ئێمە لە ناو تەنە فەزاییەکەوە، بەوریاییەوە چاودێری هەردوو ناوچەکەمان دەکرد. تایبەت ئەو تەنە فەزاییەی لە گوندی دۆلفیندا نیشتبووەوە، لە نیشانەی ئەلیکترۆنیەوە بۆمان دەرکەوت، هی سەر زەوی نیە. زۆر لە زاناکان زمان و نیشانەو چۆنیەتی ئامێرەکەیان بەراورد کرد، زانیان هی هەسارەیەکی تری کاکێشان، یان ئەستێرە ڕەشەیەو نمونەی تەنی فەزایی ئەی سێی کۆنی خۆمانە، لە شێوەی نەهەنگ و بەلە مدا دروست کرابوو. سەرنشینەکانیشی هەر رۆبۆت بوون. زەمەنی فڕینی ئامێرەکەیشیان زانی، هەتا تەکنۆلۆژیای هەسارەکە تاقی بکەینەوە، باشتر بتوانین ئەو شارە ئەلیکترۆنیەو تەنە فەزاییەکە کۆتایی پێ بهێنین.
ئەوانەش کاریگەری ئەوەیان هەبوو باڵا دەست ببین بەسەریاندا و کامێرا و هێز و تۆڕی پەیوەندیانمان پچڕاندن، جووڵەکانیانمان لە کار خستن.
ئەوکاتە ئاماژە درا بەتەنە فەزاییەکە ئامادە بێت بۆ فڕین، ماوەی گەیشتنیشمان بۆ سەر زەوی چل و پێنج چرکە بوو. لەو ماوەیەشدا سات بەسات زیاتر باڵا دەست تر دەبووین. پەیوەندی تەلە فۆنی نێوانیانمان وەرگرت، لە گەڵ بەرپرسی هەواڵگری و ئەلیکترۆنی هەردوو شارە رۆبۆتیەکەدا.

پڕۆفیسۆر ئۆڕاپلاند بەدڵنیاییەوە ئەوەی ئاشکرا کرد:
- دەرکەوت سەرنشینانی تەنی فەزایی ئەو هەسارەیەی نێردڕاونەتە سەر زەوی، ئەوانیش وەکو دوو شارە ئەلیکترۆنیەکە هەر رۆبۆتن، بوونەوەری فەزایی نین. ئەویش نیشانەی ئەوەیە چەند جارێکە گەشت بۆ سەر زەوی دەکەن، ئێمە پێمان نەزانیون.
ئەوانە بارێکی نائاساییان بۆ دابەزینی تەنە فەزاییەکەمان دروست کردبوو، مەترسی ئەوەشمان هەبوو لە لایەن ئەو هەسارەیەوە بتەقێنرێتەوە.
پرۆڤیسۆر ئۆڕاپلاند، دەیزانی وڵاتی چین پرۆسەی رۆبۆتی سەربازی داهێناوە، سوپایەکی لێ دروست کردوون، هەتا ئامادەکاری بۆ جەنگی جیهانی بکات.
لە وەوە دڵنیابوو، ئەو شارەی لە گوندی دۆلفینە هی چینە، شاری دوورگەی ئۆمیاگۆنیش هی ئیسرائیلە . لە توانایاندا نیە تەنی فەزایی هەسارەکە بدۆزنەوە، ئامانجی تەنە فەزاییەکەی تریش دەستکەوتنی زانیاریە لە سەر زەوی و تەکنەلۆژیایان زۆر لاوازە. هۆکاری نیشتنەوەشیان لەو جێگەیەدا دەگەڕێتەوە، بۆ کارەسات و گرنگی ئەو ناوچەیەو دووری لە شارستانیەتەوە، ناشارەزایی و نەبوونی ئەزمونیشیانە لە سەر زەوی.
پڕۆفیسۆر ئۆراپلاند ئەو مەترسیانەی بەهەند وەرگرتبوو، ناوچەکەش بەگشتی بەهۆی ئەو ڕووداوانەی تیایدا ڕوویان دابو جێگەی مەترسی بوو. تەنانەت لە سەر زەویش کێشەی زۆری لە سەر هەبوو. هەسارەکانیش بۆ بەدەستهێنانی نهێنی ئەو ناوچەیە باجیان لە سەر دابوو، بەهۆی ڕووداوەکانی ئەو

گونـدەوە، مێژوویـەکی دوور و درێژیشـیان لـە گەڵیـدا هـەبوو. بـەر لـە وەی تـەنی فـەزایی هەسـارەکەیان دابـبەزێت، بۆ سـەر زەوی. پرۆفیسـۆر ئۆراپلانـد بڕیاریـدا هـەردوو شـارە ئەلیکترۆنیەکەو تەنی فەزایی هەسارەی ڕۆژئاوا بتەقێننەوە.
بەو مەبەستەوە بەشی فڕۆکـەوانی تەنـە فەزاییـەکان، دوو تـەنی فەزایی ئەی تـو شەشـی جـەنگی بێ سەرنیشینیان ئامادە کرد، بـەدوو سـتونی جیـاوازەوە، هـەتا بـەرەو زەوی دابـەزن، لە پەیوەندی بەردەوامیشدا بـوون، هـەتا لـە کـاتی سفردا دەست بەکاربین.
تەنی فەزایی ئـەی تـو شەشـی جـەنگی یەکـەم بـەرەو ئۆمیـاگۆن ڕۆیشـت. تـەنی فـەزایی ئـەی تـو شەشـی جـەنگی دووەمـیش بەرەو گوندی دۆلفین . لە ماوەی چـل و پێـنج چرکـەدا گەیشتنە سەر زەوی، لە دووری دە کیلۆ مەتر هەواییەوە وەستان.
ئـەم دوو تەنـە فەزاییـە جەنگیـە شـێوازیان جیـاوازبوو، موشـەکیان هەڵـدەگرت، کـرۆن و بـی سەرنیشـین بـوون. بـەکۆنترۆڵ کاریـان دەکـرد. قەباڕەشـیان درێـژ و بـەرزبوون، کاریـان ئـەوە بـو چالاکیـەک بکـەن و بگەڕێنـەوە، توانـای نیشـتنەوەیان نـەبوو لـە سـەر زەوی، بەهـەواوە جـێ گۆڕکێیـان دەکرد. لەو ساتەشدا چاوەڕێی کاتژمێری سفر بوون.
***
دوورگەی ئۆمیـاگۆن شێوابوو، دوو کەسیان هـاتبوون بـۆ چیـا سـەهۆڵ بەندانەکـەو نەگەڕابوونـەوە. لـە کـاتی نزیـک بوونـەوەیان لـە شـارە رۆبۆتیەکـە، هەسـتیان بـەبوونی شـارەکە کردبـوو، بـەتیرو کـەوان چەنـد تیرێکیـان تێگرتبـوون و لێیـان چوبوونـە پێشـەوە. لـە بەشـی ئـەلیکترۆنی پاراسـتنی شـارە

ئەلیکترۆنیەکەشەوە ئۆتۆماتیکی دوو رۆبۆتیان بۆ ناردبوون، تیرو کەوانەکانیان لێ سەندبوون و گرتبوویانن.
ژەنەراڵ هادامۆ لە دەستەی باڵای رۆبۆتەکان لە ئیسرائیل کۆنترۆڵی شارەکەی بەدەست بوو، پەیوەندی بەناتانیاهۆی سەرۆک وەزیرانەوە کرد، ئەویش هۆشداری دایە، نابێت بەهیچ شێوەیەک پێیان بزاندرێت، ناکرێت ئەو دوو کەسەیان ئازاد بکرێن و بگەڕێنەوە ناو خێڵەکەیان. پێویستە لای خۆیان بیانهێڵنەوەو خۆیان دەرنەخەن. هەتا بەتاریکی شەو بۆ ناوچەیەکی تر دەگوێزنەوە.
هۆزەکەش هەموویان لە ماڵەکانیان دەهاتنە دەر، پیاوان بەرەو سەرگردەکان دەڕۆیشتن. ژنانیش بۆ کۆتایی ماڵەکان دەچوون. زۆریان بەو چارەکانەی لە پێستەی ئاژەڵان لە شێوەی هێلە کدا دروستیان کردبوو، منداڵەکانیان تێدەخست و بەکۆڵیاندا دەدان و بەپرتاو دەڕۆیشتن.
سەرۆکی خێڵی ئۆمیاگۆن جزداشەیەکی لە پێستی شێر لە بەرکردبوو، بەگۆچانەکەیەوە وەک پڵنگێگی برسی، ئاماژەی بۆ خەڵکەکە دەکرد:
- سەرۆکی ڕووسیا پەیمانی داوینەتێ، ئێمە سەربەخۆ بین و کەس نەیەت بەلامانەدا. ئێستا ئەم سوپایە چیە هێناویانەتە سەرمان؟ دەبێت هەموومان لە پێناوی ئەم خاکەو سەروەریماندا بمرین.
خەڵکەکە بەگیانی فیداکاریەوە، هەموویان لە بەر خۆیانەوە بەتێکەڵاوی لە ئاینی مەسیحی و ئینیستی و زۆر ئاینی تری کۆن، نزایان دەکرد و هاواریان دەکرد:
- ئۆمیاگۆن ئۆمیاگۆن. لە گەڵتاین سەرۆک هۆتای.

سەرۆک هۆتای دەستی بەرز کردبووەوە نزای دەکرد:
- ئەی خاوەنی رۆحەکان، ئێمە باوەڕمان بە گواستنەوەی رۆحە لە نێوان رۆحی مادی و رۆحی مەعنەویدا، رۆحی خەڵکی ئۆمیاگۆن بپارێزە.
لە هەموو لایەکەوە منداڵ و ژن و پیاو و کوڕ و کچ، هەر یەکە پێستەیەکی رەنگاو رەنگی ئاژەڵیان لە بەردابوو، دەهاتن و کۆدەبوونەوە، پێشانگای تابلۆی ئاژەڵانیان دەکێشا و هاواریان دەکردەوە.
ماڵەکانیان لە لقی درەخت و گژوگیا، بەشێوازی جۆڕاو جۆری هونەری و لق و پەلی دارەکانەوە دروست کرابوون، بەشێوەیەکی وردی خۆماڵی بەدوو بەش لە سەر یەک تێک هەڵکێش کرابوون، وەک حەسیری دووبەر هەوا بڕببوون. باراناویشیان دانەدەدا، بەنەخش و نیگاری جۆڕاو جۆریشەوە لە باڵندەو دڕندەی ترسناک چندرابوون. زۆربەی پێداویستی ناوماڵیشیان وەکو سەبەتەو نانەشانەو سینی لە شوڵ دروست کرابوون.
لەو ساتەشدا بەهۆی چۆڵی ماڵەکانەوە، وێنەی پێشانگایەکیان دەدایەوە، نیشانەی کۆتایی بکێشێت. بەگڤەی بایەکەشەوە مۆسیقای چۆڵی و کارەساتیان دەدایەوە. ئاژەڵی دڕندەیش بەهۆی نەبوونی خەڵکەوە لە ماڵەکانیان نزیک دەبوونەوە، دەنگی تێکەڵاویان بەهەڵفڕینی باڵندەماڵیەکان و دەنگەکانی ترەوە، دەبوون بەمارشی سەربازی جەنگ.
دانیشتوانیان هەموویان لە سەر چەند گردێکەوە ئامادەییان بۆ مەرگ دەردەبڕی، هەتا ئەو ساتە مێژووی ئۆمیاگۆن ئەو ترسناکیەی بەخۆیەوە نەدیبوو، هێرشی ناوەختە بکرێتە

سـەریان. بـەکتوپڕی و بـێ زانیـاری شـارێکی ئـەلیکترۆنی وا سەرسوڕهێنەر لە ناوچەکەیاندا دابمەزرێت.
بـەو شـێوەیە وردوو درشـتیان بـەتیر و کەوانـەوە گـرد و بەرزایـەکانیان گرتبـوو، خۆیـان ئامـادە کردبـوو بـۆ جـەنگ، هەتا هێرش بۆ سەر شارە ئەلیکترۆنیەکە بکەن.
***

ئێمـە لـە سـەر هەسـارەکەوە، لـە هـەموو چاوەکـانی کامێراکـەوە چاودێرمـان دەکـرد، وێنـەی ڕووداوەکـەمان بـۆ پڕۆفیسـۆر ئۆڕاپلانـد دەنـارد. ئـەویش توێژینـەوەی ئـەوەی دەکـرد، بـەبێ دوودڵـی هـەردوو شـارە ئەلیکترۆنیەکـەو تـەنی فـەزایی هەسارەی ڕۆژئاوا بتەقێننەوە.
کـاتژمێری سفر، زەنـگ بۆ هـەردوو تەنـە فەزاییـە جەنگیەکـە لێدرا. لە یەک ساتدا هەردووکیان نیشانەیان گرتەوە.
تـەنی فـەزایی ئـەی تـو شەشـی جـەنگی یەکـەم لـە ئۆمیـاگون، بەیەک موشەکی لێزەر شارەکەی تواندەوە.
تـەنی فـەزایی ئـەی تـو شەشـی جـەنگی دووەمیش، هـەردوو بۆمبـە لێزەرەکـەی یـەک لـە دوای یـەک تەقانـد. وەکـو ئـاو ڕشـێنێکی بـێ ئـاگر، وەک ئـەوەی میزێکـی ئـەلیکترۆنی هەڵبداتـە خـوارەوە، لـە یـەک سـاتدا تەنـە فەزاییەکـەو شـارە ئەلیکترۆنیەکـەی وەک بـەزێکی نـاو بورکـان تواندنـەوە. جگـە لـە پاشـماوەی کۆڵۆیـەکی سـوتاوی تواندنـەوە، هـیچ شوێنەوارێکی تریان لە دوای خۆیانەوە بەجێ نەهێشت.
کاتێـک دووکـەڵ لـە هـەردوو ناوچەکـەوە بـەرزبووەوە، شەپۆلێکی سپی بوو، کتوپڕ کوژایەوە.
ئێمە لە سـەر هەسـارەکەوە لـە نـاو تەنـە فەزاییەکـەوە، لـە کـاتی

گەڕانەوەی تەنە فەزاییەکانیشدا، پەیوەندیەکانی سەر زەویمان وەردەگرت، ئاگاداری ئەو ئاڵۆزیە نهێنیەش بووین لە نێوان دەوڵەتە زلە یزەکاندا دروست ببوو. ئەوەش فێڵێکی پرۆفیسۆر ئۆراپلاند بوو، هەتا سەر لە دەوڵەتان بشێوێنێت، بەتاوانی یەکتری بزانن و بەو کێشەیەوە سەرقاڵیان بکات. هەتا بیر لە نەخشەی هەسارەکە نەکەنەوە.

ناوچەی ئۆمیاگۆنیش توشی سەرسوڕمانێکی کتوپڕی ببوون، ئەوەیان بەکارەساتێکی نەزانراو دەزانی، شارێکی ئەلیکترۆنی زەبەللاح لە بەرچاویان بەنیو چرکە بسوتێت. سەرۆکی خێڵەکەش بەسەرکەوتنێکی گەورەی ئاینی خواوەندەکەیانی دەزانی، بەو ڕوانینەوە گۆچانەکەی بەرز کردەوە:

- خواوەند بەفریای هۆزەکەمانەوە هات و شارەکەی سوتاندن، ئەوەی جێگەی داخە، نیپاڵ و پاولۆمان لە گەڵیاندا مردن، دوو پیاوی قارەمانی هۆزەکەمان توانەوە.

بەو قسەیەوە هەنگاوی هەڵهێنایەوە، هەموویان، وردوو درشت بەدوایدا دەهاتن و بەسرودی هۆزەکەیانەوە، بەرەو جێگەی سوتاوی شارەکە دەڕۆیشتن، ژن و منداڵیشیان دەگریان و هاواریان دەکرد:

- نیپاڵ و پاولۆ، دوو گەنجە قارەمانەکەی ئۆمیاگۆنمان رۆ.

فەزای گوندی دۆلفینیش شێوا. هێزی لێزەری ئەو دوو موشەکە ناوچەکەی خامۆش کرد. ئەو دەنگ و تیشک و مۆسیقا سروشتیەی هەیبوو، بەهەناسەو گەردەلولێکی گەردوونی گۆڕدرا. لە ڕوانین و تشکی نەبینەوە، وێنە راستیەکەی نیشان دەدایەوە. لە بیر و هۆش و شەپۆلە کانی

نەســـتەوە، زمانـــەکانی بـــوون تێکـــەڵاوببوون، بەبـــەفرەوە دادەبــارین، وەکــو شــوێنەواری ئــەو شــارە بوبێتــە هــەوێنی جیهــان، لــە فانۆســی جــادووی زەمەنیشــەوە، وێنــەی ئامــاژەو تیشــک و وشــە ئەلیکترۆنیــەکان بگرێتــەوە، ئــەویش تــەنها تــەپ و تۆزێکی گەردوونی بوون و لە چرکە ساتێکدا نەمان.

ئێمــە لــە ســەر هەســارەکەوە لــە نــاو تەنــە فەزاییەکــەدابووین، وێنــەکانی پانۆرامــای سروشــتی جیهانمــان دەگواســتەوە بــۆ ژێریی دەستکرد. ئەویش دەیخستە سەر بەشەکانی ڕۆمانەکە.

ئێمە لە سەر هەسارەی بەری ڕۆژهەڵاتەوە، لە ناو تەنە فەزاییە گەردوون بڕەکەداین، هەر پێنجمان لە چاوی کامێراکانەوە سەرنجمان خستۆتە سەر شوێنەواری شارە رۆبۆتیەکە. ئەو وێنانەی بەر لە تواندنەوەی ئەو شارەی وێنا دەکردەوە، هەتا کامێراکە وێنەی ڕووداوەکان بگرێت، ژیریی دەستکردیش ڕۆمانی تابووتی پەیمانی خودا بنوسێتەوە.
ئەو شارە ناوەختەیە بەر لە تواندنەوەی بەبریقەی ئەلیکترۆنیەوە، لە ژێر تەلیسمی مەرگی سپێدەو پروشەی گزنگەوە وێنەی کۆرپەیەکیان دەدایەوە، گڕوگاڵی مەرگی ئەوانی تر بکات.
بەو وێنەو دەنگە ئاڵۆزکاوانەوە، وەک پارچە ئۆرکسترایەکی مەرگاوی، لە فەزادا فیلمێکی ئەفسانەیی لە سەر فەزای ئەو شارە وێنەییە ئەلیکترۆنیە پەخش دەکردەوە، هەموو مادەیەکیش چاوەڕوانی دووبارە بوونەوەی دەنگە سیموتیکی و سیمولۆژیەکانی دەکردەوە، ئەو دەنگانەی تەنها لە تیشکدا خوێندنەوەیان بۆ دەکرا، پێچەوانەی شارەکانی تری ژیان، وڕەی ئۆتۆمۆبێل و مەکینەی کارخانەو جموجوڵی کافتریا و چایخانەو شوێنە گشتیەکان بێت.
وەک ئەو شوێنانەی بەکردنەوەی دەرگای ماڵان و هاتنە دەرەوەی کارکەران و ئاوازی گیاندارانەوە، مۆسیقایەکی تێکەڵە پێکدەهێنن و بەسەر تابلۆی شارەکانەوە دەبنە نمایشی شانۆی بوون.
ئەو شوێنەوارە، لە تەکنەلۆژیایەکی دەستکردی سیخوڕی

دروست کرابوو. فەزایش پۆپەشمینی سپی سپی پۆشی بوو، ڕۆژمێر و ساڵنامەو کاتژمێر سپی سپی، وەکو کفنی شارا مردووی شارێک لە چرکەیەکدا گیانیان دابێت، بەخامۆشی بەدوای سێبەری بوونەوەرەکانیدا بگەڕێت، چۆڵ و خامۆش دەردەکەوت، لە هیچ لایەکەوە سیمای ڕەوکەر و باڵندەیەک نەدەبینرا.
گوندەکەش کپ و خامۆش بوو، هیچ بوونەوەرێکی تیادا نەمابووەوە. جگە لە جۆرج و هیدفۆنەکەی و جووڵەی کلیلێک لە ناو قفڵێکدا سوڕی دەخوارد، ئیتر هیچ دەنگ و بزاوتێکی تری تیادا نەبوو.
جۆرج هیدفۆنەکە هەر لە گوێچکەیدا بوو، کلیل و قفڵەکەشی بەدەستەوە بوو، زۆرجار قفڵەکەی دادەخست، ئەوکاتە پەیوندیەکانمان دەپچڕا.
ئەوە ببووە جێگەی سەرسوڕمانمان، گومانمان نەدەچووە سەر ئەو، ئێمە لە لای ئۆتۆشۆوە ئەو کلیل و قفڵەمان بۆ هێنا، نەمانزانی نهێنیەکەی چیە، کاتێک دامانێ وتی، خۆم پرۆڤەم لە سەر کردووەو دەزانم چۆن کاری پێ بکەم.
جگە لە وە باشترین جۆری هیدفۆنی هەسارەکەشمان بۆهێنا، تایبەت بۆ سەر زەوی دروست کرابوو.
لەو ساتەشدا ئێمەی سەرقاڵ کردبوو، جگە لە تۆڕی تەکنەلۆژی ئەفسانەیەکی نەزاندراوی تێدابوو، هەرچیمان دەکرد بۆمان نەدەدۆزرایەوە.
جۆرجیش بەتینوێتی حەزەکانیەوە قفڵەکەی دادەخست و دەیکردەوە، بەو تێکەڵاویەوە ڕوخساری شێواو بوو، تیشکی چاوی بڕیبووە فەزا، چاوەڕێی جۆرجی دێڵە سەگی دەکرد.

لەو ساتەشـدا بـەهۆی گۆڕانکاریەکانـەوە، توشـی گومـان و ڕاڕایـی هـاتبوو، کامێرامـان بـۆ کـردەوەو وێنـەی نـاو تەنـە فەزاییەکـەمان بـۆ نـارد، مـاچی بـۆ جـۆرج هەڵـدەدا و بەسەرسـامیەوە پەنجـەی بـۆ دیمـەنی تواندنـەوەی شـارە ئـەلیکترۆنیەکـە رادەکێشـا. ئـەوەش ئێمـەی شـۆک کردبـوو، تیشـکی کامێراکـەمان گێڕایـەوە بۆ سـاتی دروسـت بوونی ئـەو شارە نەزانڕاوە.

***

شـوێنەواری تـواوەوەی شـارە وێنەییەکـە، شـێوەی ئـەو سـاتەی دەدایـەوە، لـە ناوەختـەو کتوپڕیـەکی چرکـەیی لـە ڕۆژێکـی بـەفران بـاردا بـەدەم تۆفـانێکی ئەزەلیـەوە چـوار پـۆل تـەنی فڕۆکـەیی لۆکـەیی تـواوەی هاوشـێوەی رەنگـی فـەزاوە، هەریەکـەیان لـە قـەبارەی نیشـتنەوەدا گـەورە دەبـوون و لە بڵاوبوونەوەو کرانەوەدا چەند ئەوەندەی خۆیـان دەکرانـەوەو وەک پـاپۆڕێکی کـوژاوەو لـە کـار کـەوتو نیشتنەوە، باڵـەکانیان کرانـەوە، لـە هـەر چـوار لاوە بەشیان لـێ دەبووە، پارچەیـەک لە وی تر، وەک شارێکی ئامادەبو دەکرایەوە.
ئـەو شـارە بـەپێی نەخشـەیەکی ئەنـدازیاری دروسـت لـە سـەر زەویەکـە پـان بوونـەوە، لـە نـاوەوەی راڕەو و شـەقام رێکخرابـوون، سـانتیمەترێک جیاوازیـان نـەبوو. رەنگێکـی سپی تێکەڵـە شین و زەردی فـەزاییان گرتبـوو، بینـین لـە فـەزا جیـای نەدەکردنـەوە، وەک ئـەو زەویـە شـاری ئەفسـانەیی ڕوانین بێـت. دایـەلۆژ و هـەواو مرۆلـەو ڕوانـین تـواوەو سپی بوون، وشەو دەنگ فۆنەتێکیان نەبوو، وەک زمانی بـەفر بن، نادیار و خەففە بوون و نیشانەو تێگەیشتن لـە نـاخی یەکتریـەوە

دەخوێندرانــەوە. ناسـنامەو نیشــانەی ئــەو ڕۆبۆتانــە بــوون بـــەخۆکردی و ناوەختـــەیی هـــاتن و ســـیمای شـــارێکی ئـەلیکترۆنیان دامەزراند. هـەتا ئـەو سـاتەیش هـیچ ڕادارێـک پێـی نـەزانی بـوون، لـە مـاوەی چەنـد چرکەیەکدا لـە کۆتـایی جیهانەوە لە پشتی ئەمریکاوە جێگیر بوو، بـەهێزترین شـاری ڕۆبـۆتی و گـەورەترین سـەرکەوتنی چـین بـو بەهـەموو موشەکێکی نوێوە.

کاتێـک تـەنی فـەزایی هەسـارەی ڕۆژئـاواش نیشـتەوە، لـە هەسـارەی ڕۆژهـەڵاتیش جـووڵەی ئـەلیکترۆنی دروسـت بـوو، ڕاداری ئـەلیکترۆنی شـارەکە ئاماژەی ترسناکی دەهاتـە سـەر. تـەنی فـەزایی ناسـا و کەشـتی سـەر مـانگی چـین، هەردووکیان خەریک بوون هیچیان بۆ نەدۆزرایەوە.

***

ئێمــە هــەر پێنجمــان لــە ســەر هێــڵ بــووین، چــاودێری پەیوەندیەکانمان دەکرد، دوای تواندنـەوەی شارەکەش کامێرای سـەر هەسـارەکە وێنـەکانی ڕێـک دەخسـت، ژیریـی دەسـتکرد چیرۆکەکانی گرێ دەدا.

ئێمە لە گەڵ ساتی هاتنیاندا خستماننە ژێر چاودێری وردەوە، ئـەم شـارە ناوەختـەیـە، جەمسـەر و جوگرافیـای بـوونی گـۆڕی، هـەر جووڵـەیـەک بـەرەو ئـەو ناوچەیـە بهاتایـە بەوزەیـەکی ئـــەلیکترۆنی ڕێڕەویـــان دەگـــۆڕدرا، پیـــادەش بـــەکاروان و گەشـــتەکانیانەوە دەکەوتنـــە ســـەر لاڕێ، وەکـــو هەیکـــەلی دینـامیکی گـەردوون لـە وێدا بـوونی هـەبێت، هـەموو هێزێـک لەو ناوچەیـەدا دەتوایـەوە، بـۆ هـەر جووڵـەیـەکیش تیشـکێک ئاماژەیی هەڵدەبوو.

ئــەو تیشــکە دەچــووە ســـەر کۆمپیوتەرەکـــەو لـــە تـــۆڕی ئــەلیکترۆنی رۆبۆتەکانـــەوە هەســـتیان پێـــدەکرد. رۆبۆتێــک لـە سـەر ئـامێرە ئۆتۆماتیکیەکـە بـوو، هـەر ئامـاژەو وێنـەیـەک لـــە شاشـــەکەوە دەربکەوتایـــە تیشـــکی بڵاودەکـــردەوەو ئـــەو وێنەیـەش پـەخش دەبـووەوە، لـە بەشـی پشـتەوەش کابینەیـەکی گەورە هەبوو، دەیان رۆبۆت بەماسـک و هیدفۆنـەوە لـە سـەر ئامێرەکـان کاریـان دەکـرد، نەخشـــەی جیهانیـان لــە لابــوو، جـوولەی ناوچەکەشـیان دەگـرت و ئاڕاسـتەیان دەگـۆڕی. لەو دیوشــیانەوە کابینەیــەکی تــر هــەبوو، بــۆری غــاز و مــادەی کیمیاییــان لـــێ بەســـترابوو، بەفەزاکـــەدا بڵاویـــان دەکـــردەوەو رەنگیـــان تێکـــەڵاو دەکـــرد، ســـیمای شـــارە ناوەختەکەشـــیان دادەپۆشی. بەجۆرێک ڕوانین شوێنەوارێکی تیادا نەدەبینیـەوە، وەک هــەورێکی کــەوتو لـــە نـــاو دەشـــتێکی چــۆڵی ترســناکدا دیاری دەدا. ڕێگەو تولە رێیشـی نـەدەچووە سـەر، لـە دوورەوە سـەیر بکرایــە وەک ئەســتێرەی ئەفسـانەیی ســەردەم دەبینــرا. مـــادەو کەرەســـەو شـــتەکانیش خـــۆکرد ئامـــادەبوون، ئـــەوەی پەیوەنـدی بەزەویـەوە بەسـتەوە ئـەو قۆڵــە زیوینیانــە بــوون. ســـەرەتا هـــەر ئـــامێرە ســـێ قـــاچی چەقانـــد و بەزەویـــدا چـــووە خـوارەوە، لـە رەنـگ و شـێوەدا پەیوەندیـەکیان بـەژیان و بـوون و زەوی و ژینگەوە نەبوو، هەموو شتێک لە گـەڵ رەنگـی ئـاو و سروشـتدا تێکـەڵ ببـوو، سـیمای رۆبۆتـەکانیش وەک ئـاو و بـەفر وابـوون، وەک لۆکەیـەکی فـەزایی تێکەڵـە دەردەکـەوتن، سـپی سـپی، وەک مرۆلــە ی لۆکــەیی، لــە جـوولەو گــەڕان و کارکردنیاندا بۆمان دەردەکەوت ئەوانە رۆبۆتن.
جـار جـاریش چەنـد تـەنێک وەک فڕۆکـە بـەرز دەبوونـەوەو

لــە فــەزادا دەتوانــەوەو نــەدەبینران، دەڕۆیشــتن و دەهاتنــەوە. لــە گــەڵ تیشــکدانەوەی تیشــکی ئاگاداریشــدا دەکەوتنــە ئامــادە باشیەوە. هەموو وزەکانیـان بـەکۆنترۆلی ئامادە دەبوون، وەک ســەربازگایەکی ئــەلیکترۆنی بیــەوێت جیهــان داگیــر بکــات. بەشێوەیەکیش بـاڵا دەسـت بـوون، چەنـد فڕۆکەیـەکی شـەبەح بەئاســمانەوە دەرکــەوتن، کتــوپڕ رێڕەویــان لــێ گــۆڕرا و بەگەردەلولێکی فەزاییەوە لە زەریادا کەوتنە خوارەوە.
ژووری کــۆنترۆڵ پــڕ بــو لــە ئــامێری ســەیر و ســەمەرەو نـەبینراو، رۆبۆتـەکان بەئامێرەکانـەوە کۆنترۆڵ ببوون. وەکـو کەســانێک مۆمیــای گیــان لــە بــەربوبن، دەجوڵانــەوەو دەیانخوێندەوە، تاپیـان دەکـرد. نوسینیش هـەر ئامـاژەو هێـڵ و رەمز و هێما بوو، هـەر دەستەیەک خـەریکی شتێک بوون و لــە کابینــەی تایبەتیــدا رێکخرابــوون، کــاتێکیش تیشــکەکە هەڵــدەکرا بــەجووڵەی ئۆتۆماتیکیــەوە دەچوونــەوە جێگــەی خۆیان، چەند کابینیەکی گەورە سەربازخانە بوون.
سەربازخانەکانی وەک شانەی هـەنگ وابوون، هـەر رۆبۆتـە پیت و ژمارەی خۆی لـە سـەر هەڵکەندرابوو، دەچوونـە نـاوی و دادەخرایـــەوە، کلیلێکـــی ئۆتۆمـــاتیکی دایدەخســـتنەوە، بـەکۆنترۆڵ دەجـوڵان، زۆر لەو کابینانـە هـەر نەکرابوونـەوەو پـڕ بــوون لــە رۆبــۆت، خــەریکی خــۆ ڕێکخســتن بــوون، شارەکەیان دادەمەزراند، بەشەکانیان بڵاودەکردەوە.
ئێمــە جێگــەی سەرسـوڕمانمان بـوو، ئــەو ئــامێرە تازانــە، دروستکراوی شارستانیەتێکی سەرسوڕهێنەر بوون. لـە گـەڵ تیشــکی ئەلیکترۆنیــدا دەجــوڵان، رۆبــۆت وەک هــەنگ لــــە شـــانەکانیان دەهاتنــــە دەرەوەو لــــە ســــەر کورســــیە

ئەلیکترۆنیەکان دادەنیشتن، زۆر بەتەریبی و یەک رەنگ و شێوەو مادەبوون، وەک رەنگی خانەی سەربازخانەکە وابوون. هەمووشیان یەک باڵا و کیشیان هەبوو، دووکەڵی جگەرەو نێرگیەلەو هەڵمی چا و چپە چپ و پێکەنین و دەنگیان تیدا نەبوو، هەموویان سەیری شاشەیەکیان دەکرد، بەگەورەیی روبەڕویان دانرابوو، ئاماژەو هێماکانیان دەخوێندەوە، گۆی زەویش نیشاندەدرا، ئۆقیانوس و وشکایی، شاخ و دەشت و کیشوەرەکانیش. نیشانە دەچووە سەر ئەو جێگایانەی بۆمبی ئەتۆمیان تێدا بوو، لە سەر شاشەکە نیشان دەدران. رۆبۆتێک شیشێکی باریکی وانە وتنەوەی پێ بوو، خاڵ و جێگە ترسناکەکان و ئامێرەکانی شی دەکردەوە.

شارە نوێیەکە فەزایەکی نەبینی لە ناوچەکەدا گرتبوو، وەک کارگێکی ئەلیکترۆنی دەردەکەوت، نیگا و تیشک و ئامێر نەیدەدۆزیەوە، لە شاشەکەوە ڕاداری ئەمریکا و ڕووسیا ئاماژەی ترسناکیان دەدا، هیچیان نەبینیەوەو ئامێری شارەکەش بەهێز بوو، ڤایرۆسێکی ترسناکیان خستە تۆڕی ئەلیکترۆنی جیهانەوەو مرۆڤایەتیان سەرقاڵکرد، تۆڕی گۆگڵ و یاهۆ پێکەوە کەوتنە کار چاکی بکەن.

زۆریان هەوڵدا، لە گەڵ بەشی ئەلیکترۆنی پەیوەندیەکانی هێزی سەربازی چینیشدا لە سەر هێڵ بوون. نیشانەی جێگیر بوونی خۆیان دەردەخست. ئەوەیش سەرکەوتنێکی گەورە بو بۆ تەکنەلۆژیای چین. توانی باڵا دەستی بەسەر ئەمریکادا بکات.

بەو مەبەستەوە شی جین بینگ پەیوەندی بەڤلادیمێر پۆتینەوە کردوو مژدەی سەرکەوتنی پێدا:

- هـــاوڕێ گیـــان پرۆســـەکەمان ســـەرکەوتو بـــووە، بـــەهۆی جەنگی ئۆکرانیاوە ئـەمریکا خلّـەفاوە، هـەتا لـە پشتەوە لـە بنـی دەهێنین.
ڤلادیمێر پۆتین لـە کـاتی بیرکردنـەوە لـە جـەنگ، بەپەنجـەکانی دەستی لـە سـەر مێزەکـە تـەپڵی لێدەدا و بیـری دەکـردەوە، لەو ساتەشـدا هـەمان چەشـن لاسـایی مۆسـیقایەکی کـۆنی روسـی دەکــردەوە، لـــە کـــاتی شـــکاندنی ســـوپای نـــاپلیۆن پۆناپـــارتی فەڕەنسیەوە ببوو بـە ئـاوازی روسیەکان. پاش ئـەوەی چەنـدین جـار ئـەو ئـاوازەی بەپەنجـەکانی ژەنـد، وێنـەی گۆڕسـتانێک هاتە مێشکیەوە، بەو وێنەیەوە داخی دڵی خۆی هەڵڕشت:
- دەبێـت تۆڵـەی ئۆکرانیایـان لـێ بکەینـەوە، تۆڵـەی ئۆکرانیـا.. ئـاخ چـی ژانێکـی گەورەیـە، داخێکیـان خسـتۆتە نـاو دڵمـەوە، تەنها بەمەرگی ئەمریکا سارێژ دەبێت.
شـــی جـــین بینـــگ هەســـتی بـــەئازارەکانی ئـــەو کردبـــوو، بەبڕوابەخۆبوونەوە دڵنیای کردەوە:
- دڵنیابە لە رەگ و ریشاڵەوە دەریان دەهێنین.
- هەمووومان چاوەڕوانی مەرگی ئیمپریالیزمین.
هەردووکیان بەپێکەنینەوە تەلە فۆنەکانیان داخستەوە.
هێـزی ئـەلیکترۆنی چینـیش لـە پەیوەنـدی بەردەوامـدا بـوون بەتــەنی فــەزایی و کەشــتی ســەر مانگــەوە، بــۆ چــاودێری ناوچەکە لە هەر جووڵەیـەکی نـەخوازڕاو. لەو ساتەشـدا لـە نـاو شـــارە ئەلیکترۆنیەکـــەدا تیشـــکی ترســـناکی هـــەڵکرا. ڕاداری چاودێری نیشـانەی چەنـد مەترسیەکی نیشـاندا، ئـەوش بـەهۆی دابەزینی تەنی فەزایی هەسارەی ڕۆژئاواوە بوو، ئـەوانیش بۆ داپۆشـینی روپـۆی شـــارەکەیان بـۆمبێکی تـری خۆڵەمێشـــی

بێـــدەنگیان تەقانـــدەوەو ناوچەکـــەیان بەتـــەم داپۆشـــی.
ڕۆبۆتــەکانیش جوڵێنــدران، کورسـیەکان ڕاسـت کرانــەوەو چونەوە ناو یەک، ئەوانیش چونەوە نـاو شـانەکانیانەوە، پیت و ژمـارەی خانــە ڕۆبۆتیــەکان بەداخسـتنی شـاراکەوە چەنــد سـەربازخانەیەک بـوون، بەچەنـد نیشـانەیەکی ڕەمـزی نیشـانە کرابـوون، پەیوەندیـەکان تیشـک بـوون هـیچ خوێندنەوەیـەکیان بۆ نـەدەکرا . ئـەو ئاماژانـە لـە گـەڵ نزیـک بوونـەوەی تـەنی فـــەزایی ئـــەی تـــو شەشـــی دووەمـــی جـــەنگی هەســـارەی ڕۆژهەڵاتدا دروست بوون.
کاتێـک شـارەکەش توایـەوە، پەیوەنـدیان بەشـی جـین بینگـەوە کـرد، دەمـاری مێشـکی تێـک ئـاڵان و توڕەییـەکی قـورس گرتیەوە، ئامـادەیی بۆ پێشبینی جـەنگی جیهـانی سێیەم دەکـرد. بەبیریدا نەدەهات ئەوە کاری ئێمـە بێت و ئەمـەریکای تاوانبـار دەکـــرد. لەو ساتەشـــدا قەڵەمەکـــەی بەمێزەکەیـــدا دەکێشـــاو لـە ناخـەوە خـۆی دەخـواردەوەو ئاگـاداری بـۆ هـەموو سوپای چـــین دەرکـــرد، بـــەهێزی دەریـــایی و ئاســـمانی و پێگـــە ئەتۆمیەکانەوە، هەتا بکەونە باری نائاساییەوە.
بـەو بـێ ئۆقرەیـەوە تەلـە فۆنی بـۆ ڤلادیمێـر پـۆتین کـردەوە، ئەویش بەخۆشیەوە وەڵامی دایەوە:
- هاوڕێی ئازیزم شی جین بینـگ خۆشحاڵ بووم.
- هاوڕێی ئازیزم ڤلادیمێر پۆتین من زیاتر .
- سوپاس بۆ تۆی ئـازیزم ئێستا ترسـام نـەک شتێکی گرنـگ بوبێت.
- بەدڵنیاییەوە هاوڕێ گیـان، ئـەوەی گرنـگە گفتوگۆی لـە سـەر بکەین شاری ڕۆبۆتەکەمان لە گوندی دۆلفین توێندرایەوە.

- ئـەوە ترسـناک و کـارێکی پڕ مەترسـیە، دەبێـت هەوڵبـدەین بیدۆزینەوە.
- کەشتی سەر مانگ و هێزی دەریـایی هیچ ئاماژەیـەک نـادەن کاری ئەمریکا بێت.
- بەڕاستی توشی سەرسوڕمان هاتوم.
- منیش هەست بەجووڵەیەکی ترسناک دەکـەم، سوپام خستۆتە ئامادەباشیەوە، ئێوەش وریا بن.
- خـەمت نـەبێت جانتـا ئەتۆمیەکـەم بەدەسـتەوەیەو لـە ئامـادە باشیدام.
- پێویستە هەموومان لە ئامادە باشیدا بین.
- ڕووسـیا هەمیشـە چارەنوسـی لـە گـەڵ چینـی برایـدا بـووە، دڵنیاتان دەکەمەوە.
- دڵنیایین هاوڕێی ئازیز، ئاگامان لە یەک دەبێت.
- بـەڵێ دڵنیابـە، لـە سـەر خـەتم لـە گۆڕانکـاری نـوێ ئاگـادارم بکەرەوە.
- ئـەوە زۆر ترسـناکە، ئێسـتامان کـاتێکی زۆر هەسـتیارە، دەبێت هۆشیاربین.
- بەڵێ مەترسیەکی گەورە هەیەو زۆر گەورەیە.
- هەموومان لە سەر هێڵین، هیچ دوودڵ مەبە.
- بەڵێ دەبێت هۆکارەکەی بزانین.
- من ئێستا هەوڵ دەدەم پەیوەنـدی بـەتۆڕی زانیاریـەوە بکـەم و ئاگادارت دەکەمەوە.
- زۆر باشە هاوڕێی ئازیزم چاوەڕێم، کاتێکی شاد.
- کاتێکی شاد.
شـی جین بینـگ بەپەنجـەکانی دەسـتی ڕاسـتی لـە سـەر مێزەکـە

تـەپڵی لێـدەداو سـەیری وێنەکـەی ماوتسـی تـۆنگی دەکـرد، بەدیوارەکـەوە بەرامبـەری هەڵواسـرابوو، وێنـەی کردارەکـانی ئەو خستیە ناو شەپۆلێکی هەرەسهێنەوە.
ماوتسی تۆنـگ هـەر لەو سـاتەی دەسـەڵاتی گرتـە دەست، دژی خـاوەن موڵکـەکان و دووژمنـانی شـۆڕش و نەهێشـتنی فەسـاد، چەند ملیۆنێکی لە خەڵکی چین کوشت.
بەوێنـەی ئـەو ڕەشـە کوژیانـەوە، دەریـای خـوێنی ملوێنـان مرۆڤەوە ڕەشی بەناو چاویدا هات و ئەو نوسینەی جۆتۆنۆی بیـر هاتـەوە لـە سـەر مێـژوو و کردارەکـانی ماوتسـی تۆنـگ نوسیبوی، بەو شاڵاوەوە لە سەر مێزەکەی خەوی لێکەوت.
جۆتۆنـۆ ئەنـدامی بـاڵای پـارتی کۆمۆنیسـتی چـین بـوو، دوای ئـەوەی ماوتسـیتۆنگ مـرد، وردە وردە پـەردە لـە سـەر کردارەکـانی هەڵدەدرایـەوە. لـە پـاڵ ئـەوەی ماوتسـی تۆنـگ سەرکەوتنی مەعنەوی لە جـەنگی کۆریـادا بەدەست هێنـا بـوو، بووە هۆی کوشتنی ملوێنـەها لـە خـەڵکی چین. لـە مـاوەی پێنج ساڵیشـدا تـوانی بـاری ئـابوری چـین ببووژێنێتـەوە، لـە کشـتوکاڵیەوە بیگۆڕێـت بـۆ پیشەسـازی. دوایـی پـڕۆژەی بـۆمبی نـەوەوی و داگیرکردنـی فـەزای دانـا. یەکـەم کەشـتیش بەسەرپەرشتی و پڕۆژەی ئەو هەڵدرا بۆ سەر مانـگ. یەکـەم دەستوریشـی بـۆ کۆمـاری چینـی گـەلی دانـا. پـڕۆژەی پـەروەردەی سۆشیالیزمیشـی لـە وڵاتـدا پـەیڕەو کـرد، دووا بەدوای ئەوە شۆڕشی رۆشنبیری هەڵگیرساند، ئـەویش مـاوەی دە سـاڵی خایانـد، ئەنجامەکـەی بـو بـەهۆی نانـەوەی نـاکۆکی چینایـەتی لـە نـاو کۆمـەڵگادا و تونـدوو تیـژی زۆری لـێ کەوتەوە.

هـەموو ئەوانــە خــەڵکی چینیــان گــەمارۆدا، هــەتا وای لێهــات بگۆڕدرێت بۆ پـەرستنی تاکە کەسێک ئـەویش ماوتسـی تۆنـگ خۆی بوو. بەدەیەها ملیۆن خەڵک بـەو پڕۆژانـەوە کەوتنـە بـەر چەوســاندنەوەوە، ســەدان هــەزار ملیــۆنیش بەنەخۆشــی و هەژاری مردن.
بەو شاڵاوانەوە شی جین بینگ کەوتە خەوێکی قورسەوە.
ئێمـە لـە نـاو تەنـە فەزاییەکـەوە، بـەوردی ئـەو پانۆرامایـەمان دەدی، ژێریـــی دەســـتکردیش وەک ئـــەو ســـاتە مۆنتـــاژی دەکردەوە.

## ١٣

کامێراکە لە سەر هەسارەکەوە وێنەی ڕووداوەکانی زەوی و فەزای پەخش دەکردەوە، ئێمەش لە چاوەکانیەوە لە ناو تەنە فەزاییەکەدا چاودێریمان دەکرد. پڕۆفیسۆر ئۆڕاپلاندیش تیشکی خستبووە سەر هەسارەی ڕۆژئاوا، ئەوان توشی شۆکی ئەلیکترۆنی ببوونەوە، پەیوەندیە فەزاییەکانیان وەستابوون، لە کەناڵ و پێگەو بڵاوکراوەکانیشەوە، ئاگرێکی بێ گڕیان دەبینی، لە جێگەی شارە ئەلیکترۆنیەو تەنە فەزاییەکەیان ببوو بەخەڵوز.

بوونەوەرەکان بۆ رۆبۆتەکانیان دەگریان، بۆ ئەو هەوڵە زۆرەی بۆ باڵا دەستی بەسەر گەردووندا کردیان و شکستیان هێنا، پێگەی ئەلیکترۆنی سەر زەویشیان نەدەدی. ئەوەشیان نەدەزانی هەسارەیەکی تر هەبێت لە خۆیان بەتواناتر بێت، ئەوەشی جێگەی سەرنج بو ئەوان ماوەیەکی کەم بو دەهاتنە سەر زەوی و ئێمەش نزیکەی پێنج سەدە بو دەهاتین.

ئەوەشی ئاڵۆزی بۆ دروست کردبوون، نەیاندەزانی هۆکاری تەقینەوەی تەنە فەزاییەکەیان چیەو چۆن تەقێنراوەتەوە؟ هیچ وڵاتێک لە سەر زەویش باسی ئەوان و هەردوو سوپا رۆبۆتیەکەیان نەدەکرد، وەک نهێنیەکی ئاڵۆز مابووەوە. ئەوانیش هەوڵیان دەدا تەکنەلۆژیایان بەهێز تر بکەن، هەتا ئەو کێشەیە بدۆزنەوە توشیان دەهات، زۆریان تاقی کردنەوە کرد، لە مرۆڤی سەر زەوی پێشکەوتووتر بوون. بەو بیرەشەوە لە هەوڵی ئەوەدابوون، تەنێکی فەزایی تر بەبێ بوونەوەر بنێرنەوە، هەتا لە ئەگەری تواندنەوەیدا لە سەر

زەوی سەرە داوێک بدۆزنەوە.
ئێمـە دڵنیـا بـووین لـە وەی ئـەوان تەکنـەلۆژیایان دوور مـەودا نەبوو، توانای دۆزینەوەی هەسارەی خۆرهەڵاتیان نیە.
ئـەوەش هۆکـاری ئـەوەبوو، تەکنـەلۆژیامان بـەهێزتر بـوو، پەیوەنـدیمان بەزەویـەوە هـەبوو، چـۆن بەتیشـکی لێـزەر تواندماننـەوە، بـەو جـۆرە وێنەکـەیان لـە هەسـارەکەدا پـەخش دەکرایـەوە، بوونـەوەرەکان لـە هـەموو لایـەکی هەسـارەکەوە ئاهەنگی سەرکەوتنیان دەگێڕا، ئێمەش توانیمـان ئامادەی فڕین ببین بـۆ سـەر زەوی. ئەوەشـی بەشـی ئەنـدازیاری و فیزیـایی دیاریـان کـرد، ئـەو گونـدە کۆتـایی زەوی بـوو، هەسـارەی ڕۆژئـاواش دەکەوتـە کۆتـایی زەویـەوەو لـە کۆمەڵـەی ڕۆژەوە نزیکایـەتی لـە گـەڵ کۆتایـدا هـەبوو، ئـەو بەشـەش لـە فـەزا دەردەکـەوت، لـە ئۆقیـانوس گـەورە تـر بـوو. ئـەوان تەنـە فەزاییەکـەیان لـە کۆتـایی جیهانـەوە دەهاتـە سـەر زەوی و لە سەر ئـاوەوە بـەرەو سـەرەتای زەوی و گوندەکە دەڕۆیشتن، ئـەوەش نهێنیـەکی تـری بـۆ ئێمـە لـە هەسـارەی خۆرهەڵاتـدا دەردەخست.
لـە هەڵکەوتـەی جـوگرافی هەسـارەکان و جیهـان بەتایبـەتی، زانیمـان ژیـان لـە دەرەوەی زەویشـدا هەیـەو کۆتـایی بـۆ نیـە، لـە دەرەوەی ئـەو ئۆقیانوسـە زەبەلاحـەی دەوری زەوی داوە، بەقـەد چەنـد هەسـارەیەک دەبـوو، گـەردوون وەک هێلکەیەکـە دەخولێتـەوە، بن و سـەر و لاو بـەرزی بـەرێژەی هەڵکەوتـەی هەسـارەکانەوە دیـاری دەکـرێن، پرۆفیسـۆر ئۆڕاپلانـد، زانـای فیزیایی ئەوەی سەلماند:
- رەنگە ئێمـە بنـی هەسـارەکان بین، یـان لای چـەپ، یـان لای

راست بین؟ دەشێت هەرچی خەمڵاندنێک بکەیت راست بێت. هەتا ئێستا هەر زەویمان دەدی، دەرکەوت دوای زەویش زەوی تر لە ڕاست و چەپ سەڕوویەوە هەیە، مانای گەردوون هیچ شیکردنەوەیەکی رەها و گشتگیری نیەو نایبێت.

ئەوە رای زاناکانیش بوو، ناردنی تەنە فەزاییەکەش لە م هەسارەیەوە راست دەهاتە خوارەوە بۆ سەر زەوی، ترسیش لە وە هەبوو بەهۆی نغرۆبوونی گوندی دۆلفین و تەن و شارە ئەلیکترۆنیەکەشەوە لە ڕابردوودا، بایەخی تەواوی پێ بدەن و بخرێتە ژێر چاودێریەوەو کیشە بۆ تەنە فەزاییەکەمان دروست بکات. بەهۆی پێگەی ئەلیکترۆنی و چاودێریەوە زاندرا کەس ناوێرێت توخنی گوندی دۆلفین بکەوێت. هەموو لایەکیان بەکارەساتێکی گەردوونیان زانیوە.

ئێمە لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا بەهێزەکەمانەوە دڵنیابووین لە وەی دەتوانین باڵا دەست ببین، تەکنەلۆژیایەکمان پێکهێنابوو، هەموو شتێک لە هەسارەکەدا ئەلیکترۆنی بوو، مادەو شتەکان و ژیانی ڕۆژانەیش تەنانەت خواردن و خەو و کارکردن و دانیشتن و پشوش هەموویان بەپێی بەرنامەی ئەلیکترۆنی بوون.

بەو تەوژمە بەهێزە زانستیەیشەوە بوونەوەری هەسارەی ڕۆژئاوا حۆل ببوون. گوندی دۆلفینیشیان بەجێگەیەکی بێگومان دانا هەتا تەنە فەزاییەکەی خۆیان تیایدا بنیشێتەوە. پڕۆفیسۆر ئۆڕاپلاندیش لە ڕێگەی پێگە ئەلیکترۆنیەکەیەوە، ئەوەی زانی لە سەر زەوی تواندنەوەی شارە ئەلیکترۆنیەکە نەزاندڕاوە، تەنها لە نێوان وڵاتە زلە ێزەکاندا مشتومڕێک

هەیە. گرتەی پەیوەندیە تەلە فۆنیەکانی ناتانیاهۆی سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلیان لابوو، بەجۆوبایدنی سەرۆکی ئەمەریکا و سەرۆکی ڕووسیا و چینەوە، بەوەش سەرسوڕمانێک لە سەر زەوی دروست ببوو، هەسارەی ڕۆژئاوایش هەستیان بەوە نەکردبوو، تواندنەوەی تەنە فەزاییەکەیان لە لایەن هەسارەیەکی ترەوە بوبێت، بەگرکانێکی گەردوونیان دەزانی لە کۆتایی جیهانەوە ئەو ڕووداوانە ڕوویاندابێت.

پڕۆفیسۆر ئۆڕاپلاند بیری لە وە کردەوە، هەسارەی ڕۆژئاوا ئەو تەکنۆلۆژیایەیان نیە، هەتا بتوانن لە هەسارەکەوە تەنە فەزاییەکەیان بسوتێنن، دەبێت دابەزنە سەر زەوی. تەنی فەزایی ئەوانیش بەشەش کاتژمێر دەگەیشت، پرۆڤیسۆر بەزاناکانی سەلماند:

- ئەو هەسارەیە بەبوونی ئێمە نازانن، تەکنەلۆژیایان بێ هێزە، ئەوان بیرکردنەوەی ئێمەیان نیە بۆ دۆزینەوەو شیکردنەوەی گەردوون، ئێمە ئامانجمان دۆزینەوەی پێکهاتە جوگرافی و فیزیایی و فەزایی گەردوونە، ئەو هەسارەیە دەکەوێتە سەر زەریای دوای کۆتایی جیهانەوە.

پڕۆفیسۆر دانتی ئەو پرسیارەی لێکردەوە، چەندین جار بەشێوازی جیا جیا دەریدەبڕی:

- گەردوون لە دوای ئەو کۆتاییەی بۆ زەوی دیاری کراوە تەنها ئاوە، ئێوە سەیر بکەن، لە پێگە ئەلیکترۆنیەکانی ئێمەوە دیارن.

- دیارن بەڵێ ئەوە پرسیارێکی ئەزەلیە، تۆ هەمیشە دەیکەیتەوە، ناحەقیشت ناگرم، تۆ ئەندازیاری ئاودێریت،

ئەوەندە لـە کێشـەی فۆتۆنـات و رەگـی فیزیـایی دەزانیت. بـەڵام من پرسیارێکت لێ دەکەم، ئایا دوای ئاوەکە چی تر هەیە؟
- هیچ هەر ئاوە.
- چۆن دەبێـت هـیچ و هـەر ئـاو بێـت؟ دەبێـت دیوارێـک بـۆ راگرتنی کۆتایی زەریا هەبێت، یان زەویـەکی تـرە، یـان دەبێت هەر کۆتاییەک هەبێت؟!
پڕۆفیسـۆر دانتـی بێـدەنگ بـوو، ئـەویش بـەبیرێکی پـڕەوە پەنجەی بەرز کردەوە:
- دەزانــن چیــە؟ ئــەوەیش تــەنها بەســتەڵۆکەو بەســتەڵۆک، گـەردوون شـێیە، جێگـەی ژیـان لـە سـەر هـەر هەسـارەیەکدا هەبێت دەبێت پلە ی گەرمی خۆر بگاتـە نـەوت پلـە ی سـەدی، کۆتاییەکانیش پلە ی سفرن، دەبنە گرینلاند و سەهۆڵ بەندان.
زاناکـان هـەموویان مێشـکیان دەخولایـەوەو بیریـان دەکـردەوە، کەسـیان قسـەیەکیان بـۆ وتـن پـێ نـەبوو، تـەنها پرسـیارێکیان لە لا بەرجەستە بو:
- ئەو دیوارە دەبێت چی بێت پرۆڤیسۆر؟ یان زەویە یان ئاوە.
- زۆرم بیـر کردۆتـەوە، یـان زەویـەکی تـرە، ئـەویش ببێـت دیسـان زەریـای تـر دەورەی داوە، هـەر زەوی و دەچینـەوە بـۆ زەریـا ئەمـەیش نابێـت، دەکرێـت هـەر لـە سفرەوە بژمێـرین و بچینـەوە بۆ سفر؟ کەواتـە هـەر ئـاوەو دەبێتـە هـەڵم و پلـە کـانی گەرمی و ساردی جیایان دەکاتەوە.
بـەکورتیش ئـاو و هەڵمـە، دوای زەریـا هەڵمـەو بەسـتەڵۆکەو بــەرزی فــەزایی دروســت دەکــات، ئــەویش لــە شــێوەی هێلکەیدایـە، هـەتا دەگاتـەوە بەهەسـارەکانی تـری وەک ئێمـەو ئەوانی تر.

بەو قسەیەوە هەردوو دەستی بەرز کردەوەو پەنجەکانی تێک ئاڵاند:
- گەردوون هێلکەییە، پێکهاتەی بەیەک بەستنەوەیشی ئاو و هەڵمە، هەوا رایگرتووە. ئێمە دەبێت ئەو هاوکێشانە بدۆزینەوە، هەسارەکان وەک هێلکە باوەش بەیەک تریدا دەکەن و بەرزی فەزایی نیە، تەنیا جیاوازیەکە لە وە دایە هەموو هەسارەیەک ئاسمانی هەیەو بەبەرزی فەزایی دەزانێت و گرینلاند جیایان دەکاتەوە.
زاناکان هەموویان بیریان لە زانستەکەی خۆیان دەکردەوە، بەراوردیان دەکرد بەو پڕۆژە گرنگەی ئەوەوە سەرسام مابوون، ئەویش پەنجەی خستە سەر کۆتایی جیهان:
- بەپێی دۆزینەوەی ئێمە، کۆتایی جیهان لە سەر هەسارەی زەوی لە م جێگایانەدا هەیە: ئەنتارکتیکا، پاوس پول لە باشووری ئەفریقا، ئوسترالیا، نیوزلەندا، چیلی، ئەرژەنتین. ئەوانە بەهەموویان دەوترێت گرینلاند ، هیچ ژیانێکیان تیادا نیە. کۆمەڵێک دوورگەی گرنگی تر هەن لە سەر زەوی زۆر ترسناکن و زۆریان هەر ژیانیان تیادا نیەو گرینلاندن و بۆ تاقی کردنەوەی چەکی ئەتۆمی و جەنگی ئەلیکترۆنی بەکاریان دەهێنن، پێویستە چاودێری بکرێن.
بەو قسەیەوە نەخشەیەکی کردەوە، بەدیوارەکەوە هەڵی واسی و پەنجەی خستە سەر جێگە ترسناکەکان:
- دوورگەکانی بای زەریای هیندی بەکێرگوێلن ناسراون، سەهۆڵبەندان. هەروەها شاخ و بەردین و دەشتە فراوانەکەی توسۆک و موس زۆر گرنگن بۆ زەمەنێکی تری ئێمە.

دوورگەی سیتسبێرگن لە سلفادۆر و نەڕوویژ، شاری لۆنگیەرەو کۆگای تۆوی جیهانیان تێدایە. هەروەها دوورگەی پیتکەیرن لە باشووری زەریای هێمن و بەپەناگای کەشتی یاخی بوانی بەریتانیا ناسراوە. دوورگەی نۆڤایا زێملیا زەوی نویٚ، جێگەی زیاتر لە تاقی کردنەوەی سەد موشەکی ئەتۆمی ڕووسیا بووە. دوورگەی کۆف، خاکی دەرەوەی بەریتانیان و لە سانت هێلێنا و ئاسنیشن و تریستان داکۆنها جێگەی یەدەگی گیان لە بەرانی بەریتانیایەو زۆر جێگەی گومانە. دوورگەی جەژنی لیستەر رایا گەورە (ناوکی جیهان) دوو هەزار و سێ سەد و چل میل لە سانتیاگۆی شیلیەوە دوورەو دابڕاوترین دوورگەیە لە سەر زەوی. دوورگەی جۆرجیا باشوور بەشێکە لە خاکی دەرەوەی بەریتانیا لە جۆرجیا، لێرەدا بەشێکی کەم زانا و پسپۆڕی وێستگەکانی لێیە.
ترسناکترین دوورگەش دوورگەی سینتیلە ، بەزمانی بەنگالی واتا پاسەوان، تیرەیەکی گەلی هیندی بەتەنیا تیایدا دەژین، ژمارەیان سەد بۆ سەد و پەنجا کەس دەبێت.
ئەوانە لە سەدەی نۆزدەهەمدا دۆزراونەتەوە، لە وڵاتی پەنگالە سەر بەجوگرافیای هیندستانە، شەست هەزار ساڵە تیایدا دەژین، خواردنی سەرەکیان ماسیە بەکاڵی و روەکی ئاوی و بەروبوومی درەختی ناو دارستانەکە، لە ناو کوخی بەگەڵا و پوش و پەلاش دروست کراودا دەژین، پڕە لە تاڤگەو کانیاو و دیمەنی جوان و ئاوێکی شین و سافی هەیە.
حکومەتی بەریتانیا چوار کەسی تایبەت لە بابەتی خۆیان بەنوێنەرایەتی خۆی هەڵدەبژێرێت، دوو منداڵ و دوو

پیرەمێرد دەبن، دەچنە لایان، کتوپڕ هەر چواریان کوشتبوون، دوای چەند ڕۆژێک بکوژەکانی ئەوانیش مردبوونەوە. ئەم تیرەیە هەرکەسێک ببینن جگە لە توخمی خۆیان بەبینینی دەمرن.
بەو قسەیەوە پەنجەی لە سەر نەخشەکە لابرد و ئەرکی هەسارەکەی خستە ڕو:
- جەنگ و ئەرکێکی گەورەمان کەوتۆتە ئەستۆ، پێویستە بەئەلیکترۆنی بیربکەینەوە هەتا بتوانیین ببینە باڵا دەست لە م بوونەدا.
***

ئێمە هەر پێنجمان لە ناو تەنە فەزاییەکەدا بووین، لە سەر هەسارەکەوە، هەتا بڕیاری هەستانی تەنە فەزاییەکە درا، لە پێگە ئەلیکترۆنیەکانەوە نیشان درا، کەوتە ئیش و تیپی سەربازی سڵاوی سەربازیان لێ کردین. تەنە فەزاییەکەش ئامادەی فڕین بوو، بەرز بووەوە. پاش چل و پێنج چرکە گەیشتینە گوندی دۆلفین، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی گوندەکە نیشتینەوە، لە جێگەیەکی دوور لە پاشماوەی شارە ئەلیکترۆنیەکەو دوورتر لە گوندەکەوە. بەپێنج سەر نشینەوە لە جێگەیەکدا وەستاین. هیچ گومانێکی لە سەر نەبوو. سەرەتاش تۆڕەکانی ئەلیکترۆنیمان کۆنترۆڵ کرد، پاشان نامەیەکمان بڵاوکردەوە بۆ پەیوەندی بەجیهانەوە، ئەوەیش بۆ چەند پێگەیەکی گرنگ نێردران، سەرۆکی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو چەند تۆڕێکی هەواڵگری. ئەو نامانەیشمان خوێندەوە، لە زۆر زانای سەر زەویەوە ئاڕاستەمان کرابوو، نامەکان دەنگی و هێڵ بوون، ڕەمز و

هێماکانیـان نەدەکرایـەوە. بـەهێڵکاری و وێنـە نوسـرابوون بـێ وشەو پیت، هەتا لە یەک گەیشتن دروست ببێت.
یەکـەم شـت کارمـان لـە سـەر کـرد، پێگـە ئەتۆمیـەکان بـوون، چوینە ناو پڕۆفایلـە کانیانـەوە، مـەودا و تیژ ڕەویانمـان زانـین، ئێمە دەمێک بو لە وە دڵنیابووین ئەوان ناتوانن هیچ جـەنگێکی ئێمـە بکـەن. لـە ڕووی پێکهاتـەو مـادەوە، تـەنها لـە ڕووی تەکنەلۆژیـەوە جیاوازیمـان هـەبوو، پێشـتر ئـەو پشـکنینەمان لـە سـەر هـەموویان کردبـوو، ئەمـەریکا و ڕووسـیا و چـین و بەریتانیا و ئەڵمانیا و فەرەنسـا و ئیتاڵیـا و ئۆسترالیا و پاکستان و هیندسـتان و ئێـران و وڵاتـانی تـر. لـە ماوەیـەکی کەمـدا هـەموویمان کـۆنترۆڵ کردبـوو، بـەزویی پەیوەنـدیمان بەپڕۆفیسۆر ئۆڕاپلاندەوە کرد، ئەویش پاش لێکدانەوە وتی:
- دەتوانین لە کاتژمێری سفردا بنکـە ئەتۆمیـەکانیان بتەقێننـەوە، بەڵام لە ئێستادا ئەوە کێشەی ئێمە نیە.
ئـەوەی لای ئـەو گرنـگ بـوو، دۆزینـەوەی کۆتاییـەک بـو بـۆ نەخشـەی گـەردوون، ئـەو لای وابـو لـە پێکهاتـەی فیزیاییـەوە، بگاتـە ئـەوەی گـەردوون هەڵمـەو پێکهاتـەی جـوگرافی لـە ئەنـدازیاری ئاودێریـەوە دیـاری بکـات. زیـاتریش پـڕۆژەی ئـەو دۆزینـەوەی هەسـارەکانی تـر بـوو، دەیویسـت هەسـارەکان ببڕێـت و هـەموو نهینیـەکان بدۆزێتـەوە. بەتایبـەتیش نهێنـی دۆزینـەوەی عەرشـی خودابـوو، ئـەو دەیزانـی هـەردوو تـەنی فـەزایی جـیمس یـۆبی ئـەمریکی و چینـی بـۆ ئـەو مەبەسـتە دروسـت کـڕاون هـەر کاتێـک سـەیری بکردنایـە گاڵتـەی پێیـان دەهـات، زۆر جـار دەچـووە نـاو پرۆگرامەکانیانـەوە پێیـان پێدەکەنی.

بۆ ئـەو مەبەسـتەش پـاش تـاقی کردنـەوەی زۆر و نـاردنی چەنـدین تـەنی فـەزایی پێشـکەوتوو سـەرکەوتو نـەبوون، بەناچاری لـە گـەڵ ئۆتۆشۆدا بیریـان لـە وە دەکردەوە لـە ڕێـی ئەفسانەوە ئەو کارە بکەن. ئەوانـەش بـەهۆی گونـدی دۆلفین و سێ گۆشەی بەرمۆداوە ئەنجام دەدران.
بـەو پـڕۆژە گرنگانەشـەوە کۆمپیوتـەرێکی کـۆڕا بـەرزیان بـۆ دروست کردبوو، لـە کارخانـەی هۆتیۆمی هەسارەکە، بـەهێڵی دی جـی تـاڵی ئینتەرنێتـەوە بەسترابووەوە، کامێرایـەکی تیشـکی سەد ئەوەندەی تەلە سکۆبی جیمس وێب دوورتر دەیڕوانـی و هەموو جووڵەیەکی دەدۆزیەوە.
ئـەو دەیویسـت بـۆ هاسـارەیەکی تـر بـڕوات و گرێـی فیزیـایی گـەردوون بکاتـەوە، بـەو جـۆرە خوێندنەوەیـەکی تـری بـۆ گەردیلـە کـان و فۆتۆنـات و هەسـارەکانی تر دەکـرد، لـە سـەر ئـەوە جـەختی دەکـردەوە دەتوانێـت هەسـارەکان پێکـەوە گـرێ بدات.
دوو مانـگ بەر لە دابەزینی ئێمـە، ئـەو لێدووانانـەی بۆ کـەناڵی ئـەی ئێـف داو لــە هەســارەکەدا بــڵاو بــووەوە، ئاهــەنگ لـە کیشـوەرەکاندا کـرا، شـا پۆگـۆ هـات بـۆ لای و پێشـنیاری ئاپارتمـانێکی ئـەلیکترۆنی ئامـادە کـراوی بـۆ کـرد، هـەتـا خێزانەکەشی بباتە ناویەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت وێنـەو دەنـگ و ڕەنگی هەسارەکان بگوێزێتەوە، لە نزیک ترین کاتدا لـە ڕێـی ئەلیکترۆنیەوە گەردوون داگیر بکەن.
ئەوە هیوا و ئاواتی شا پۆگۆ بوو، تەمـەنی گەیشتبووە حـەوت سەد ساڵ دەیویست هـەتا کۆتـایی تەمـەنی پاشایەتی گـەردوون بەدەست بهێنێت. بـەم پڕۆژەیـەش ئـەو خەونـەی دەهاتـە دی و

شازادە تۆلۆتۆی کوڕیشی دوای خۆی ئەو بۆشاییەی پڕ دەکردەوەو دەبو بەپاشا.
شا پۆگۆ چوبووە لای پزیشکی بەناوبانگ، بەپێی نەخۆشیەکەی مەزندەی دوو سەد ساڵی تری ژیانیان بۆ کردبوو، ئەوەش ئازارێکی کوشندەبوو، بۆ بوونەوەران.
داوسالۆی حەکیمی بەناوبانگی هەسارەکە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی خواردنی گەڵای کوکەو ئەلکحول و هێرۆین و حەشیش و هەنگوینی شای بۆ دانا بوو، هەتا بەهۆی ئەوانەوە تەمەنی درێژ ببێتەوە.
شاژن بەدەستی خۆی گەڵاکانی بۆ پاک دەکرد، نایاب ترین شەرابی بۆ دروست دەکرد، مەست دەبوو، روتی دەکردەوە لە سەر دۆشەکە حەریرەکە پاڵی دەخست و بەچرپەوە دەیوت:
- نەوە بۆ پاشای گەردوون دەخەمەوە.
شا پۆگۆ پاشای بیست و دوو وڵاتی سەربەخۆی هەسارەکە بوو، وڵاتەکان بەئەلیکترۆنی پێکەوە بەستراب‌وونەوە.
لە وتارێکی گرنگدا یاسای هەسارەکەی بەم شێوەیە خوێندەوە:
لە هەسارەکەدا کەرتی تایبەتی بوونی نیە، کارخانەو بنکە پیشەییەکان هی دەوڵەتن، هەموو شتێک بەیەکسانی و ئەلیکترۆنی بەڕێوە دەچێت، بەپێی بڕوانامەو داهێنان جیاوازی لە دامەزراندن و پلەو پۆست و موچەو دەستکەوتدا دەکرێت، هۆکار و فڕوفێل و ناوەندکاری و سەرپێچی کردن ئەلیکترۆنی تۆمار دەکرێن، هەموو هاوڵاتیەک جێگەی نیشتەجێ بوونی تایبەتی خۆی هەیە، یاسا و زانستی جەنگ و بواری سەربازی لە زانکۆکاندا دەخوێندرێت، هیچ جەنگێک

له ناوخۆ و نێوان وڵاتاندا نیە. بوونی پۆلیس و فەرمانبەران بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکارە یاساییەکانن، یاسا و شێوازی سکەی پارەش وەک یەکن، پاشای هەسارە پشتا و پشتە، دوای خۆی نەوەکەی دەبێت بەپاشا، لە خێزانی یەکەمی کوڕی نەبێت ژنی دووەمی دەهێنێت، ئەوە یاسای نەگۆڕی هەسارەکەیە.
شا پۆگۆ تەنها بەوەوە نەوەستا هەسارەکە پێشبخات، هەوڵی باڵادەستی دەدا بەسەر هەموو هەسارەکانی تردا، ئەو ئامانجەش لە ڕێی پرۆفیسۆرەوە بەدی دەهات، بەو هۆیانەوە دەیویست ئەو بمێنێت، بەمردنی ئەو خەون و هیواکانی دەچووە ژێر گڵەوە. لە بەر ئەوەیش پزیشکی تایبەتی بۆ نارد هەتا پشکنینی تەواوی بۆ بکەن، دەرکەوت نەخۆشیەکی هەیە لە خوێنیدا بۆ ماوەیەکی درێژ لە ڕێی چارەسەرەوە دەمێنێتەوە.
بەو مەترسیەوە شا پۆگۆ چەند زانایەکی خستە ژێر دەستیەوە، هەتا لێوەی فێر ببن و دوای خۆی کارەکانی بکەن، چارەسەرشیان بۆ وەرگرت، هەتا درێژە بەتەمەنی بدرێت. کۆشکە نوێیەکەی خۆیشی بۆ کردەوە، هەتا بتوانێت پرۆژەکانی خەونی گەردوون داگیر کردنی بێتە دی.
ئەو دەیزانی ئەو ژیانی بۆ زانست و خزمەتی هەسارەکە تەرخان کردووە، وازی لە خێزان و منداڵیشی هێناوە، کارەکانی ئەوی بەگرنگتر دەزانی لە هەموو شتێک و ئەو کۆشکە تایبەتیەی خۆی پێ بەخشی بۆ کاروباری ئەلیکترۆنی فەزایی، قاتێکی تایبەتیشی بۆ خێزانەکەی تەرخان کرد و ماڵەکەیان گواستەوە ناوی.
کۆشکەکە بەپێی نەخشەی ئەندازیاری نوێ و بەجوانترین

شێوازی مۆدێرن، لە مەڕ مەڕی گران بەها دروست کرابوو، دیکۆراتی ناوەوەی سەرسوڕهێنەربوون، چراخان و پڕ بوون لە ئامیری ساردی و گەرمی، یەکەیەکی کۆمپیوتەری تیادا دانرابوو، هەریەکی بوونەوەرێک کاریان لە سەر دەکرد و پەیوەندیەکانیان دەگواستەوەو کارەکانیان ڕادەپەڕاند، ئەویش سەر شانی سوک ببوو، هەتا وەکو جاران پشکنین و چاودێری بەتەنیا بکات.

ئەو بەرپرسی بەشی توێژنەوەی گشتی فەزایی هەسارەکەبو بەگەردوونەوە. ئەمەش بەو هەوڵ و ماندووبوونەی بەدەست هات، هەمیشە شەونخونی دەکێشا و زۆربەی پێشکەوتنەکانی ناو هەسارەکە لە پەیوەندی بەهەسارەی ترەوە بەهۆی ئەوەوە بەدیهاتبوون، کەسێکیش نەبوو لە سەرتاسەری هەسارەکەدا نەیناسێت. بیردۆزەکانی جێگەی متمانە بوون. بەجۆرێک سەرقاڵ ببوو بەکارەکەیەوە، کۆکۆتۆی خێزانی کچ و کوڕەکەی دەهێنا بۆ جێگەی کارەکەی چاویان بەیەک دەکەوت. یان هەر چەند ڕۆژ جارێک بەئۆتۆمۆبێلی تایبەت دەیانبردەوە بۆ ماڵەوە، چەند کاتژمێرێک وەک میوانێکی ناوەختە لە لایان دەبوو. لەو کاتانەشدا تێل لە سەر تێلی بۆ دەهات و نەیدەتوانی منداڵەکانی بگرێتە باوەش و یاریان لە گەڵدا بکات، بەسەرهات و چیرۆکیان بۆ بگێڕێتەوە، باسی چۆنیەتی کارەکەی خۆیان بۆ بکات، هەتا شارەزای گەردوون ناسی ببن.

ئەوەی ئەوان دەربارەی باوکیان دەیانزانی، لە دەمی خەڵک و مامۆستا و خوێندکار و تیڤیەکانەوە بوو، ئەوانیش دەیانزانی باوکیان پرۆفیسۆری تەکنەلۆژیایەو کار بۆ گەردوون گیری

هەسارەکە دەکات، تینوی ئەوە بوون لە دەمی خۆیەوە بیبیستن، هەتا بزانن چۆن پڕۆژەکانی بەرهەم دەهێنێت و چۆن بتوانن جێگەی بگرنەوە؟ هەموو ئەوانە ببووە ئازارێکی زۆر بۆ خۆی و خێزانەکەی.
لە م ساتەشدا ئێمە لە ناو تەنە فەزاییەکەوە، لە سەر زەوی لە چاوەکانی کامێراکەوە تیشک و سەرنجمان خستە سەر هەسارەکە، کۆشکە نوێیەکەی بەشی گەردوون ناسی ئۆڕاپلاندمان وێنا کردەوە، ئەو جووڵەیەشی لە سەر زەوی دروست ببوو بۆ ئەومان دەگواستەوە.
کامێراکەش لە سەر هەسارەکەوە تیشکی خستەوە سەر زەوی، ئێمەش هەموو پێگە گرنگەکانمان بەکۆدوو ژمارەی نهێنی کردەوەو کۆنترۆڵمان کردن.
لە ساتێکدا هەسارەکان و زەوی بەهەموو بەشەکانیانەوە لە ژێر کۆنترۆڵی ئێمەدا بوون، وەک ئەوەی بوبێتنە کلیل و قفڵی گەردوون. کامێراکەیش وینەکانی بۆ ژیریی دەستکرد دەگواستەوە.

ئەوان لە ناو تەنە فەزاييەكەدابوون، هەرپێنجيان سەرنجيان خسبووە سەر جێگە گرنگەكانى سەر زەوى. دواى تواندنەوەى هەردوو شارە ئەلیكترۆنيەكە جيهان شێوابوو، دەوڵەتە زلە يزەكان ئاڵۆزيان تێكەوت بوو، پەيوەندى هەردوو شارە ئەلیكترۆنيەكە بەبەشى ئەلیكترۆنى چين و ئيسرائيلە وە پچڕابوون.

بەشى ئەلیكترۆنى ئيسرائيل، ناتانياهۆى سەرۆك وەزيرانيان ئاگادار كردەوە، لە وەى هيچ پەيوەنديەكيان بەشارە ئەلیكترۆنيەكەوە نەماوە. ئەويش بەپەلە بەرپرسى هەواڵگرى و زانيارى و سەربازى كۆكردەوە، بەبيستنى ئەو هەواڵەوە موچڕكەيەك جەستەى گرتەوە، بەحەسرەتەوە قومێكى ترى لەو كوپە چايە دايەوە بەدەستيەوە بوو. پاشان بەشڵەژاويەوە، ڕووى كردە هەموويان و پەنجەى بەرز كردەوە:

- داخەكەم ڕووسيامان كۆتايى پێ هێنابوو، ديارە ئەو هۆزە پەيوەنديان بەڕووسياوە هەيە.

پێستى جەستەى كرژببوون، تۆڕەيى لە ڕوخسارە سوورەكەيەوە دەبارى، ماوەيەك بو بەپەشۆكاويەوە لە خەو هەستابوو، بۆينباخەكەى بەشلى بەستبوو، دوو قۆپچەى كراسەكەى دانەخستبوو، بەو رواڵەتەوە لە دانيشتوانى روانى و زەنگى تەلە فۆنى بۆ جۆوبايدن كرد، ئەويش تازە لە خەو هەستابوو، يارى لە گەڵ سەگەكەيدا دەكرد:

- كۆماندۆ بەيانيت باش.

دەستى بەسەر و چاويدا دەهێنا و پارچە گۆشتى بەدەميەوە

دەکرد، پاسەوانەکەی مۆبایلە کەی بۆ هێنا:
- گەورەم ناتانیاهۆ تێل دەکات، هەتا گەیشتمە لات زەنگەکەی کۆتایی پێهات.
جۆوبایدن بەشەڵەژاویەوە، دووا پارچە گۆشتی بۆ سەگەکەی دانا و شپرزەبوو، هەستی بەشتێکی گرنگ کرد، لە ناکاو ناتانیاهۆ بەو بەیانی زووە تێلی بۆ بکات، جەختی لە پاسەوانەکەی کردەوە :
- ناتانیاهۆ بەم بەیانی زووە تێل دەکات؟
ئەوەی وت بەپەلە زەنگی بۆ کردەوە، کاتێکیش گوێی لە دەنگی بوو، زانی شڵەژاوە، دڵنیابو شتێکی گەورە ڕوویداوە. سەر خۆی نەهێنا و هێمن بووەوە، بەدەم ڕۆیشتنەوە بۆ ژوورەکەی خۆی قسەی لە گەڵدا دەکرد:
- ناتانیاهۆ سڵاو و ڕێز، بەیانیت باش، شتێک بووە بەم بەیانی زووە تێلت کرد؟
- بەڵێ گەورەم، جەنابی جۆوبایدن، بەیانیتان باش و بەهیوام تەندروست باش بن، بەڵێ شتی زۆر گرنگ ڕوویداوە.
- قسە بکە بەڕاستی زۆر زۆر ترسام، هەستم کرد شتێکی گرنگ بووە؟
- بەڵێ ڕووداوێکی گەورە ڕوویداوە، ئایا ئێوە ئاگاداری هیچ نین؟
- هەست بەمەترسیەکی گەورە دەکەم؟
- ئاگاداری هیچ جووڵەیەکی تۆقێنەر نین لە دوورگەی ئۆمیاگۆن ڕووی دابێت؟
- ڕادارەکانی دەریایی و مانگی دەستکرد چەند وێنەو نامەیەکیان ناردووە، هەستیان بەدوو تەقینەوەی نهێنی بێدەنگ

کردووە لە دوورگەی ئۆمیاگۆن و جیگەیەکی تریش لە وڵاتی کەهرۆ موگناتیس لە پشتی ئەمریکاوە، بەناوی گوندی دۆلفین یان کۆتایی جیهان یان گوندی مەرگ تۆمار کراوە.
بەو قسەیە ناتانیاهۆ سەرەداوێکی دۆزیەوەو جەختی کردەوە لە وەی زانیاری لە سەر گوندی دۆلفین وەربگرێت، بەو بیرەوە لێی پرسی:
- شارە رۆبۆتیەکەی نیشتەجێمان کردبوو لە ئۆمیاگۆن تواندیانەوە. ئەی لە گوندی دۆلفین چی بووە؟ ئەم گوندە چیەو کوێیە؟ ئێمە هیچ بنکەیەکمان لە وێ نیە.
- سەیرە، کەوتومەتە سەر دوودڵی، دەبێت لێکۆڵینەوە بکەین.
- دەبێت چین و ڕووسیا نەبن؟
- شارێکی ئەلیکترۆنی لە وڵاتی کەهرۆ موگناتیسی زەوی لە وسنورەی لە پشتی ئێمەوەیە دامەزراوەو نەمانزانیوە، ئیتر نازانین کاری چین و ڕووسیایە، یان چی. ناتوانین بریار بدەین هەتا توێژینەوە نەکەین. چۆن ئەوان دەتوانن ئێمە ببڕن و بچنە ناو گوندی دۆلفینەوە، کەسی تریش ئەو باڵا دەستییەی نیە. ئەوەی دوورگەی ئۆمیاگۆنیش زۆر نهێنی بووە.
ناتانیاهۆ گوێی لە وەزیری بەرگریش گرتبوو، ئەویش لە پاڵیا دانیشتبو بەگوێیدا دەیچپاند:
- کەواتە بوونەوەری فەزایین.
ئەو قسەیەی وەزیر گومانی بۆ ناتانیاهۆ دروست کرد، بەئاماژەیەکەوە پشتگیری کرد، بەو دڵنیاییەیشەوە وەڵامی جۆوبایدنیشی دایەوە:
- بێ گومانم لە وە، کەواتە جووڵەیەکی گەردوونی هەیە؟
- دەبێت چین و ڕووسیا بەهۆی چاودێری تەلە سکۆب ئەو

کارەیان کردبێت، یان بوونەوەری فەزایین؟
- دەبێت لێکۆڵینەوە بکەین، تۆڕەکانمان هەموویان جیمس وێب و سی ئای ئەی و هێزی دەریایی لە لێکۆڵینەوەی وردان.
ئەوەی وت، کەمێک پشوی دا، پاشان قسەکەی تەواو کرد:
- ئێمە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جەخت لە سەر پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل دەکەینەوە، هەردوولامان هاوبەشین لە بەرژەوەندیەکانماندا.
- هەمیشە یەک هەڵوێست و ستراتیژمان هەبووەو هەر ئەو بیروباوەڕەیشمان دەبێت، ئێستایش مەترسیەکان زۆر بوون، ئەوەشی جێگەی مەترسیە ئێرانە، نابێت بهێڵین چەکی ئەتۆمی بەرهەم بهێنێت. پتاندنی یۆرانیۆم جیهانی گرتۆتەوە.
جۆوبایدن گوێی بۆ راگرتبوو، پشویەکی دا، لەو ساتەدا کوپێک نیسکافەیان خستە بەردەمی، قومێکی لێدا و جەختی لە سەر پەیوەندیەکانیان کردەوە:
- پەیوەندی ئیسرائیل و ئەمەریکا پۆڵاینە، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت بەدەستهێنانی ئاشتیەکی مێژووییە لە نێوان ئیسرائیل و مەملەکەتی سعودیەدا، ئەم پەیوەندیە مقاشی چارەسەرکردنی هەموو ئەو تەنگەشانەیە روبەڕوی ئیسرائیل دەبنەوە، سعودیەش کلیلی دەروازە داخراوەکانە.
- لە ژێر سەرکردایەتی تۆدا پەرە بەو پەیوەندیانەو هەموو کیشە هاوبەشەکانمان دەدەین. گرنگ ئەوەیە چۆن هۆکاری تواندنەوەی ئەم شارە ئەلیکترۆنیە بدۆزینەوە؟
- زۆر باشە نابێت پەلە بکەین.
ناتانیاهۆ دەمێک بو پرسیارێکی لە لا دروست ببوو، لەو

ساتەدا بەهەلی زانی ئەو گرێیەی بۆ کردەوە:
- گەورەم ئێوە هیچ پەیوەندی و کۆبوونەوەیەکتان لە گەڵ بوونەوەرانی فەزاییدا نەکردووە؟
جۆوبایدن بەو پرسیارەوە شڵەژا و بەکورتی وەڵامی دایەوە:
- وابزانم دۆنالد ترامپ لە گەڵیاندا کۆبۆتەوە.
ناتانیاهۆ خەوێکی قورس میشکی گرتبوو، تەلیسمێکی ئەزەلی بو سەرتاپای جەستەی گرتبووەوە، لەو ساتەشدا وەک تۆڕ پێچایەوەو بیرو هۆشی داپۆشی، بەو بیرەوە دووا رازی خۆی بۆ دەرخست:
- ئەوەی چارەسەری کیشەکانی جیهانە تەنها دۆزینەوەی تابووتی پەیمانی خودایە، ناکرێت مێژووی جولە کە بەدوای تابووتێکدا بگەڕێین یەهوە بەدیاری بەنەوەی ئیسرائیلی بەخشیوە. دەبێت ئەو تابووتە بدۆزمەوەو کیشەکانی یەهود لە گەڵ نەتەوەکانی تردا چارەسەر بکەم.
جۆوبایدن بەو بیرە کتوپڕیەی ئەوەوە سەرسام بوو، بروسکەیەکی نەبین جەستەی گرتەوە، هەستی کرد بۆنێکی ترسناک هەڵدەمژێت، جەستەی داهێزرا، تەلیسمی تابووتەکە گرتیەوە، هێڵنجێکی دا، تاعونی تابووتەکە هۆش و نەست و دەروون جەستەی داپۆشی و بەبێ بیرکردنەوە پشتگیری لێ کرد:
- گرنگە دەبێت تابووتی پەیمانی خودا بدۆزینەوە.
- ئێستا پەیوەندی بەچین و ڕووسیاوە دەکەم، بزانم ئەوان هۆشیاری ئەم جووڵەیە نین؟
جۆوجۆوبایدن هەردوو چاوی ڕەشکەو پیشکەی دەکرد و بەزمانێکی خاوەوە دووا وەڵامی دایەوە:

- هەرگیز ئەو بابەتانە باس نەکەیت، زۆر بەوریایی قسەیان لە گەڵدا بکە.
- زۆر باشە کاتێکی خۆش.
- کاتێکی خۆش، بای.
ناتانیاهۆ هەر مۆبایلەکەی داخستەوە توشی بیرکردنەوەیەکی تر بوو، شڵەژا، وەک شتێکی دۆزیبێتەوە، کتوپڕ تێلی بۆ دۆناڵد ترامپ کرد، ئەویش لە سەر هێڵ بو وەڵامی دایەوە:
- دڵمانی ناتانیاهۆ بەیانیتان باش.
- بەیانیت باش گەورەمان، ئێوە باشن.
زۆر باشین سوپاس، فەرمو چی فەرمانێکتان هەیە بۆتان جێ بەجێ بکەم.
- گەورەم کیشەیەکی گەورە ڕووی داوە، دڵنیام ئێوە ئاگادارن، دەمەوێت پرسیارێکت لێ بکەم، ئایا ئێوە هیچ کۆبوونەوەیەکتان لە گەڵ بوونەوەرانی فەزاییدا کردووە؟
- بەڵێ ئەمە نهێنیە نابێت باس بکرێت، رۆبۆتیان ناردبوو، دوای قسەکانمان پوچەڵیان کردەوە، تەنها ئامێرێک مایەوە.
ئەوا ئێستا وێنەکەیت لە واسابەوە بۆت دەنێرم
- جێی داخە، زۆر سوپاس بۆ ئێوە.
کاتێک وێنەکەی نارد، ناتانیاهۆ سەیرێکی کردوو هەردووکیان بەنامە بای بایان لە یەکتری کرد.
***

جۆوبایدن قومێکی تری لە نیسکافەکەی دایەوە، بەو مەترسی و شەپۆلانەوە کەوتە بیر کردنەوەوە، بەرچاویشی قورس تر بوون، بەدەم بیرکردنەوەی جەنگی ئەتۆمیەوە بیری دەکردەوە، بەو تۆڕەوە کەوتەوە ناو تەنگەژە گەورەکەی

ئۆکتۆبـەری هـەزار و نۆسـەد و شەسـت و دوو، سـات بەسـات بـەرچاوی تـاریکتر دەبـوو، چـاوی بـەجۆن کیندیـەوە چـاوی ڕەشــکەو پیشــکەی دەکــرد، بــەو ترســناکیەوە کەڕوویشــکە خـەوێک بردیـەوە، وەک ئـەو سـاتەی جۆن کینـدی سـەرۆکی ئــەو کاتــەی ویلایەتــە یــەکگرتووەکانی ئــەمریکا بەپەلــە ڕاوێژکارەکانی کۆکردەوە.

کامێراکــە بــۆ ئــەو کاتــە گەڕایــەوە، لاپــەڕەی ڕۆژنامــەی واشـنتۆن پۆسـتی لـە ئەرشـیفەوە هێنایـەوە، وەک ئەوسـاتەی جۆن کیندی ئەو کیشەیەی بۆ شیکردنەوە:

- ئێسـتا ترسـناکترین سـاتە لــە مێـژوودا، یـەکێتی سـۆڤیەت لـە ڕێـی هێـزی دەریاییـەوە کۆبـای پـڕ کـردووە لـە موشـەکی ئــەتۆمی، ئەگــەر پێمــان نەیزانیایــەو تورکیامــان نەکردایــە بەبنکەی موشەکی ئەتۆمی کۆتایمان پێ هاتبوو.

نیکیتیــا خرۆتشــۆفیش ســەرۆکی یــەکێتی ســۆڤیەت، بــەو جوولەیـەوە ترسـی لـێ نیشـت و نامـەی هۆشـداری بـۆ نـارد. ئـەویش بەلێزانینـەوە داوای لابردنــی موشـەکەکانی ڕووسـیای کرد لە کۆبا، خرۆتشۆفیش وەک خۆی نوسیبویەوە:

- (لـە بیسـت و حـەوتی ئۆکتۆبـەردا نامەکـەتم پـێ گەیشـت و بــەئازارێکی زۆرەوە خوێندمــەوە: ویلایەتــە یــەکگرتووەکانی ئـەمریکا هـیچ دووژمنایەتیـەکمان لـە گـەڵ یـەکێتی سـۆڤیەتیدا نیە، ئێمە بە زەمانـەتی نێو دەوڵـەتی موشـەکەکانمان لـە تورکیـا و ئیتاڵیــا دەگوێزینــەوە، تاقیکردنــەوەی موشــەکی هــەوایی لــــە ژینگــــەدا قەدەغــــە دەکــــەین، بەمــــەرجێک ئێــــوەش موشـەکەکانتان لــە کۆبــا لاببــەن. یــەکێتی سـۆڤیەتیش هـیچ دووژمنایەتیـەکی لــە گــەڵ ویلایەتــە یەکگرتووەکانــدا نیــە،

لـە سـەر ئـەم بابەتـە بکەوینـە گفتوگـۆ. راسـتە ئێمـەش پابەنـد دەبـین و بەمـەرجێک پـەیمان بـدەن لـە ئاینـدەدا ئێـوەش کۆبـا داگیر نەکەن).

جۆوبایدن بـەو خەیاڵـەوە خـەو بردیـەوە، خـەوی بـەو سـاتەوە بینیـەوە بـۆ پێشـبینی روودانــی جـەنگی ئۆکرانیـاوە پەیوەنـدی بـەڤلادیمێر پۆتینـەوە کـرد، ئـەویش مۆبایلـە کـەی هـەڵگرت. کاتێک وەڵامی دایەوە، بەخۆشیەوە بەیانی باشی لێکرد:

- هـاوڕێم ڤلادیمیـر پـۆتین، بـەیانیت بـاش و هـەموو کاتێکـت هەر خۆشی بێت.

- زۆر سوپاس جۆوبایدن ئێوە تەندروستیتان باشە.

- دەمـەوێت دڵنیـا ببمـەوە لەو بوونیـە سـەربازیە زۆرەی لــە سـنوری ئۆکرانیـا کۆتـان کردۆتـەوە؟ ئایـا مەبەسـتتان داگیـر کردنی خاکی ئۆکرانیایە؟

- نـەخێر ئامانجمـان ئـەوە نیـە، تـەنها بـۆ مەشـقی سـەربازیەو هیچی تر.

- مەشقی سەربازی بۆچی لەو سنورەدا؟ ئەگـەر بیر لـە داگیر کردنــی ئۆکرانیـا بکەنــەوە، ئێمــەو هاوپەیمانــەکانمان ناچـار دەبـین پارێزگاریـان لــێ بکـەین. ئامادەشـین بـۆ چارەسـەری دیبلۆماسـی لـە نێوانتانـدا بـین، هـەر سـیناریۆیەکیش روبـدات. ئێوە بەرپرسیارن.

ڤلادیمیر پۆتین، خـۆی لەو باسـە دزیـەوەو بـەلا لێـوەوە جـەختی کردەوە.

- هیچ ڕوونادات.

- ڕوونـەدات باشـترە. ئەگـەری جـەنگێکی بـەرفراوانی لــێ دەکەوێتەوە.

لەو ساتەشدا جۆوبایدن تورەیی دەباراند، پەنجەی شایەتومانی بەرز کردبووەوە:
- ئێمە وەک ئەمریکا و ناتۆ، ئەو هەموو کوشتار و کاول کاریەی ئێوە بۆ سەر ئۆکرانیا قبوڵ ناکەین.
ڤلادیمیر پۆتین، کورسیەکەی سوڕاندەوەو خولێکی خوارد، بەحەسرەتەوە مشتە کۆڵەیەکی بەمێزەکەیدا کێشاو لە بەر خۆیەوە کەوتە قسە:
- دەستمان بۆ ناتۆ و ئەمریکا دەکەینەوە، ئێمە وەک ڕووسیا پشومان درێژە، هەموو لایەکتان جەنگی ئێمەتان بینیوە، پێویست ناکات دووبارەی بکەینەوە، چارەنوستان وەک ناپلیۆن پۆناپارت و هێتلە ر دەبێت.
ئەوەی وت و دەنگی بەرز کردەوە:
- دڵنیابە ئێمە چارەسەری ئاشتیمان دەوێت.
جۆوبایدن بەو کەمە وەستانەی ئەوەوە توشی ڕاڕایی هات و زانی ئۆکرانیا داگیر دەکات، بەو دڵنیاییەوە بەڕاشکاوی نیەتی خۆی بۆ دەربڕی:
- ئێمەش دەمانەوێت بەئاشتی چارەسەر ببێت، ئەگەر ئێوە هێرش بکەن، ئێمە هەموو توانایەکی سەربازی و چەکێکیش بەئۆکرانیا دەدەین.
بەو قسەیەوە هەردووکیان بەبێ هیوایی مۆبایلە کانیان داخستەوە.
لەو ساتەدا جۆوبایدن باویشکێکیدا، ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بەپێوە وەستابوو، نەیویست لەو خەوە بێداری بکاتەوە، هەتا ئەو چاوی هەڵبڕی، ئەوسا بەیانی باشی لێکرد:
- گەورەم داوات کردبووم.

جۆوبایدن خـەوو کارەساتەکەی لـە لا تێکـەڵاو ببـوو، نـەیزانی چـی پرسـیارێکی لـێ بکـات، بـەو تێکەڵیـەوە هەناسـەیەکی هەڵکیشا:
- دەزانیت ئێستا بارودۆخەکە زۆر قورسترە.
- بەڵێ دەزانم، زیاتر مەبەستت لە چی کاتێکە؟
جۆوبایـدن پەنجـەی بەلێویـەوە گرتبـوو، لاییـردوو بەهێواشـی ئەو گرێیەی بۆ کردەوە:
- خرۆتشـۆف و جـۆن کینـدی دوو سـەرکردەی ژێـر بـوون مرۆڤایـەتیان لــە نــەمان ڕزگــار کــرد و یەککــەوتن، ئێســتا بارودۆخەکـە زۆر هەسـتیارە، تـەنها ئـەمریکا و ڕووسـیا نیـە، چین و ئێـران و کۆبـا و وڵاتـانی تریشـە. جـەنگی ئۆکرانیـاش شـتێکی زۆر قێزەونــەو ڤلادیمیـر پـۆتین ئـەو وڵاتـەی خـاپور کردووە، دەیەوێت داگیری بکات.
بـەدەم وەنـەوزی خـەوەوە ئـەوەی وت و تەلیسمێکی گـەورەش گرتبوویـەوە، خــەیاڵی بەســەرەتای دروســت بــوونی ئــاڵۆزی جەنگی ئۆکرانیاوە دەکردەوە.
بــەدەم ئــەو زڕە خــەوەوە مۆبایلـە کـەی لـە دەسـت کـەوتبووە خـوارەوە. لـە سـەر کورسـیەکەیەوە تـابووتی پـەیمانی خـودا سـەرتاپای جەسـتەی گرتبـووەوە، خـەوێکی قـوڵی کـرد. ڕاوێژکـار بـەبێ چرپـە پاشـەو پـاش هاتـە دوواوەو بەهێواشـی دەرگاکەی بەدوای خۆیدا داخستەوە.
***
ناتانیـاهۆ گـوێی لـە وەزیـری بـەرگری گـرت بـوو. ئـەویش جەختی لە سەر پەیوەندی ئیسرائیل و ئەمریکا دەکردەوە:
- ڕاستە ئەمریکا هاوپەیمانمانە، ئێمـە یـەک گۆشـت و خـوێن و

جەستەین.
وەزیری بەرگری ئاهێکی هەڵکیشا:
- چۆن شارێکی وا ئەلیکترۆنی لە گوندی دۆلفیندا هەبووە، مانای هی چین و ڕووسیایە؟
- زۆر گومانی لێ ناکرێت، ئەو چەکەیش زۆر پێشکەوتووبووە شارەکەی تواندۆتەوە، وەک قاپێکی نایلۆنی سوتاندبێت.
- کەواتە هێزێکی باڵا لە سەر و هەموومانەوە هەیە.
ناتانیاهۆ زۆر شڵەژا، بەدەم گوێ گرتن لە وەوە، تێلی بۆشی جین بینگ کرد و وەڵامی نەبوو.
شی جین بینگ بەیانیان زو لە خەو هەڵدەستا، کوپێک کۆکتێلی شیر و قاوەی دەخواردەوە خۆی دەگۆڕی، جلە کانی لە بەر دەکرد و دەچووە سەر مێزی نان خواردن، نان و چایی دەخوارد. پاشان گوێی لە مۆسیقایەکی چینی کۆن دەگرت، دوای ئەوە سواری ئۆتۆمۆبێلە کەی دەبو بۆ کۆشکی کۆماری، سەرتاشەکەی رشی بۆ دەتاشی و قژی بۆ رێک دەکردەوە.
لەو کاتەشدا دوای ئەوەی یەکەم زەنگی ناتانیاهۆی بۆ هات لە ناو ئۆتۆمۆبیلە کەیدا گەیشتبووە ناو کۆشک، هەر گوێی لە مۆسیقاکە دەگرت، بەو ئاوازەوە نامەیەکی دەنگی بۆ نارد:
- خۆشەویستم ئێستا دەگەمە ناو کۆشک، بەگەیشتنم تێلت بۆ دەکەم.
ناتانیاهۆ زۆر خەمباربوو، دەستی بەسەر مۆبایلکەیەوە گرتبوو، بەدەم چاوەڕوانیەوە پەست ببوو، دوای چەند چرکەیەک زەنگی لە شی جین بینگەوە بۆ هات:
- ناتانیاهۆ دڵمانیت فەرمو خۆشحاڵ بووین.

- هاورێم شی جین بینگ، حەزم کرد ئەحواڵ و تەندروستیتان بزانم.
- زۆر سوپاس باشین.
- ویستم تاو توێی تەنکەژەی جیهان بکەین، هەست بەترسناکیەکی زۆر دەکەم.
- راستە زۆر هێمای ترسناک هەیە.
- بەدڵ پیرۆزبایی تەلە سکۆبەکەتان لێدەکەم زۆر خۆشحاڵ بووم.
- بۆ خزمەتی هەموو مرۆڤایەتیەو کاری باش دەکەین.
- دەبێت زانیاری گرنگتان وەرگرتبێت لە سەر بوونەوەرانی فەزایی؟ لە ئێستادا ئێمە هەست بەجووڵەیەکی تۆقێنەر دەکەین.
- تەنها جووڵەیەک هەیە ترسناکەو نادۆزرێتەوە.
- ئێوە هیچ جێگەیەکتان بۆمباران نەکردووە؟
- هەرگیز، بۆ هیچ شتێک ڕوویداوە؟
- نەخێر تەنها ئێمەش هەست بەمەترسیەک دەکەین.
شی جین بینگ بەئاماژەوە ڕووی کردە وەزیری بەرگری، دڵنیای کردەوە لە وەی هیچ گومانێکیان نەماوە، ئەوان بەهاوکاری ئەمریکا شاری رۆبۆتەکانیان لە گوندی دۆلفین تەقاندۆتەوە.
وەزیری بەرگری سەری لە قاند:
- هەزار داخ ئەمریکامان کۆتایی پێ هێنابوو.
- دەبێت هەوڵ بدەین تۆڵەیان لێ بکەینەوە. چین بەهێزترین سەکۆی ئابوری جیهانە دەتوانین هەموو شتێک بکەین.
وەزیر سەری لە قاند و دووا بیرکردنەوەی خۆی بۆ

دەرخست:
- ئیسرائیل دەوڵـەتێکی زۆر هەڵەشـەیە خـاڵی لاواز بەدەستەوە دەدات و دەبێت یەک و ملیۆن باجەکەی بدەن.
شـی جین بینـگ بـەو دڵنیـایی و گومانـەوە وەڵامـی ناتانیـاهۆی دایەوە:
- ئێمە چاودێری دەکەین و ئاگادارتان دەکەینەوە.
ناتانیـاهۆ هەسـتی کـرد شـتێکی شـاڕاوە لـە نـاخی ئـەودا هەیـە، پێسـتە سـوورەکەی تـوێژاڵکی رقێکـی ئەسـتوری هـەڵگرت، ئەوەی لە ناو دڵ و بیر و خەیاڵیدا بو نەیدەتوانی بیشـارێتەوە، تابووتەکـــەش هـــەموو ڕوانینـــی گرتبـــووەوە، جـــەســـتەی پێچـابووەوە، بـەو تەلیسـمەوە ڕووی راسـتیەکانی بـۆ دەرخسـت و داخی دڵی خۆی هەڵڕشت:
- دەبێت تابووتی پـەیمانی خـودا بهێنمـەوەو جیهـان بخەمـە ژێر دەستی نەوەی ئیسرائیله وە.
ئەوەی وت، پەنجەی بەرز کردەوەو لە بەر خۆیەوە دووا:
- دەزانین لە مەولا چۆن تۆڵەتان لێ دەکەینەوە.
بـەو چرپەیـەوە روکەشـی خـۆی گـۆڕی. ئـەویش هەسـتی کـرد بروسـکەیەکی ناکاتـە گرتـوێتی و تـامی تـاعون و تابووتەکـەش هەموو جەستەی گرتەوەو سێ جار لە بەر خۆیەوە وتیەوە:
- تابوتی پەیمانی خودا!
بەو تەلیسمەوە بەزمانیکی خاوەوە وەڵامی دایەوە:
- ئێمـەش هـەر چـاودێری دەکـەین و دەبێـت پێکـەوە کـار بـۆ دۆزینەوەی بکەین.
- هەموومان لە سەر هێڵین. هاوڕێ گیان خوات لە گەڵ بێت.
- خوات لە گەڵ.

ناتانیاهۆ بەرقەوە پەنجەی بەدووگمەی مۆبایلەکەیدا ناو دایخستەوە. بەفیکە موزیکێکی ئاینی وتەوە. یاری بەپەنجەکانی دەکردوو رقەکەی هێور دەکردەوە:
- ئێوە نازانن ئیسرائیل چیە؟
هەر پێنج پەنجەی دەستی چەپی تێک ئالاند:
- بۆ ئێوە نازانن نەوەی ئیسرائیل لە ڕوی هەواڵگریەوە باڵادەستە بەسەر هەموو جیهاندا؟
بەدەم یاری کردن بەپەنجەکانی و ئاگری رقی ناوچاوانیەوە تێلی بۆ ئاهارۆن بەرپرسی هەواڵگری سوپایی کرد. کاتێک ئەو مۆبایلەکەی هەڵگرت، ئەمیش بێ گیرەو گوڵ ناخی دڵی خۆی بۆ کردەوە:
- سڵاو ئاهارۆن، دەمەوێت نزیکترین کەسم لە شی جین بینگەوە بۆ بدۆزیتەوە.
ئاهارۆن لە سەر کورسیەکەیەوە خولی خوارد، لە سەر مێزەکەی بەردەمی سێ ناوی دۆزیەوە، زۆر بەبڕوا بەخۆبوونەوە دڵنیای کردەوە:
- خەم مەخۆ گەورەم لە ناو کۆشکدا خەڵکمان هەیە.
ناتانیاهۆ دڵنیایی و توڕەیی تێکەڵ کردەوە:
- شەرتە هەتا شورای چین وەک دیواری بەرلین بڕوخێنم.
هەردوو دەستی کردەوە:
- ئەم جیهانە لە ژێر دەستی نەوەی ئیسرائیلدایە، کەس ناتوانێت بێ پرسی ئێمە بجوڵێتەوە، نابێت ئێمە وا بمێنینەوە، ئێستا کاتی دەستکردنەوەمانە دەبێت دارو بەردی غەزە بتوێنەمەوەو بزوتنەوەی حەماس لە ناو ببەم و هەرچی دیوار و بەربەست هەیە لە جیهاندا بیڕوخێنین.

***

ئێمــە لــە نــاو تەنــە فەزاییەکــەدا لــە چــاوی کامێراکانــەوە ناتانیاهۆمـان خسـتبووە ژێـر چاودێریـەکی چـڕەوە، هـەردوو ئانیشـکی خسـتبووە سـەر مێزەکـەو بـەو شـەپۆلە وە بیـری دەکـردەوە، مێـژووی جولـە کـەی هێنایـەوە بـەرچاوی خـۆی، تابووتی پەیمانی خودا، هەموو نیگـاو ڕوانین و بیرکردنـەوەی گرتەوە.

بـەو ڕوانینـە جیهانگیریـەوە بەخـەیاڵ لـە گـەڵ یـەهوەدا کەوتـە گفتوگۆ:

- ئەی یەهوەی مەزن، ئـەی خـودای یـەهودی تـابووتی پـەیمانی خودام دەوێـت، ئێسـتا نـەوەی ئیسـرائیل دەمانـەوێت پـەیمانی تۆ بهێنینە دی و باڵادەستی بەسەر جیهانـدا بکـەین، یەهوەی خـودا پەیمانەکەت بەجێ بهێنەو تابووتەکەمان بۆ بنێرەرەوە.

بــەو شــێوازەوە بەخــەیاڵ قســەی لــە گــەڵ یــەهوەدا دەکــرد و ئــەویش تــابووتی پــەیمانی خــودای بــۆ دەنــارد، بــەو وێنــە خەیاڵاویـەوە زەنگـی بۆ جۆوبایـدن کـردەوە. ئـەویش لـە خـەوە زڕەکەیـدا بـوو، بـەو زەنگـەوە داچڵکـی و خەبـەری بـووەوە، مۆبایلـە کـەی لـە سـەر فەرشـەکە هەڵگرتـەوەو کتـوپڕ وەڵامـی دایەوە:

- فەرمو ناتانیاهۆ شتێکی نوێ ڕوویدا.

ناتانیـاهۆ بـەو تەلیسمەوە وەک وێنـەی یـەهوەو تابووتەکـەی بـۆ بنێرێت وشەکانی لە وێنەی خەیاڵاویدا چڕکردەوە:

- تـابووتی پـەیمانی خـودا، یـەهوە تابووتەکـەی بـۆ ناردمـەوە، لـە گـەڵ یـەهوەدا قسـەم کـرد، ئـەو تابووتـەی بـۆ ناردمـەوە، ئەوەی نەوەی ئیسرائیلی ڕزگار دەکـات، ئـەو تابووتەیـە دەبێت

جیهانی پێ بخەمە ناو تاعونەکەیەوە.
جۆوبایدن هێڵنج قوڕگی گرتەوە، هەناسەی سواربوو، بێ هۆشی گرتیەوە، هەستی کرد توشی تاعونەکە هاتووە، جارێکی تر مۆبایلە کەی لە دەست کەوتە خوارەوە.
ناتانیاهۆ بەو بێ هۆشیەوە پەیوەندی بەڤلادیمیر پۆتینەوە کرد، ئەویش بەلالوتەوە وەڵامی دایەوە:
- فەرمو ناتانیاهۆ، هەواڵی بوونەوەرانی فەزایت پێیە؟
ناتانیاهۆ بەهەمان وێنەی جۆوبایدنەوە قسەی لە گەڵ کردەوە:
- یەهوە تابووتی پەیمانی خودای بۆ ناردم، بوونەوەران دەدۆزمەوە.
ڤلادیمیر پۆتین سێ جاری وتەوە:
- یەهوە تابووتی پەیمانی خودای بۆ ناردووم، بوونەوەران دەدۆزمەوە.
ئەوەی وتەوەو لە رز جەستەی گرتەوەو هێڵنجیش قوڕگی گرت و زمانی وشک بوو. هەستی بەمەترسیەک کرد، کتوپڕ تێلی کرد بۆ شی جین بینگ، لە گەڵ کیم جۆنگ ئون لە سەر هێڵ بوو، وتەکانی ناتانیاهۆی پێ وتنەوە، ئەوانیش یەکی سێ جار وتیانەوە:
- یەهوە تابووتی پەیمانی خودای بۆ ناردووم..بوون..ەوە.را.ن
هەرسێکیان بەپچڕ پچڕی و خاویەوە وشەکانیان وتەوەو باری دەروونیان تێک چو، مۆبایلە کانیان نەکوژاندەوەو لە سەر کورسیەکانیان لە هۆش خۆیان چون.

ئێمە لە ناو تەنە فەزاییەکەوە بەوردی سەرنجمان خستبووە سەر هەر پێنج سەرکردە زلە ێزەکەی جیهان. ئەوان هەر پێنجیان بەتەزوی تابووتی پەیمانی خوداوە، بەشالاوی سێ گۆشەی بەرمۆداوە لە زەویەکی نەبینەوە کێش دەکران.
ژیریی دەستکردیش دەگەڕایەوە بۆ مێژووی تابووتەکە. ئەوەشی مێژووەکەی دەزانی و نهێنیەکەی لە لابو ئۆتۆشۆ بوو، تیشکی کامێراکەی چووە سەر، لە سەر هەسارەکەوە لە گەڵ پڕۆفیسۆر ئۆراپلاندابوو، نهینیەکەی شی دەکردەوەو سۆدۆ قسەکانی بۆ وەردەگێڕا:
(تابووتی پەیمان، یان تابووتی بەڵگەنامە، یان تابووتی خودا، یان تابووتی سەکینە.
ئەم تابووتە لە تەختەی ئەکاسیا دروست کراوەو تابووتێکی ئەفسانەییە، لە ناوەوە و دەرەوەی بەتابلۆکانی دە راسپاردەکەی خودا بۆ پەیامنێر موسا نەخش کراوە. پەیمانی خودای تێدایەو بەهەیکەلێکی جوان رازاوەتەوە. درێژیەکەی مەتر و چارەکێک و نیوەو پانی و بەرزیەکەشی وەک یەکن، یەکی شەست و نۆ سانتی مەترەو روپۆش و چوار چێوەی بەئاڵتوون نەخش کراوەو بەچەند ئەڵقەیەکی بەزنجیر بەستراوی ئاڵتوونیشەوە بەستراوەتەوە، رەمزی پشتگیری کردنی خودای یەهودیەو ئەوان بەیەهوە ناوی دەهێنن.
بەپێی بیروباوەڕی یەهودی ئیسحاق پێغەمبەر لە ئیبراهیمی باوکیەوە وەری گرتووە، دوای کۆچکردنی نەوەی ئیسرائیل و دەرچوونیان لە ناو خاکی میسردا، لە خێمەی

کۆبوونەوەکاندا دایان ناوە. لە دەشتایەکاندا بەکۆڵ هەڵیان گرتووە. لە هەموو جەنگەکاندا سەرکەوتنی پێ بەخشیون، بەو بڕوایەشەوە لە وە بەدوواوە لە خێمەی کۆبوونەوەکاندا لە شاری شیلوە دایانناوە.
دەگێڕنەوە کاتێک کۆمەڵێک کاهین هەڵیان گرتووە، هەتا لە ڕوباری ئەردەنەوە بپەڕنەوە، ڕوبارەکە وەستاوە، لە دوای ئەوەی نەوەی ئیسرائیل لە جەنگێکدا تێک شکاون، ناچار بوون تابووتەکە ببەن، هەتا ببیتە فریاد رەسیان و هێزی سەرکەوتنیان بداتێ. تابووتەکە لە (سەبی)لە سەر دەستی فەلە ستینیەکاندا کەوتووەو دوایی بردوویانە بۆ (ئەشدوود)بۆ پەرستگای خواوەند داجۆن. بەدانانی لەو جێگەیەدا پەیکەری داجۆن کەوتۆتە سەر زەوی و هەردوو دەستی قرتاوەو لە بەردەمی دەرگاکەدا لە ئاستی تابووتەکەدا کەوتووەو دوای ئەوە تاعون بڵاوبۆتەوە. بەو هۆکارانەوە سەرکردەکانی یەهودی گواستویانەتەوە بۆ (عەقرۆن). لە وێش دیسان تاعون بڵاوبۆتەوە. بەناچاری دوای حەوت مانگ هێناویانەتەوە بۆ(بەیت شیمش). لە وێش دووبارە تاعون بڵاوبۆتەوە، هەرکەسێکیش سەیری کردووە نەخۆشی تاعونی گرتووە. خەڵکێکی زۆریش توش بوون، بەناچاری گواستویانەتەوە بۆ (بەیتی ئافیندیف) لە (جەعفا).
داود پێغەمبەر لە کاتی دەسەڵاتی خۆیدا گواستوێتیەتەوە بۆ(ئۆرشەلیم). دوایی سولە یمانی کوڕی بردوویێتی بۆ(قدس الاقداس). لە سەر ئەو هەیکەلە دایناوە بەو مەبەستەوە دروستی کردووە، وەک ئەو بناغەیەی ئیسحاق پێغەمبەر لە ئیبراهیمی باوکیەوە وەری گرتووە. ئەویش تابووتەکەی

لـە سـەر دوو پەیکـەر دانـاوە، لـە ئـاڵتوون دروسـت کـراون، دوای ئـەوەی بـۆ هەیکەلـە کـە دەگواسـترێتەوە. کاتێـک کـاهنی گەورە ئاهرۆن یاخیبووە چارەنوسـی دیـار نامێنێـت. نازانـدرێت نەبووخوزنەسر لـە گـەڵ تـاڵان کردنـی ئۆرشـەلیمدا بردوویـەتی بۆ بابل، یان کۆرشی پادشـای فـارس لـە کـاتی گواسـتنەوەی بـۆ نـاو هەیکـەلی دووەم دەیشـارێتەوە، لـە قورئانیشـدا بـەتابووتی سەکینە ناوی هاتووە، خودا هەڵیکیشاوەتەوە بۆ ئاسمانەکان.

لـە دوای ئـەو کاتـەوە هـەموو مێـژووی جولـە کـە بەدوایـدا دەگەڕێن و هیچ شوینەوارێکی نەمایەوە.

ئۆتۆشۆ هیلاک بـوو، ناوچاوە چرچاویەکـەی رەنگێکـی تریـان هەڵگرت و بێدەنگ بوو، توانای نەما وشەیەکی تر بڵێت.

پرۆفیسۆر ئۆراپلانـدیش بـەدوای نهێنـی تابووتەکـەدا دەڕۆیشـت و شـیکردنەوەی ئـەو بارودۆخـە ئـاڵۆزەی دەکـرد، لەو سـاتەدا ڕووداو پێشــهاتەکانی گــەردوون وەک تاڵــە دەزوی تێــک ئاڵاویـان دەنوانـد، بـەو ڕوانینەشـەوە لـە تیشـکی کامێراکـەوە تیشـکی خسـتبووە سـەر ئـاڵۆزی سـەرکردە باڵاکـانی سـەر زەوی. بەتایبەتی سـەرنجی لـە سـەر ناتانیـاهۆ بـوو، ئـەو ببـووە سەرەداوی تابووتەکە.

***

لەو ساتەشـدا ئـەو تابووتـە لــە بـەر چـاوی ناتانیـاهۆدا بـو بەرەمزی جیهان گیری نـەوەی ئیسـرائیلی. بـەو بیـرەوە هەسـتا، سـەری گێـژی دەخـوارد، دەسـتێکی ڕەش لـە سـەر ناوچـاوانی بـوو، هێڵـنج گـەڕووی گرتبـووەوە، بـێ هـۆش بـوو. تونێلێـک لـە کۆشـکەکەیدا کرایـەوەو تـەوژمێک وەک هێـزی موگناتیسـی رایکێشا و چووە خـوارەوە. بەقوڵاییـەکی تاریکدا شـۆڕبووەوە،

تەوژمەکــە بــەهێزتر دەبــو وەک دەســتێکی نــەبین گرتبــووی بــەدوای خۆیــدا رایدەکێشــا، ماوەیــەکی زۆر بەدوایــدا ڕۆیشــت، هــەتا گەیشــتنە دەشــتاییەک و کــڵاو ڕۆژنەیــەکیش دەرکــەوت. فەزاکــە رۆشــن بــووەوە، تیشــکێکی پێچەوانــە دەهاتــە نــاو دەشتەکەوە، وەکو لە ناو ئاوێنەدا تیشک بداتەوە. بەو تیشکەوە گێژببــوو، هــەرچی کــرد نــەیزانی ئــەو تەوژمــە چیــەو هــیچ تەزویەکیشــی نــەبینی، بــەو جۆرە تونــد گرتبــووی بەخۆیــەوەو دەیگوشــی، وەک کارەبــا یــان تەزویــەکی نــەبین یــان هێزیکــی ئەزەلی گرتبێتی.

کاتێــک لــە دەشــتەکە دەرچــوو، گەیشــتە شــاخێکی بچــووک، لە گرد گەورەتر و لە شاخ بچووکتر بوو. شاخەکە درەخت و گــژو گیــای پێــوە نــەبوو، رەنگــی خــاکی نــەبوو، وەک ئــەوەی لە خۆڵ و تاشە بەرد دروست نەبووبێت. رەنگی سوور بوو، ســوورێکی خوێنــاوی تــۆخی تێکــەڵ. کڵــۆ کڵــۆی هــەڵکفانی خوێنەکە مەیو بوو، وەک گڵمتە خۆڵ دیاریان دەدا. سەر هەتا پای شاخەکەش سوور بوو، لە سووریدا وەک بورکان دەکوڵا و بریسکەی تەقینەوەی گزنگی دەدایەوە.

ئــەویش لــە بنــارەوە ســەرکەوت، تەوژمــەکــە بــەهێزتر گرتبوویــەوەو بــەدوای خۆیــدا کێشــی دەکــرد، بــەو شــێوەیەش رۆیشــت، بــەناو قــوڕاوێکی بــەخوێن شــێلڕاودا هــەنگاوی هەڵدەهێنایــەوە. ڕێگــا بــڕین بەســەر ئــەو شــاخەدا قــورس بــوو، زەویەکــە نــەرم ببــوو، هــەنگاوەکان لــە ناویــدا بەســەختی هەڵدەهێندرانەوە، لە ناو شلیەکی نەزانراودا دەچەقی.

هــەر بــەدوای تەلیسمەکەدا دەڕۆیشــت، ئــەو قــوڕاوە خوێناویــە هەتا سەر ئــەژنۆی هــات بــوو، بڕستی لــێ بــڕی بــوو، هەناســە

بڕکێی توش ببوو، دەست و قاچی لە جوولە کەوتبوون. لە پڕ کەوت، هەموو لە شی بەو شلە سوورە داپۆشرا.
تەزووەکە هەر رایدەکێشا، ئەویش هیچی نەدەبینی. جارێکی تریش کەوتەوە. وەک پەیکەرێکی خوێنینی لێهات، تەوژمەکە هەر بەهێز رایدەکێشا و کتوپڕ هێزی هەڵساندنەوەی دایە، ئەویش بەدەستێکی چاوی سڕی و کەوتەوە ڕۆیشتن.
کاتێک گەیشتە سەر گردەکە تۆفانێک هەڵی کرد، هەزاران جەستەی تێکەڵاو لە ژن و پیاو و منداڵ، لە ڕەش پێست و سپی پێست، کورتە بنەو نیوە مرۆڤ، بەناو شەپۆلی تۆفانەکەوە دەهاتن، سەمایان دەکرد، بەیەکدا دەدران، وەک نمایشی شانۆیەکی خواوەندی بکەن.
ئەویش بەو شاڵاوەوە لە گردەکە چووە خوارەوە، کەوتە ناو تونێلێکی ژێر زەریاوە، دەرگایەک کرابووەوە، هۆڵێکی زۆر درێژبوو، پڕ بو لە ساردکەرەوەی گەورە، هەر یەکێک دەیەها تەرمی تیادابوو، ئەویش لە لای راستەوە ڕۆیشت و لە نیوەیدا ئاوڕی دایەوە، جۆوبایدن بەپشتیەوە بەسترابووەوە، لە یەکتریان دەڕوانی ناتانیاهۆ لێی پرسی:
- سڵاو جۆوبایدنی هاوڕێم، تۆیش هاتویت بۆ تابووتی پەیمانی خودا؟
- بەڵێ هاوڕێم، دەبێت تابووتی پەیمانی خودا وەربگرینەوەو جیهان داگیر بکەین.
تەوژمەکە بەهێزتر دەبوو، وەک پەیکەرێکی سریالی دەردەکەوت. هەردووکیان بەدیقەت لێیان روانی، هیچیان نەیانزانی شێوەی چیە؟ بوونەوەرە یان شەیاتینی، یان جندۆکەیە؟ یان تەوژمی ئەزەلیە.

ناتانیاهۆ سەیری جۆوبایدنی کرد، سەری سوڕما، ئەویش سەرهەتاپای جەستەی بەو گڵمتە خوێنە سوور ببوو، وەک بورکانێکی خەففە گڕیان لێ دەبووەوە. ساتێک بەو دوو دڵیەوە لێی روانی، زانی ئەویش بەدوای ئەودا بەگردەکەدا سەرکەوتووە، بەو بیرەوە لێی پرسی:

- تۆیش بەگردی مەرگدا سەرکەوتیت؟

جۆوبایدن بەپەنجەی چەپی لاچاوی لەو خوێناوە پاک کردەوەو دڵنیای کردەوە:

- بەدوای تۆدا دەهاتم، پەتێک هەردووکمانی بەیەکەوە بەستۆتەوەو بەدوای تۆدا کێشم دەکات.

جۆوبایدن بە وێنەی تابووتەکەوە پەتەکەی پشتی راکێشا:

- من زۆر ماندووم، شی جین بینگ و ڤلادیمێر پۆتین و کیم جونگ ئونیش بەپشتی منەوە بەستراونەتەوە.

ناتانیاهۆ کۆکەیەکی کرد:

- هەمووتان بەپشتی منەوە بەستراونەتەوە.

ئاوڕیان دایەوە ئەوانیش هەرسێکیان بەدوای یەکدا بەپشتی یەکتریەوە بەسترابوونەوە.

لەو ساتەشدا هەموویان لە یەکتریان دەڕوانی و سەیری تەلیسمەکەیان دەکرد، بەو ڕوانینەوە زمانیان شکا بوو، وەکو وشەیان لە بیر چوبێتەوە، تەلیسمەکەش رایدەکشان، هەتا بردنی بۆ ناو ژوورێکی تر، تابووتێک لە سەر مێزێک دانرابوو، درێژیەکەی زۆر فراوان ببوو، تەلیسمەکە چووە سەر تابووتەکەو بەزمانی ئاماژە نهێنیەکەی ئاشکرا کرد:

- ناتانیاهۆ ئەوە تابووتی پەیمانی خودایە، ئێوەی جولە کە بەدوایدا دەگەڕێن، مێژووی جولە کە دەتانەوێت ئەو تابووتە

وەربگرنەوە، ئەوەتا بیبەن.
ئـــەوەی وت دەســـتی خســـتە ســـەر پـــەتێک بەتابووتەكـــەوە بەسترابووەو، پەتەكەی راكێشا و درێژیەكەی كورت كردەوە بۆ یەک مەتر و چارەكێک، بەپەتێکی تر پانیەكەی كورت كردەوە بۆ شەست و نۆ سانتیم، ئەوسا ئاماژەی بۆ تابووتەكە كرد:
- ئەوە تابووتەكەیە.
تابووتەكـــە زیـــاتر و زیـــاتر فـــراوان دەبـــووەوە، شـــەپۆلێکی بەهێزی ئاویش هات، تەلیسمەكە چووە ناویەوە، یەكەم جار دەستی ناتانیاهۆی گرت، بەهێواشی بەرزی كردەوەو خستیە نـــاو تابووتەكـــەوە، جۆوبایدنیشـــی راكێشـــا، پـــەلی شـــی جـــین بینگیشـــی گـــرت و ڤلادیمێـــر پـــۆتین و كـــیم جونـــگ ئـــونیش بەدوایانەوە هاتن. كاتێک هەر پێنجیانی خستە ناویەوەو لێیان جیـــابووەوە. ئـــەوانیش هـــەموویان هەڵدەبەزینـــەوەو ســـەمایان لـــە گـــەڵ وینەكانـــدا دەكـــرد، بـــەو شـــێوازەوە لـــە تابووتەكـــەدا مانەوە.
ڕەشەبایەكی بەهێز هەڵی كرد، تابووتەكە فڕاوانتر بووەوە، كۆشكێک لە ناویدا رسكا، لە سەر زەریاكەدا وەكو شارێکی نهێنـــی ڕووبەرەكـــەی داگیـــر كردبـــوو، زریـــانێکی بـــەهێزیش هەڵی كرد و ملیۆنان جەستەی ناو تابووتەكە وەک هەزاران كۆلارەی بەیەكەوە بەستڕاو بەرز دەبوونەوە، جەستەكانیان توابوونـــەوە، تـــەنها رۆحـــەكانیان مابوونـــەوەو شـــێوەی جەســـتەكانیان هـــەڵگرتبوو، هـــیچ قورســـایەكیان نـــەبوو، هەموویان بەچەند پەتێکەوە بەسترابوونەوە لە ناو تابووتەكەدا چەسپ كرابوون.

لەو ساتەدا تارماییەکە دەرکەوتەوە، تابووتێکی بچووکی هێناو پێچایەوەو دوای ئەوە زەنگێکی ئاگاداری بڵاو کردەوە، بەوشە وەردەگێڕدرا:
- ئێرە کۆشکی ئیبلیسە، لە سەر تابووتی پەیمانی خودا دروست کراوە، ئەمە بچووک کراوەی ئەوە.
زریانەکە بەهێزتر بوو، کۆلارەکان بوون بەملیۆنەها و بەرزبوونەوە، بەشەپۆلی بایەکەوە دەهاتنەوە خوارەوەو بەرچاوی هەموویانیان دەگرت.
هەر پێنجیان لە وێنە دابەزیوەکانیان دەڕوانی، هەموویان دەیانناسینەوە، بەبەرگی خوێناوی و زامی تیمار نەکراوەوە، کەم ئەندامانی منداڵانی غەزەو ناکازاکی و هێرۆشیما و ڤێتنام و ئۆکرانیاو هەڵەبجەو ئەنفال و باشووری ئەفریقا و چین و ڕووسیا و وڵاتانی تر بوون. هەمووشیان وێنەیەکی قابیلیان چوبووە سەر و بەیەکەوە تێکەڵاو دەبوون. بەزمانی باڵندە هاواریان دەکرد و سرودێکی ناوازەی نەبیستراویان بەمۆسیقایەکی گەردوونیەوە دەوتەوە، وشەکان وەک جەستەو رۆح تەریب ببوون.
ئەوان هەر لە ناو تابووتەکەدابوون. تۆفانێک هەڵی کردەوە. تابووتەکە کەوتە سەر ئاو، کۆلارەکانیش بڵاو دەبوونەوەو پەتەکان بەرز دەبوونەوەو یاریان دەکرد، ملیۆنان ملیۆن وێنە بەفەزادا بڵاو دەبوونەوە. تابووتەکەش لە سەر ئاوەوە وەک کەفێکی خواوەندی شەپۆلی دەدا.
ئێمە لە ناو تەنە فەزاییەکەدا بووین، لە سەر زەوی، لە چاوەکانی کامێراکەوە بەوردی سەرنجمان دەدا، وێنەی پێشهاتەکانمان بۆ هەسارەکە دەناردەوە، ژیریی دەستکردیش

مۆنتـاژی ئـەو چرکـە سـاتانەی دەکـردەوە، گـەردوون لـە سـاتی تەقینەوەدابوو.

ئـەوان لــە نــاو تەنــە فەزاییەكــەوە لــە ســەر زەوی تیشــكیان خستبووە سـەر پێگـە ئەتۆمیـەكان، بـەردەوامیش وێنـەی سـەر زەویــان بــۆ پرۆفیســۆر ئۆراپلانــد دەنــارد. ئــەویش پێگــە ئەتۆمیـەكانی نیشـانە دەكـردن، تـەنها ئاماژەیـەكی خستنە سـەر. ئەوەی گرنگ بو لە لای كۆتایی گوندی دۆلفین بـوو، لـە دوای خۆیـەوە بوخــار و گــەردەلولێكی هــەبوو، دەیویســت پێكهاتــە فیزیـایی و كیمیاییـەكان تێكـەڵاو بكـات. لـە سـەر سـەرەتای بوونەوە هەتا ئێستا بیردۆز و فەلسـەفەی بـوونی خوێندبووەوە، نەخشەی گەردوون لـە بـەرزی ئەندازیاریدا كێشـەیەكی لـە لای هەبوو، وەستانی هەسارەكان لە سەر یـەك گرنگیـەكی زانستی بــوون، زۆریــان نەدۆزرابوونــەوە، ئــەو نــاوی نــابو ڤــۆگی یـونیڤێرس، بـەو تیـۆرەی خۆیشـی تـوانی بـاڵا دەسـتی بكـات بەسـەر زانستەكاندا و تیۆرەكـەی كۆتـایی نـەهاتبوو، هەمیشـە دەیــوت: بــێ كۆتاییــە. دەیویســت بەگــەردوون گیــری هەسارەكەوە تەواوی بكات.

لــە وساتەشــدا تەنــە فەزاییەكــە كــۆنترۆڵی جیهــانی كردبــوو، ئــەویش لــە رێـی ئەلیكترۆنیـەوە هەسـارەی ڕۆژئـاوای داگیـر كردبوو، بۆ هەسـارەكانی تـریش كـەوتبووە سـەر جووڵە، زۆر لە هەسـارەكانی بـەدووا كـەوتو دەزانـی، خستبوونیە پلـە بەنـدی دووا تــرەوە، ئــەوەی لــە لای ئــەو گرنــگ بــو بــاڵا دەســتی هەسارەكە بوو.

لەو ساتەشــدا ســەرقاڵی ئــەو وێنــەو نامانــە بــو لــە تەنــە فەزاییەكـەوە بـۆی دەهـات، یەكـەم بروسـكەش بـەهێڵی سـوور

هات، زانرا ترسناکیەک هەیە.
کاتێک چاودێری کرد زانی کەشتیەکی فەزایی چینیە ئامادەی فڕینە بۆ سەر مانگ، کەشتیەکی فەزایی ئەمریکیش بۆ سەر مەریخ دەستی بەفڕین کردبوو.
هەردوو کەشتیە فەزاییەکە خرانە ژێر چاودێریەوە، دەرکەوت چەند بەبێ هێزی و بەتەقینی چەند حەشوەیەک سەردەکەون، ئەویش بەپێکەنینەوە ڕووی کردە زاناکان:
- سەد ساڵ لە مەوبەر بەحەشوە تەنێکی فەزایمان ناردە خوارەوە، لە جۆری ئایفۆی یەک، لە سەر زەوی توشی جەنگی دەستەو یەخە بوونەوە، تەنە فەزاییەکە لە نیشتنەوەدا نەیدەتوانی بەئاسانی هەڵبستێتەوە، هەتا بەحەشوە ئامادەکاری بۆ نەکرێت.
ئەوەی ڕزگاری کردبوون ئەوەبوو، لە ڕووی جەستەیەوە بوونەوەر لە مرۆڤ چالاک تر و کارامەترن لە جەنگ و هونەری بەرگریدا، بەو هۆیەوە بەدە بوونەوەرەوە بیست کەسی تفەنگ بەدەستیان چەک کردبوو، دوای ئەوە ناچار بووین هەتا دوای دوو ساڵ تەنی فەزایی نەنێرینەوە بۆ سەر زەوی، هەتا ئای فۆی دوومان دروست کرد.
پڕۆفیسۆر دانتی توشی پرسیارێکی قورس هات، هەمیشە بیری لێدەکردەوەو نەیدەزانی چۆن بگاتە راستیەکی زانستی، لەو ساتەشدا ئەو گرێیەی بۆ کرایەوەو ئەو پرسیارەی لێکرد:
- ئەو جیاوازیانە چین ئێمە لە وان بەهێزترین؟
- ئەی نازانیت زۆری ڕێژەی گازی هایدرۆجین و کاربۆنە لە واندا هەیە. زۆر بوونەوەری تر هەن هەر نابینرێن، هایدرۆجین و کاربۆنیان نیە، ئەوانەش لە ناو ئەهرامەکانی

میسر و باشووری ئەفریقیاو ناوچەی پەنجاو یەکی ئەمریکا و دەروازەی عەشتاردا نیشتە جێ بوون.
پەنجەی خستە سەر خاڵێک لە نەخشەکەدا نوسرابو دانیمارک:
- لە هەمان جێگەدا تەنێکی تری فەزایمان دابەزاندەوە، لە جۆری ئای فۆی دووەم، پێشکەوتووتریش بو لە وی پێشوتر، نەمانتوانی بەبێ حەشوە دروستی بکەین، کەمێک گۆڕانکاریمان تیادا کرد، لە وەی بتوانێت جێ گۆڕکێ بکات.
کاتێک دەگەنە سەر زەوی دەکەونە ناو گاگەڵێکەوە سێ شوانیان هەبووە، شڵەژاون و زانیویانە تەنێکی فەزایی نەبین نیشتۆتەوە، کتوپڕ دوور کەوتونەتەوە لێیان. ئەوانیش ناسکترین گۆلکیان لێ دزیوون و خواردبویان و پێست و ورگ و پاشماوەکانیان بۆ بەجێ هێشتبوون، بەناچاریش لە جێگەی خۆیاندا مابوونەوە، هەتا لە شەودا توانی بویان هەڵبستنەوەو ئەو جێگەیە بەجێ بهێڵن.
شوانەکان بۆ بەیانیەکەی چوبوون بۆ پۆلیسخانە، هەر سێکیان سوێندیان خواردبوو، بەچاوی خۆیان تەنی فەزایی بوونەوەرانیان بینیوە.
بەو قسەیەوە سەیری هەردوو کەشتیەکەی کردەوە، چاویلکەکەی فڕێدا:
- هیچ شتێک لە م گەردوونەدا ناتوانێت ڕێگری لە ئێمە بکات، لە ڕوی تەکنەلۆژی و زانستیەوە باڵا دەستی تەواومان بەسەر کۆی گەردووندا هەیە.
پرۆفیسۆر دانتی نەخشەی سەر زەوی کردەوە:
- پرۆفیسۆر ئێمە بیرمان لە وە کردەوە زەوی داگیر بکەین،

بەشێکی هەسارەکە بنێرین هەتا تیایدا نیشتەجێ ببن.
- بەڵێ بیرمان لە وە کردەوە، کێشەکە ئەوەیە ناتوانین تیایدا بژین، هەڵکەوتەی ئێمەو ئەوان جیاوازە بۆ ژیان. ئەوانیش ناتوانن لێرەدا بژین، بۆچی ئەو کارە بکەین و هەسارەیەک لە ناو ببەین، ئەوە تاوانێکی زۆر گەورە دەبێت.
- هۆکاری نەژیانەکەمان تەنها نەبوونی هایدرۆجین و کاربۆنە لە ئێمەدا نیەو لە مرۆڤدا هەیە.
- بێجگە لە وانە نەمانتوانیوە لە گەڵیاندا پردێک دروست بکەین، بەو تەنە فەزایانەوە نەبێت، ناشتوانین بچینە ناو ئەو هەسارەیەوە. بۆ هەر گەشتێکیش پارەیەکی بێ سنور خەرج دەکرێت، دەبێت بۆ نیوەی بوونەوەرەکانمان چی بکەین؟ هیچ توانایەکی ئەو خەرجیەشمان نابێت. ئەوەش زۆر قورسە دەبێت داهاتی هەسارەکەمان خەرج بکرێت.
ئەوەی وت هەناسەیەکی هەڵکێشا:
- ئەو هەسارەیەش لە هەموو بەهایەک دەرچووە، جەنگ و کوشتار و تاوان و ستەمی دیارە وەکو ئاژەڵیان لێ هاتووە. بەپێی لێکۆڵینەوەی کیمیاش ناتوانین تیایدا بژین، خوێنی ئێمە سەوزەو خوینی ئەوان سوورە. نمونەشمان پۆپۆلۆ و ساپۆلۆیە، هەردووکیان توشی تواندنەوەی ئێسک بوون، تەنها چارەسەر ئەوەیە دەبێت هەوڵی ئەوە بدەین بیانخەینە ژێر دەسەڵاتی خۆمانەوە.
بەو قسەیەوە هەناسەیەکی هەڵکێشا و درێژەی بەقسەکەی دایەوە:
- ئەلیازەو جۆرجیش دوای مردنی ئەوان توانای ژیانیان نەما و توشی نەخۆشی خەوتنی زۆرو تەنگە نەفەسی هاتبوون،

ترسام لە وەی ئەوانیش بمرن، بەناچاری ناردمنەوە بۆ سەر زەوی.
پرۆفیسۆر دانتی پرسیارێکی سەرسوڕهێنەری کردەوە:
- کەواتە دەبێت بیر لە داگیرکردنی سەر زەوی نەکەینەوە.
- ئەوە پرسیارێکە بەچەند سەدەیەکی تریش وەڵام نادرێتەوە.
***

ئەوان لە ناو تەنە فەزاییەکەدا بوون، دە کیلۆ مەتر دووربوون لە پاشماوەی شارە رۆبۆتیەکەو تەنی فەزایی هەسارەی ڕۆژئاواوە. بەچڕی چاودێری جووڵەکانی سەر زەویان دەکرد. هێڵی ئەلیکترۆنی جیهانیش دەچووە ناو کۆمپیوتەری هەسارەکەوەو بەبەردەوامیش نیشانەیەکی سوور دەهاتە سەری و نەیان دەزانی چیە؟ ئەو بوونەوەرەی کاری بەپێگەی ئەلیکترۆنی تەنە فەزاییەکەوە دەکرد، پسپۆڕ و زانای ئەندازیاری بوو، جگە لە بەدووادا چون بۆ بەرزی فەزایی و نهێنیەکانی کۆتایی جیهان هیچی تری نەدەکرد، پشکنینی زەویشی لە وانەوە وەردەگرت و هۆشیاری جووڵەکانیان بوو. جۆرجیش لە پەیوەندیدا بو لە گەڵیاندا. فوی بەمورووە ئاودارەکەیدا دەکرد، کلیل و قفڵەکە دادەخرا و دەکرایەوە. پرۆفیسۆر ئۆڕاپلاند سەری گێژی دەخوارد، ئەوە ببووە گرێ کوێرەی کارە ئەلیکترۆنیەکانی، هەرچی کرد چارەسەری زانستی نەدەبینیەوە.
جۆرج لە مورووەکەوە هەستی کرد ئاوەدانی و جووڵە لە گوندەکەدا هەیە، زانیشی هی سەر زەوی نیەو لە هەسارەیەکی ترەوە هاتووە. مەزندەشی دەکرد، تەنێکی تری فەزایی هەسارەی خۆرئاوابێت جارێکی تر هاتبێتەوە،

بروسـکە نهێنیەکانیشـی دەبینیـەوە، تێکـەڵ بەباکـە دەبـوون و یاریان بـەقفڵ و کلیلـە کەیـەوە دەکرد. بـەو مەبەستەشـەوە فوی بەموروووەکەدا کرد.
کاتێـک تـەنی فـەزایی هەسـارەی خۆرهـەڵاتی دۆزیـەوە، کتوپڕ چو بۆ لایان، ئەملاولای ماچ کردن، قسـەی لـە گـەڵ سـەرۆکی تیمەکـەدا کـرد، ژەنـەراڵ هاپـامۆ بـوو. دەڵـە جۆرجیشـی گرتـە باوەش، دەمی خستە نـاو دەمیـەوەو پـاڵی خسـت، کەوتـە مژینـی گـــوانی و بەتاســـوقەوە دەیمـــژی، رەنـــگ و ڕووی وەک ئالودەبویـەکی حەشیشــە کرایــەوە، کاتێـک تێـری خـواردەوە، ئەوسا هەستایەوەو چو بۆ لای ژەنەڕاڵ هاپـامۆ ئـەویش دەستی گرت:
- پڕۆژەکانمـــان لـــە تـــەواو بوونـــدان و دەگەڕێینـــەوە بـــۆ هەسارەکە.
جـــۆرج توشـــی بـــاری دەروونـــی قـــورس هـــاتبوو، بیـــری منداڵەکانی دەکرد بەو ئازارەوە نیەتی خۆی بۆ دەربری:
- منـیش دەبێـت بگەڕێمـەوە بـۆ هەسـارەکە بـەبێ منداڵـەکانم توشی نەخۆشی هاتوم.
***
ئـەوان لـە سـەر زەوی لـە نـاو تەنـە فەزاییەکـەدابوون، بنکـەی ئەتۆمی و کۆمپیوتەر و هێڵی گۆگڵ و یاهویـان هـاک کردبـوو، ئـەوە زۆر گرنــگ بـو بـۆ پرۆڤیسـۆر ئۆڕاپلانـد، لای خـۆی پاشــەکەوتی دەکــرد و کارمەنــدی تایبــەتیش کەوتنــە کــار لـە سـەریان و کۆمپیوتـەری هەسـارەی ڕۆژئاواشیان وەستاند.
ئەوانیش دوای تواندنەوەی تەنـە فەزاییەکـەیان سـەریان سوڕما بو لە وەی هێزێک هەبێت لـە سـەر زەوی بتوانێت بـاڵا دەستی

بەسەر ئەواندا هەبێت، هیچ پەیوەندیەکیشیان بەسەر زەویەوە نەمابوو، لە هەوڵدابوون پەیوەندیەکانیان دروست بکەنەوە.
تواندنەوەی تەنە فەزاییەکەیان مایەی سەرسوڕمانی هەسارەکەیان بوو. مۆسیقای سەرکەوتن و باڵا دەستیش هەسارەی خۆرهەڵاتی گرتەوە، بەهاک کردنی تۆڕەکانی سەر زەوی بەدەستیان هێنابوو، کێشەی گرنگ لای پرۆفیسۆر ئۆڕاپلاند، کۆتایی جیهان و دۆزینەوەی ئەو پانتاییەی لە هەموو لایەکی گەردوون و لە هەسارەکانەوە بەبەرزی فەزای ئەندازیاری دەژمێردرا.
ئەو ئەوەی دەزانی، ئەو کۆتاییە هەڵمە. لە ڕوی تیۆریەوە توێژینەوەی تەواوی زانستەکانی دەکرد. ئەوەی بۆ دەرکەوت، هەموو بەشەکانی گەردوون باوەشیان بەیەکدا کردووە، بەرزی و بن و سەر و ژوور هەمووی هەڵمەو بەهێزی فیزیایی دەسوڕێنەوە، ئەو دەیزانی گەردوون هەمووی لە فۆتۆنات پێکهاتووەو ئەوەش توێژینەوەی زۆری دەویست بەزانست نەدەکرا. بەو مەبەستەشەوە بەدووادا چونی تەواوی کرد، هەتا کۆتایی و سەرەتا بدۆزێتەوە.
***
ئەوان لە ناو تەنە فەزاییەکەوە، لە سەر زەوی، لە چاوی کامێراکانەوە، سەرنجیان دەدا، لەو ساتەشدا تیشکیان خستبووە سەر هەسارەی ڕۆژئاوا. ئەوانیش توشی شۆکێکی گەورە هات بوون، زاناکانیان تەنێکی تری فەزاییان ئامادە کرد بەدوو سەرنشینی رۆبۆتەوە، هەتا تاقیکردنەوەیەکی تر، لە سەر ئەو فەزا باڵا دەستەی گەردووندا بکەن. گومانیشیان لە وە نەمابوو، لە تەکنەلۆژیای سەر زەوی پێشکەوتووترن و

ئـەو کارەسـاتە لـە توانـای ئەوانـدا نـەبووە، ئـەو جەنگـە هـی هەسـارەیەکی تـرە، بـەو هۆیەشـەوە ویسـتیان تـەنی فـەزایی دووەم بنێرنەوە، هەتا ئـەو گرێیـە بکەنـەوەو ماوەی تیژ رەوی تەنـە فەزاییـە نوێکـەیان گـۆڕی، لـە شـەش کـاتژمێرەوە بـۆ دوو کاتژمێر.

کـاتێکیش کەوتـە جـووڵە، پرۆفیسـۆر ئۆڕاپلانـد پێـی زانـی، ئـەوانیش لـە نـاو تەنـە فەزاییەکـەدا بـوون لـە سـەر زەوی، بـەو مەبەستەشەوە چاودێریان دەکرد و خستیانە بازنەی سوورەوە.

هـەردوولا خـەریکی پرۆژەکانیـان بـوون، ئاماژەیـەک دەهاتـە نـاو کۆمپیوتـەری هەسـارەی ڕۆژئـاواوە، ئـەوان بـەکاری سیخوڕی سـەر زەویـان دەزانـی. ئـەوانیش خسـتبوویانە ژێـر چاودێریـەوە. پرۆفیسـۆر گریلانـدیش، لـە پەیوەنـدی بەردەوامدابوو، دەیویست هۆکـاری شکستەکەیان بدۆزێتـەوە، بـۆچی تەنـە فەزاییەکـەیان تواوەتـەوە؟ ئامـاژەی هەسـارەی خۆرهـەڵاتیش دەهاتنـە نـاو کۆمپیوتەرەکـەیان و نـەدەمان، هیچ لێکدانـەوەو تێگەیشـتنێکیان بۆیـان نـەبوو، لـە وەوە بـۆی دەرکـەوت، تـەنها هەڵەیـەکی ئـەلیکترۆنی ڕوویـداوەو هـیچ هەسارەیەک ئەو کارەیان نەکردووە.

بـەو بیـرەوە تـەنی فـەزایی دووەمیـان لـە سـەر هەسـارەکەوە کەوتـە فـرین، کاتێـک لـە هەسـارەکە دوور کەوتـەوە گەیشـتە سـەر مـەریخ، پرۆفیسۆر ئۆڕاپلانـد تیشـکی خسـتە سـەری و زانـی بـۆ دووەم جـاریش هـەر رۆبۆتیـان ناردۆتـەوە، هـیچ بوونـەوەرێکیان لە گەڵدا نیەو خستنیە ژێر چاودێریەوە.

بوونـەوەری سـەر پێگـە ئەلیکترۆنیـەکان جـووڵەو پەیوەنـدیان دەخوێندنـەوە، رەمـز و هێماکانیـان گـرتن، پـاش ئـەوەی

پرۆفیسۆر ئۆراپلاند فەرمانی کرد، تـەنێکی فـەزایی ئـەی تۆی شەشەمی جەنگی کەوتە جووڵەو بەموشـەکێکی بێدەنگی لێزەر تەقاندیــەوە، هــەتا هەســت نەکــەن هەســارەیەکی تــر هەیــە، پێشــکەوتنەکە بــەهی مــرۆڤ بــزانن. بــەجۆرێکیش بەفــەزاوە توایـەوە تـەنها گڕێـک بـوو، گڕەکـەش چەند چرکەیـەک بـوو، سـوتویەکی کـاڵی بەهــەواوە بەجێهێشــت و لــە دوای خۆیــەوە شــەپۆلی پرسـیار و گــەڕانی بـۆ ســەر زەوی و هەســارەکان دروست کرد.

***

ئێمــە لــە نــاو تەنــە فەزاییەکــەدا لــە ســەر زەوی ســەرنجمان خستبووە سەر جۆرج. ئـەویش کاتژمێرێـک بـەر لـە دابـەزینی ئێمــە، لــە گوندەکــەدا چــاودێری دەکــرد و مەترسیشــی لــە وە هـەبوو دیسـان هەرەسێکی سروشتی دروست ببێتـەوەو نغـرۆ ببن، دەمێـک بو بەچاوەڕوانیـەوە لـە هێڵـی سووردا وەستابوو، هیچ بوونەوەرێک دیار نەبوو، هیوا بڕاویش ببوو، لـە درەنـگ کـەوتنی دابـەزینی ئێمـە بۆ سـەر زەوی، بروسـکەی هـەوریش لــە یــەکیان دەدایــەوە، بریســکەکانی دەبینــی و هەســتی بــەوە نەکردبوو موروەکانی ئەو کاریگەریەیان هەبووە.

بـەر لـە وەیشـی تـەنی فـەزایی دووەمـی هەسـارەی ڕۆژئـاوا بجوڵێــت، جــۆرج فــوی بــەمورووە ئاودارەکــەدا کــردەوە، کلیلـە کـەی بـادرا و قفڵەکـە کرایـەوە، کۆمپیوتـەری هـەردوو هەسـارەکە کرانـەوە. ئـەویش بـەناچاری یـاری بـەمورووەکانی دەکـرد و فـوی بـەمورووە ئاودارەکـەدا دەکرد، هـەتا جادووەکـە بگەڕێتــەوە بــۆ لای، لەو کاتــەدا کۆمپیوتــەرەکانی هــەردوو هەسارەکە نیشانەی کلیل و قفڵەکـەیان کەوتـەوە سـەر، هیچیـان

کاریان نەدەکرد. ئەمەش کارەساتێکی گەورە بو بۆ هەسارەی ڕۆژئـاوا. پڕۆفیسـۆر گریلانـد کۆمپیوتـەرێکی کـۆڕا بـاڵا و پێشـکەوتوویان بـۆ دروسـت کردبـوو، لـە گـەڵ ئەوەشـدا هـیچ پەیوەندیـەکیان بـەچاودێری کردنـی سـەر زەویـەوە نـەمابوو، دوای نیو کـاتژمێر جۆرج لـە فوکردن کـەوت و بەنائومێدیـەوە پـاڵ کـەوت و موروەکـانی خسـتەوە گیرفانیـەوەو خـەوی لێکـەوت. کۆمپیوتـەرەکانیش کەوتنـەوە کـار و هـەردوولا کاریـان لـە سـەر دەکـردەوە، کاتێـک جـۆرج لـە خـەو ڕاپـەری ئێمـە لـە سـەر زەوی بووین. ئـەویش لەو سـاتەدا مورووەکـانی دەرهێناو کەوتـەوە فـوکردن، کۆمپیوتـەرەکـان وەسـتانەوە، هیچ پەیوەندیـەکیان بـۆ نـەدەکرا، جـۆرج ماوەیـەک فـوی کـرد بەمورووەکـەدا، هـیچ دەنگێـک نەهاتـە گوێیـەوە، ناچـار مورووەکـانی خستەوە گیرفـانی و لـە پەیوەنـدی بـەردەوام دابـو بەئێمـەوە، لەو ساتەشـدا خـۆی نزیـک کـردەوەو گەیشـتە لای ژەنڕاڵ هاپامۆ ئەویش بانگی کرد:
- ئێستا پڕۆفیسۆر ئۆڕاپلاند دەیەوێت قسەت لە گەڵدا بکات.
بـەو قسـەیەوە چووە سـەر کۆمپیوتەرەکـەو کـامێرای کـردەوە جۆرجیش و لە گەڵیدا کەوتـە قسـە. پرسیاری کچ و کوڕەکـەی لێکرد، ئەویش مژدەی خۆشی پێدا:
- سـامۆبۆی کچـت و بڕۆتیلـی کـوڕت لـە لای مـنن، هـاتوون چاوەڕێـت دەکـەن هـەتا دێیتـەوە بۆ سـەر هەسـارەکە، ئێسـتاش دەیانەوێت قسەت لە گەڵدا بکەن.
جـۆرج بەبیسـتنی نـاوی سـامۆبۆ و بڕۆتیلـی موچڕکەکەیـەکی جـەرگ بـڕ گرتیـەوە، هـەواڵێکی کتـوپڕی بـوو، توشـی سەرسوڕمان و حەپەسـان و خەندەیـەک هـاتبوو، وەک ئـەوەی

گەشكەی خۆشی گرتبێتی.
- ئـای چەنـدە هـەواڵێكی خۆشـە، تـەواو بیریـان دەكـەم، ئـای تیتیلـە گیـانم لای تۆیـە، سـوپاس بمـدەرێ بـا قسـەی لـە گەڵـدا بكەم.
پرۆفیسۆر مایكەكەی دا بە سامۆبۆ، ئەویش وەریگرت:
- دایكە جۆرج سڵاو بەقوربانت بم، بیرت دەكەم زۆر زۆر.
- هـەلاو تیتیلـە گیـانم مـن شـێت بـووم، دووری ئێـوە برینـی خستۆتە ناو دڵ و دەروونمەوە ژیانم بووە بەگریان.
- دایكە گیان خۆشحاڵین دێیتـەوە بۆلامـان بۆ هەسارەكە، زۆر بیرت دەكەین.
- دەبێت بێمەوە، ئێوە چۆنن، برۆتیلی برات باشە.
- زۆر باشین، ئێستا هەردووكمان پێكـەوین، ئێمـە هـەر خـەمی دووری تۆمان هەیە.
- خۆشـحاڵ بـووم تیتیلـە گیـان، خۆزگـە زو بهاتمایەتـەوەو بمبینینایە.
- خەڵكی پێمان دەڵێن ئـەم كچ و كورە نیوەیان شێوە مرۆڤەو سـەر دایكیـان داوەتـەوە، ئۆتۆشـۆش دەڵێـت: بـەپێی جـادوو رەگەز دەچێتەوە سەر دایك.
- كچەكەم گوێ بەوانە مەدەو خەم مەخۆ، گرنـگ ئـەوەیە ئێوە بوونـەوەرن.
كۆمپیوتەرەكـە ئاماژەیـەكی ترسـناكی لێدەركـەوت، قسـەكانی لە گەڵ جۆرجدا قرتاند نەیتوانی قسە لە گەڵ برۆتیلیدا بكات.
***
ئێمە هەر پێنجیان لـە نـاو تەنـە فەزاییەكـەوە تیشـكی كامێرامـان دەگرتـە سـەر بنكـەی ئـەتۆمی وڵاتـان. پەیوەندیشمان دەپچڕا و

دەهاتـەوە، کاتێـک جۆرج فوی بەمورووەکـەدا بکردایـە تۆڕی پەیوەندیمان دەوەستا.
پرۆڤیسـۆر ئۆڕاپلانـد ئاماژەکـەی بینـی و وێنـەی تواندنـەوەی تەنـە فەزاییەکـەی بڵاوکردەوە، کەوتـە گـەڕان بـەدوای کلیـل و قفڵەکـەدا، هـەرچی کـرد ئـەو نهێنیـەی نـەزانی و هەسـتی بـەوە کرد هەسارەیەک هەبێت تەکنەلۆژیایان لە وان بەهێزتر بێت.
ئەوەی توشی ڕاڕایـی کردبـوو بەئەفسـانەی ئـەو کلیـل و قفڵـەوە بـوو، هـەر سـات ناسـاتێک کۆمپیوتەرەکـەی دەوەسـتاند، کـەوتبووە نـاو تـۆڕێکی نەبینـەوە، بـەئاماژەی هەڵـەی تەکنەلۆژی خۆیانی دەزانـی، کۆمپیوتەرەکـەی هیچ ئاماژەیـەکی ترسناکی تری لە سەر نەبوو.
چـوار مانـگ لـە وەوبـەریش کاتێـک ئێمـە هاتینـە نـاو گونـدی مـەرگ، پرۆڤیسـۆر ئۆڕاپلانـد بـۆ یەکـەم جـار توشـی گێـژاوی ئـەو کلیـل و قفڵـە هـات. جـۆرج دەسـماڵێکی حـەریری ڕاخستبوو، مورووی جۆرا و جۆری بـڵاو کردبووەوە، گوێـی لـە مورووییـەکیان دەگـرت و فـوی بـەوانی تـردا دەکـرد، ئـەو مورووەیشـی فرۆشتی گەڕایـەوە بۆ لای خـۆی، کاتێـک فـوی پیـا بکردایـە زەویەکـە دەلـە ریـەوە، ئـەلیازەی جادووبـاز نهێنیەکەی پێ وتبوو، تەنها ئەوانیش ئەو ئەفسونەیان دەزانی.
ئـەلیازە باسـی نەهـەنگی دەریـای بـۆ کردبـوو، تەمـەنی پێـنج هـەزار سـاڵەو کـاری ئەوەیـە کەسـایەتیە ئەفسـوناویەکان بـۆ ماوەیەکی زەمەنی زۆر لە سکیدا هـەڵبگرێت. تۆفـانی بوونیش ئەو گێژاوەیە، لـە نێوان سێ دەیـەدا هـەڵ دەکـات و گسـک لەو کۆتایی جیهانە دەدات.
جـۆرجیش پێشـبینی ئـەو کارەسـاتانەی دەکـرد، لـە ودیـوی

کۆتایی جیهانـەوە دروسـت دەبـوو، لەو ساتەشدا بـەجۆرێکی وا ئەفسـانەیی دانیشـتبوو، سـوپایەک بـەرێوە بێـت لـە نابینـا، یـان سـەربازخانەیەکی گـەورە بکاتـەوە، قـژی تێـک ئـاڵاو و تێـک چـڕژاو، وەک تاڵیشـکی تـەرو درێـژ و کـرژ و دڕ بـوون، لـە گـەڵ ڕوخسـاریدا وێنەیـەکیان تێکـەڵاو دەکـرد وەک نیشـتنەوەی تـەپ و تـۆزی چەنـدین جـەنگی جیهـانی تێکـەڵاوببوون. هێمـای سـڕینەوەی بوونیـان لێدەردەکـەوت.
شـەپۆلێکیش لـە گونـدی دۆلفینـەوە دەهـات، بـۆنی هـەزارەها تـەرمی زەمـەنی جـۆراو جـۆری دەدایـەوە، لـە شووشـەیەکی گەردوونیـدا ئاوێتـە کـرابێتن و لـە شـەپۆلی رۆحـی تێکـەڵاودا بەشکاوی بڵاوببێتەوە.
جـۆرج لـە گـەڵ زەمەنـە تێکەڵاوەکانـدا یـاری دەکـرد، لەو ساتەشـدا جگـە لـە کلیـل و قفڵەکـەی گونـدی دۆلفین، ئامـاژەی ترسـناکیش تەکنـەلۆژیای هەسـارەی خۆرهـەڵاتی گرتبـووەوە، پرۆفیسـۆر ئۆڕاپلانـد توشـی شـۆک هـاتبوو، گونـدی دۆلفـین گسـکی تەکنـەلۆژی لێدڕاوەو هیچ شـوێنەوارێکی بـوونی تیـادا نەماوە ئەم کلیل و قفڵە چیە؟
ئەمـە بـو بەپرسـیارێکی گـەردوونی و لـە سـەر لابتۆپـە کـۆڕا بەرزەکـەی وەسـتا، وایـدەزانی ئـەو تیـۆرەی دایڕشـتەوە بـۆ زانسـتەکان فـۆگی یـۆنیفێرس توشـی شکسـت هـاتووە. ئـەو لـە سـەر بنـەمای تیـۆرە نوێیەکـەی فیزیـای نـوێ و کیمیـا و بـەرزی ئەندازەیی هەڵوەشاندەوە، ویستی زانستەکان لـە یـەک تیـۆردا کۆبکاتـەوە. هەسـارەکەش ئاهـەنگی سـەرکەوتن و زەنگی گەردوون گیریان گێڕا، ئـەوەی لـە جوگرافیـای گونـدی دۆلفینـەوە دیـاری دا کۆتـایی زەوی بـوو، ئـەو تۆفانـە بـوو،

لە تەقینەوەی فۆتۆناتەوە دروست دەبوو، ئەمەش هێنایە سەر ئەو رایەی بەرزی فەزای ئەندازیاری هەڵەیەکی گەردوونیەو زاناکان لە هەسارەکاندا تێی کەوتون.
جۆرجیش لە سەر جادووەکەی بەردەوام بوو، یەکەم مورووی ئاوداری بەدەمیەوە نا و گرێی ئەفسونەکەی کرایەوە، فوی پیا کرد راستەوخۆ لابتۆبەکەی پرۆفیسۆر ئۆراپلاند لە ئیش کەوتەوەو ریستارتی دەکرد، وەک ئەوەی شتەکان بسڕێتەوە. پرۆڤیسۆر ئۆراپلاند فەرمانی کرد چەند کۆمپیوتەری تر بخەنە کار، لە سەر پەیوەندی بن بەتەنە فەزاییەکەوە. ئەوەی ئەو بیری لێدەکردەوە لە سەڕووی تەکنەلۆژیاوە بوو.
لەو کاتەی تەنی فەزایی هەسارەی ڕۆژئاوا نیشت بووەوە. زانایانی هەسارەکە سەریان لەو پچڕاندن و قفڵ بوونەی تەکنەلۆژیا سوڕمابوو، نەیاندەزانی هۆکارەکەی چیە!
پرۆفیسۆر ئۆراپلاند لە دوای کۆتایی هاتنی گوندی دۆلفین و نەمانی ئەو گوندەوە ئەوی دەبینی و توشی سەرسامی هاتبوو، زاناکانیش کەوتنە لێکۆڵینەوە لە سەری و بەپێی پشکنینەکانیان زانیان ئەوە کارەساتێکی گەردوونیە ڕوویداوە.
ئەو کارەساتە لای هەموو بوونەوەران شی کردنەوەی بۆ نەدەکرا، زاناکانی سەر زەویش هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان بۆی نەبوو.
دوای دوو ڕۆژ لە نغرۆبوونی گوندەکە، لیژنەیەک لە پسپۆڕانی دەوڵەت لە پایتەختەوە بۆ شیکردنەوەی بارو دۆخی گوندی دۆلفین هاتبوون.
سەرۆکی شارەوانی و خەڵکانی شارەزا لە شارۆچکەی

بەتریقـەوە چـاو سـاغ بـوون لـە گەڵیانـدا، سـەگی شـارەزایان لە گـەڵ خۆیاندا هێنـابوو، گوریسیان کردبووە ملیانـەوە بـەرەو قوڵایی نەبینی کۆتاییان دەناردن. سـەگەکان حەپـەیان دەهات و نـــەدەچوون، بـــەزۆر دووریـــان دەخســـتنەوەو دەگەڕانـــەوە، دوواجار ئەسپێکیان بەڕێ کرد، ئەویش لـە قـەی لـە زەویەکـە دەدا.

خـــەڵکیش هـــەموویان دەترســـان و زۆر دوور وەســـتابوون، زۆریـــان بـــەدووربین ســـەیری بـــن دارو بـــەرد و قوڕاویـــان دەکـــــرد، ماتۆڕســـــکیل و پاســـــکیل و چەنـــــد جێبێکـــــی لاندرۆڤەرشیان هێنابوو، دوور لە خۆیان وەستاندبویانن.

پـــاش ئـــەوەی پشـــکنینی تـــەواویان کـــرد، بەکارەســـاتێکی گـــەردوونیان ژمـــارد. بڕیاریشـــیان دا هێڵێکـــی ســـووری بـــۆ بکێشـرێت، هـەتا کـەس نەچێتـە نـاوی، بـۆ نیشـتەجێ بـوونیش قەدەغە کرا.

ئەوەشـــی جێگـــەی ســـەر ســـوڕمان بـــو شـــوێنەوارێک تیایـــدا نـــەمابووەوە، بەتـــەواوی قـــوڕاو گســـکی لـــە گوندەکـــە دابـــوو، بـــەمرۆڤ و ئـــاژەڵ و دار و بـــەرد و ئاســـن و مـــادەو هـــەموو کەلوپەلێکیـــەوە. وەک زەلکـــاوێکی هـــەتایی دیـــاری دەدا هـــیچ کاتێک وشک بوونەوەی بەخۆیەوە نەدیبێت.

ئێمە لە ناو تەنـە فەزاییەکـەدا بـووین لـە سـەر زەوی کۆنتڕۆڵـی هەموو پێگەکانمان کردبوو وێنـەکانمان بـۆ ژێریـی دەسـت کـرد دەناردەوە.

١٧

ئێمە لە ناو تەنە فەزاییەکەدابووین، بەوردی لە چاوەکانی کامێراکەوە سەرنجمان دەدا، کامێراکەش لە سەر هەسارەکەوە وێنەکانی رێک دەخستەوە. ژیریی دەستکردیش مۆنتاژی ڕووداوەکانی دەکرد. پرۆفیسۆر ئۆڕاپلاند بۆ زانیاری وزەی گشتی و بڕینی هەسارەکانی تر توێژینەوەی زۆری کرد، چەندین تەنی فەزایی پێشکەوتووی بەرۆبۆتەوە ناردوو دەسوتان، خۆی و هەموو زاناکان هاتنە سەر ئەو رایەی لە توانای تەکنەلۆژیادا نیە بتوانن ئەو هێڵە فیزییانەی بۆشایی ببڕن، هیچ تەنێکی فەزایش توانای ئەو مەودا دوورانەی نیەو لە توانای بیرکردنەوەدا نین، پرۆفیسۆر کتێبە ئاینیەکانی بەراورد کرد، لە قورعاندا ئەو ئایەتانەی خوێندەوە باسیان لە بڕینی ئەو وزە فیزییانە دەکردەوە، تایبەت لە سوورەتی واقیعەو جندۆکەدا، ئەو ڕاستیەی بۆ دەرکەوت، بەناچاری بیری لە ئەفسانەکانی گەردوون کردەوە. ماوەیەکی زۆر خۆی خەریک کرد، هەموو ئەفسانەکانی خوێندەوە، ئەوەش خستیە سەر ئەو رایەی لە گەڵ ئۆتۆشۆدا بەرێگای جادوویی هەوڵ بدەن. ئۆتۆشو هەموو نەخشە ئەفسانەییەکانی سەر زەوی نیشان دا، نهێنیەکانی پێ وتەوە.

ئەو پێشبینیەکانی دارامای جندۆکەی خوێندبووەوە، پێشبینی ڕزگاربوونی جندۆکەکانی سەر زەوی لە خەواندنی موگناتیسی کردبوو، ناوی پلاپیتۆی هێنابوو، ئەو شۆڕش دژی شەیاتینی دەکات.

ئۆتۆشۆش دەیزانی رۆڵی کاریگەری دەبێت لە سەر پڕۆژەی هەسارەکەو دەتوانێت هەموو پێویستیەکان بهێنێتەوە.

***

ئێمە لە چاوەکانی کامێراکەوە وێنەی پلاپیتۆمان گرتبوو، بەهەموو شوێنە ترسناک و نادیارەکانەوە تیایدا دەژیا، تیشکمان خستبووە سەری و جووڵەو هەڵسوکەوتیمان نیشان دەدا. خستمانە ناو تیشکی زوومەکەوە، ژیریی دەستکردیش گەڕایەوە بۆ ئەو تاڵە دەزوانەی لە پێشبینیەکەدا گەشتەکەی پلاپیتۆ بوو.

پلاپیتۆ دووا وەڕسی و شیزۆفیرینیای تەقینەوەی بورکانی مێشکی گرتبووەوە. ئەوەی لە ژیانی جادوویی و جندۆکەیدا ئەزمونی کردبوو وەک کارگێک هەڵتۆقی بوو، هەرچی بیری کردەوە بۆ ڕزگار بوونی لەو هەموو زوڵم و ستەمەی لە سەر زەوی دەکرێت، پێویستە پەیوەندی بەجادووگەری گەردوون ئۆتۆشۆوە بکرێت، هەتا بتوانێت جەنگی عفریتەکان بکات.

ئۆتۆشۆ نامەکەی پلاپیتۆی خوێندبووەوە، لەو ساتەشدا کردیەوەو دای بەپڕۆفیسۆر ئۆڕپلاند، ئەویش دەستی کرد بەخوێندنەوەی:

(من پلاپیتۆی جندۆکەم، چیرۆکی فۆتۆیەک بۆ دۆزەخ دەگێڕمەوە، جندۆکەکانی سەر زەوی لە لایەن شەیاتینیەکانەوە بەهێزی موگناتیسی خەوێندراون. زۆربەیان کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت، دەخرێنە جەستەی کەسانی بەسزمان، هەموو تاوانێکیان لە سەر ئەنجام دەدرێت.

جادووبازیکی شار چیرۆکی خۆی بۆ گێڕامەوە:

- بەمنداڵی دەستیان لێ وەشاندم و کەم ئەندامیان کردم، دوایی بەتارمایی دەهاتنە بەر چاوم. جیهانیان لە بەر چاومدا گەورە دەکرد و شتەکانی تریان بچووک دەکردەوە. کۆمەڵێک قۆناغیان پێ بڕیم. سەرەتا وشەی کوفریان پێ دەوتمەوە:
- بڵی من موسڵمان نیم.
سێ جار هەر جارەی شەو ڕۆژێک ناردمیانە ناو گەرماوەوە، دوایی دوو شەو دوو ڕۆژ پێستی سەگ و کەریان پێ لە بەر کردم. دەبو بەبێ وەستانیش ئەو وشانە بڵێمەوە. دوای ئەوە بردیانمە ناو دارستانێکی پڕ لە دڕندەی ئەفسانەیی، ئەژدیهایەک هات بەرەو روم:
- هاتنت پێش دەرچوونت نیە.
بردیانمە ناو خانوویەک لە درەخت دروست کرابوو، چل ڕۆژ تیایدا مامەوە، بەردەوام ئەو وشانەم دەوتەوە. لە م جێگەیەدا خواردن و خواردنەوەم بیرچووەوە، ئەو خواردنانەی دەیاندامێ حەرام کڕاوبوون، گۆشتی بەراز، یان چی تر بو نازانم. کتێبێکیان بۆ هێنابووم، نەمدەزانی بیخوێنمەوە، هەمووی ژمارەو هێما و رەمز بوو، دەبو هەر سەیری بکەم، وەک ئەوەی شتێک لەو نهێنیانە لە مێشکمدا چەسپ ببێت.
جادووبازەکە زۆر ئازاری بەکەسێکەوە دەخوارد، چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە:
جادوو لە کەسێک دەکرا، بەو هۆیەی ئەو خانووەی برایەکی تیایدا بوو، هی ئەو بوو، بەدرێژایی حەڤدە ساڵ تاوانی جۆڕاو جۆریان لە گەڵدا دەکرد، لە ئاوارە کردنی و بەگرتدانی هەتا لە سێدارە بدرێت و تاوانی تری ڕەش. برا

گەورەکەیان ناوی یەحیابوو، ئەوەندە ترسناک بوو، ناوم نابوعفریتی دڕندە، پیاوێکی ئاینی گەورە بوو، زمان لوس و لە ب لە بان بوو، برینەکەی ئەوە بوو، لە سەر بێشکە بووە دایکی تەڵاق دڕاوەو شەش پەنجەش بوو. توشی غیرەش هاتبو ئەو برایەی کەسایەتی هەبوو، یەکەم بەڵا بۆی نایەوە، ژن و منداڵی ئەو برایەی بوو. هەتا لە ناو خۆیاندا بەیەکتر بیانکوژێتەوە، بەڵایەکی تریشی بۆنایەوە، ئەویش سوێند خواردن بو لە دادگا. ئەو لە بەڕێوەبەرێتی تاپۆ فەرمانبەربوو، بەهۆی خەڵکەوە شەکرو چایی و چکلێت و جگەرەو موعەتەرو ئاوو بستەو ئەو شتانەی دەرخوارد دەدا، ئێمە جادوومان تیکردبوو. بەهۆی دایکی و خەڵکی کری گرتەوە بۆی دەنارد بۆ بازاڕ و ماڵەوەو لە ماڵی خۆشیدا لە پاڵ کتێبی ئاینیدا فووەکەی بەسەردا دەکرد و بەو کڵاوە جادوویەیەوە ئەو شەربەتە زەردەی دەرخوارد دەدا جادوو و ژەهرو شتە پیسەکانمان تیادا تێکەڵاو دەکرد، پارەیەکی زۆری دەنارد ناچار جادووم لێدەکردەوە، پاش پتر لە بیست و حەوت ساڵ، ئەو جادوو لی کڕاوە هات بۆ ماڵمان و پیم وت:

- هەرچیت هەیە بیکە بەخێر، تۆ وەک سۆپەرمان لە خۆڵەمێشەوە ژیاویتەوە، هیچ شتێک نیەو نەماوە لە م دنیایەدا ئەوەی مرۆڤ بکوژێت و مێشک و عەقڵی تێک بدات دەرخواردی تۆ نەدرابێت.

پرۆفیسۆر، سەری سوڕمابوو، داوای لە ئۆتۆشۆ کرد ڕوونکردنەوەیەکی بداتێ لە سەر جادوو.

ئۆتۆشۆ ڕووی کردە سۆدۆ، ئەویش خۆی ئامادەکرد قسەکانی وەربگێڕێت:

- ئـەم تـاوانی جـادوو کردنـە، ئـەوەی زاناکـانی شـوێنەوارو مەعریفە جەختی لە سەر دەکەنەوە، لە ڕێی رەمزو وێنەو هەڵکۆڵینـەوە دۆزیویانەتـەوە، لـە پـێش مێـژووەوە بـوونی هەبووە. لـە ڕەوتـی مێژوویـی و ئەنسـرۆپۆلۆژی و ئـاینی و ئەفسانەیدا بەشێوازی دیاریکراو لە هێزی سەرو سروشتەوە دادەندرێت و شێوازی جۆراو جۆری شەیتانە بۆ بەبەدەست هێنانی مەعریفەو راکێشانی هێزی شەیتانە بۆ زیان گەیاندن پێی و بیرو باوەڕی ئەفسانەییە.

لای ئاینە ئاسمانیەکان جادوو بوونی هەیە. موسا موعجیزەی بەتاڵبوونەوەی جادووی پێ بوو. یەهودی کتێبێکیان بەناوی( قەبالەو زۆهار) لە خودی تەلمودەوەو کتێبی (کابالا/ جادووە گەورەکە )شیان هەیە، هەردووکیان تایبەتن بەجادوو. ئاینی مەسیحی لایان وایە بەهۆی جادووەوە ناوی خودایان بیردەچێتەوەو یارمەتی لە شەیتان وەردەگرن. قورئان حەفتاو حەوت ئایەتی لە سەر جادوو هەیە. سوورەتێکی لە سەر جندۆکە تێدایە. بوزیەکانیش تایبەت کتێبێکیان هەیە بەناوی (ئەلفدا)هیندۆسی و بوزی لە جادوودا نوقم بوون. هیندیەکان لە جادوودا بەوڵاتی سەرسوڕهێنەرەکان بەناوبانگن. کۆنفشیۆس فەیلە سوفی چین تەنها نەعلە تی لە جادووکەر کردووە.

بەو قسەیەوە هیلاک بوو، پرۆفیسۆریش کەوتەوە خوێندنەوەی نامەکە:

پلاپیتۆ دووبارەی کردەوە، ئەو ئازارانە وەک چەقۆ جەرگم دەبڕن. من تەنها کرۆکە گرنگەکانم باس کردووە. دەمەوێت ڕزگارم ببێت.

ژیریی دەستکرد هەموو چیرۆکەکەی پلاپیتۆی لە ناو کامێراکەوە هێنایەوەو خستیە ناو ڕۆمانەکەوە، ئەوان لە ناو تەنە فەزاییەکەوە وێنەکانی ئێستایان دەگرت و لە پەیوەندی و بەستنەوەی هەموو بەشەکانی هەسارەکەو زەوی و بوونەوەرەکاندا بوون.

***

پرۆفیسۆر بۆ ئەو مەبەستە لە گەڵ شا پۆگۆ قسەی کرد، دڵنیای کردەوە لە ڕێی زانست و تەکنەلۆژیاوە ناتوانن وزەی فەزایی و هەسارەکان ببڕن. ئەوەی بیری لێکردۆتەوە تەنیا هەوڵدانە لە ڕێی کۆمەڵێک هۆکاری ئەفسانەییەوە هەتا بتوانرێت ئەو تەلیسمە ببڕن.

بەو مەبەستەشەوە لە گەڵ شا پۆگۆدا چون بۆلای ئۆتۆشۆ.

ئۆتۆشۆ کەم ئەندام بوو، زمانی قسەکردنی گڤە گڤیکی بێ وشەی ژمارەیی بوو، کچە وەرگێڕەکەی قسەکانی بۆ وەردەگێڕا.

کچەکە ناوی سۆدۆ بوو، تەمەنی سیساڵ بوو، یەکێک بو لەو منداڵە دۆزراوانەی سەر هەسارەکە، تەمەنی تەنها دوو ڕۆژ بوو، لە لایەن پۆلیسەوە بەدۆزراوەیی هێنایان بۆ لای. ئەویش وەریگرت و پەروەردەی کرد. ژنێکی قەیرەی لە لا بو ناوی پلاتینی بوو، ئەوی دانا هەتا سەرپەرشتی بکات.

ئۆتۆشۆ بۆ یەکەم جار لە بری شیر لێوی خۆی خستە سەر لێوی و تفی ناو دەمی خستە ناو دەمیەوە.

دوای دوو کاتژمێر پلاتینی شیری دایە، ئەویش وەک منداڵی خۆی بەخێوی دەکرد، هەتا گەورەی کرد و تەمەنی بو بەدە ساڵان. ئۆتۆشۆش کردی بەو کەسەی زمان و هێماو رەمزو

نیشـــانەی جادووبـــازی فێـــر ببێـــت. هـــەر لـــە تەمـــەنی شـــەش ساڵیشـــەوە ناردیـــە فێرگـــای تایبـــەتی، هـــەتا بەشـــی زمـــانی ئەلیکترۆنی پێ تەواو کرد، دوای ئەوە بو بـەکلیلی قفڵـی نهێنـی و کارە جادوویەکانی، هەموو متمانەیەکی لە سەری هەبوو.
لەو ساتەشدا گوێی لـە قسـەکانیان گـرت بو ئـەویش بـەوردی و بەبێ هەڵە وتەکانیانی وەردەگێڕا.
شا پۆگۆ و پرۆفیسۆریش گوێیان بۆ ڕاگرتبـوو، ئـەویش قسـەی دەکرد و سۆدۆ بەوانی دەوتەوە:
- کتێبـی کۆدەکـانی دارامـای فەیلـە سـوفی پێشـبینی کـەری جندۆکـەکانم خوێندۆتـەوە. جـەنگی شـەیاتینی و جندۆکەکانـە، ئەوەی خەواندنی موگناتیسی جندۆکـەکان لادەبـات و پەیکـەری شا شلماشی دەژێنێتـەوە تـەنیا پلاپیتۆیـە. بەکوشتنەوەی عفریتـی گەورە ئەویش دەژێتەوە.
بەدەم پێکەنینێکی وردەوە ئەو نهێنیانەی دەرخست:
- دەبێـت پلاپیتـۆ بدۆزینـەوە، ئـەوەش بەسـەمەندەلە کـەم دەکرێـت. کارەکـانی تـریش بەخەنجـەری گرینلانـد ئـەنجام دەدرێـت، ئـەویش لای خۆمـەو بـۆی دەنێـرم و ئەسـپی سفادلفاری لە شاری سیفایە.
بـەو قسـەیەوە چـاوێکی بەهەردووکیانـدا گێـڕاو دەسـتی بەقسـە کردەوە:
- من باڵندەیـەکی سـەمەندەلی ئەفسـانەیم هەیـە، نـاوی ترفاسـە، دوو بـاڵی درێـژی هەیـە، بـۆ ماوەیـەکی دوورو درێـژ توانـای فڕینـی هەیـە، سروشـتی ئـەم باڵندەیـە وایـە بـەئاگر ناسـوتێت و قەقنەسـە، هـەر ئەنـدامێکی جەسـتەی لـە نـاو بچێـت دروسـتی دەکاتـەوە. توانـای فڕینـی هەیـە بـۆ سـەر هەسـارەی زەوی،

ئەفسانەی دۆزینەوەی هەموو کەسێکی هەیە، دەتوانێت پلاپیتۆ و شمیشێرەکە بدۆزێتەوە.
ئەوەی وت و پشویەکی دا:
- من ئەو کتێبەم لە بەرە. زۆر ژمارەو کۆدی تێدایە، جگە لە من هیچ کەسێکی تر ناتوانێت لێیان تێ بگات. بەو کۆدانە هەموو کارەکان دەکەم.
دوو کچی شۆخ هاتنە ژوورەوە، یەکی سینیەکی زیویان بەدەستەوە بوو، سینیەکیان بەقاپی زێوین هەڵچندرابوو، ئەوی ترشیان سێ شووشە شەرابی لە سەر بوو.
یەک یەک قاپەکانیان لە سەر مێزەکە دادەنا، سێ شووشە شەرابەکەشیان خستە ناوەڕاستیانەوەو گەڕانەوە
ئۆتۆشۆ چاوێکی پیادا خشاندن و پەنجەی دەستە راستی بۆ شەرابەکە راکیشا، جۆر و دروست کردنی شەرابەکەی بۆ باس کردن، سۆدۆ قسەکانی وەرگێڕا:
- ئەو شەرابە تایبەتیە لە ترێ و گژوگیای چوار هەسارە دروست کراوە، باڵندە ئەفسانەیەکەم ترێی سوور و گەڵای شۆکەو قەترانی لە سەر زەوی بۆ هێنام. دوای ئەوە ناردم ترێی سەوزی هەسارەی کافرۆشیشی دۆزیەوە. دوایی چو بۆ هاسارەی کونە ڕەشە، لە وێش ترێی سپی، سپی، سپی رەنگی هێنا.
ئەو هەسارەیە بوونەوەری تیادایە، یان تیایدا نیە نازاندرێت، باڵندەکەم سەرکێشی کردوو توانی بچێت و بیهێنێت، ترێی شین، شینی رەنگ شین لە م هەسارەیەدا تەنیا لە باخەکەی مندا هەیە، هەموویم تێکەڵاو کردووە، چل ڕۆژ لە گۆزەی ئەفسانەیدا هێشتمەوە، دوایی بەدەفرێکی دروستکراو لە قوڕە

سووری سوورکڕاوه بەئاگر پاڵاوتومە، ئاوی ئەفسانەکانیشم تێکردووه، ئەوه خۆشترین شەرابی گەردوونە. ئەو شەرابەیە شا گریلاند ویستی دروستی بکات بۆ نەمریەکی کاتی، هەتا بتوانێت گەردوون داگیر بکات، نەیتوانی و بەو نەخۆشیەوە مرد.
پرۆفیسۆر بیری کردەوە، ئەفسانەی گەردوون گیری هاتەوە بەر چاو، بەو وێنەو بیرەوە شاگەشکە بوو، وەک ئەوەی هیواو ئاواتی هاتبێتە دی، ئەویش هەردوو دەستی تێکەڵاو کرد، پاشان نەخشەی هەسارەکەی خەملاند:
- خواردنەوەی ئەم شەرابە یەکەم هەنگاوە بۆ ئەوەی خاوەن شکۆ و من و پرۆفیسۆر نیوە نەمری بەدەست بهێنین، خەونی گەردوون گیری ئێمە بەدی دەهێنن، ئەوکاتە دەتوانین نهێنی وزەی فەزایی بۆ هەسارەکان بدۆزینەوەو بیانبڕین.
شاپۆگۆ بەبێدەنگی لە خەیاڵی ئاهەنگێکی رۆحی گەردوونیدا نوقم ببوو، پەرداخێک لە شەرابەکەی هەڵگرت، ئەوانیش پەرداخەکانیان بەرز کردەوە، پێکەکانیان هەڵدا.
دوای خواردنەوەی یەکەم پێک ئۆتۆشۆ دڵنیای کردنەوە:
- ئەمڕۆ سەمەندەلە کە ئامادە دەکەم و دەینێرمە سەر زەوی، دەبێت پلاپیتۆ بدۆزیتەوە، ئەو کاتە هەمووی ئەنجام دەدەین.
پرۆفیسۆر و شا پۆگۆ پێکی دووەمیان هەڵقوڕاند، سەرمەست ببوون وەک ئەوەی ئامادەبوبن بۆ دەست بەسەردا گرتنی گەردوون و مادە کیمیاییەکانی هەر چوار رەنگە فیزیاییەکەیان دۆزیبێتەوە. ئۆتۆشۆش بەپێکەنینەوە ئەوەی پشت ڕاست کردەوە، سۆدۆش وەک خۆی قسەکەی پێ وتنەوە:

- پێنج ساڵ خەریکی پەیداکردنی ترێ رەنگاو رەنگەکان بووم و شەش مانگیش خەریک بووم هەتا ئەو شەرابەم دروست کرد، ئەوە تایبەتە بەخاوەن شکۆ. هەتا بتوانێت گرێیەکانی گەردوون بکاتەوە.
شاپۆگۆ پێکێکی تری لە شەرابەکەدا:
- ئۆتۆشۆ دەستت خۆش بێت لە ژیانمدا شەرابی وا خۆشم نەخواردۆتەوە.
ئۆتۆشۆش دووا چۆڕی پێکەکەی خۆی خواردەوە، هێڵنجێکی دا، کەمێک مەست ببوو، کەوتە شی کردنەوەی چۆنیەتی شەرابەکە، گرێیەک لە دڵیدابوو، دەمێک بو ئاشکرای نەکردبوو، ڕووی کردە شاپۆگو، سۆدۆش بەهێمنی لە گەڵ رێتمی قسەکانیدا بۆی وەرگێڕا:
- ئەو شەرابە نیوە نەمری دەبەخشێت بەرۆح لە بەر، زیاتر بۆ چارەسەری نەخۆشی خاوەن شکۆو درێژبوونەوەی تەمەنی تۆ دروستم کرد، ویستم هەر چوار رەنگە فیزیاییەکە تێکەڵاو بکەم، ئەوە جەستەو خوێن لە هەموو نەخۆشیەک پاک دەکاتەوە. جارێکی تر ناتوانم دروستی بکەمەوە.
پرۆفیسۆر پەرداخەکانی پڕ کردەوە لە شەراب، شاپۆگۆ لە گەڵ جووڵەی دانانەوەی شووشە شەرابەکەدا پەرداخەکەی خۆی هەڵگرت و دەمی پێوە نا. پرۆفیسۆریش پەرداخەکەی بەرزکردەوەو بەلێویەوە نا و خواردیەوە هەتا چۆڕ بڕی کرد.
شا پۆگۆش یەک بین شەرابەکەی هەڵقوڕاند و خەندەی خۆشی سەرکەوتن و لچ هەڵقوتاندنی بەدەم تامەکەیەوە تێکەڵاو کرد:
- ئۆتۆشۆ هەسارەکە قەرزار باری تۆیە، کۆششی تۆ لە وە

زیاتره بتوانین بەسادەیی سوپاست بکەین.
ئەوەی وت قاشێک لیمۆی خوارد، دوو دەنک زەیتونیشی کرد بەسەریدا. پرۆفیسۆریش کەوچکێک گیراوەی کرد بەدەمی ئۆتۆشۆوە.
پارچە مۆسیقایەکی جەنگی لێدرا، واتای بانگەشەو یەکگرتنەوەی دەدا، هەموویان بەهێمنی گوێیان بۆ ڕاگرتبوو.
پاشان پرۆفیسۆر پێکەکانی پڕکردەوە، هەر سێ شووشەکەش تەواو بوون و خواردیاننەوە. ماوەیەک بێدەنگی هەموویانی گرتەوە، دوای ئەوەی پێکەکانیان هەڵقوڕاند، کەوتنە خواردنی ئەو قاپانەی دانرابوون، هەناری دەنک کراوی گەورەو جوان، زەیتونی خۆشکراو، لیمۆ، پرتەقاڵی قاش کراو، گۆشتی چەند باڵندەیەکی برژاو.
مۆسیقاکە گۆڕا بەئاوازێکی گەردوونی، بەو ئاوازەوە هەستان بچن سەیری سەمەندەلە کە بکەن.
سۆدۆ دەستی ئۆتۆشۆی گرت و ئەوانیش لە گەڵیدا کەوتنەڕێ.
سەمەندەلە کە لە ناو باخچەیەکی گەورەدا چینەی دەکرد. دەیان باڵندەی تری جۆراو جۆری ئەفسانەیی تێدابوو، ئەوان خرابوونە ناو قەفەزەوە، هەمووشیان بەبینینی ئۆتۆشۆ کەوتنە سەر سەماو باڵە فڕە، شا پۆگۆ و پرۆفیسۆر سەریان سوڕمابوو. ئۆتۆشۆش ئەو نهێنیەی بۆ کردنەوە:
- ئەم باڵندانە هیچیان سروشتی نین، تێکەڵاون لە باڵندەی ئەفسانەیی سەر زەوی و هەسارەکانی تر، هەموویان بۆ لای من دەگەڕێنەوە. منیش جارێکی تر گیانی ئەفسانەییان بەبەردا دەکەمەوە.

باڵندەکە لە م چڵ بۆ ئەو چڵی دەکرد، کاتێک ئۆتۆشۆی بینی باڵەکانی بەیەکدا داو درێژی کرد و کورتی کردەوە. پاشان لە سەر چیمەنەکە وشک وەستا. رەنگەکانی بریسکەیەکیان دەکرد، چاو لە بینینی ڕەشکەو پشکەی دەکرد.

دوو باڵی فیزیایی پێوە بوو، هەر باڵەی شەش نوکی هەبوو، وەک پەنجە درێژ ببوون. ریشاڵەکانی سوور و زەرد و شین و تۆخ، سوورێکی تۆخ تێکەڵە بەئاگر و گزنگ، لە ژێرەوەی رەنگی سوور بو دەگۆڕدرا بەزەرد و سپی، لە نێوان باڵەکانیشیدا ریشاڵی شینێکی فیزیایی و سەرەوەی سپی بوو، هەر چوار رەنگە فیزیاییەکەی تیادا کۆبوبووەوە.

ئۆتۆشۆ نهێنی رەنگەکانی بۆ دەرخستن، سۆدۆ بەنیوە ناچڵی وەریدەگێڕا:

- ئەم رەنگانە سروشتی نین، رەنگی سروشتی فیزیایی دەڵێن سپی، ئەمە ئەو سپیە نیە ئێمە دەیبینین، رەنگی ئەزەلی فۆتۆناتن، بەتێکەڵ بوونی ئەو چوار رەنگەوە گەردوون کۆتایی پێ دێت. ئەم باڵندەیە جووڵەو رەنگ و پێکهاتەی فیزیاییە، باڵندەیەکی سروشتیش نیە، سەمەندەل خشۆکن، باڵندەیان لە ئەفسانەکاندا هەیە، ئەمەم لە ئەفسانە کۆنەکانی هیندستانەوە هێناوەتەوە.

ئەوەی وت ئامازەی بۆ سەمەندەلە کە کرد، ئەویش بەباڵە فڕەوە هاتە سەر شانی.

باڵندەکان هەموویان لە ناو قەفەزەکانەوە باڵە فڕەیان دەکرد، وەک ئامادەبن بۆ فەرمانی ئۆتۆشۆ، ئەویش سەیری هەموویانی کرد و بەزمانی خۆی نیشانەکانی بەسەمەندەلە کە دەوتەوە. ئامازەکان ئەو جیگایانە بوون پلاپیتۆ تیایاندا دەژیا.

دوایی سەمەندەلە کەی لە سەر شانی داگرت، سۆدۆی بانگ کرد نامەیەک بۆ پلاپیتۆ بنوسێت.
سۆدۆ قەڵەم و کاغەزی هێنا، گوێی لە ئۆتۆشۆ دەگرت بەشێوەی هێمایی و زمانی جادوویی جندۆکەکان وشەکانی دەوتەوە، ئەویش دەستی بەنوسین کرد:
- لە ئۆتۆشۆوە بۆ پلاپیتۆی پاڵەوان، سڵاوی من و سڵاوی شاهانەی هەسارەی خۆرهەڵاتت لێ بێت.
نامەکەتم خوێندەوە، تۆ کتێبی کۆدەکانی دارامات خوێندۆتەوە، کۆدەکانم بۆ کردوویتەتەوەو چیرۆکی شا شڵماشیت لە بەرە، سەمەندەلی ئەفسانەیی و خەنجەری گرینلاند و کۆدەکانیشم بۆ ناردوویت. ئەسپی سفادلفاریش شا شڵماشی دەتداتێ و تابووتی پەیمانی خودا لە سێ گۆشەی بەرمۆدا دەهێننەوە.
کۆدی سی درەختێکی بچووکی لە سەرە، ناونیشانی گوندەکەی خۆتە. کۆدی ساد شمشێرەکەی شڵماشیە، بەردێک داپۆشیوە. کۆدی تا وێنەی کچێکی شیرە خۆرەیە، ئەشکەوتی پایتەختی جندۆکەکانە. کۆدی قاف ئەهرامەکانی میسرە. کۆدی دال دەرگای عەشتارە. کۆدی ڕا شاری سیفارە. کۆدی زال سێ گۆشەی بەرمۆدایە. کۆدی فاو عەرشی ئیبلیسە. کۆدی میم گەڕانەوەیە بۆ کۆتایی جیهان و گوندی دۆلفین.
نامەکەی نیشانی شاپۆگۆ و پڕۆفیسۆر دا، هەتا بزانن بەزمانی جادوویی جنۆکەکان بۆ پلاپیتۆی نوسیوە، پاشان پێچایەوەو چووە ژوورەوە لە سندووقێکی زیویندا خەنجەرێکی بچووکی دەرهێنا. بەقەد قەڵەمبڕێک دەبوو، دوایی سندووقەکەی داخستەوەو هاتە دەرەوەو خەنجەرەکەی نیشانی شا پۆگۆ و پڕۆفیسۆر دا:

- ئەمـە خەنجـەری گرینلانـدە، چەنـد بچووکـە بـەڵام بـۆ شـەش مــەتر درێــژ دەبێتــەوە، پلاپیتــۆ دەخاتــە ســەر ڕێچكــەی سەرکەوتن.
ئەوەی وت خەنجەرەکەی درێژ کرد و کورتی کردەوە، دوای ئەوە کەوتە باسکردنی ئەفسانەی دروست کردنەکەی:
- ئــەو خەنجــەرە بــەمێژووی ئەفســانەکان و تراژیـدیاکان ئــاو دراوە. مێــژووی ئــەو خەنجەرانـــەم دەزانـــی، تایبـــەت و بــەناوازەیی بــۆ پادشــاو کەســە ئەفســانەییەکانی ســەر زەوی دروسـت کرابـوون. بیـرم لـە وە کـردەوە هـەموویان تێکـەڵاو بکـەم. سـەرەتا ئـەو خەنجـەرەم هێنـا ڤینۆسـی دایـک بـەدیاری بـە(ئینیس)ی پادشـای تـەڕاودەی بەخشـی بـوو. دوایـی درابـو بەیولیۆسـی قەیسـەری ڕۆمـا. گۆزەیـەکم لـە گڵـی ئەشـکەوتی ئەفسانەکان و ئاوی ناوسکی فیلێکی بەتەمەن و گـەڵای کوکـە دروست کرد، بەو ئـاگرە سوورم کـردەوە باڵندەی سـەمامە بۆ کوشـتنی باڵنـدەکان دەیکەنـەوە، هـەتا نێچیـری پـێ بگـرن و بیخـۆن. دوایـی خـوێنی دە باڵنـدەو سـەمەندەلێکی خشـۆک و ترێـی شـەراب و زەنجـەفیل و ئـاوی ئەفسـانەکانم تێکـرد. ئـەو خەنجــەرەم خســتە نــاوی، دوایــی ئــەو خەنجەڕەشــم هێنــا بەئێســقانی دڕنــدەی دەریــا و هــەموو گیانــە ئەفســانەییەکان تێکــەڵاو کرابــوو. خەنجــەرە نەڕوویژیەکــەی قزمانیشــم دەسـتکەوت، ئـەویش بـەجادووی ئەفسـانەکان ئـاودرابوو، هـەر لــە کـێلان دەربهاتایــە بەرامبەرەکــەی دەمـرد. خەنجەرەکــەی شاروریشم دۆزیەوە، ئەویش توانـای فڕینـی دەدا بەپاڵەوانەکەو ژەهـری بـڵاو دەکـردەوەو دەیتـوانی لـە گـەڵ شـەیتاندا شـەڕ بکات. خەنجەری سون و کونغ پاڵەوانی ڕۆمـانی گەشتێک بۆ

ڕۆژئـاوای کلاسـیکی چینیشـم پەیـدا کـرد، چیرۆکـی تانـگ سنگی بـوزی دەگێڕێتـەوە، بۆ بەدەستهێنانی نامـەکانی بـوزی. ئەم خەنجەرە بەجادوو ئاو دڕاوە. درێژی شـەش مـەترەو هـەتا نوکی دەرزیەکیش بچووک دەکرێتەوە.
من هـەموو ئـەو جۆرانـەم لـە گۆزەیـەدا تێکـەڵاو کـرد. بـەئاوی پیـرۆزی ئەفسـانەی جندۆکـەو گـەڵای حەشـیش و کوکـەو دوو چاوی گـورگێکم فلیقانـدەوەو هـەموویانم تـێ کـرد و تـێکم دان. پاشان سەریم نایەوەو دوای
مانگێـک سـەریم داپۆشـی. دوایـی یـەک یـەک خەنجـەرەکانم دەرهێنـا، خەنجەرەکـەی سـون و کونـغ تـوانی ئەفسـانەی هــەموویان هــەڵبمژێت و ئــەوانی تــر هــەموویان پوچــەڵ بوونـەوە. تـەنیا ئـەو خەنجـەرەیان لـێ دروست ببـوو نـاوم نـا خەنجەری گرینلاند.
ئـەوەی وت سـەمەندەلە کـەی مـاچ کـردوو ئـەو نهێنیەیانـەی درکاند:
- ئـەو خەنجەرانـە هـەموویان ئـەم سـەمەندەلە م نـاردووە بـۆی هیناوم.
بـەو قسـەیەوە نامـەو خەنجەرەکـەی خستە نـاو پـەڕەکانی سـەر پشتی سەمەندەلە کەو لـە نێوان هـەردوو باڵەکانیدا بەدەزویـەک سـێ جـار لــە ســکیەوە هێنایــەوەو تونــد گرێــی دان. ئەوســا سەمەندەلە کەی بەهـەردوو دەستی گـرت و بەهـەوادا هـەڵی دا. کـەمێک سـەیری کـرد، هـەتا دەرگاکـە شـاپۆگۆ و پرۆفیسۆری بـەڕێ کـرد و گـەڕایـەوەو کەوتـەوە سـەیری سـەمەندەلە کـە، ئـەویش سـەرەتا بەهێواشـی باڵـەکانی بەیەکـدا دەدران، هـەتا کـەمێک دوور کەوتـەوە، پاشـان بـەتیژی هـەڵفڕی، فڕینێـک لـە

چرکەیەکـدا لــە چــاو ون بــوو. ئــەوان رۆشــتن و ئــەمیش گەڕایـەوە بۆ جێگاکـەی خـۆی. فەزاکـەش لـە گـەڵ شـەپۆلێکی ئەفسانەیی خۆکرددا بە شـەقەی باڵی سـەمەندەلە کـەوە تێکـەڵاو دەبوون.

ئێمە لە ناو تەنە فەزاییەکـەوە ئـەو وێنانـەمان لـە کـامێرای سـەر هەسـارەکەوە وەردەگـرت و ژیریـی دەسـت کـردیش مۆنتـاژی دەکردنەوە.

١٨

ئێمــه هــەر پێنجمــان لــە نــاو تەنــە فەزاییەكــەوە لــە چــاوی كامێراكانــەوە چــاودێری ئــەو باڵنــدە ســەمەندەلە مــان دەكــرد بــەرەو زەوی دادەبــەزی، كــامێرای هەســارەكە تیشــكی زوومەكــەی خستبووە ســەری، ژیریــی دەســتكردیش وێنــەكانی دەگواستەوە.

ســەمەندەلە كــە، بەباڵــە رەنگاڵەییەكەیــەوە بەفەزاكــەدا دەهاتــە خــــوارەوە، وەك تــــەنێكی فــــەزایی جــــەنگی دەنوانـــــد، لە كامێراكەوە دڕی بەشەپۆل و فۆتۆناتـەكان دەدا. وێنـەی هـەر چــوار رەنگــە فیزیاییەكــەی دەدایــەوە، وەك هــەر چواریــان تێكەڵاو بوبن و فوی سوور گەردوون بتەقێنێتەوە.

كاتێــك نزیــك كەوتــەوە لــە ســەر زەوی، قیقــە قیقێكــی ئەفسـانەیی كـرد. وەك ئــەوەی مرۆڤایــەتی لــە خــەو بێــدار بكاتــەوە. یەكڕاســتیش لــە ســەر گونــدی دۆلفــین و چیــای ئۆسۆسۆدا وەستا.

پلاپیتۆ لە كۆتایی گوندی دۆلفیندا خـەوت بـوو، سـەمەندەلە كـە لــە ژوور ســەریەوە دەهــات و دەچــوو، بەباڵــە فــڕە خەبــەری كردەوە. كاتێك ئەو چاوی هەڵهێنا ئەویش باڵەكانی ڕاوەشاند، لـە بەردەمیدا نیشتەوەو هـەردوو بـاڵی كـردەوە. ئـەویش نامـەو خەنجەرەكــەی بینــی بەتاڵــە دەزویــەك بەپەڕەكانیــەوە گــرێ درابوون، گرێی دەزووەكەی كردەوەو هـەردووكیانی دەرهێنـا.

ســەرەتا خەنجەرەكــەی لــە كــێلان هەڵكێشــا و لێــی روانــی، ئەفسونەكەی بریسكەی بەچاویدا دەهێنـا، یەكڕاست ناسیەوە،

ئەوە خەنجەری گرینلاندی ئەفسانەکانە.
ساتێک بەوردی لە نوک و مستو کێلان و جەوهەرەکەی روانی، پاشان خستیەوە ناو کێلانەکەی، دوای ئەوە هەستا، مارمیلکێک و چەند زیندەوەرێکی تری بۆ سەمەندەلە کە کوشت و خستیە بەردەمی، ئەویش کەوتە خواردنیان، پاشان هەستایەوەو کەوتە باڵە فڕە، ئەویش نامەکەی کردەوەو کەوتە خوێندنەوەی، کۆدەکانی دارامای لە بەر کرد و چیرۆکی شا شڵماشی بەباشی دەزانی، بەسەر زمانی هەموو جندۆکەکانەوە بوو. ئەو چەندەها جار چیرۆکەکەی سەروبن کردبوو.
لە چیرۆکەکەدا، شاشڵماشی بەشمشێرێکی ئەفسانەییەوە بەناوی پیرۆزی شای جندۆکەکان ئاودڕاو، عفریتی گەورەی کوشتووەو شمشێرەکەی خستۆتە ناو دەمیەوەو ژەهرەکەی بەخوێناوی گەڕوویەوە ناوسکی پڕ کردووە. دە چرکە لە ناو دەمیدا رایگرتووە. ئەوسا سەرسنگی شەق کردووەو دڵی دەرهێناوەو ئاگرێکی بۆ کردۆتەوەو سوتاندوویێتی.
لە گەڵ دووکەڵی جەستەیدا تەمێک دروست بووە، گێژەڵوکەیەکی بەهێزیش هەڵی کردووەو بووە بەگڕەیەکی بورکاناوی، ڕوخسارو جەستەی شڵماشی گرتۆتەوەو کوێر و کەڕ و لاڵی کردووە. ئەو تەنیاو بێ کەس بەو شاخەدا هات و چۆی کردووە. نەزمانی هەبووە هەتا هاوار بکات، نەگوێی هەبووە هەتا ببیستێت، نەچاوی هەبووە هەتا ببینێت، بەچنگە کڕێ و برسێتی و تینوێتی هاتووەو چووە، دوواجار بەر لە وەی گیان بدات، شمشێرەکەی خستۆتە ژێر تاشە بەردێکەوەو وەسیەتی بۆ باڵندەکان کردووە:
- ئێوە هەموو باڵندەکان، ئەی سەمەندەلی ئەفسانەکان

ئاگـــاداربن، ئـــەم شمشـــێرە رۆحـــی مـــن دەژێنێتـــەوە، لێـــرەدا دەیشارمەوە، بیدەن بـەگوێی پلاپیتۆدا، ئـەو جندۆکـەیـەی دەبێتـە پاڵەوانی شۆڕشی جندۆکەکان.
دوای ســێ ڕۆژ عفریتـــی گـــەورە دەژێتـــەوە، دەچێتـــە نـــاو ئەشــکەوتی رۆح و جندۆکــەکانی هــاوڕێی شلْماشــی بــەهێزی موگناتیســـــی دەخـــــەوێنێت. جەســـــتەی شلماشـــــش دەبێـــــت بەپەیکەرێک و دەچێتەوە ناو ئەشکەوتی رۆح.
پلاپیتـۆ لـە کتێبەکـەی دارامـادا خوێندبویـەوە، بـۆ دۆزینـەوەی شمشـێرەکەی شلْماشـی و برینـی تەلیسـمی شـەیاتینیەکان تـەنها خەنجەری گرینلاندە.
پیویستە لـە شاخەکەشـدا سـێ دڕنـدە سـەر ببڕێـت، لـە خـوێنی هەر یەکێکیان قومێـک خـوێن بخواتـەوە، ئـەو کاتـە شمشێرەکە بریسکە دەداتەوەو دەدۆزرێتەوە.
.لەو کاتەشـدا خۆشـی سـەرتاپای جەسـتەی گرتـەوە، هەسـتا گوندەکـەی بـەجێ هێشـت و بەشـاخەکەدا هەڵگـەڕا، باڵنـدەی ئەفسانەیی بەئاسمانەوە بـەژوور سـەریەوە دەهـاتن و دەچـوون، کاتێـک سـەیری کـردن ناسـینیەوە سـەمامەی نـاو چیرۆکـە ئەفسانەیەکان بوون، سەمەندەلە کـەیش بـەژوور سـەریەوە باڵـە فڕەی دەکرد.
ئـەوە گـڕو تینێکـی زۆری پـێ بەخشـی، زانـی لەو گەشـتە مەرگاویەیدا سەردەکەوێت. ئەویش بـەدەم جووڵەی باڵەکانیـەوە سەمای رۆحی لـە گەڵدا دەکرد. ئـەویش ڕۆیشت هـەتا گەیشتە نـــاو تاشـــە بـــەردێکی قـــەدپاڵی شـــاخەکەو خەنجەرەکـــەی بەدەسـتیەوە گـرت، کـەمێک چـاوی گێـڕا، کـۆدی سـادی دۆزیـەوە، ئـەو جێگەیـەی شمشـێرەکەی تیـادا شـاردرابووەوە،

سەمەندەلە کەش ڕێک لەو جێگەیەدا نیشتەوە.
ئـــەویش بـــەدوای ســـێبەری ئـــەو باڵندانـــەی ژوور ســـەریەوە هەستی کـرد شمشێرەکە لـە ژێـر کـام بـەردەدا شـاردڕاوەتەوە. سـەمەندەلە کـەش بـەدەنوک کەوتـە هەڵدانـەوەی خۆڵەکـە، وەک فێری بکات چۆن بۆی بگەڕێت.
پلاپیتۆ چووە بن تاشە بەردێکەوە. تەلیسمی ئەفسانەیی لـە گـەڵ چیرۆکەکـەی شلماشـیدا تێکـەڵاو کـرد. نـەڕەی شـێرێک هاتـە بـەر گـوێی، نزیـک بـووەوەو بـەرەو ڕووی ڕۆیشـت. شێرەکە هەستی بەتیشـکەکەی کردبوو، زانـی جندۆکەیـەو هەڵمـەتی بۆ برد، ئەویش خەنجەرەکـەی لـە کێلان دەرکێشـاو دریژی کـرد. لــە گــەڵ هەڵمــەتی شــێرەکەدا بەتیشــکەکەی کــوێری کــرد و نوکەکـەی لـە سـەر سـەری چەقانـد، شێرەکە کـەوت و گیـانی دەرچـوو. ئـــەویش ســـەری بـــڕی و قومێـــک لـــە خوێنەکـــەی خواردەوە.
لـە ناکـاو پڵنگێکـیش هـات، بەهەڵمەتـە بەهێزەکـەی خـۆی بـۆ تیشـکەکەی هەڵـدەدا، ئـەویش بـاوە خولـە ی لـە گـەڵدا دەکـرد، هـەتا خەنجەرەکـەی لــە سـەری داو خسـتیە سـەر زەویەکـە. دوایی سەری بڕی و دەمـی نـا بەخوێناوەکەیـەوەو قـومێکی لـێ خواردەوە.
دوو لاشـە کـەوتبوون، گورگێـک بـەبۆن هـات، کەوتـە چەمۆڵـە بـــەرز کردنـــەوە، پلاپیتـــۆ دەیزانـــی تـــەنیا گیانـــدارێک بتـــوانن شـەڕی جندۆکـە بکـەن گـورگن. خەنجەرەکـەی گرتـە چـاوی کوێری کرد و لێی چووە پێشەوەو خەنجـەرێکی لـە نـاو چـاوانی چەقانـد و کوشـتی. دوایـی سـەری بڕی و سـنگی شـەق کـرد، قومێکی لە خوێناوەکەی خـواردەوە. پاشـان دڵـی هـەر سێکیانی

دەرهێنا، خستنیە بەردەمی سەمەندەلە کە، ئەویش دەستی کرد بەخواردنیان. ئەویش هەر سێ لاشەکەی پێکەوە سوتاند، هەتا جندۆکەکان بزانن شۆڕشی پلاپیتۆ هەڵگیرسا.
سەمەندەلە کە لە ژێر تاشە بەردێکدا نیشتبووەوە، دەنوکی لە خۆڵەکەی وەردەدا، بریسکەیەکی بەهێز هات لە چاوی پلاپیتۆی دا، گورج بەرەو تیشکەکە ڕۆیشت، خۆڵەکەی هەڵدایەوە، چاوی کەوتبووە سەر بریسکە، دەستیشی تەزوی پیادا دەهات، هەستی کرد هێزی مستوی موگناتیسی شمشێرەکە رایکێشا و دەستی بەر پەڕۆیەک کەوت، ئەوە دەستە سڕە حەریرەکەی شلماشی بوو، کاتی خۆی شمشێرەکەی پێ پێچابووەوە، ئەویش بەخۆشیەوە دەریهێنا.
بۆنێک بەسەرو ڕوویدا هات، لە جێی خۆیدا بەبێ هۆشی کەوت. کاتێک بەئاگا هاتەوە تاریکی داهاتبوو، سەمەندەلە کەش بەهەواوە پاسەوانی دەکرد. ئەویش شمشێرەکەی بچووک کردەوە بۆ قەبارەی قەڵەم بڕێک و لە قەدی بەست و خەنجەرەکەی لە کێلان دەرکێشا، وەک مانگ ڕووناکی دەدا، بەدوای سێبەری سەمەندەلە کەوە کەوتە گەڕان، بۆ کۆدی تا، سەمەندەلە کە بەژوور سەریەوە بوو، زۆر گەڕا هەتا ئەشکەوتی رۆح لە بەرانی دۆزیەوە.
ئەشکەوتەکە نادیاربوو، کەوتبووە نەدیوی پشت تاشە بەردێکی پان و درێژ، دەمێکی تیژی بچووکی هەبوو، بەسەوزە گیاو دڕک و داڵ داپۆشرابوو. سەمەندەلە کە بەدەنوک کەوتە هەڵدڕینی خۆڵەکە. هەتا پلاپیتۆ فێر بکات. ئەویش کەوتە هەڵدانەوەی خۆڵەکە، دەبو لە سەر سک بچێتە ناویەوە. لە پێشدا خەنجەرەکەی بەدەستیەوە گرت و هەردوو

دەستی بردە ناوەوەو ئەوسا سەری پیاکرد و بەدەستێکی چنگە کرێی دەکرد، بەدەستەکەی تریشی خەنجەرەکەی گرتبوو، لە خۆڵەکەی دەچەقاند، تیشکەکەی پێشەوەی بۆ ڕووناک دەکردەوەو سەمەندەلە کەش لە پێشیەوە چووە ناوەوە، ئەویش بەسنگە خشکێ و چنگە کڕێ ئەو تەنگە بەریەی بڕی.
ناو ئەشکەوتەکە تاریکیەکی نوتەک بوو، هیچ شتێک نەدەبینرا، سەمەندەلە کە بەرز بووەوەو بەرەو پێشەوە فڕی، ئەویش بەدوایدا ڕۆیشت، دوای ماوەیەک ڕۆیشتن، هەتا نزیک کەوتنەوە لە ڕووناکی، دەنگێکی زۆر کپ و ترسناک، لە ناو قوڵایەکەوە هات، وەک دەنگی دێوێک بێت و چرپە بکات. لە ساتێکدا دووبارە بووەوە:
- خۆت بناسێنە؟
ئەویش وەک شا شڵماشی قاچی چەپی پێش خست. ئەوسا قاچی راستی هێناو بەرەو ڕووی دەنگەکە ڕۆیشت:
- منم شڵماشی خوێن، شڵماشی دروێنەی رۆح، منم شڵماشی ئێسک و پروسک. ناونیشانمان سڕینەوەی سیماو ڕوخسار و جوانیە.
دەنگەکە کپ دەبێت:
- وەرە شڵماشی خوێن با پیاڵەیەک لە خوێنەکەت بخۆمەوە.
پلاپیتۆ وەک شڵماشی خوێن چووە پێشەوە، هەتا گەیشتە بەردەم پەیکەرێک لە ئێسک، سەمەندەلە کەش لە سەر پەیکەرەکە نیشتەوە، بەدەنوک ئاماژەی بۆ دەکرد.
پلاپیتۆ شمشێرەکەی خستەوە ناو دەستی پەیکەرەکەوە، هەتا بژێتەوەو گورج هەنگاوی هەڵهێنایەوە، هەتا گەیشتە ئەو جێگەیەی بەدەنگی بەهێزی عفریتی گەورەوە گوێی کەوتە

سەر زرنگانەوە.
پلاپیتۆ چووە ناو قوڵایی پان و پۆڕی ئەشکەوتەکە، چەند تەلاری بچووک بچووکی تیادا بوو. بەچاو نەدەبینران، لە بەر تیشکی خەنجەرەکەدا وەک سێبەرێکی تاریک دەردەکەوتن. چەند درەختێکی سەوز ڕوابوون، بەرز و بڵند.
عفریتی گەورە خۆی گۆڕی بو بەئەژدیها، لە سەر قەدی درەختێکیانەوە خۆی ئامادە کردبوو، کاتێک پلاپیتۆ چووە پێشەوە، ئەویش لە درەختەکە هاتە خوارەوە، ئەویش خەنجەرەکەی گرتە چاوی، سەمەندەلە کەیش بەدەنوک لە سەری دەداو بەرز دەبووەوە، ئەژدیهاکە حۆل بوو، بەکوێری لوشکاندی و هەڵمەتی بۆ بردەوە. ئەویش چووە پشتیەوە، ئەویش وەرگەڕایەوە. ئەویش کەوتە باوە خولە بەدەوریدا، هەتا لە پشتەوە خەنجەرەکەی کرد بەناو قەدیدا، چەند جارێک لێیدایەوە، هەتا لە جووڵەی خست و کەوتە سەر زەویەکە، پاشان سەری پارچە پارچە کرد هەتا جارێکی تر نەژێتەوە.
پلاپیتۆ ئەوەی بیرهاتەوە، لە کتێبی کۆدەکاندا چۆن لە چیرۆکەکەی شا شڵماشیدا هاتووە، بەو جۆرە چووە پشت سەریەوەو خەنجەرەکەی بەمێشکیدا بردە خوارەوە، جاریکی تر لە ولا تریەوە لێی دایەوە، هەر خەنجەری لە سەری دەچەقاند، سەری قاش قاش کردبوو، پارچە پارچە لێی دەکردەوەو هەنجن هەنجنی دەکردن، سەمەندەلە کەش بەدەنوک لێی دەدا، هەتا لە هەموو جووڵەیەک کەوت، ئەوسا پەیکەرەکە ژیایەوە، لە جێگەی خۆیەوە جولاو و کتوپڕ کەوتە قسە:

- پلاپیتۆ زمانی لە ت لە ت بکە.
پلاپیتۆ زمانی کرد بەدەیەها پارچەوە، جەستەی ئەژدیهاکە گۆڕا، بووەوە بەعفریتی گەورە، پلاپیتۆ خەنجەرەکەی درێژ کردوو ژەهری رشت و بریسکەکەی گرتە چاوی و کوێری کرد، ئەوسا خەنجەرەکەی کرد بەدڵیدا، خوێن فیچقەی کرد، پاشان خەنجەرەکەی کورت کردەوەوەو هەتا خوارەوە لە شی قاش کرد. بۆ سەرەوەش هەڵیکێشایەوەو سنگ و مل و سەری کرد بەدوولە تەوە، دڵی دەرهێنا و پارچە پارچەی کرد و سەمەندەلە کەیش بەدەنوک گۆشتی لێدەکردەوە، هەتا گیانی دەرچوو. پلاپیتۆ پێستەکەی بەری دادڕی و لە گیرفانەکەیدا رستە چنراوەکەی دەرهێنا و بەخەنجەرەکەی کردی بە دوو لە تەوەو گرێی خەواندنی هەموو جندۆکەکانی کردەوە.
سەگی ناو درەختەکانیش بەبۆن هەستیان کرد عفریتی گەورە مردووە، بەدەم قروسکەی خۆشیەوە هاتن و کەوتنە خواردنی پارچەکانی. پەیکەرەکەش رۆحی بەبەردا هاتەوەو رۆشنایی بۆ هەردوو چاوی گەڕایەوە، ساتێک وەستا و پڕ بەسیەکانی هەناسەی هەڵمژی، دوای چەند چرکەیەک دەستی پلاپیتۆی گرت و بەعیشقێکی نەمریەوە ماچی کرد و خۆی پێ ناساند:
- من شا شلْماشیم خۆم و سوپاکەم سەد ساڵە بەهێزی موگناتیسی ئەم عفریتە خەوێندراوین.
پلاپیتۆ خەنجەرەکەی بەرز کردەوە:
- چیرۆکی شلْماشی منی هێناوەتە ئێرە، وەرە بابچین خەوێندراوەکان ڕزگار بکەین، ئەو کۆشکانە پڕن لە خەوێندراوی سوپاکەی تۆ.

لــه کۆشــکەکانەوە هــاوار هەســتا، هــەموو خەوێنــدڕاوەکان بانگەوازیان دەکرد:
- پلاپیتۆ و شا شلْشماشی ڕزگارمان بکەن.
پلاپیتـۆ خەنجەرەکـەی گرتـە تاریکیەکـەو لـە گـەڵ شاشلْماشـیدا ڕۆشتن، گەیشتنە بـەردەم یەکـەم کۆشـک، پاسـەوانێکی شـەیتان وەســتابوو، بەتیشــکی خەنجەرەکــە توایــەوەو کلیلــە کــانی لـە دەسـت کـەوت و لـە سـەر زەویەکـە زڕەیـان هـات. پلاپیتـۆ کلیلـە کـانی هەڵگرتـەوە، دەرگـای کۆشـکەکە کـردەوە، یەکـەم خەوێنـدڕاو هاتـە دەرەوە، کورتـە باڵایـەکی ریـش هـاتوی چـاو داقڵشـاوی ڕەش پێسـت بـوو، چـرچ پێسـتی دەم و چـاوی پـڕ کردبـووەوە، بـەچاوی پـڕ لــە گریـان و فرمێسـکەوە پلاپیتـۆی ماچ کرد و باوەشی بەشا شلْماشیدا کرد:
- سـەد جندۆکـەین. سـەد ساڵە لێـرەدا بـەهێزی موگناتیسـی خەوێندڕاوین.
خەوێنــدڕاوەکان یــەک بــەدوای یــەک تریــدا هاتنــەدەر، شاشلْماشــی دەســتی پلاپیتــۆی گــرت و بەپەنجــەکانی دەســتی دەگوشی و داوای لە سوپاکەی کرد ئاهەنگ بگێڕن، بەبۆنـەی ئـەم سـەرکەوتنەوە، دەبێـت هاوکـاری بـین هـەتا گەشـتەکەی تەواو بکات.
سـوپاکە بـەپێی ژمـارە وەک سـەد سـاڵ لــە وەوبـەر، هــەر کەسـەیان چــووەوە ژوورو جێگــەی خۆیــەوە، دوای ئــەوەی دامەزرانــەوە خۆیــان ئامــادە کــرد بــۆ ئاهەنگەکــە، جندۆکــە مێیـەکان جلـی ئـاڵ و واڵاو بریقـە داریـان لـە قوماشـی حـەریر لە بەر کردبوو، نێرەکانیش جلـی یـەک ڕەنگـی خاکیـان لـە بـەر کرد و پێڵاوی ئەفسانەییان کردە پێیان.

وەک سەد ساڵ لە وەو بەر چیشتخانەکە کرایەوە، هۆلالا و نانۆنا و ناتۆنا دەستیان کردەوە بەشتن و پاک کردنەوەی ناو چێشتخانەکە، دیوار و زەویان پاک کردەوەو و قاپ و کەوچک و چەقۆو مەنجەڵ و پەرداخیان شت. دوای ئەوە مەنجەڵەکانیان خستە سەر ئاگر.
شەوشم و ملمم چون دوو ئاسکیان هێناو لە بەردەمی پلاپیتۆدا سەریان بڕین. پلادۆر و سالاما ئاگریان لە تەنوری نانەوخانەکەدا کردەوەو هەویریان شێلا، کورسی و مێز رازێندرانەوە، عەتر و گوڵاو بە هەموو شوێنێکدا بڵاو کرایەوە.
دوای ماوەیەک، هۆلالا فیکەی لێدا، هەتا بچن خواردن وەربگرن، یەک یەک چون، هەر یەکی قاپێکی پڕ لە ئاوو گۆشتیان وەرگرت. پلاپیتۆ داوای کرد خواردنی تایبەت لە زیندەوەران بۆ سەمەندەلە کە ئامادە بکەن، ئەوانیش چەند لاشەی زیندەوەرێکیان بۆ هێناو ئەویش نیشتەوەو کەوتە خواردنیان.
دوای نان خواردن بەگۆرانی و مۆسیقاو هەڵپەڕکێ دوو ریز دەستیان گرت، گریگۆی گۆرانی بێژ بەدەنگێکی زوڵاڵەوە سرودی سەرکەوتنی دەوتەوە:
- ئێمە دیل بووین هاتینەوە، خەوێندرابووین گەڕاینەوە، ئێمە نەوەی جندۆکەین، دووژمنی شەیاتانۆکەین، بشمرین دەژێینەوە.
بەدەنگێکی زوڵاڵ و خۆش و ئاوازێکی وا دڵفڕێن ئەوانەی دەوت جندۆکەکان قاچیان بەهەوادا دەبرد.
شڵماشی سەیری کاتژمێرەکەی کرد و ڕووی کردە پلاپیتۆ:

- تۆ هەتا ئێرە چیرۆکەکەت بیستووە. ئەمە بەر لە من چیرۆکی گۆریای گەورە بووە، دووبارە بووەوە، لێرەوە دەبێت بەسواری ئەسپی سفادلفاری بڕۆیت، ئەو ئەسپەیە هیرمسرس بۆ دروست بوونی ئەسکارد بەکاری هێناوە. ئەو ئەسپە تەنها بەتۆ دەدەم، تۆیەک من و سوپاکەمت ڕزگار کرد و سەرکردایەتی شۆڕشی جندۆکەکان دەکەیت. دەبێت بەو ئەسپەوە بچیت بۆ ئەهرامەکانی میسر، ژمارەی نهێنیت لێ دەپرسن، بڵێ خوفو، خەفرەع، مونقەرەع، دایکی ئەهرامی گەورە، ئەوە نهێنی ئەهرامەکانە. لە وێش عفریتێکی تر هەیە. ئەو پاشای ئەم عفریتەیە، دەبێت ئەویش بکوژیتەوە، نەهێڵیت وەک لوکی ناو ئەفسانەکە ئەسپەکە یاخی ببێت. عفریتەکە بەهێزترە لە جادووەکانی خەنجەرەکەت، هەموو ئەفسانەکان لە گەڵیدا تاقی کراونەتەوە، هیچ شتێک نیە بتوانێت رای بگرێت، جگە لە وەی ئەو لە گەڵ کەشی ئەفسانەیی ئەسپەکەو خەنجەرەکەدا رانەهاتووە، توشی نابینایی و گێژی دەبێت، تۆ دەبێت بەئەسپەکەوە بەدەوریدا بخولێیتەوە هەتا گێژ دەبێت و دەکەوێت، ئەوکاتە بەئەسپەکەوە بەسەریدا بڕۆ هەتا پان و پلیشی دەکەیتەوە، پاشان سەری ببڕەو دڵی دەربهێنەو ئاگر لە جەستەی بەربدە، ئەوسا دەرگای هەرەمی گەورە دەکرێتەوە، لە وێش نهێنی دەرگای عەشتارت پێ دەڵێن.

پلاپیتۆ گوێی بۆ گرتبوو هەتا تەواو بوو، پاشان بەهێمنی سەری بادا:

- بەڵێ هیچ خەمت نەبێت.

شاشڵماشی فیکەیەکی کرد، جندۆکەیەکی کورتە باڵا هاتە

بەردەمی و سەری دانەواند، ئەویش پەنجەی بەرز کردەوەو نیشانەیەکی بۆ گرتەوە:
- تۆنۆتۆ شاری سیفار لەو خەواندنە ڕزگاریان بو بچۆ ئەسپی سفادلفاریم لای فۆنۆستۆ بۆ بهێنە، بەناونیشانەی کوێرە جندۆکە.
ئەوەی وت تۆنۆتۆ سەری دانەواندەوەو ڕۆیشت، ئەویش دەستی پلاپیتۆی گرت، لە سەر کورسیەک داینیشاند و خۆیشی لە تەنیشتیەوە دانیشت و گوێیان لەو پارچە مۆسیقایە دەگرت گریگۆی بەبۆنەی سەرکەوتنیانەوە دەیژەند.
دوای چارەکە کاتژمێرێک جندۆکەکە بەئەسپەکەوە گەڕایەوە، ئەسپێکی سەرتاپا ڕەش و یاڵ درێژ بوو، زەنگۆڵەیەکی ئەفسانەیی لە ملیدا بوو، لە مرواری دروست کرابوو، زینەکەی سەر پشتیشی زیوی بوو، قوبەکانی لە زێڕ دروست کرابوون. هۆلالا تەشتێک شلە ی برنج و جۆی هێناو لە بەردەمی ئەسپەکەدا داینا، ئەویش دەستی کرد بەخواردنی.
کاتێک هەمووی خوارد، شلماشی چپەیەکی ژمارەیی دا بەگوێی ئەسپەکەدا و پلاپیتۆی ماچ کرد و ڕەشمەکەی ی دایە دەستی و سواری کرد، ئەویش ڕەشمەکەی راکێشا. ئەسپیش کتوپڕ لە هەواوە دەستی بەفڕین کرد، سەمەندەلە کەش لە ژوور سەریانەوە بەرز بووەوە، پاش ماوەیەکی کەم گەیشتنە ناو ئەهرامەکان.
ئەهرامەکان لە دەشتێکی پان و بەرین و پڕ لە گرد و گردۆڵکەی بچووکدابوون، هەر یەکە لە هەرەمەکان پانتاییەکی فڕاوانی داگیر کردبوو.
ئەسپەکە کتوپڕ وەستا. دەنگێکی بەهێزیش بەرز بووەوە

داوای ژمارەی نهێنی کرد، ئەویش ژمارەکانی وتەوە:
- خوفو، خەفرەع، مونقەرەع، دایکی ئەهرامی گەورە.
بەو کۆدانەوە ڕێگەی بۆ کرایەوە، چووە ناو ئەهرامەکانەوەو عفریتەکە لە پێستی ئەژدیهایەکدا هات، فیشکەیەکی زۆر گەورەی کرد، پلاپیتۆ تیشکی خەنجەرەکەی تێگرت و کوێری کرد، ئەسپەکەش بەدەوریدا کەوتە سوڕانەوەو یاڵە درێژەکەی هەڵدەسوڕاند. چەند سوڕێکی بەدەوریدا داو سەمەندەلە کەش بەدەنوک پێستی لە سەری دەکردەوە، بەرزدەبووەوەو دادەبەزیەوە دەنوکی لێدەدا.
پاش چەند سوڕێکی پڕ لە تەلیسم، ئەژدیهاکە کەوت و پێستەکەی فڕێداو خۆی لە شێوەی عفریتیدا گۆڕیەوە، پلاپیتۆ خەنجەرەکەی گرتە چاوی و کوێری کرد و هەر بەدەوریدا دەسوڕایەوە، ئەویش باڵای لە ئاستی سواری ئەو بەرزتر بوو، بەکوێری شمشێرێکی بەدەستەوە گرتبوو دەیسوڕاند.
پلاپیتۆ فرسەتی لێ هێناو خەنجەرەکەی درێژ کرد بۆ شەش مەتر و کردی بەسەریدا و هەر دەستی لێ توند کرد، بەری نەدا هەتا لە دەمیەوە هاتە دەرەوە. ئەو کاتە لە سەر ئەسپەکەی دابەزی و سەری بڕی و سینەی شەق کرد و دڵی دەرهێنا.
دوای ئەوە ئاگری لە لاشەکەی بەرداو سواری ئەسپەکە بووەوەو بەجێیان هێشت. هەتا گەیشتە بەردەمی خوفو بوونەوەرەکان هاتنە دەرەوە باوەشیان پیادا کرد، دوای ئەوە جندۆکەیەک لێی هاتە پێشەوەو خۆی پێ ناساند:
- پلاپیتۆی مەزن، من هاواتۆم، پاشای جندۆکەکانی ناو ئەهرامم.

ئەوەی وت، دەستی راکێشا بۆ هەڕەمی خوفو:
- ئەوە دەرگاکەیەتی سەد ساڵە هات و چۆمان وەستاوە. ئێمە لێرەدا خەوێندرابووین، تۆ دەرگای ئەهرامت بۆ کردینەوە. ئێستا تەنیا عفریتی سێیەم ماوە، ئەویش دەرگای عەشتاری گرتووە. گوێ بگرە زانیاری تەواوت بدەینێ یەکەم شت ژمارەی نهینیە، ئۆنۆ، ئانلیل، ئاشور، دەربارەی دەرگاکەش هەشتەمین دەرگای ناوەوەی کۆشکی نەبووخوزنەسر بووە، عەشیقەی خودای خواوەندی گەورەی بابلیەکان ئۆنۆ، ئانلیل، ئاشور بووە، لە وێوە زانیاری داهاتوت پی دەڵێن بۆ کوێی تر بچیت.
پلاپیتۆ ڕەشمەی ئەسپەکەی راکێشا، ئەویش دەستی کردەوە بەفڕین و لە گەڵ سەمەندەلە کەدا بۆ دەرگای عەشتار کەوتنە ڕێ.
پلاپیتۆ لە ئاسمانی دەڕوانی، دەیویست هەسارەی نەمری ببینێت، ئەسپەکە حیلاندی و وەستا، دەنگێک هات و گوێی زرنگاندەوە:
- ژمارەی نهێنی.
دەنگەکە دووبارە بووەوە، پلاپیتۆ سێ جار لە سەر یەک ژمارەی نهێنی وتەوە:
- ئۆنۆ، ئانلیل، ئاشور.
ڕێگە کرایەوە، دەرگای عەشتار دەرکەوت و نەکرایەوە.
پلاپیتۆ بەبینینی دەرگاکە سەرسام بوو، ساتێک سەیری کرد، بەمەڕمەڕی شین رەخامی سپی روپۆش کرابوو، قەرمیدی رەنگاو رەنگ، بەپێنج سەدوو حەفتا و پێنج رەنگی ئاژەڵی رەنگ کرابوو. دیوارەکانیشی بەپەیکەری شێر و ئاژەڵی

ئەفسانەیی رازاوەبووەوە. ئەو زانی یەکێکە لە حەوت سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان. بەرزیەکەی لە گەڵ بەرزی دیوارەکەدا نزیکەی پەنجا مەترەو پانیەکەشی دەگەیشتە هەشت مەتر. بەهێڵکاری وێنەی ئەژدیها و گا رازاوەبووەوەو بەمس رۆپۆش کرابوو و کلیل و داخستن و بۆشایەکانیشی لە بڕۆنزبوون.
پلاپیتۆ بەسەیرکردنیەوە حەپەسابوو، لە پڕعفریتەکە دایچڵەکاند و لە پێستی دایناسۆرێکی حەوت سەردا لێی هاتە پێشەوە، ئەسپەکە حیلاندی و باڵەکەی سوڕاند و هەڵبەز و دابەزی پێ کرد و کەوتە سوڕانەوە بەدەوریدا، سەمەندەلە کەیش بەژوور سەریەوە کەوتە باڵە فڕە، دایناسۆرەکەش سەرەکانی دەخولاندەوە. لە دووا سوڕدا ملە کانی تێک ئالان و پلاپیتۆش خەنجەرەکەی درێژ کرد، چاوەکانی ئەژدیهاکە بەبریسکەکەی کوێر بوون.
پلاپیتۆ بەدەم سوڕاندنەوەی ئەسپەکەوە بەدەوریەوە سەرەکانی دەپەڕاند، هەتا هەر حەوت سەرەکەی لێ کردەوە، ئەوسا دابەزی و سینەی هەڵدڕی و دڵی دەرهێنا. پاشان هەر حەوت سەرەکەی پارچە پارچە کردوو ئاگری تێبەردا و ڕەشمەی ئەسپەکەی راکێشاو دوور کەوتەوە.
لە گەڵ دووکەڵی لاشەی عفریتەکەدا دەرگای عەشتار کرایەوە.
پلاپیتۆ لە دەرگای عەشتار چووە ناو کۆشکەکەوەو گەیشتە بەردەم دەرگاکە، خەنجەرەکەی هەڵکێشا شەیاتینیە پاسەوانەکە کلیلە کانی لە دەست کەوتە خوارەوە. بەخەنجەرەکە سەری لە لە شی جیاکردەوەو دەرگای

کۆشکەکەی کردەوە، هەزار جندۆکە خەوێندرابوون، هەموویان هاواری ڕزگاربوونیان دەکرد،
. یەکەم خەوێندڕاو خۆی پی ناساند:
- ئۆلیادم پاشای جندۆکاکانی ئاشور، سەد ساڵە ئێمە خەوێندڕاوین.
خەوێندڕاوەکان یەک یەک هاتنە دەر و بوونەوەران و جندۆکە پێکەوە ئاهەنگیان دەست پێکرد. هەموویان هاتنە دەرەوە هاواریان دەکرد:
- دەرگای عەشتار کرایەوە.
سەمەندەلە کە کەوتە باڵە فڕە. پلاپیتۆ زانی چیە؟ بیری کۆدی ڕای کەوتەوە، سی گۆشەی وشکانی شاری سیفارە، دەبێت کوتوپڕ لە تونێلە دەریایەکەی عەشتارەوە بۆی بڕوات.
بەو ئاماژەیەوە سواری ئەسپەکە بووەوە، ئۆلیاد شا دەستی گرت و بەوردی باسی شاری سیفاری بۆ کرد:
- ئەمە شاری جندۆکەکانە دەکەوێتە بیابانی جەزائیرەوە، پانزە هەزار ساڵ پێش زاین دروست کراوە، بەسێ گۆشەی وشکانی و دارستانی تاشە بەردەکان و شاری جندۆکەکان بەناوبانگە، ڕووبەرەکەی هەشتاو نۆ هەزار و سێ سەد و چل و دوو کیلۆ مەتر چوار گۆشەیە، هەموو دیوارەکانی بەپەیکەر و وێنەی دڕندەو مرۆڤ و شێوە مرۆڤ و جندۆکەو شەیاتینی و شتی سەر سوڕهێنەر نەخش کراوە، هەر کەس و سوپایەک چوبێتنە ناوی نەگەڕاونەتەوە، تەنیا ئەلیکتر کڕاولی جادووگەری گەورەی جیهان نەبێت، بەسەلامەتی لێی هاتۆتە دەرەوە.
ئەوەی وت دەستی بەپشتی ئەسپەکەدا هێنا:

- ئەسپەکەت لەو شارەدا بووە، لای فۆلۆستۆ پاشای شارەکەیە، بەچونە ناوەوەی تۆیش بەچکە شەیاتینیەکان رادەکەن و شارەکە دەژێتەوە.
ئەوەی وت دەرگای تونێلە کەی بۆ کردەوە،.
دەرگاکە بەئاڵتوون روپۆش کرابوو، نەخشی چەند دڕندەو کەللە سەرێکی ئەفسانەیی لە سەر نەخش کرابوو.ئەویش بەسەرسامیەوە سەیری کردن و چووە ناو تونێلە کەوەو ئەسپەکەش باڵی گرت و سەمەندەلە کەش بەژوور سەریانەوە لە شەقەی باڵی دەدا و لە ساتێکدا لە چاو ون بوون و لە ناو شاری سیفارەوە هاتنە دەرەوە.
بەدەرکەوتنی ئەسپەکە شارەکە خرۆشا، ڕەشەبایەکی توند هەڵی کرد، هەموو وێنەو پەیکەر و تابلۆی سەر دیوارەکان بەمۆسیقایەکی رەوی گەردوونیەوە ژیانەوە. ئەژدیها و مار و شێر و پڵنگ و گا و ئەسپ و وشتر و دەیەها گیانداری تر. جندۆکەکان هەموویان بەروتی هاتبوونە ناو کۆلانەکانەوە، دەهۆڵێکی هێمن و دەفێک لە هەموو جێگایەکەوە بەرز دەبوونەوە، زۆربەی مێینەکانیان ساوایەکیان بەباوەشەوە بو مەمکیان دەدانێ، نێرەکانیشیان شمشێرێکیان بەدەستەوە گرتبوو، مۆسیقاو تەپڵ و دەف و دەهۆڵ تێکەڵاو ببوون، ئۆرتیلا گۆرانیەکی دەوتەوە شارەکەی خستبووە سەر سەما.
پلاپیتۆ سەری سوورما، ئەسپەکەش شارەزای شارەکە بوو، بەغار رۆشت هەتا لە بەردەمی پەردەیەکدا وەستا، مۆسیقایەکی شکۆ لێدرا، پەردەکە لە سەر عەرشێکی زیوین لادرا، فۆلۆستۆی پاشای شارەکە بوو، کڵاوخودەیەکی ئاڵتوونی لە سەردا بوو، جلە کانی حەریرێکی شین بوو،

خەنجەرێکی ئەفسانەیی لە بەر پشتێنەکەیدا بوو، رەنگی دەم و چاوی ڕەشێکی زیوین بوو، لوتی بچووک و دوو چاوی داقڵیشاو، بەبینینی لە سەر عەرشەکەی هەستا و هات ئەملاو لای ماچ کرد:
- شارەکەی ئێمەش ژیاینەوە، ئێمە بەموگناتیسێکی ئەفسانەیی خەوێندرابووین، زەنگی تۆ بەچکە عیفریتەکانی ڕاونا، هەموویان بۆ سێ گۆشەی بەرمۆدا رایان کرد، بچۆ بۆ ئەوێ مەوەستە، کاتت کەم لە بەردەمدا ماوە.
ئەوەی وت پەنجەی بۆ جندۆکەیەک بەرز کردەوە:
- هابۆمان بچۆ دەرگای تونێلی سێ گۆشەی بەرمۆدا بۆ پلاپیتۆ بکەرەوە.
هابۆمان پێشیان کەوت، لە چاڵێکەوە چووە خوارەوە، کلیلە ئاڵتوونیەکانی لە گیرفانی دەرهێنا و دەرگایەکی دوو تاکی گەورەی کردەوەو دەستی بەرز کردەوە، ئەسپەکە بە ژێر باڵیدا چووە ناوەوە.
ئێمە لە ناو تەنە فەزاییەکەوە لە سەر زەوی، لە کامێراکەوە لە سەر هەسارەکەوە بەوردی سەرنجمان خستبووە سەر دیمەنەکان، لە گەڵ بەرزبوونەوەی ئەسپ و سەمەندەلە کەدا جنۆکەکانی سەر زەوی لە تونێلە تاریکەکانەوە دەهاتنە دەرەوە.

کامێراکـە لـە سـەر هەسـارەکەوە وێنـەی ئێمـەو گوندەکـەو سـێ گۆشـەی بـەرمۆدای دەگـرت، ژێریـی دەسـتکردیش مۆنتـاژی دەکرد.
ئێمـەش لــە نــاو تەنــە فەزاییەکــەدا لــە چــاوی کامێراکانــەوە لـە ئامـادە باشـیدابووین، بـۆ پێشـهاتی ڕووداوە نـەزانراوەکان. لــە پەیوەندیشــدا بــووین بەپرۆفیســۆر ئۆراپلانــدەوە. ئــەویش لـە گـەڵ ئۆتۆشـو وتوێژیـان دەکـرد و چـاوەڕوانی ئـەوەبـوون پلاپیتــۆ بگاتــەوە گوندەکــەو هــەموویان بــۆ هەســارەکە سەربکەون و تەپڵی سەرکەوتنی گەردوون گیری لێ بدرێت.
ئێمــە لــە نــاو تەنــە فەزاییەکــەوە، بــەوردی لــە چاوەکــانی کامێراکــەوە، تیشــکمان خســتبووە ســەر خاڵــە گرنگــەکان و چاودێری چڕی گوندەکەمان دەکـرد. ئـەویش خـامۆش و چـۆڵ، جگە لە جۆرج هیچ زیندەوەر و گیاندارێکی تـری تیـادا نـەبوو، ئـەوش بـەمورووە ئاودارەکەیـەوە وەسـتابوو، جـار جـار فـوی پیـادا دەکــرد، کلیــل و قفڵەکــەی بەدەســتیەوە گرتبــوو، ورد سـەیرمان دەکرد، چاوەڕوانی پلاپیتۆی دەکرد، وەک بیـەوێت بەخەیاڵ قسەی لە گەڵدا بکات:
- کارەساتی نغرۆبوونی گوندەکەو جیهان لە ئان و ساتدایە.
جۆرج جیاواز لە ڕۆژان، کراسێکی کاوبۆی شین شین و سێ خـەتی پـان لـە سـەر سـنگی بـوو، مەمکـە پوکاوەکانیـان وەک کاتی باڵغی بەسێ رەنگی فیزیاییـەوە هەڵئاوسـاندبووەوە، خـەتی سەرەوەی سپیەکی سپی سپی، ئـەوی ناوەڕاستیش سوورێکی سـوور سـوور، خـەتی خـوارەوەیش سـەوزێکی سـەوز سـەوز،

شەبقەیەکی حەسیری لە قامیشی سەوزی تەڕ دروست کڕاو کردبووە سەری، رەمزی گەردوون گیری دەدا.
ژەنەڕاڵ هاپامۆ هۆشیاری ئەوەی دایە پێویستە لە تەنە فەزاییەکە نزیک بکەوێتەوە، هەرکات گوندەکە هەڵلوشرا دەبێت کتوپڕ بفڕن.
لە چاوێکی کامێراکەوە سەیری پلاپیتۆی کرد، بینی گەیشتۆتە سێ گۆشەی بەرمۆدا و عەرشی ئیبلیسی داگیر کردووە، شەیاتینیەکان رایان دەکرد و زۆریان لە ناو شەپۆلی ئاوەکەدا دەخنکان.
لەو ساتەدا ئاڵۆزیەک لە فەزاوە دروست بوو، لورەی چەقەڵ و گورگیش لە شاخەکەوە بەدووری بەرز دەبووەوە، بەدەم هێزی بایەکەوە وەک گڤەی ناو تونێلێکی ئەفسانەیی دەنگیان دەدایەوە.
شاخ و کێو و گردوو تەپۆڵکە بەتەزویەکی فیزیایی و ئەفسانەییەوە ترسناکیان سەر کەوتبوو، لە فەزاوە وەک شەپۆلی پتتادنی هیۆرانیۆم دەردەکەوتن.
جۆرج سەیرێکی فەزاکەی کرد، ترسناکی گرتیەوە، شەپۆلی تابووتەکە چەند جارێک لە ڕوانینیدا وێنا بووەوە، هێڵنجێکی کرد، سەری گێژی دەخوارد، لە بەر خۆیەوە کەوتە قسە:
- پلاپیتۆ من چاوەروانی تۆم، تەواو لە سەر زەوی وەڕس بووم و دەمەوێت بچمەوە بۆ سەر هەسارەکە، هەتا کچ و کوڕەکەم ببینمەوە.
ژەنەرال هاپۆمۆ سەیری جۆرجی کرد، زانی باری دەڕوونی تێک چووە، دڵخۆشی دایەوە:
- کەشتی تابووتی پەیمانی خودا. تابووتێک بەسەدەها

سەرنشینی مۆمیاکڕاو بەبێهۆشی ئێستا و سەدەکانەوە دەگاتە گوندی دۆلفین و لە گوندی مەرگدا قوربانیەکانی سەر زەوی دەبینین.
جۆرج هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا:
- ئای چی کارەساتێکە، زریانێکی ئەزەلی لە بوخار و تەمی تاوان و خوێن و گۆشت دروست دەبێت.
ژەنەڕاڵ هاپامۆ سەیرێکی کامێراکەی کردەوە:
-پلاپیتۆش نزیک بۆتەوە، ئەویش بەئەسپی سفادلفاریەوە لە گەڵماندا سەردەکەوێت بۆ هەسارەکە.
جۆرج رەنگی تیک چوبوو، لە بەر خۆیەوە پرتە پرتی دەکرد، ژەنەڕاڵ هیچی لێ تێنەگەیشت، هەستی کرد گۆڕاوە، توشی نەخۆشیەکی کوشندە هاتووە. ئەویش زیاتر تێک دەچوو. وێنەی پلاپیتۆی لە بەر چاودابوو، سات بەسات لە تونێلی شاری سیفارەوە بەرەو سێ گۆشەی بەرمۆدا دەچوو، لە وێیشەوە بۆ گوندەکە دەهاتەوە.
ژیریی دەستکرد ئەو وشەو دیمەنانەی تۆمار دەکرد. کامێراکەیش لە سەر هەسارەکەوە دیقەتی لە سەر پلاپیتۆ بوو، لە سێ گۆشەی بەرمۆدا، وێنەکانی پەخش دەکردەوە.
پلاپیتۆ لە کتێبی کۆدەکاندا سێ گۆشەی بەرمۆدای خوێندبووەوە، دەیزانی پانتاییەکی گەورەی لە زەریای ئەتڵەسیدا داگیر کردووە، ملیۆنیک و سێ سەد هەزار کیلۆمەتر دەبێت، لە ڕۆژئاوای رۆخی باشوورەوە دەگاتەوە بەفلۆریدای ئەمریکا و دوورگۆلە ی بەرمۆدای بەریتانی و لە باکووریشەوە بەئەرخەبیل و لە باشووریشەوە بەدوورگۆلە ی ئەنتێلی گەورەی کۆبا و نزیکە لە دوورگەی

کالیبارەوە.
ئــەوەی ئــەو تــەواو پرۆڤــەی لــە ســەر کردبــوو، ئــەو هێــزە ئەفسـانەییە بـو هـەموو تـەنێکی رادەکێشـا و لـە خۆیـدا نـوقمی دەکـرد، بـەهۆی بـارودۆخی دەریـایی و هـەوایی وموگناتیسـی ئـاڵۆزەوە هێزێکـی نادیاری هەیـەو بـەڕاورد دەکرێـت بـەهێزی نــەزانراوی سروشــتی، یــان بوونــەوەری فــەزایی. هۆکــاری سەرەکیشــی بــوونی گــازی میســانە تیایــدا، چڕیەکــەی کــەم دەبێتـەوەو بـۆ سـەر روکەشـی ئاوەکـە بـەرز دەبێتـەوە، هێـزی سـەرئاو کـەوتن کـەم دەبێتـەوە لـە ئاوەکـەدا، کاتێـک کەشـتی بگاتـە ئـەویٚ ناتوانێـت لـە سـەر ئاوەکـە بـەرز ببێتـەوە بـەهۆی چڕی گـازی میسـانەوە. زۆریـش ئەفسـانەی لـە سـەر وتـڕاوە، ئیمــامی مەهــدی لــە دوورگەی ســەوز لێــرەدا خــۆی پــەنهان کردووە. زۆریش دەڵێن عەرشی ئیبلیسی تێدایە.
ئێمــە دەمــانزانی پلاپیتــۆ دڵنیایــە لــە وەی سروشــتی ئەســپی سفادلفاری گازی میسان پاشەکەوت دەکات و توانایەکی باشـی هەیــە لــە ســەر ئــاو کــەوتن. ئەســپی تۆفــان و کارەســاتە سروشـتیەکان بـووە، جەسـتەی خۆیشـی پیکهاتەیـەکی بـەهێزی گــازی میســانی هەیــە، کــاتێکیش ئەفســونی دارامــای شــی کـردەوەو گەیشـتە نـاو سـیٚ گۆشـەی بـارمودا، ئـەو هاوکێشـەیە دروست بوو، ئەسپەکە چووە سەر عەرشی ئیبلیس و وەستا.
عەرشــی ئیبلـیس بەشـێوەیەک دروسـت کرابـوو، دژە گــازی میسانی هەبوو نـوقم نـەدەبوو، ئیبلیس بـەبینینی پلاپیتۆ لـە چـاو ون بــوو، لــە هــیچ جیگەکەیەکــەوە دیــار نــەما، شــەپۆلی زەریاکـەش پـەرەی دەسـەند، کتـوپڕ گـەردەلولێکی بـیٚ وێنـەی دروسـت کـرد. کۆشـکەکە تلیسـایەوە، پاشـماوەکەی تـابووتی

پەیمانی خودا بوو. هەر پێنج جەستەی سەرکردەکان بەپەت بەپشتی یەکتریەوە بەستراببوونەوە، هەریەکی ملیۆنان کۆلارەیان بەپشتەوە چەسپ کرابوو، تابووتەکەش بەرەو ژوور بەسەر ئاوەکەدا دەڕۆیشت.
ئەسپی سفادلفاری سەر ئاوەکە کەوت و لە گەڵ تابووتەکەدا بەرەو ژوور دەبوونەوە، لە کاتێکی ئەفسانەیی تێکەڵاودا لە ناو گوندی مەرگدا گیرسانەوە.
ئاسمان ڕەش ببوو، تاریکیەکی شەوە زەنگی باڵی بەسەر فەزاکەدا دەکێشا، پەڵە هەوری چڕ چڕ بەخێرایی یەکیان دەگرتەوە، خۆر بەتەم و مژی ناکاتەوە شاردرابووەوە، بریسکەو بروسکە چەخماخەیان دەدایەوە.
ئێمە لە جۆرجمان دەڕوانی، لە بەر سەرماکەدا هەڵدەلەرزی. ژەنەڕاڵ هاپامۆ هۆشیاری شۆڕشەکەی پلاپیتۆی پێ وتبوو، چۆن بەئەسپی سفادلفاریەوە بۆ دەرگای عەشتار دەفڕێت، پێشتریش پلاپیتۆ بەر لە وەی بڕوات ڕۆژ و ساڵەکانی ژماردبوو، دوو ڕۆژی مابوومابووەی سەد ساڵی کۆدەکانی داراما تەواو ببێت و چیرۆکی جندۆکەکان کۆتایی پێ بێت. بەو مەبەستەوە چو بۆ شارۆچکەکە بۆ لای و دووا پێشهاتەکەی بۆ شیکردبووەوە:
- جۆرج من لە تەوژمی خۆمانەوە ئاگادار کراومەتەوە، دوو ڕۆژمان ماوە ئیتر زریانەکە هەڵدەکات، هەموومان پێکەوە بۆ هەسارەکە هەڵدەکشێین. مۆزیکی جەنگی گەردوون گیری لە وێوە لێدەدرێت، دەبێت تۆ بچیتەوە بۆ گوندەکە، شەو لە ئەشکەوتەکەی مندا بخەوەو هیچ مەترسە.

ئێمــه ئامــادەبووین، تەنــه فەزاییەکــەمان خســتبووه ئــیش، هــەموومان هــەر پێنجمــان خۆمــان بەســتبووەوه، جــۆرجیش نزیــک ببــووەوه لێمــان، دەرگــای تەنــه فەزاییەکــەمان کردبــووەوه، هــەتا لــه ســاتی نغرۆبوونەکــەدا بــەزویی بێتــه ناویــەوه. ئــەویش ســات بەســات زیــاتر لــه رز دەیگرتــەوه، نەیتوانی بەپێوه بووەستێت.

ژەنــەڕاڵ هاپــامۆ دەیزانــی جــۆرج سروشــتی نیــەو توشــی نەخۆشـیەکی کوشـنده هـاتووه، بـەو گومـان و ترسـەوه پـەلی گرت و خستیه ناو تەنه فەزاییەکەوه.

کامێراکــه لــه ســەر هەســارەکەوه وێنــەکانی ســەر زەوی و ســەرەتای دروســت بــوونی تۆفانەکــەی بــۆ تیڤــی هەســارەکه دەنــارد، ژیریــی دەســتکردیش وێنــەکانی دەخســته ســەر ڕۆمانەکه.

شـەپۆلی بـەهێزی زریانەکـه تـەنها ساته وەختێکـی ئەفسـانەیی بـوو، لــه زەوی و ئاسـمانەوه دروسـت بـوو، شـاڵاوی ئـاوی زەریـای کۆتـایی هـات و لــه ئاسمانیشــەوه رەهێڵــەی تێکەڵــه لـه بـەفر و تـەرزەو بـاران دابـاری. فـەزاش تاریـک و ڕەش داگەڕابوو، جگه له جووڵەو شاڵاوی زریانەکه هیچ بوونـەوەر و گیانــدار و ئامێرێــک دەرنەدەکــەوت، دەنــگ و ئــاوازی گیانــداران و باڵنــدەیش لــه چیــاو دۆڵ و شــاخ و لوتکــەدا خنکــابوو، وەک ئــەوەی زەوی ســەرخەوێک بشــکێنێت، جیهانیش بێدەنگ بوو.

تابووتەکــه لــه بــەر زریانەکــەدا بریســکەو چەخماخــه لــه تەختــەکانی دەدا، لــه ســەر ئاوەکەشــەوه کشــابوو، ببــوو بەنیمچـه کەشتیەکی ئەفسـانەیی گـەورە، توانـای ئـەوەی هـەبوو

فڕاوانی زیاتر لە خۆی بگرێت.
سەرنشینەکانیش نیوە هۆشیان کردبووەوە، هەموویان تامی نەزاندڕاوی تابووتی پەیمانی خودایان هەڵدەمژیەوە.
تابووتەکەش بەو بروسکانەوە لە ژێر تەوژمی ئەو ئاوەی دەهاتە ژێریەوە وردە وردە سەر ئاو دەکەوت، لە ساتەوەختێکدا سوورێکی داو بەو شاڵاوە بەهێزەوە بەرەو چەقی کۆتایی هات و لە ناوەڕاستی گوندەکەدا کەوتە خولانەوە.
کۆلارەکان بەهەواوە بەرز دەبوونەوە، سەدەها شارابوون، هەر شارایەی هەزارەها و ملیۆنەها کۆلارەی وێنەیی جەستەو رۆحیان لە خۆیاندا هەڵگرتبوو. بەئاسمانەوە تێکەڵاو دەبوون و جیا دەبوونەوە.
کاتێک کەشتیەکە گەیشتە ناو گوندەکە، ناتانیاهۆ لە ریزی پێشەوە لە ناو تابووتی پەیمانی خودادا وەستابوو، بەدەم گەردەلولی تۆفانەکەوە کۆلارەکانیش بەدەستیەوە یاریان دەکرد، ئەویش بەبێ ئۆقرەیەوە هاواری کرد:
- تابووتی پەیمانی خودا.
جارێکی تر هاواری کردەوە:
- ئەی تابووتی پەیمانی خودا، دەمەوێت ئەمڕۆ جەژنی سەرکەوتنی نەوەی یەهودا بکەمە ڕۆژێکی جیهانی.
دووا وشە لە ناو دەمیدا توایەوەو کۆلارەکانی لە دەست بەربوو.
جۆوبایدن و شی جین بینگ وڤلایمێر پۆتین و هەموو سەرکردەکانی تر بەپەتێک بەپشتیەوە بەسترابوونەوە، یەک یەک پەتەکانیان دەپچڕاو کۆڵارەکانیان بە فەزادا بەرز

دەبووەوە.
یەکەم کەسیان جۆوبایدن و جۆرج بۆشی باوک و کوڕ بوون، هەزاران کۆلارەیان لە دەست بەربوو، هێرۆشیماو ناکازاکی و دەیەها شارو وڵاتی تری پیشاندایەوە.
شی جین بینگیش کۆلارەکانی لە دەست راڕفی، ملیۆنەها کۆلارەی وێنەیی بوون. لە گەڵ هەر وێنەیەکدا بەبچووکی وێنەیەکی ماوتسیتۆنگیان لە سەربو بەداسێکەوە دروێنەی رۆحەکانی دەکرد.
چەخماخەیەکی تر لە کەشتیەکەی دایەوە، کیم جۆنغ ئونی خولاندەوە و کۆلارەکانی لە دەست بەربوو.
تابووتی پەیمانی خودا هەڵگەڕایەوە ڤلادیمێر پۆتین میلۆنەها کۆلارەی لە دەست بەربوو، دوایی هێتلەر و مۆسۆلۆینی و هەموو سەرکردەکانی تری هەتا فیرعەون لە گەڵ خۆیدا هێنایەوە.
کۆلارەکان هەزارەها منداڵ و ژن و پیاو گەنجی سقیل بوون، کەم ئەندامی جۆڕاو جۆر، ببوون بەپێشانگایەکی وێنەیی کەم ئەنداماں، لە کامێرای سروشتەوە وێنەیان گیرابوو، بەئەستێرەی تیژ رەویەوە هاتبوونەوە ناو تابووتی پەیمانی خوداوە. هەر وێنەیەک لە وێنەکان شێوەیەکی هەڵگرتبوو، دەست و قاچێکی قرتاو، دوو دەست و قاچێکی بڕاوەو چاوێکی کوژاوە، دوو چاوی کوێر و دەست و قاچێکی پەڕیو، جەستەیەکی قەقنەس، دوو دەست و دوو قاچی پەڕیو، زۆریشیان سەرتاپا جەستە سوتاوی رۆح دەرچوون بوون، هەموویان بەهەواوە ببوون بەگێژەڵوکەیەک. تۆفانەکەش کەشتیەکەی تێکشکاند، تابووتەکە کەوتە سەر ئاو، هەموو

شارا کۆلارەکان پێوەی هەڵواسرانەوە. شەبەقێکی خواوەندی تابووتەکەی گرتەوە، زریانەکە زەوی داپۆشی، ژەنەڕاڵ هاپامۆ چووەوە ناو تەنە فەزاییەکەوەو لە سەر کامێراکەوە قسەی لە گەڵ پرۆفیسۆر ئۆڕاپلاندا کرد :

- ئێمە ئامادەین بۆ سەرکەوتنەوەمان بۆ سەر هەسارەکە، پلاپیتۆ لە سێ گۆشەی بەرمۆداوە گەڕایەوە بۆ لامان، ئێمە لە ناو تەنە فەزاییەکەداین، لە ئان و ساتی هاتنی زریانەکەداین، کاتی مانەوەمان لە سەر زەوی تەواو بووە.

زریانەکە لە زەوی و ئاسمانەوە بەهێزتر دەبوو، تەواوی گوندەکەی داپۆشی تابووتەکەش بەرزدەبووەوە، زریانەکە لە گوندەکەوە بۆ جیهان بڵاو دەبووەوە، بریسکەی ئەسپی سفادلفاری لە تابووتەکەی دەدا و رەنگی تەنی فەزاییەکەیان دەگۆڕی، بۆ چوار رەنگی جیاوازی فیزیایی، سەوز و سوور و سپی و شین، ئەو چوار رەنگە لە رەنگی فۆتۆناتەکان بوون و وێنەی تەقینەوەی گەردوونیان دەکێشا.

***

پرۆفیسۆر ئۆڕاپلاند لە ژووری تەکنەلۆژیەوە مۆسیقایەکی خستە سەر کامێراکە، لە گەڵ تیکەڵاوبوون و جیابوونەوەی رەنگە فیزیاییەکاندا گونجاو بوو، ئەو پارچە مۆسیقایە هی ئیراندۆی هونەرمەندی هەسارەکە بوو، لە ساڵیادی بەئەلیکترۆنی کردنی هەسارەکەدا ژەندی و هەموو دانیشتوانی خستە سەر سەما، ئاوازەکەی فیزیایی بوو، وەک قرچەی گری گڕکان، بروسکەی هەورە گرمە، تەقینەوەی گەردوونی تیکەڵاو کردبوو.

بەگەیشتنی تابووتەکەش تەنە فەزاییەکەی ئێمەش جولاو

سەمەندەلە کەش لە پشتی پلاپیتۆوە لە سەر پشتی ئەسپەکە نیشتەوە، لەساتێکداهەمووومان بەرزبووینەوە.
ئێمە بەتەنە فەزاییەکەوە نزیک دەکەوتینەوە لە گەیشتن بەهەسارەکە، ئەسپی سفادلڤاریش هاوتەریبمان سەردەکەوت و تابووتی پەیمانی خوداش لە ناوەڕاستمانەوە بەگڕێکی نەبینی رەنگاو رەنگەوە تیشکی تێ دەگرتین، بەشاڵاوی گڕو ڕووناکیەکی تێکەڵە بەتیشکی خۆر و ئاگر و بروسکەو گڕکان و تیشکی ئەستیرەو نەیزەکەکانەوە بەرز دەبووەوە، وەک ئەو گڕە تێکەڵە خۆراکێکی تەلێکسی بێت، لە بری کانزاو حەشوە تابووتەکە بەرز بکاتەوە.
تەنە فەزاییەکەی ئێمە، لە تیڤیەکانەوە پەخشکرا و گەیشتینەوە ناو فڕۆکەخانەی تەنە فەزاییە گەردوون بڕەکان، ئێمە هەموومان لە دابەزیندابووین.
لە گەڵ نزیک بوونەوەی ئەسپی سفادلڤاری و تابووتی پەیمانی خوداشدا کامێراکە وێنەی تابووتەکەی بەو شاڵاوەوە نارد بۆ تیڤیەکان و بڵاو بووەوە، ئۆتۆشۆو پڕۆفیسۆر ئۆڕاپلاندیش لە کامێرای ناو فڕۆکەخانەکەوە چاودێریان دەکرد.
کاتێک ئێمە دابەزین چوینە لایان، جۆرج قفڵەکەی هەر بەدەستەوە بوو، پڕۆفیسۆر ئۆڕاپلاندیش لە سەر لابتۆپەکەی کاری دەکرد، لە کامێراکەوە بەدیقەت سەیری سوڕانەوەو جووڵەو بەرزبوونەوەی تابووتی پەیمانی خودا و ئەسپی سفادلفاری دەکرد.
لەو ساتەدا ئەو لەو شەپۆلە دا سەرقاڵ ببوو، جۆرجیش قفڵەکەی داخست، قرچەی داخستنەکەی دەهاتە گوێ،

لاپتۆپەکـەی پرۆفیسـۆر ئۆراپلانـد کلیـل و قفلْەکـەی هاتـەوە سەرو وەستا، تـابووتی پـەیمانی خـودا و ئـەسپی سفادلفاری لـێ ون بـوون، پرۆفیسـۆر لـە جۆرجی روانـی، ئـەویش زانـی بـۆ سەیری دەکات، چاوێکی گرتە ئۆتۆشـۆو قفلْەکـەی دایـە دەستی پرۆفیسـۆر، ئـەویش لێـی وەرگـرت و بەکلیلـە کـەی کردیـەوە، کلیل و قفلْەکـە لـە سـەر لاپتۆپەکـە نـەما و تـابووت و ئـەسپەکە دەرکەوتنەوە، دایخستەوە کلیـل و قفلْکـە هاتنـەوە سـەر شاشـەی لاپتۆپەکـە، بەکلیلـە کـە جـارێکی تـر قفلْەکـەی کـردەوە، کلیـل و قفلْەکـە لـە سـەر لابتۆپەکـە لاچـون و تابووتەکـە دەرکەوتـەوە، بەفـەزای نێـوان هەسـارەکاندا بـەملیۆنان کـۆلارەی رەنگـاو رەنگەوە دەسوورإأیەوە.
ئەسـپەکەش بـەپلاپیتۆوە توایـەوە، سـەمەندەلە کـە لـە پشـتی پلاپیتۆوە هەلْفڕی و بـەرز بـووەوە، لـە گـەلْ شـەقەی بالْەکانیدا سـەیری ئەسـپ و تابووتەکـەی دەکـرد، تـەنها وەک تـەمێکـی سـپی دیاریـان دەدا، وردە وردە دەتوانـەوەو سـپی دەبـوون، لـە ساتێکدا ئـەو تەمـە سپیەشـیان توایـەوەو نـەما، خەنجـەری گرینلانـدیش وەک بروسـکەیەک چەخماخـەی دا و لـە فەزاکـەدا وەک گڕی بورکانێک تەقیەوە.
پلاپیتۆ بەهەواکەدا بالْە فڕەی دەکرد و لـە چـاوی کامێراکـەوە ون بوو، وەک ڕۆژ ئاوابوو.
ئـەوەی لـە چـاوی کامێراکـەوە دیـار بـوو، تـەنها تابووتەکـە بەفەزاوە دەخولایەوە، تۆفانێکی گێژەلْوکـەیی ئـەزەلی لـە چوار دەوری خـۆی سـازاندبوو، وەک چـەرخ و فەلـە کێکـی گەردوونی بەملیۆنەها کۆلارەوە دەسوڕایەوە.
تابووتەکـە گەیشـتە فـەزای هەسـارەکە، بەشـەپۆلی رەنگـاو

ڕەنگەوە بەرز دەبووەوە، هەر بەرز دەبووەوە، هەتا لە چاوو ڕوانـــین و تیشـــکی کامێراکـــەوە ون بـــوو. وێنەکەشـــی سەرتاســەری بوونــەوەری هەســارەکەی گرتــەوە، هــەمووی کەوتــە ســەر هێڵــنج و ڕشــانەوە. لــە ســاتێکدا خامۆشـــی هەسارەکەی گرتەوە هیچ دەنگێکی تیادا نەما.

پڕۆفیسۆر ئۆراپلانـدیش لـە چـاوی کامێراکـەوە هـەر سـەیری دەکــرد، چــاوی ڕەشــکەو پێشــکەی دەکــرد. هێڵــنج قــورگی گرتەوەو بەسەر لاپتۆپەکەیدا تلیسایەوە. ئۆتۆشۆش لـە ولایـەوە ڕەنگی تێک چو، کتوپڕ بـەلادا هـات، سۆدۆ ویستی بیگرێت، توشـی ڕشـانەوەی کتـوپڕی هـات و لـە دەمیـەوە هاتـە دەرەوەو هەمووی کرد بەسەرو چاوی ئەودا.

سەمەندەلە کەش بەلاوازیەوە هاتە سەر شانی و لاربووەوە بۆ سەر کۆشی، ریقنەیەکی کرد و بەبێ هۆشی خەوت.

سـامۆبۆ و بـڕۆتیلیش هاتنـە باوەشـی جۆرجـەوە، ئـەویش وردە وردە بێ هۆش بوو، لە پڕ بەسەر هەردووکیاندا تلیسایەوە.

بروســکەیەکی ناوەختــە هەســارەکەی لــە رزانــد، بوونــەوەری هەســارەکە بــێ .هـۆش بـوون، هـەمووی کـەوتنـە سـەر هێڵـنج، لـە چرکەیەکدا ڕۆح لـە بـەرێکی تیـادا نەمایـەوە توشـی تـاعون نەبووبێت، تاعون وەک بەفر هەموو هەسارەکەی داپۆشی.

بروســکەکە تێکــەڵی گــەردەلولێکی بــەهێزبوو، کۆلارەکــان تلیســانەوە، وەک جوجــک لــە هێلکــە بجوقێــت هــەموویان ڕۆحیان بەبەردا کرایەوە، هەر دەستەیە لـە جێگەیەکدا کەوتنـە خــوارەوەو دەبوونــەوە بەجەســتەو ڕۆحەکــەی جــاران، کــەم ئەندامەکان چاک ببوونەوە.

ژیریـی دەسـتکرد ڕۆمـانی تـابووتی پـەیمانی خودای لـە تـۆڕی

دی جــی تــاڵی هەســارەکەدا بــڵاو کــردەوە. لــە چرکەیەکــدا ملیۆنان کلیکی لە سەر کرا، هەموویان بـەدەم گیانـەڵاوە بـەپچڕ پچڕی تابووتی پەیمانی خودایان دەوتەوە.
تابووتەکــەش ئەوەنــدە بــەرزبووەوە لــە چــاوی کامێراکەشــەوە دیــار نــەما. هــەر بــەرز دەبــووەوە، چــوار رەنگــی بەتێکــەڵی لــە دوای خۆیــەوە دەکێشــا، شــین و ســەوز و ســوور و ســپی، رەنگــەکان تێکــەڵاودەبوون و جیــا دەبوونــەوە، هــەتا دوور دەکەوتەوە کاڵ تر دەبوونەوە، رەنگە سپیەکە رەنگەکانی تری دادەپۆشی.گەردوون بەرەنگێکی سپی تۆخ داپۆشرا.

شەوی ٢٠٢٥/١/٢٥

ڕونکردنەوەیەک

بەهـۆی تەنهــایم لەهەڵەچنــین و نوســین و بەســەراچونەوەی ڕۆمانەکە هەڵەیەکیش کەوتە نـاو ۆردەوە. هەروەها نـاردنی لە فەیسبوک و تێلێگـرامەوە بەهـۆی هیلاکـیەوە لـێم تێـک چـوو مسـۆدەی پـێش هەڵەچنینمـان دا بە چاپخـانە. چەنـد هەڵەیەکـی سانای تێکەوتبوو وەک(ناسا) چەند جارێـک بە هەڵە دانرابوو. گرینلانــد و چەنــد هەڵەیەکــی تــری ســانا لە پیتــدا بــوون. لێرەداراستم کـردۆنەتەوە، بـۆ هەمـوو پـڕۆژەیەک پشـت بەم چاپە دەبەسترێت